KURDISTAN

KURDISTAN









# یادێک لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١
# باشووری کوردستان

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


١- ڕاپەڕین...................................................... لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە ..... ٥
٢- لەیادی ڕاپەڕیندا..دانیشتوانی ڕانیە لە بەپارێزگابوونی دەڤەرەکەیان ڕژدن ........................................... ١٠
٣- ڕاپەڕین بەرەو کام ئاراستە؟...................................................... سۆران محەمەد غەریب ..... ١٦
٤- ڕاپەڕین... دەستکەوت و ئەنجامەکانی...................................................... خەلیل سەرکانی ..... ١٨
٥- رانیەی دەروازەی راپەرین، دەرگای ئازادیی لە کورد کردەوە...................................... عەبدولکەریم شێخانی ..... ٢٣
٦- هەڵگەڕانەوە لەڕاپەڕین...................................................... هیوا سەید سەلیم ..... ٢٦
٧- دۆخی کەرکوک لە سایەی راپەڕین!...................................................... جەواد نەورۆز ..... ٢٩
٨- ئازارەکانی راپەرین...................................................... لەتیف فاتح فەرەج ..... ٣١
٩- ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە دیدی مێژووەوە........................................ کەیوان ئازاد کەیوان ئازاد ..... ٣٣
١٠- ئامانج لە راپەڕین...................................................... ئاکۆ محەمەد ..... ٣٦
١١- لەیادی ٢٥ ساڵەی ڕاپەڕیندا...................................................... مەریوان وریا قانع ..... ٣٨
١٢- لە ساڵیادی راپەریندا..ئەرێ هەولێر بۆ بێدەنگە؟...................................... مەسعودی مەلا هەمزە ..... ٤١
١٣- زیهنیەتی ڕاپەرین و ڕاپەرین لە زیهنیەتدا...................................................... پاراو جەلال ..... ٤٥
١٤- پۆست راپەڕین، بەرەو ستەمکاری!...................................................... ئارام قادر حەمەسور ..... ٤٧
١٥- راپەڕین بۆ؟...................................................... پێشمەرگەی دێرین عەبدولواحید ئیدریس ..... ٥٠
١٦- راپەڕین لە پێناو چاکسازی...................................................... شێرکۆ حەبیب ..... ٥١
١٧- بیرکردنەوە لە ڕاپەڕین! ...................................................... عەدالەت عەبدوللا ..... ٥٣
١٨- لە چاندنی هیواوە.. بۆ راپەڕین(١)...................................................... مەلا فەرمان ..... ٥٧
١٩- راپەڕینتان پیرۆز!...................................................... مستەفا ساڵح کەریم ..... ٦٢
٢٠- راپەڕین هەوێنی سەربەخۆیی و باوەڕبەخۆبوونە...................................................... هیوا ڕەسوڵ ..... ٦٤
٢١- ڕاپەڕین یان ڕاگۆڕین؟!...................................................... ئاراس عوسمان ..... ٦٦
٢٢- دیبلۆماسیەت و ڕاپەڕینی کوردیی لەم چەرخەدا...................................................... بەهرۆز جەعفەر ..... ٦٩
٢٣- راپەڕینی سەرتاسەری...................................................... ڕێبین هەردی ..... ٧٢
٢٤- راپەڕین...................................................... ستارە عارف ..... ٧٥




سەرچاوە
Serchawe

٢٥- لە یادی راپەڕیندا، وردتر بیربکەنەوە!................................................ کەمال موسلیم ..... ٧٧
٢٦- راپەڕین یان ریفراندۆم؟!.............................................................. ڕێبوار حسێن ..... ٧٩
٢٧- راپەڕین لە دو خاڵی مێژویی جیاوازدا...................................... فایەق سەرچناری ..... ٨١
٢٨- دوای ٢٥ ساڵ وانەکانی ڕاپەڕین هێشتا پێویستن.......................... دێدەوانی یەعقوب ..... ٨٣
٢٩- لەیادی راپەڕیندا............................................................. سۆزان شەهاب شێخ نوری ..... ٨٥
٣٠- ئەوانەی پێیان وابێت کە راپەڕین کۆتایی هاتوە, بە هەڵەدا چون.................... لاهور شێخ جەنگی ..... ٨٧
٣١- راپەڕین هەوێنی سەربەخۆیی و باوەڕبەخۆبوونە.................................... هیوا ڕەسوڵ ..... ٨٨
٣٢- لە دژی شۆڕش، لە دژی ڕاپەڕیین.................................................. نەبەز گۆران ..... ٩٠
٣٣- لە ڕاپەڕینەوە بۆ شۆڕش................................................ د.یوسف محەمەد سادق ..... ٩٣
٣٤- یادی ڕاپەڕین و پاراستنی ئاسایشی هەرێم.......................................... نەزهەت حالی ..... ٩٦
٣٥- لەیادی راپەڕیندا پێویستە راپەرین بکەین......................................... ڕێزان شێخ دلێر ..... ٩٨
٣٦- لە ٢٥ هەمین ساڵیادی راپەڕیندا.................................................. ڕێبوار رەشید ..... ١٠٠
٣٧- ڕاپەڕین؛ خەونی سەدەی کوردەکان پەیامی دەزگای میدیایی میللەت.................... ئا: یەکەی شیکاری ..... ١٠٣
٣٨- ڕاپەڕینی عەقڵ و ئەخلاق.......................................................... د.سەردار عەزیز ..... ١٠٩
٣٩- راپەڕینی ١٩٩١، دەروازەیەک بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان........ ڕێبوار حەمەلاو شوانی ..... ١١١
٤٠- لەیادی بیست و پێنج ساڵەی ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا وەکو بەشداربوێک وڕاستیە بۆمێژوو........ مەجید مام برایم ..... ١١٤
٤١- هەلگەڕانەوە لە ڕاپەڕین.............................................................. هیوا سەید سەلیم ..... ١١٧
٤٢- راپەڕین وەلامی گەلێکی ستەم دیدە بوو............................................ خالد گڕاوی ..... ١٢٠
٤٣- بۆچی راپەرینیان پوچەڵ کردەوە؟...................................................... عیماد عەلی ..... ١٢٤
٤٤- لەتوپەتکردنی ڕاپەرین.................................................................. د.چواس حەسەن ..... ١٢٦
٤٥- راپەڕین چۆن بڵێسەی سەند؟.............................................................. سبەی ..... ١٢٨
٤٦- ئاگادارییەک لە زمناکۆوە بۆ ئازاد... برادەران ئاگاداربکە ٧ی مانگ زەماوەند بکەن"......... ئاسۆ عوسمان ...... ١٣٠
٤٧- کێ یەکەم چەخماخەی راپەرینی لێدا؟................................................................ ١٣٣
٤٨- پانۆڕامای راپەڕینی کوردستان.......................................................... غازی حارس ..... ١٣٦
٤٩- پێشمەرگە بەهەمان گوڕو تینی راپەڕینەوە بەرگری لەکەرکوک دەکات ......................... هێرۆ یاسین ..... ١٣٨
٥٠- ئەو رۆژەی سلێمانی راپەڕی......................................................... ئەمین حەمەساڵح ..... ١٤١
٥١- لەیادی راپەریندا.. ئیستا لەکوێداین؟................................................... فاروق عەبدول ..... ١٤٩
٥٢- راپەڕینی ٥ی ئاداری ١٩٩١......................................................... محەمەد ئەحمەد ..... ١٥١

سەرچاوە
Serchawe

٥٣- ڕاپەڕین و لادان لە ڕەوتی ئامانجەکانی...................................................... کۆسرەت خدر ..... ١٥٥
٥٤- لە یادی ڕاپەڕینی جەماوەرەکەیدا...................................................... د. بەرهەم ساڵح ..... ١٥٨
٥٥- پەیامی سەرۆک تاڵەبانی لە ١٨ یەمین ساڵیادی ڕاپەڕیندا...................................................... ١٦٣








# ڕاپەڕین



### لە ئینسایکڵۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

ڕاپەڕینی ١٩٩١ یان ڕاپەڕینە مەزنەکە ناسراو بە ڕاپەڕین بریتیی بوو لە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی خەڵکی باشووری کوردستان لەدژی ڕژێمی بەعس بە پاڵپشتی هێزە چەکدارەکانی بەرەی کوردستانی کە ئەوکات یاخیی بوو لەڕژێم و لەچیاکانی کوردستاندا دژ بەڕژێم ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنجام دەدا. ڕاپەڕین لە ٥ی ئازاری ١٩٩١ لە شاری ڕانیەوە دەستی پێ کرد و تا ٢١ی ئازاری ١٩٩١ لەپاش ئازادکردنی کەرکووک کۆتایی هات کە بەو شێوەیە دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەعس لە باشووری کوردستان کرانە دەرەوە و سەرجەم هێز و سەربازەکانیان کوژران و ڕاونران. چەند ڕۆژێک پاش ڕاپەڕین، وەک وەڵامێک حکوومەتی بەعسی عێراق بەسووپایەکی بێشوومارەوە هێرشی کردەوە سەر کوردستان و کۆڕەوی خەڵکی کوردستان دەستی پێ کرد، کە تێیدا خەڵکی کوردستان ئاوارەبوون بەرەو سنووری وڵاتە هاوسێکانی عێراق.

### دەستپێکی ڕاپەڕین

ئەگەرچی ڕاپەڕین لە ٥ی ئازاری ١٩٩١ لە ڕانیەوە، کە ناسراوە بە دەروازەی ڕاپەڕین، دەستی پێ کرد بەڵام لە ٣ی ئازاری ١٩٩١دا بۆ یەکەم جار وەکو دەستپێکی ڕاپەڕین لە ئۆردوگای خەباتی هەولێر شەڕێک لە نێوان پشدەرییەکان و بنکەی پۆلیس ڕوویدا، دەرەنجام هەڵیان کوتایە سەر پۆلیس و دەستیان بەسەردا گرت. ڕژێم هێرشی کردنە سەر و سەرکووتی کردن و محمد فاروق و بەختیاری لێ کوشتن و دوو کەسیشی لێ زامدارکردن، دووکەسیش لە چەکدارانی هەرکی ویەکێکیش لە ڕژێم کوژرا. وێڕای چەند زامدارێک، چەکدارانی هەرکیش سێ کەسیان لە پشدەرییەکان بەدیل گرتن، پاشان ڕێکەوتن لە نێوان

رژێم و جەماوەردا کرا و دام و دەزگاکانی گەرانەوە ئەوێ تاراپەرین لە وێش بەرپابوو، هاوکات هەمان ڕۆژ ڕاپەرین لە بەسراش سەری هەلدا.

بەڵام لە ٥ی ئازاری ١٩٩١دا ڕاپەرینی گەلی کورد لە شاری ڕانیە لە کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی بە فەرمی دەستی پێ کرد، لە هەموولا دارژانە سەر کوچە و کۆلان و شەقامەکان، لە ڕادیۆکان و بلندگۆی مزگەوتەکان خەڵکیان هاندا بۆ ڕاپەرین. پاشان جەماوەر هەڵیان کوتایە سەر دام ودەزگاکانی حکوومەت، بۆ سەعات ٣ی سەرلەئێوارە سەرجەم ڕانیە لە ڕژێم پاک کرایەوە، هەمان ڕۆژ چوارقوورنە و حاجیاوا و دەشتی بتوێن و سەربازگەی سەرکەپکان ئازاد کران جگە لە تیپی ٤٤ی چواڕقوورنە ٥٠ کەس لە رژێم و ١٠ کەسیش لە هاولاتیان کوژران، ژمارەیەکی زۆر لە ڕژێم گیران، بۆیە ئەمڕۆژە لە مێژووی کورد بە ڕۆژی ڕاپەرین و ڕانیەش بە دەروازەی ڕاپەرین دادەنرێت، ئەگەرچی لەلایەن لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بڕیار بوو ٧ی ئازار دەست بەراپەرین بکرێت، وەلێ جەماوەر زوو گڕی گرت و ڕاپەرینی بەرپاکرد.

## ڕۆژژمێری ڕاپەڕین

### لەبازیان یەک و دوو و دەشتی بتوێن و دەشتی پشدەر

لە ٦ی ئازاری ١٩٩١ ناوچەی بازیانی یەک و دوو و ناوچەی ناو دەشتی پشدەر ئازاد کرا، بە جۆری کە لە بازیان لە کاژمێر ٤ی ئێوارە هەڵیان کوتایە سەردام و دەزگاکانی ئەوێ و هەر زوو سەرکوتیان کردن، لە پشدەریش سەربازگە و پادگاکانی ڕژێم لە نێوان پێشمەرگەی سەرەوە و جەماوەری خوارەوە دەورەدران و هەر زوو گیران، تەنها فەوجی قادراوای پشت سەنگەسەر نەبێ کە شەڕی مان و نەمانیان کرد و بووە هۆی قوربانیدانی چەندان پێشمەرگە و هاولاتی و کوژرانی دەیان سەرباز و گیرانی فەوجەکە. لە لایەکی ترەوە، هەمان ڕۆژ لە بیتوێن تیپی ٤٤ی چوارڕقورنە لە چوارقوڕنە لە سێ لا دەورە درا و هەر زوو کۆنترۆلکراو دواتر پایەگاکانی سەر کلکەی کۆڵێن و حاجیلە و بەرزایەکانی دۆڵە ڕەقە بێ شەڕ دابەزینە خوارەوە و تەسلیم بە گەل بوون، تەنها لە تیپی چوارقوڕنە چەند شەهیدێک و کوژراوی ڕژێم هەبوون. ڕژێم لیوایەکی لە کۆێ هێنا گردجان بۆ پاڵپشتی تیپی چوارقوڕنە و بە تۆپ و خومپارە کەوتە وێزەی هاوڵاتیانی ناوچەکە. هەر هەمان ڕۆژ ئەوێش گیرا و چەند سەرباز و ڕائیدێکی لی کوژران.

### لە سلێمانی

دەستبەسەراگرتنی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی لەلایەن جەماوەر و هێزی پێشمەرگەوە و پاکردنەوەی لە پیاوانی ڕژێم و سەربازان.

لە ٧ی ئازاری ١٩٩١دا جەماوەری شاری سلێمانی ڕاپەڕی و هەر زوو هەڵیان کوتایە سەر بنکەی حامیەیی پۆلیس و سەرا و ئازادیان کرد، هەروەها بۆ بەیانیی ٨ی ئازار قەڵای ئەمنە سوورەکەی سلێمانی و سەر بازگەی سەلام و پادگاکانی سەر چیای ئەزمەڕیان کۆنترۆڵ کرد بەجۆری بە هەزاران سەرباز خۆیاندا بەسدەستەوە و پارێزگاری سلێمانی و دەیان پلەدار و پیاوانی ڕژێم کوژران.

## لە چەمچەماڵ و هەڵەبجە و عەربەت و زەڕایەن و سمود و نەسڕ و باریکە و پیرەمەگروون و ئەڵلایی

لەی ٨ی ئازاری ١٩٩١ ڕاپەڕین لە چەمچەماڵ و هەڵەبجە و عەربەت و ئۆردوگاکانی زەڕایەن و سمود و نەسڕ و باریەکە و پیرەمەگروون و ئەللایی دەستی پێکرد و سەرجەم ئەو ناوچانە و ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان سلێمانی و کەرکووک و بەعقووبە کۆنترۆڵ کران بە خوێنی چەندان شەهید و کوژرانی چەندان کەس لە پیاوانی ڕژێم. هەر ئەو ڕۆژەش سەرجەم ڕەبییەکانی پشتاوی سەر مامەندە و قەڵادزێ دابەزینە خوارەوە و بێ کوشتار خۆیان بەدەست گەل دا. لەلایەکی ترەوە، قەڵای سووسێی ڕژێم گیرا و بەرەو دوکان چوون و لەلای دۆڵی خەلەکانیش پێشمەرگە و جەماوەر هەر بەرەو بەنداوی دوکان دەهاتن بۆیە بۆ ئێوارە ئەم ناوچەیەش بەتەواوی کۆنترۆڵ کرا.

## لە کۆیە و شەقڵاوە و کفری

لە ٩ی ئازاری ١٩٩١دا جەماوەری شاری شەقڵاوە و کۆیەش ڕاپەڕین، ئەگەر چی سوپایەکی زۆر لە هەیبەت سووڵتان هەبوو و لە ٨ی ئازاردا چەند لیوایەکی زرێپۆشی زیادی هێنایە ئەوێ و لەهەوا و لەزەمین بەرگریەکی باشییان لە خۆکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ناو کۆیە ئازاد کرا، دواتر لەهەموو لا هەیبەت سوڵتان دەورەدرا و کۆنترۆڵ کرا و سوپاکەی گیران. وێڕای ئەوەی کەناوچەی شەقڵاوەش ئازاد کراو، بۆ ئێوارەش کاتژمێر ٤ی سەرلەئێوارە لە ئۆردوگای زۆرەملێی باسرمە هەڵیان کوتایە سەر بنکەی پۆلیس و ئەوێش بۆ بەیانی پاککرایەوە. لە لایەکی ترەوە لەلای کفری ڕاپەڕین لە هەمان ڕۆژ سەری هەڵدا کە بوە هۆی ئازادکردنی کفری و باوەنور و بەرزاییەکانی.

## لە مەسیف و تەقتەق و ڕەواندوز قەرەهەنجیر و ئاغجەلەر و هەریر و باتاس و خەلیفان و سپیلک و سۆران و چۆمان و حاجی ئۆمەران و مێرگەسوور

لە ١٠ی ئازاری ١٩٩١، جەماوەری مەسیف و تەقتەق و ڕەواندوز قەرەهەنجیر و ئاغجەلەر و هەریر و باتاس و خەلیفان و سپیلک و سۆران و چۆمان و حاجی ئۆمەران و مێرگەسوور و سەرجەم ئەو ناوچانە ڕاپەڕین و لەچەند کاتژمێرێکدا ئازادیان کردن، بەجۆرێ کاتژمێر ١ی دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سەرەتا کۆڕێ گیراو پاشان مەسیف ئازادکرا و لەسەعات ١٢ی نیوەڕۆ

هەریر و باتاس ڕاپەڕین و سپیلک و دۆلی بیاو و بێخمە ئازاد کران، لەکۆیە لەهەمان ڕۆژ جەماوەر و پێشمەرگە بەرەو تەق تەق پێشڕەوی کرد و خەلکی ئەوێش لەم ڕۆژەدا راپەڕین و ئازادیان کرد، هەر ئەوڕۆژەش ئۆردوگای بەستۆرەش ئازاد کرا، کەبەدەیان کەس لەوناوچانە لەپیاوانی رژێم کوژران و چەندان پێشمەرگە و هاوڵاتیانیش شەهید بوون، بۆ وێنە لە شەقلاوە ٣ پێشمەرگە کوژران.

## لە هەولێر

لە ١١ی ئازاری ١٩٩١دا، جەماوەری شاری هەولێر هەر لە سپێدەی بەیانییەوە لەگەڕەکەکانی "شۆڕش" و "مەلایان" و "برایەتیی سەرەوە" خلۆر بوونەوە خوارەوە بەرەو بارەگاکانی رژێم و لەکاتژمێر ٩ی بەیانی سەرجەم جەماوەر و گەڕەکەکان ڕژانە سەر شەقام و کوچە و کۆڵانەکان و بەیەک دەست دا ڕژانە سەر سەرجەم بارەگا و دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێم، نەخاسمە دائیرەی ئەمن و جەیشی شەعبی و ئەمنی تەواری و مەنزومەی شیمالی و بنکەکانی پۆلیس و هتد. کەتا ئێوارە سەرجەم ئەو بارەگایانە کۆنترۆل کران، تەنها لەدایەرەی ئەمن و مەنزومەی شیمالی بەرگریەکی سەخت یان کرد، بۆیە کوژراوێکی زۆریان لێکەوت و هەندێک لەوانەی لەوێ گیران لەلایەن خەشمی جەماوەر گوللە باران کران. هاوکات لەهەمان ڕۆژ راپەرین لەسەرجەم ئۆردوگاو ناوچەکانی دەوربەری هەولێریش گڕی گرتبوو، بۆ وێنە لەلای سەرەوە هێزی پێشمەرگە و جەماوەر پێ بە پێ لە دێگەڵە ڕا پێداهات کەهەموو بان و بەزراییەکانی سوپا و پادگاکانی ڕژێمی پاککردەوە تادەگاتە کەسنەزان، بۆیە کەسنەزان و بنەسلاوە بەبێ شەڕ تەسلیم بوون و لەدارەتووش بەنیو کاژێر ناوەندی پۆلیس گیرا. لەوێ شەهید درا و ڕژێمیش کوژراوی هەبوو، ئۆردوگاکانی قوشتەپە و شاوێس و پیرزین و مەلا ئۆمەریش هەر زوو ئازاد کران، پاشان هاوکات ئۆردوگاکانی جدیدەو تۆبزاواش ڕاپەڕین و دوای چەند کاتژمێرێک شەڕ ئازاد کران بەخوێنی چەند هاووڵاتییەک و کوژرانی زۆرێک لەپیاوانی ڕژێم و لەهەمان کاتدا ئۆردوگای خەبات هەڵیان کوتایە سەر بازگەی ئاسکی کەلەک و هەر زوو کۆنترۆلی کرد و دواتر ئۆردوگاکانی کەورگۆسک و بەحرکە و بەرحوشتر. پشتاوبوون بێ شەڕ ئازادکران و سوپای ناوچەکە خۆیان بەدەستەوە دا، لەلایەکی ترەوە بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ فەیلەقی ٥ی سەربازگەی هەولێر کۆنترۆل کرا. بۆبەیانیی ١٢ی ئازار پادگاکانی سەر بەرزاییەکانی ڕەشکین و کانی قرژاڵە و ڕێی گوێر و مەخموور گیران و خۆیان تەسلیمی گەل کرد و بەدەیان هەزار سەربازیش لەوانەی پارێزگاری هەولێر و سەربازگەکانی سەر و کەشۆڕ دەبونەوە وبەرەو موسڵ و کەرکوک دەچوون بێ ئەوەی لەلایەن خەڵک و پێشمەرگە بگیرێن و بکوژرێن بەلکو نان دەدران.

## لە جەلەولا و مەخموور و ئاکرێ و خانەقین و شێخان

لە ١٢ی ئازاری ١٩٩١دا، جەماوەری جەلەولا ڕاپەرین تا ئێوارە ناو شاری جەلەولا و دەوروبەریان ئازاد کرد. بەڵام دواتر ڕژێم لەهەوا و لەزەمین بەچەکی قوورس تۆپبارانی کردن، بۆیە چەندان هاولاتی لەوێ شەهید بوون و ڕژێمیش زیانێکی

زۆری ماددی و مەعنەویی لێکەوت. لەلایەکی ترەوە هەر هەمان ڕۆژ ناحیەی مەخمووریش لەخوارووی هەولێر ئازاد کرا و لەڕێگای مووسڵیش لافاوی جەماوەر لەزێی کەلەک پەڕیەوە بادینان. بۆیە هەر ئەو ڕۆژە ئاکرێ و ناحیەی بجیل و سورچییایەتی و بەردەڕەش و دینارەتی زێبار تادەگاتە شێخان و سەرزێی خازر ئازادکران و هەمان ڕۆژیش خانەقین ئازاد کرا.

## لە زاخۆ و پردێ و جەباره و کۆڵەجۆ

لە ١٣ی ئازاری ١٩٩١دا، لەوسەری سنوورەوە جەماوەری زاخۆ و دەروبەری ڕاپەڕین. سەرەنجام ناو شاری زاخۆ و کۆمەڵگای هیزاوە و دەرکار عەجەم ئازاد کران و ڕاپەڕین گەیشتە دەشتی سلێڤان و چیای بێ خێر و ژوێ هاتنە ئازاد کرن و پشتی هەنگی ڕەخێ سۆرا لەسنووری کەرکوک شارۆچکەی پردێ ئازاد کرا و لەگەرمیانیش کەلار و ناحیەی جەبارە و کوڵەجۆ ئازاد کران.

## لە دهۆک


لە ١٤ی ئازاری ١٩٩١دا، لەگەڵ گەردی بەیانی جەماوەری دهۆک لەگەڕەکی بەرۆشکێی لای سەرەوە سەریان هەڵدا و بەتێکڕا دەوری دائیرەی ئەمن و ئیستخبارات و پۆلیس و ئالیات و لیواو فرقەی حزبی یان دا و هێرشیان کردە سەر؛ تا نیوەڕۆ هەموویان گیران. جگە لەئەمنخانە نەبێ کەشەڕی مان و نەمانیان کرد، بۆیە زۆربەیان کوژران، دواتر لیواکەش تەسلیم بوو، بەمەیش ناوچەکانی زاویتە و مانگێش و باگێرا و سەرسەنگ و ئەنیشک و بامەڕنێ و دێرەلوک و ئامێدی و سیریێ و شێلادزێ و باتوفە و بێ گۆڤا و هتد. پشتاوپشت بوون، بۆ ڕۆژانی دواتر دوینا میکییەن ناوچەکانیتر کۆنترۆڵ کران تا دەگاتە کانی ماسی و ناوچەی بەروای بالا و ریکان بۆیە پایەگاکانی سەر چیاکانی گاراوەمەتین و چیای شیرین و چیای فاتێ و چیای بارزان و چیای بامەڕنێ بۆ خۆیان تەسلیم بوون.

سەرچاوەکان: ١- ماڵپەڕی کۆمەڵ - دەنگی سۆران



سەرچاوە Serchawe

## لەیادی راپەڕیندا..دانیشتوانی ڕانیە لە بەپارێزگابوونی دەڤەرەکەیان ڕژدن



**تانکێکی سوپای ڕژێمی لەناوچووی بەعس کە لە ٥ - ٣ - ١٩٩١دا خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕانیە دەستیان بەسەریدا گرت.**

**رانیە KDP.info لە یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستاندا کە لە ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینەوە دەستی پێ کرد، دانیشتووانەکەی داوا دەکەن دەڤەرەکەیان خزمەتی زیاتر بکرێت؛ هەڵبەت سەرۆکی دەستەی بەپارێزگاکردنی دەڤەری ڕاپەڕین دەڵێ، ئێمە لەم بۆنەیەدا جەخت لە یادداشتی خۆمان دەکەینەوە بۆ هەرسێ سەرۆکایەتییەکە؛ ئەویش بەدەنگەوەهانی خەڵکی ڕاپەڕینە کە داواکاریی بەپارێزگابوون جێبەجێ بکرێت.**

### ٥ی ئازاری ١٩٩١

**ڕاپەڕینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، لە ٥ی ئازاری ١٩٩١ لە سەعات ٩:٠٠ی سەرلەبەیانی بە فەرمی لە ڕانیە دەستی پێ کرد. لە هەموو لاوە خەڵک ڕژانە سەر کوچە و کۆڵان و شەقامەکان، لە ڕادیۆکان و بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە خەڵک بۆ ڕاپەڕین هان دەدرا. پاشان جەماوەر هەڵیان کوتایە سەر دامودەستگاکانی حکوومەت. سەعا ٣:٠٠ی سەرلەئێوارەیش سەرجەم ڕانیە لە ڕژێم پاک کرایەوە. هەمان ڕۆژ چوارقوڕنە و حاجیاوا و دەشتی بیتوێن و سەربازگەی سەرکەپکان ئازاد کران، جگە لە تیپی ٤٤ی چوارقوڕنە، ٥٠ کەس لە ڕژێم کوژران و ١٠ کەسیش لە هاووڵاتیان شەهید بوون، ژمارەیەکی زۆریش لە پیاوانی ڕژێم دەستگیر کران، بۆیە ئەم ڕۆژە لە مێژووی کورددا بە ڕۆژی ڕاپەڕین و ڕانیەیش بە دەروازەی ڕاپەڕین ناسرا.**

## ٦ی ئازاری ١٩٩١

ڕۆژێک دواتر، لە ٦ی ئازاری ١٩٩١ ناوچەی بازیانی یەک و دوو و، ناوچەی نێو دەشتی پشدەر، ئازاد کران. بە جۆرێ خەڵکی بازیان لە سەعات ٤ی ئێوارە، هەڵیانکوتایە سەر دەستگاکانی ئەوێ و هەر زوو سەرکوتیان کردن. لە پشدەریشدا سەربازگە و دەستگەکانی ڕژێم لە نێوان پێشمەرگەی سەرەوە و جەماوەری خوارەوە دەورە دران و، هەر زوو پاک کرانەوە، تەنیا فەوجی قادراوای پشت سەنگەسەر نەبێ، کە شەڕی مانۆنەمانیان کرد و، بووە هۆی شەهیدبوونی چەند هاووڵاتییەک.

لە لایەکی ترەوە، هەمان ڕۆژ چوارقوڕنە لە سێ لاوە دەورە درا و بە ئاسانی ڕزگار کرا، دواتر پایەگەکانی سەر کلکەی کۆڵێن و حاجیلە و بەرزاییەکانی دۆڵە ڕەقە بێ شەڕ دابەزینە خوارەوە و خۆیان ڕادەستی گەل کرد. ڕژێم لیوایەکی لە کۆیەوە بۆ پاڵپشتیی تیپی چوارقوڕنە هێنا و، بە تۆپ و خومپارە کەوتە وێزەی خەڵکی ناوچەکە. هەر هەمان ڕۆژ ئەوێش گیرا و چەند سەرباز و ڕائیدێکی لێ کوژران.

لەم ڕۆژەدا خەڵکی شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین پەیامی تایبەتی خۆیان هەیە کە بڕیارە سبەی (٥ - ٣ - ٢٠١٥) ئەو یادە لە سەرانسەری کوردستاندا بکرێتەوە. (نیازی حەمە عەزیز) ڕۆشنبیر و یەکێک لە چالاکوانانی دەسپێکی ڕاپەڕین لە لێدوانێکدا بە ماڵپەری فەرمیی پارتیی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "ڕاپەڕین ئەڵقەیەکی گرنگە لە زنجیرەی خەبات و تێکۆشانی ڕاپەڕینی کوردستان لە دێرزەمانەوە و، گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٦١ گەورەترین شۆڕش لە سەردەمی (بارزانی نەمر)دا دەستی پێ کرد و دوای شۆڕش و نسکۆی شۆڕش جۆرێک لە خەباتی دیکە هاتە ئاراوە کە ئەویش خەباتی شاخ بوو یان ڕاپەڕین و خۆپیشاندان بوو." گوتیشی: "لە ساڵی حەفتاکان جۆرێک لە ئارامی لە کوردستان هەبوو بە هۆی ڕێککەوتنی ١١ی ئازارەوە، بەڵام لە هەشتاکان شەقامی سیاسیی کوردستان جوڵایەوە، تا ئەو کاتەی بە شێوەیەکی یەکجاری خەڵکی کوردستان دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەعسی ڕاماڵی، ئەمەیش هاوکات بوو لەگەڵ کۆمەڵێک سەرهەڵدانی دیکەی عێراق کە لە ناوچە شیعەکان ڕوویان دا واتە ڕاپەڕین بەرگێکی نەتەوەیی لە خۆی گرت لە هەمان کاتدا سوپای عێراق داڕووخابوو و کورد دەرفەتێکی باشتری هەبوو، چونکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش لەگەڵیدا بوو بە تایبەتی لە کیمیارانکردنی هەڵەبجە، ئەمەیش وای کرد ڕاپەڕین ببێتە هەوێنێک بۆ ئەوەی کورد بە یەکجاری لە زوڵم ڕزگاری بێت."

(نیازی) دەشڵێت: "بەپێی بەرنامەی بەرەی کوردستانی کە (سەرۆک مەسعوود بارزانی) سەر پەرشتیی دەکرد، دەبوو ڕاپەڕین چەند ڕۆژێک دواتر بووایە، بەڵام بە هۆی تینویەتیی خەڵک لە ڕۆژی ٥ی ئازار خەڵکی ڕانیە وەک کاراکتەرێکی ڕاستەقینەی ڕاپەڕینی هەشتاکانیش لە ساڵی ١٩٩١ لە ڕۆژی سێشەممە دوای بانگەوازێک لە مزگەوتی گەورە کە خۆم

بەشداری بانگەوازەکە بووم، کڵپەری ڕاپەڕین دەستی پێ کرد، واتە پێش ئەو ماوەیەی بۆی دیاری کرابوو ڕاپەڕین ئەنجام درا، تا دواتر شارەکانی دیکەی کوردستانی گرتەوە و بەعش لە کوردستان وەدەر نرا."

(نیازی حەمەعەزیز) لەبارەی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و دۆخی ئێستای دەڤەرەکەیشەوە ڕایگەیاند: "دوای ڕاپەڕین شەڕی ناوخۆ بەسەردا هات و نەتوانرا وەک پێویست خزمەتی ئەم شارە بکرێت، دوای ٢٠٠٣ و نەمانی بەعسیش دەڤەرەکە کۆمەڵێک پرۆژەی بۆ کرا کە جێگای دەستخۆشی بوو، بەڵام لە بواری خزمەتگوزاری و پرۆژەی ستراتیژییەوە ئەم شارە بێبەش کراوە، بەشێکی زۆری پرۆژەکانیش بە نیوە تەواوکراوی بەجێ ماون و خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی قوربانییەکاندا نین، بۆیە داواکاریی گەرموگوڕی خەڵک و داواکاریی سەرەکیی ئەم دەڤەرە لەم قۆناخەدا ئەوەیە، بکرێتە پارێزگا، چونکە ئەمە برینی بەشێک لە خەڵکی دەڤەرەکە سارێژ دەکات."

ئەوەیشی خستە ڕوو، "بۆ ئەمساڵ لە یادی ڕاپەڕیندا یادەکە بە شێوەیەکی سنووردار دەبێت، چونکە ئەم دەڤەرە شەهیدێکی زۆری هەیە، بۆیە نامانەوێت لەم دۆخەدا ئاهەنگ و کۆمەڵێک شتی دیکە بکرێت کە برینی شەهیدەکان بکولێنرێتەوە."

ڕایشیگەیاند کە، "داواکاریی هەنووکەیی دەڤەرەکە ئەوەیە کە بازاڕی شارەکە چاک بکرێت و پارە بۆ پرۆژە تەواونەکراوەکان خەرج بکرێت و داواکارییەکانیشمان داوەتە سەرۆکایەتیی حکوومەت".

هەرلەم بارەوە (غەریب ئەحمەد) سەرۆکی دەستەی بەپارێزگاکردنی دەڤەری ڕاپەڕین، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمی پارتیی دیموکراتی کوردستانی گوت، "ئێمە لەم بۆنەیەدا جەخت لە یادداشتی خۆمان دەکەینەوە بۆ هەرسێ سەرۆکایەتییەکە؛ ئەویش بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی ڕاپەڕینە کە داواکاریی بەپارێزگابوون جێبەجێ بکرێت، بۆیە شاندێکی باڵای حکوومەت هاتوون بۆ دەڤەرەکە و پەیامی خۆمان دووبارە داونەتەوە کە ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٩ بچێتە واری جێبەجێکردنەوە کە داوای بەپارێزگابوونی ڕاپەڕینی کردووە." گوتیشی، "سبەی یادی ڕاپەڕین تایبەت دەبێت، چونکە زیاتر حاڵەتێکی ماتەمینی دەبێت و بەبێ ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و خۆشی و شادی دەبێت، بەڵکە بە شێوەیەک بێت کە دەبێت لە یادی کۆنباو دەربچێت و لەو ساڵەدا کۆمەڵێک دروشم و بەڵێن بدرێت بە خەڵکی دواتر جێبەجێ نەکرێن، دەمانەوێت بەڵێنی جیددی بە خەڵکی دەڤەرەکە بدرێت بە تایبەتی کردنەوەی مەرزی نێودەوڵەتی و چاککردنی دووسایدی ناو بازاڕ و بەپارێزگاکردنی دەڤەرەکە و کردنەوەی پرۆژەی ستراتیژی بۆ شارەکە بخرێتە بەرنامەوە".

هەر لەم بارەوە (حەمید عەبدوڵڵا) سەرپەرشتیاری ئیدارەی گشتیی ڕاپەڕین لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "لە یادی ٢٤ ساڵەی ڕاپەڕینی مەزنی ڕانیەی دەروازەدا لە ساڵی ١٩٩١، گەرمترین

پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و دەڤەرەکە دەکەین، سەری ڕێز لەبەردەم گڵکۆی شەهیدان دادەنەوێنین و سڵاو لە پێشمەرگەی کوردستان دەکەین لە بەرەکانی جەنگ". دەشڵێت، "لەم ڕۆژەدا بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە بەردەوام دەبین لە ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵم و ستەم، چونکە لەو ڕۆژەدا گەلی کوردستان لە دیکتاتۆرییەت ڕزگار کرا."

گوتیشی: "ئێستا داواکاریی خەڵکی دەڤەرەکە ئەوەیە کە خزمەتی شارەکە بکرێت، پرۆژەی ستراتیژیی بۆ ئەنجام بدرێت، لە هەموو شت گرینگتر بایەخ بە ئیدارەی شارەکە بدرێت لەگەڵ ئەو داوایەی کە خەڵک بە ئاواتیەتی ئەویش بەپارێزگابوونی ناوچەکەیە."

ڕایشیگەیاند کە، "ئەمساڵ وەک ساڵانی پێشووتر یادە ناکرێتەوە، چونکە دۆخی دارایی و ئەمینی کوردستان تایبەتمەندە، بەڵام ئەم یادە هەمیشە لە دڵماندایە، لە هەمان کاتدا ئێمە سبەی لە سەعات ٨ و نیوەوە لە ڕانیە پێشوازی لە هەر کەسێک دەکەین بەشداریی یادە کە بکات".

لە ٧ی ئاداردا، جەماوەری شاری سلێمانی ڕاپەڕین و هەر زوو هەڵیانکوتایە سەر بنکەی حامیەی پۆلیس و سەرا و ئازادیان کردن. هەروەها بۆ بەیانیی ٨ی ئازار، قەڵای ئەمنە سوورەکەی سلێمانی و سەربازگەی سەلام و بارەگاکانی سەر چیای ئەزمەڕیان بەرزەفت کرد، بە جۆرێک بە هەزاران سەرباز خۆیان بە دەستەوە دا و، پارێزگاری سلێمانی و دەیان پلەدار و پیاوانی ڕژێم کوژران.

لە ٨ی ئاداردا، ڕاپەڕین لە چەمچەماڵ و هەڵەبجە و عەربەت و ئۆردووگاکانی زەڕایەن و سموود و نەسر و باریکە و پیرەمەگروون و ئەولایەوە دەستی پێکرد و، سەرجەم ئەو ناوچانە و ڕێگە سەرەکییەکانی نێوان سلێمانی و کەرکووک و بەعقووبە گیران، ئەمەیش بە خوێنی چەندان شەهید و، کوژرانی چەندان کەس لە پیاوانی ڕژێم. هەر ئەو ڕۆژە، سەرجەم ڕەبییەکانی پشتاوی سەر مامەندە و قەڵادزە دابەزینە خوارەوە و بێ کوشتار خۆیان بە دەستی گەلەوە دا. لە لایەکی ترەوە، قەڵای سووسێی ڕژێم گیرا و، بەرەو دووکان چوون و، لە لای دۆڵی خەلەکانیش پێشمەرگە و جەماوەر هەر بەرەو بەنداوی دووکان دەڕۆیشتن، بۆیە بۆ ئێوارە ئەو ناوچەیەش بە تەواوی بەرزەفت کرا.

لە ٩ی ئاداردا، جەماوەری شاری شەقڵاوە و کۆیەیش ڕاپەڕین. ئەگەرچی سوپایەکی زۆر لە هەیبەت سوڵتان هەبوو و، لە ٨ی ئاداردا چەند لیوایەکی زرێپۆشی زیاد هێنرابووە ئەوێ و، لە ئاسمان و زەوییەوە بەرگرییەکی باشیان لە خۆیان کرد، وەلێ لەبەر ئەوەی نێو کۆیە ئازاد کرا، دواتر لە هەموو لایەکەوە هەیبەت سوڵتان دەورە درا و کۆنترۆڵ کرا و سوپای عێراقی گیران، بۆیە ناوچەی شەقڵاوەیش ئازاد کرا. بۆ ئێوارەیش لە ئۆردووگای زۆرەملێی باسرمە هەڵیان کوتایە سەر

بنکەی پۆلیس و ئەوێش بۆ بەیانی پاک کرایەوە. هەر هەمان ڕۆژ، ڕاپەڕین لە کفری سەری هەڵدا و بووە هۆی ئازادکردنی کفری و باوەنوور و بەرزاییەکانی.

لە ١٠ی ئاداردا، جەماوەری مەسیف و تەقتەق و ڕەواندز و قەرەهەنجیر و ئاغجەلەر و هەریر و باتاس و خەلیفان و سپیلک و سۆران و چۆمان و حاجیئۆمەران و مێرگەسوور و سەرجەم ئەو ناوچانە ڕاپەڕین و، لە چەند سەعاتێکدا ئازادیان کردن، بە جۆرێ سەعات ١ی پاشنیوەڕۆ کۆڕێ گیرا، پاشان مەسیف ئازاد کرا، ١٢ی نیوەڕۆ هەریر و باتاس ڕاپەڕین، سپیلک و دۆڵی بیاو و بێخمە ئازاد کران. هەمان ڕۆژ لە کۆیە جەماوەر و پێشمەرگە بەرەو تەقتەق پێشڕەوییان کرد و، خەڵکی ئەوێش لەو ڕۆژەدا ڕاپەڕین و ناوچەکەیان ئازاد کرد. هەر ئەو ڕۆژەیش ئۆردووگای بەستۆڕە ئازاد کرا. کە بە دەیان کەس لەو ناوچانە لە پیاوانی ڕژێم کوژران و، چەندان پێشمەرگە و هاووڵاتی شەهید بوون.

١١ی ئازاری ١٩٩١، جەماوەری شاری هەولێر هەر لە سپێدەی بەیانییەوە لە گەڕەکەکانی شۆڕش و مەلایان و برایەتیی سەروو،

بەرەو بارەگەکانی ڕژێم شۆڕ بوونەوە و لە سەعات ٩ی بەیانیدا سەرجەم جەماوەری گەڕەکەکان ڕژانە سەر شەقام و کوچە و کۆڵانەکان و، تەواوی بارەگا و دەستگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمیان کۆنترۆڵ کرد. تەنیا لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەمن و مەنزوومەی شیمالی بەرگرییەکی سەخت کرا، بۆیە هەندێک لەوانەی لەوێ گیران لە لایەن جەماوەرەوە گوللەباران کران.

هەر هەمان ڕۆژ، ڕاپەڕین لە سەرجەم ئۆردووگا و ناوچەکانی دەوروبەری هەولێریش گڕی گرت، هێزی پێشمەرگە و جەماوەر لە دێگەڵەوە بە دەشتی هەولێردا شۆڕ بوونەوە و بان و بەرزاییەکانی سوپا و پادگاکانی ڕژێمیان تا کەسنەزان پاک کردەوە، بۆیە کەسنەزان و بنەسڵاوە بە بێ شەڕ کەوتنە دەستی جەماوەر و پێشمەرگە، لە دارەتوویش بە نیو سەعات ناوەندی پۆلیس گیرا، لەوێ شەهید درا و ڕژێمیش کوژراوی هەبوو. ئۆردووگاکانی قوشتەپە و شاوێس و پیرزین و مەلا ئۆمەریش هەر زوو ئازاد کران. پاشان ئۆردووگاکانی جدیدە و تۆبزاوایش ڕاپەڕین و دوای چەند سەعاتێک ئازاد کران. هاوکات ئۆردووگای خەبات هەڵیان کوتایە سەر بازگەی ئاسکی کەڵەک و هەر زوو کۆنترۆڵ کرا و، دواتر ئۆردووگاکانی کەورگۆسک و بەحرکە و بەرحوشتر لە بەعس پاک کرانەوە.

لەلایەکی ترەوە بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ، فەیلەقی ٥ی سەربازگەی هەولێر کەوتە دەستی هێزی پێشمەرگە. بۆ بەیانیی ١٢ی ئازار، پادگاکانی سەر بەرزاییەکانی ڕەشکین و کانیقرژاڵە و ڕێی گوێڕ و مەخموور گیران.

لە ١٢ی ئاداردا، جەماوەری جەلەولا ڕاپەڕین و تا ئێوارە نێو شاری جەلەولا و دەوروبەریان ئازاد کرد. بەڵام دواتر ڕژێم لە

ئاسمان و زەوییەوە بە چەکی قورس تۆپبارانی کردن، بۆیە چەندان هاووڵاتی لەوێ شەهید بوون و ڕژێمیش زیانێکی زۆری ماددی و مەعنەویی بەر کەوت. لە لایەکی ترەوە و هەر هەمان ڕۆژ، شارەدێی مەخمووری خوارووی هەولێر ئازاد کرا و، لە ڕێگەی مووسڵ لافاوی جەماوەر لە زێی کەڵەک پەڕینەوە بادینان. بۆیە هەر ئەو ڕۆژە، ئاکرێ و شارەدێی بجیل و سورچیایەتی و بەردەڕەش و دینارتێی زێبار تا دەگاتە شێخان و سەرزێی خازر ئازاد کران و، هاوکاتیش خانەقین ئازاد کرا.

لە ١٣ی ئادارا، لەوسەری سنوورەوە جەماوەری زاخۆ و دەوروبەری ڕاپەڕین. سەرئەنجام نێو شاری زاخۆ و کۆمەڵگەی هیزاوە و دەرکار عەجەم، ئازاد کران و، ڕاپەڕین گەیشتە دەشتی سلیڤان و چیای بێ خێر و ژوێ هاتنە ئازادکردن و، لە سنووری کەرکووک شارۆچکەی پردێ ئازاد کرا و، لە گەرمیانیش کەلار و شارەدێی جەبارە و کوڵەجۆ، ئازاد کران.

١٤ی ئازاری ١٩٩١، لەگەڵ گەردی بەیانیدا، جەماوەری دهۆک لە گەڕەکی بەرۆشکێی لای سەرەوە سەریان هەڵدا و، بە تێکڕا دەوری بەڕێوەبەرایەتیی ئەمن و هەواڵگری و پۆلیس و ئالیات و لیوا و فرقەی حزبییان دا و هێرشیان کردە سەری، تا نیوەڕۆ هەموویان گیران. جگە لە ئەمنخانە نەبێ کە شەڕی مان و نەمانیان کرد، بۆیە زۆربەیان کوژران. دواتر لیواکەیش خۆی ڕادەست کرد. بەمەیش ناوچەکانی زاویتە و مانگێش و باگێرا و سەرسەنگ و ئەنیشکێ و بامەڕنێ و دێرەلووک و ئامێدی و سیرێ و شێلادزێ و باتوفە و بێگۆڤا بەرزەفت کران. بۆ ڕۆژانی دواتر، ناوچەکانی تریش کۆنترۆڵ کران تا دەگاتە کانی ماسی و ناوچەی بەرواری بالا و ڕێکان، بۆیە پایەگاکانی سەر چیاکانی گارا و مەتین و چیای شیرین و چیای فاتێ و چیای بارزان و چیای بامەڕنێ، خۆیان ڕادەست کرد.

لە ٢٠ی ئازاری ١٩٩١ دا، جگە لەوەی کوردانی شاری کەرکووک ڕاپەڕین، لە قۆڵی سلێمانی و هەولێریشەوە هێزی پێشمەرگە هێرشی برد و تا ئێوارەی هەمان ڕۆژ تەواوی شاری کەرکووک ئازاد کرا و، ئاگری نەورۆزی تێدا هەڵگیرسا. بەمەیش ڕاپەڕینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان گەیشتە دوایین خاڵ و هیچ شوێنێکی هەرێمی کوردستان نەما ئازاد نەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# ڕاپەڕین بەرەو کام ئاراستە؟



**سۆران محەمەد غەریب**

ڕاپەڕین ئەگەرچی مانای هەمە چەشنەو جۆراوجۆر دەبەخشێت لای تەواوی گەلان و نەتەوەکانی سەرتاسەری جیهان، وەلێ لای ئێمەی کوردستانی دەبێت مانایەکی بەرفراوانتر بگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ڕاپەڕین مانادارترە و جیاوازترە لە هەمو ئەو مانایانەی لای تەواوی گەلانی تر هەبون.

ناکرێت لەڕێڕەوێکی بەرتەسکەوە خوێندنەوە بۆ ڕاپەرین بکرێت، چونکە خودی ئەو گەلانەی ڕاپەڕین دەکەن خۆیان دەبێت پێدراوی ڕاستەقینە بدەن بەو زاراوەیە لەڕوی فەرهەنگیەوە. مێژو پێمان دەڵێت ئەوانەی ڕاپەڕینیان کرد لە پێناو چیدا بو؟ بۆ گەیشتن بە کام ئامانج بو؟ وا باشترە جیاکاری لە نێوان قۆناغەکاندا بکەین، قۆناغێکیان ڕزگار بون لەژێر دەستی دوژمنی نەتەوەییمان لە باشوری کوردستان، قۆناغەکەی تر ئەو دەست و تاقمە و دەسەڵاتە وەیشومە و ناکارامەیەی نەیتوانیوە پارێزگاری لەم دەستکەوتە نەتەوەییە بکەن.

ئەوانەی نەیانتوانی پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بکەن، زۆر بێشەرمانە و بێباکانە لەڕاپەرینەوە دەم دەست خێرا دەستیان دایە هەڵپەهەڵپی دەسەڵات و جڵەوگیری و زیاتر خۆ دەوڵەمەند و سەرمایەدار کردن تا لەم ڕێگایەوە دەست بەسەر تەواوی پرسە چارەنوسسازەکان و ئەوەی هەیە لەسەرخان و ژێرخانی ئابوری کوردستاندا بگرن، ئەمە نەخۆشیەکی دەرونی خۆکوژانە بو بۆ سەردارانی کورد، سەرئەنجامی پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە لە فەرمانڕەوایەتی جگە لە قڵپ بونەوە و داڕمان هیچ بەرهەمێکی تریان بۆ خەڵکی ڕەش و ڕوت و بێدەرەتان نابێت تا بتوانن خزمەت بە تاکەکانی کۆمەڵ و دۆزی نەتەوەیی بگەیەنن.

بە شێوەیەکی گشتی چەمکی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەروەربونی یاسا و پێداگیری کردن لەسەر بنەماکانی ئازادی و یەکسانی و بنەبڕکردنی جیاکاری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و چەسپاندنی کۆڵەکەکانی دیموکراسی لە هەرە پایە بنچینەییەکانی هەمو شۆڕشەکانی ناو گەلانە، بەڵام نابێت ئەوە لەیاد بکەین ئەوەی بەرجەستە بوە لە یەکێک لە ئامانجەکانی راپەڕین بەوەی ئازادی فەراهەم بوە بە ئەندازەیەک و ئاستێکی سنوردارکراو و کۆتکراو بە هەندێ بەرژەوەندیەوە.

سەبارەت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێ رادە لەباربراوە بەو شێوەیەی جیاوازیەکی بەرچاو دەکرێت لەنێوان دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات و جیاوازی چینایەتی بێشومار هەیە لەناوجەرگەی تاکی کوردیدا بەوەی هەندێ پاشکۆی دەسەڵاتداری حیزبی هەڵبتۆقێن و هاوڵاتی ئاسایی بپوکێتەوە، یاسا سەروەر نیە لەبەر ئەوەی لەسەرلاواز پیادە دەکرێت و لە لایەن خاوەن هێزەوە ژێر پێ خراوە و حیزب کراوەتە پەرستگا و هاوڵاتیش بوە بە زیندانیکراوی تاک پەرستی سەرانی حیزب و لەبەردەم سەرکردەکان ملکەچ و کڕنۆش بەرن، ئەمەش جێگای پیرۆزی بۆ خاک و نیشتمان گرتۆتەوە.

لەسەرو ئەمانەشەوە دیارترین دیاریدە بەرچاوەکانی دیموکراسی کە هەڵبژاردنە، لەکەدار بکرێت بەوەی پەنا ببرێتە ساختەکردن و کڕینی دەنگ و ویژدان لێسەندنی هاوڵاتیان تەنها بۆ ئەوەی بە ناڕەوایانە دەنگ بدرێتە حیزبە خاوەن دەسەڵات و پارەدارەکان. هەتا گەیشتوینەتە ئەو دۆخەی هیچ ئامانجێک نەمێنێت بۆ تاکی کوردی لە باشوری کوردستاندا کە مانای دروست بداتە راپەڕین، بەناچاری یا دەبێت بەرەی بەرەنگاربونەوەی مەدەنی بێتە سەرزەمینی کوردستان یاخود ملی ڕێگای نامۆ بون بگیرێتە بەر تا لە دەست هەلپەرستەکانی دوێنێی راپەڕین بەرەو هەندەران دەرپەڕین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# ڕاپەڕین... دەستکەوت و ئەنجامەکانی



**خەلیل سەرکانی**

## کورد و مێژو

گەلی کورد خاوەنی سەدان ساڵ لە خەباتی ڕزگاری، لە پێناو بەدیهێنانی ئازادی و سەربەستی هەزاران شەهیدی لەو پێناوە بەخشیوە. لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و ئەو گۆڕانکاریانەی لە نەخشەی سیاسی ناوچەکەدا دروست بو، کورد هیچ بەشێکی لەسەر ئەو نەخشە نوێیە نەبو، نەک هەر ئەوە، بەڵکو وەک بەشێک لە عیراقی عەرەبی حیسابی بۆ کرا و لکێنرا بەو دەوڵەتە تازەیەوە. ئەم سیاسەتەی ڕۆژئاوا، زنجیرەیەک شۆڕشی بەدواوی خۆیدا هێنا. لە شۆڕشەکەی شێخ محمودی نەمر تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١. لەماوەی دەسەڵاتی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق، شۆڕشەکانی کورد بە ئاگر و ئاسن دەمرکانەوە، بەتایبەت لە ساتەکانی حکومڕانی بەعس، نمونەی ڕاپەڕینی پێنجوێن ساڵی ٨١، ڕاپەڕینی قەڵادزێ ساڵی ٨٢، ڕاپەڕینی شارەزور ٨٧. تاوانەکان گەشتنە ترۆپکی تاوان و بڕیاری جینۆسایدی گەلی کورد. ئەتوانین ئەو سەردەمە بە سەردەمی تۆقاندنی کورد لە عیراق ناو ببەین.

## پێش ڕاپەڕین

بارودۆخی پێش ڕاپەڕینی بەهاری ٩١، ساڵانێکی پڕ تەنگوچەڵەمە بو بۆ حکومەتی ئەوکاتی عیراقی. حکومەتی بەعسی عیراقی و سەرکەشی سەرۆکەکەی صدام حسین، لە جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران، عیراقی خستبوە ژێربارێ نالەباری برسێتی و قەرزو دۆخی ناجێگیری جەنگ، کە جگە لە ماڵ وێرانی و کاولکاری وەک سروشتی جەنگ کە لە هەر وڵاتێکدا هەبێت کۆمەڵگا دەخاتە دۆخێکی خراپی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوریەوە.

هەر لەگەڵ ئەو بارودۆخە خراپەی حوکمڕانی، صدام حسێن، بەسەر چەند هەڵەیەکی سیاسی گەورەدا هەنگاوی ئەنا، لە ناوخۆ بە کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیابانی هەڵەبجە و قەتڵوعامی کورد و، لە ئاستی دەرەوەش شەڕی لەگەڵ ئێران و دواتریش پەلاماردانی کوەیت، تا کار گەشتە ئەوەی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی هێز ڕەوانەی عیراق بکەن و لە جەنگی کەنداو عیراق لە کوەیت دەربەکەن، بەسەرکردایەتی ئەمەریکا. دەرکردنی عیراق لەماوەی چەند سەعاتێک لەسەر دەستی هاوپەیمانان، سومعەی سیاسی ئەو وڵاتەی بە تەواوی لەئاستی ناوخۆ و دەرەوە کەمکردەوە.

ئەو سەردەمە لەلایەن سوپای عیراق و بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال، هێزە کوردیەکان گورزی کاریگەریان بەرکەوتبو، بنکەو بارەگاکانیان لەسەر سنور و ناو خاکی ئێران بون. لەگەڵ شکاندنی عێراق لە کوەیت یەکێتی کەوتە خۆسازدان و زنجیرەیەک کۆبونەوەی لە بارەگاکانی سەرکردایەتی و مەڵبەندەکانی بەسەرپەرشتی (نەوشیروان مستەفا) گرێدا، لە قاسمەڕەش، ناوچەی زەڵێ و مەریوان لە کوردستانی ئێران. کە ئەو کاتە مام جلال وەک نوێنەری بەرەی کوردستانی لەدەرەوەی وڵات بو.

کاک نەوشیروان لە کۆبونەوەکانی، بەرنامە و پلانەکەی خۆی لەگەڵ هەڤاڵانی سەرکردایەتی باسکردو دو پلانی ستراتیجی ئامادەکرد بو بۆ دو ئەگەر کە ڕەنگە بێنە پێش، ئەوانیش؛ یەکەم/ ئەگەری لاوازبونی عیراق. دوەم/ ئەگەری ڕوخانی ڕژێمی بەعس.

## ڕاپەڕین لە بەهاری ١٩٩١

دەرکردنی عیراق لە کوەیت لە مانگی ئابی ١٩٩٠، عیراقی بە ئەندازەیەک لاواز کرد، دەرفەتی لەبەردەم گەلانی عیراق، بە عەرەبی شیعەو سونە، کورد و تورکمان و کەمایەتیەکانی تر دروستکرد بۆ هەر جوڵانەوەیەکی سیاسی. بە تایبەت بۆ کورد هەلێکی زێرین بو، لەگەڵ دروستبونی دەرفەتی لەبار و هەروەها ئامادەیی کورد وەک هەمیشە بۆ ڕزگاربون لەدەستی بەعس. بە پێشنیار و بەرنامە سازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕاپەڕین بو بە بڕیاری بەرەی کوردستانی. ئامادەکاریەکان بۆ ڕاپەڕین بە بەرنامەی پێشوەخت و پلانی سەرکردایەتی شۆڕش، بوە هۆی ئازادکردنی بەشێکی زۆر لە خاکی باشوری کوردستان لەدەستی ڕژێمی بەعس.

بەرەی کوردستانی کە چوارساڵ بەر لە ڕاپەڕینەکە پێک هاتبو، لە هەوڵی ڕێکخستن و ئامادەکاریبو بۆ دروستکردنی هێزێکی تۆکمە و بەهێز لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دژی ڕژێم. کورد سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ ڕزگاربون لە بەعس، لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ، دەیانجار لەگەڵ ڕژێم تێگیرا، چ بە شەڕ و چ لە چوارچێوەی گفتوگۆ و مفاوەزات.

ڕاپەڕینی مانگی ٣ - ١٩٩١ دەنگ هەڵبڕینێکی جەماوەی گەلی باشوری کوردستان بو، دەرەنجامی دەیان ساڵ خەباتی سیاسی و چەکداری، بە ئامادەکاری و پلان بۆ دانانی سەرکردایەتی کورد. بەتایبەت و بە دیاریکراوی بەرنامەکە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ئامادەکرابو، کە بەڕێز (نەوشیراون مستەفا) تەواوی وردەکاری و بەرنامەکانی نوسیبو. دواتر هەمان بەرنامە بۆ بەرەی کوردستانی پێشنیار کرا. تۆکمەیی و وردەکاری لە پلانەکە هی ئەوە نەبو کە قەبوڵ نەکرێت. دەست بەجێ بەرەی کوردستانی پابەندبونی خۆی بەو پلانەوە دەربڕی. هەرچەندە لە سەرەتا هەندێ لە لایەنەکانی ناو بەرەکە بە گومان و خەمساردیەوە لێیان دەڕوانی، یان بڵێین خوێندنەوەی ئەوان بۆ پێشهات و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە دروست و بەجێ نەبو، بەڵام دواتر کە بو بە ئەمری واقیع هاتنە ژێرباری دۆخەکەوە.

## شاهیدیەک بۆ مێژو

بەنزیکەی دو مانگ واتە لە مانگی ١ - ١٩٩١، سەرکردایەتی شۆڕش بەپێی ئەو پلانەی دانابو، هەمو ناوچەکانی دابەشکرد بۆ چەند میحوەرێک، ئێمە ڕاسپێردراین کە شەش کەس بوین، پێک هاتبو لە (فلاحی حمەبۆر، حمە زیاد، سەردار ناوتاقی، حمەی حمەسعید، ملا ئەحمەد دسکەرە و من) کە هەر شەشمان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی سەربازیدا بوین. ئەوەی لە ئەستۆمان بو جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی نەخشەکە بو، کە بەنوسراو نەخشەکەمان پێبو. بە مۆری مەکتەبی سیاسی و مۆرەی تیپی ١١ هەورامان کە سودی زۆرمان لێبینی، سەرپشک کرابوین لەگەڵ کێ پەیوەندی ئەگرین کە جێگای باوەڕی ئێمەیە. ڕاسپێردراین سەرپەرشتی ناوچەی شارەزور بکەین لەناو ئۆردوگاکانی (نەسر، زەڕایەن، هەڵەبجەی تازە، برایەتی و عەربەت). پلانەکە بەو شێوە بو، نامە و ڕاسپاردەی مەکتەبی سیاسی بگەیەنین بەو کەسانەی دەکرا سودیان لێببینین بۆ دەسپێکردنی ڕاپەڕین. ئەوەی بەدەستمان هێنا هەندێک لەوانە بەگومان و ترسەوە لە پرۆسەکەیان ئەڕاوانی، هەندێکی تریشیان بە مەردی و جوامێرانە بەدەنگ داواکەی ئێمەوە هاتن و بەڵێنی هەمو هاوکاریەکیان پێداین. کەوتینە خۆ ئامادەکردن و کە لەگەڵ دەسپێکی یەکەم فیشەکی ڕاپەڕین، ئەوانیش بە هەمو هێزی خۆیان و خرۆشاندنی جەماوەر، بەدەن لەو ئامانجانەی بۆیان دیاریکرابو. ڕاپەڕین لە ڕانیە وەک یەکەم جێگا و لە ٥ - ٣ دەستیپێکرد، دواتر گوسترایەوە بۆ ناوچەکان بازیان و دەوروبەری سلێمانی و لە ٧ - ٣ سلێمانی و شوێنەکانی ئێمەش ڕاپەڕین تیایاندا سەریهەڵدا.

## بۆچی ڕانیە وەک یەکەم شوێن؟

ڕانیە بو بە یەکەم دەروازەی ڕاپەڕین، کڵپەی شۆڕشە جەماوەریەکە لەوێوە سەریهەڵدا و هەرزو بە ناوچەکانی دەورپشتی خۆی بڵاو بویەوە، هەڵبژاردنی ئەو دەڤەرە وەک دەسپێک و سەرەتای ڕاپەڕین لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش بۆ چەند خاڵێک ئەگەڕێتەوە ئەوانیش؛

**یەکەم**؛ هەڵکەوتەو شوێنی جوگرافیای ڕانیە، کە وەک سەنتەرێک وابو بۆ کوردستان، لە هەمان کاتدا نزیک بو لەو شاخ و بەرزاییانەی کە دەرفەتی مقاومەی زیاتر و پشتیوانی باشتری بە راپەڕینەکە ئەدا.

**دووەم**؛ نزیکی سەرکردایەتی یەکێتی لەو ناوچانە کە هۆیەک بو بۆ سەرپەرشتی ڕاستەوخۆ و بەئاگا بونی سەرکردایەتی لە هەر ئەگەرێکدا، هەنگاوە یەک لەدوای یەکەکانی پلانەکە جێبەجێ بکەن.

**سێیەم**؛ بونی جەماوەرێکی زۆری یەکێتی لە رانیەو دەوروبەری، کە ئەمە پاڵپشتی و خاوەن بڕوای تەواوی سرکردایەتی بو، لە ئەگەری سەرکەوتنمان ئەبوە هۆی بەرزکردنەوەی ورەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە شار و شارۆچکەکانی تریش.

**چوارەم**؛ هەڵکەوتەی ڕانیە بەجۆرێکە، کە ئەتوانرا لە یەک کاتدا هەم بەرەو سلێمانی و هەمیش بەرەو هەولێر و کەرکوک، راپەڕینەکە تەشەنە بکات و پەل بهاوێت.

لێرەوە راپەڕین بە دەروازەکەی کە (ڕانیە) بو دەستپێیکرد و بە ئازادکردنی زۆربەی ناوچە کوردستانیەکانە کۆتایی هات.

## دەرەنجام و دەسکەوتەکانی راپەڕین؛

راپەڕین کۆمەڵێ دەسکەوتی باشی بۆ خەڵکی کوردستان هەبو، بۆیەکەمجار کورد پشتیوانیەکی نێودەوڵەتی بەدەستهێنا، کە بوە هۆی دروستبونی کیانێکی ئیداری و ناوچەیی لە باشوری کوردستان. وە ساڵەها بو کورد بەدەستی حیزبی بەعس خوێنی دەڕژا، ئەو ئازادیەی دوای راپەڕین بۆ کورد دروست بو، دەسکەوتێکی ناوازە بو. هەروەها یەکەم هەڵبژاردن لە ناوچە کوردیە ئازادکراوەکان ئەنجامدرا، ئەگەر بەباشی ئیدارە بدرایە دەبوە هەوێنی دروستبونی ناوچەیەکی دیموکراسی لە ناوچەکە. دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان پێکهاتنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ بەرهەم هات. ئەمانە و چەندین دەسکەوتی گرنگی تر بۆ خەڵکی کوردستان.

دەسکەوتەکانی راپەڕین گرنگ بون، بەڵام بەداخەوە مامەڵەکردنی حیزبەکان بە ئەقڵیەتی شاخ لەگەڵ ئەو دۆخە تازەیەدا، لە شێوازی حوکمڕانی و ئیدارەدانی حکومەتی هەرێم، ئەزمونێکی باشی پێشانی درەوە نەدا. دروستبونی شەڕی ناوخۆ، ململانێی نابەرپرسانە، هێنانای خەڵکی ناشایسە و دانانی لە شوێنی شایستە و هەستیار، بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی میللەت و تەخشان و پەخشانکردنی لەپێناو بنەماڵە و گروپێکی بچوک لەناو حیزب لەبری میللەت، شکاندن و سوککردنی یەکتری لەبەرچاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە حیزبیکردنی سەرجەم کەرتەکانی، بازرگانی و ئابوری، کشتوکاڵ و پیشەسازی، پەروەردە و تەندروستی و زانکۆکان، هەمو ئەمانە کۆمەڵگای کرد بە کۆمەڵگایەکی حیزبی لەبری کۆمەڵگایەکی



سەرچاوە Serchawe

نەتەوەیی و نیشتمانی. هەمو ئەمانە لەبری پاراستنی دسکەوتەکانی راپەڕین، بونە هۆی لەناوبردن و بەفیڕۆدانی دەسکەوتەکان.

سەرەڕای ئەمانە ئێستا کە باسی راپەڕین ئەکرێت و یادی ئەکەنەوە، هەندێ لەحیزبەکانی کوردستان بەتەنها خۆیان و سەرکردەکانیان ئەکەنە خاوەنی، یان هەندێ کەس لەناو ئەو حیزبانە لەسەر روداوەکانی ئەو کاتە قسەئەکەن، کە لە هیچ جێگا و میحوەرێک ئەوانە نەبینراون. واتە ئەیانەوێ راپەڕین بکەنە دەسکەوتی هەندێ گروپی نزیک لە دەسەلاتی حیزب و بنەماڵەکانیان، بۆ باسکردن و ناساندنی راپەڕین بە مەبەست بۆ شێواندنی ئەو مێژوە بۆ نەوەکانی ئێستامان. ئێمە راپەڕینمان بۆ لابردنی دیکتاتۆریەتێک کرد، بەڵام لەسەر دەستی ئەمان خەریکە دیکتاتۆریەتی کوردی بنیات ئەنێن، لەسەر دەستی ئەمان دەزگا شەرعیەکانی پەرلەمان و حکومەت کوردیەی لەکار ئەخرێن. راپەڕین موڵکی ئێمە و خەڵکی کوردستانە، هی ئەوانەی کە ماندو بون بۆ گەلی کورد و توانیان ئەم ئەزمونە بۆ کوردستان بنیات بنێن، نەک کەسانێک بەزۆر و بەدەستی بێگانە هەمو سەروەریەکانی کوردستان بکاتە موڵکی خۆی و خەڵکی کوردستان و شۆڕشگێڕە راستەقینەکانی لێبێبەش بکات. هەر نەبێ شەرم لەوە بکەن کە ئێمەی بەشدار بو، شاهیدی روداوەکانی راپەڕینین و تا ئێستا لە ژیانداین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦

## رانیەی دەروازەی ڕاپەرین، دەرگای ئازادیی لە کورد کردەوە



عەبدولکەریم شێخانی

مێژووی پڕ شکۆی گەلی کورد زۆر زۆرداری لە گۆڕ ناوە
چەندان گوڵە شەهیدیشی لە بۆ ئازادیی کورد داوە
شەهیدستان هەتا ئەمڕۆش کاروانی هەر بەڕێوەیە
ڕێز لە خوێنی شەهید بگرن چون بۆ ڕزگاریی ئێوەیە

هەڵایسانی مەشخەڵی ڕاپەڕین لە رانیەی سەر بەرز و شۆڕشگێر، شتێکی کتوپڕ و بێ بنەما نەبوو، بەڵکو بەرنامە بۆ داڕێژراو بوو و لە مێژ بوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی جەماوەری چەوساوە و شوورەی پۆڵایینی وەستاو دژ بە رژێمی بەعسی فاشیست نەخشەی بۆ دادەنا و ڕێگای بۆ خۆش دەکرد. ئەو زەبرە کوشندانەی یەکێتی دەیسرەواندنە جومگە سەرکوتکەرەکانی بەعسی فاشیست ئەوەندە کاریگەر بوون کە سەریان لە رژێم دەشێواند.

### ئەگەر خۆی لە خوا نەکات

هەموو کەسێک دەزانێ، ئەگەر خۆی لە خوا نەکات، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داڕێژەرو بناغەدانەری ئەو ڕاپەڕینە مەزنە بوو کە وەک ئاگری لە پووش بەربوو هەموو کوردستانی گرتەوە و ئەگەر ئەمریکا ڕێی بە هێزەکانی «صدام» تکریتی نەدایە لە ترسی ئەوەی نەوەک شیعەی هەڵچووی هەواداری ئێران جڵەوی حوکم لە عیراق بگرنە دەست، رژێمە داڕزاوەکەی بەعس ئەو قورساییەی نەمابوو و، ڕاپەڕینی کورد لە کوردستان و شیعە لە ناوەڕاست و باشووری عیراق تای تەرازووی ڕاپەڕینی هاوسەنگ کردبوو، بەڵام نەجووڵانی سوننە تا رادەیەک لاسەنگی کردو ئەگەر پارێزگا سوننییەکانی

پشتیوانی رژێم لە نەینەواو سەلاحەدین و دیالەو ئەنبار بەشدارییان لەو راپەڕینە سەرتاسەرییەدا بکردایە، ئەوا هەر ئەوێ دەمێ رژێمەکەی «صدام» سەرەنگرێ دەبوو. ماوەیەک بوو کوردستان بە گشتی و ناوچەی حەوزی بیتوێن قوڵپە قوڵپ دەکولا، بە تایبەتیش دوای وێران کردنی قەڵادزێ و هەموو ئاوەدانییەکی پشت دەربەندو راگواستنی دانیشتوانیان بۆ کۆدێیە زۆرە ملێکان، سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەیزانی ئەگەر لە هەلێکی لەباردا دەست بە کار نەبێ، ئەوا رژێمەکەی بەعس دەست پێشخەریی دەکات.

## نابێ بکشێینەوە

خەڵکی ناوچەکە و بە تایبەتیش رانیە لەسەر پێ بوون بۆ تەقینەوەو شانە چەکدارە ئامادەو سازەکانی یەکێتی هەمیشە هۆشیارو بوون بۆ دەست بەکار بوون بە تایبەتی هەلەکە لەبار بوو دوای شکستی سوپاکەی رژێمی «صدام» لە کوێت و کشانەوەی بە سەرشۆری، هەرچەندە «صدام» لەسەر تەلەفزیۆن گوتی: نابێ بکشێینەوە و ئەگەر گوێشتان لێ بوو داوای کشانەوەم کرد، باوەڕ مەکەن، چونکە ئەوە من نیم بەڵکو فێڵە لێتان دەکرێ. بڕیار وابوو ٣/٧ زەماوەندی راپەڕین لە رانیە بکرێ و شانە چەکدارەکان هەموویان ئامادا بوون و هەر یەکەیان ئەرکی خۆی بۆ دیاری کرابوو و ئامێری بێتەل لای کوردەی عەزیز بەگ بوو بۆ پەیوەندی کردن و هاوئاهەنگی لەگەڵ پیشمەرگەکان. لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ کوردەی عەزیز بەگ گوتی: « من و باوکم پێش راپەڕین بە مانگێک بە نهێنی هاتبووینەوە ناو رانیەو خۆمان شاردبووەوە بۆ خۆئامادەکردن و جەماوەر سازدان بۆ راپەڕین و سەرکردایەتیی یەکێتی نامەی بۆ هەندێک موستەشاری باوەڕ پێ کراو، وەک حەمەی کاک هەمزەو سواراغاو شەهید فەقێ حسێن کە هەر بەناو لەگەڵ حکوومەت بوون، ناردبوو و عەلی نەبیش کە گوایا خۆی رادەست کردبووەوە و چەکی هەڵگرتبوو ئاگادارکرابووەوە».

ئەمە مانای ئەوەیە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە زووەوە مشووری راپەڕینی خواردبوو و ئامادەکاریی بۆ دەکرد. ناو بازاڕ خرۆشابوو و هەمووخۆیان سازو ئامادە کردبوو. شەهید عەلی نەبی لەگەڵ کوڕەکەی و چەند کەسیک دێنە خوار و لای مزگەوتەکەی ناجیەخان بەعسییەکی خوێڕی بە ناوی (رفیق عبدالله) رێ بە عەلی نەبی دەگرێ و دەیەوێ تەقەی لێ بکات، بەڵام شەهید عەلی نەبی تەردەستانەتر دەبێ و تەقەی لێ دەکات و وەریدەگێڕێ. ئیدی ئاگری راپەڕین لێرەدا هەڵایساو جەماوەرە تووڕەو داخ لە دڵەکە هێرش دەکەنە سەر دامودەزگاکانی بەعس و هەر زوو دەست بەسەر هەموویان دادەگرن. من لەبەر ئەوەی ئەو نەوە نوێیەی رانیە ناناسم، رەنگە ناوی هەندێک کەس نەهێنم کە پێویستە ناویان بهێنرێ، بۆیە داوای لێ بوردنیان لێ دەکەم ئەگەر ناوم نەهێنابن.

لێرە تەنیا بارەگای ئیستیخبارات بە زەحمەت گیرا و بەرگری کرد، چونکە چەکدارێک لەسەر بانی بینای ئیستیخبارات لە دەلاقەیەکەوە تەقەی لە خەڵکی هێرشبەر دەکرد. بەهرۆزی ئاسنگەر بە نارنجۆکەوە هێرشی کرد تا دەرگاکە بشکێنێ، بەڵام



سەرچاوە Serchawe

بە داخەوە ئەوەی سەرەوە تەقەی لێ کردو شەهید بوو. ئەو ڕۆژە کە پێنجی مانگ بوو، بە بەهرۆزەوە پێنج کەس شەهید بوون.

ئەو ڕاپەڕینە شێرانەیەی ڕانیە دەستەچیلەی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی خەڵکی ڕەش و ڕووت و ماڵ لێ تێک دراو و ڕاگوێزراوی کوردستان بوو کە چۆن ئاگر لە پووش بەردەبێت، ئاوا هەموو کوردستانی گرتەوە و بەو شێوەیە ئەو زەماوەندە شانازیبەخشە لە ڕۆژی ٧ / ٣ بە شکۆدارترین شێوە لە سلێمانی سازکراو هەموو دامودەزگاکانی بەعس تەفرو توونا کران. ئیدی هەر ڕۆژەو چەند شارو شارۆچکەیەک ڕزگاردەکران تا لە ٢٠ / ٣ کەرکووکی قودسی کوردستانیش ڕزگار کرا. ئەگەر هاوپەیمانان و بە تایبەتیش ئەمریکا دەستی ڕژێمی بەعسیان واڵا نەکردایە، پاشماوەی ئەو ڕژێمە بۆگەنە لە حەمرین دەکرایە ئەو دیوەوە، چونکە گەلی کوردی تینووی ڕزگاری و ئازادی و پێشمەرگەی کوردستان بە جۆرێک دەستیان دابوویە کە هەموو هێزێکی دوژمنانیان ڕادەماڵی و هیچ شتێک خۆی لەبەر نەدەگرتن. بەڵام وەکو دەڵێن سیاسەت باوک و دایکی نییەو، ڕژێمی بەعس ترسی لە هاوپەیمانان نەماو بە دڕندانەترین شێوە هێرشی بۆ سەر کوردستان هێناو ئەمەش کۆڕەوە گشتییەکەی خەڵکی کوردستانی لێ کەوتەوە و ویژدانی خەوتووی جیهانی وەئاگا هێنا و ناوچەی دژەفرین و ئارام بۆ خەڵکی کوردستان بە بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش دیاری کرا. ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩٠ کە لە ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینەوە چەخماخەی دا لاپەڕەیەکی هەرە پڕشنگدارو گەشی مێژووی پڕ سەروەریی جەماوەری کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و بەری خوێنی ئەو هەموو شەهیدانەیە کە گەلی کوردی گەیاندە ئەم ڕۆژی ئازادییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٥ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

# هەڵگەڕانەوە لەراپەڕین



**هیوا سەید سەلیم**

راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کە لەنێوخۆی باشوری کوردستان دەرەنجامی هەماهەنگی جەماوەری کوردستانو پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوەو راپەڕینی چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستان بو لەبەرامبەر رژێمی بەعس، کە ساڵانێک بو بەجەورو ستەم حوکمی کوردستانی دەکرد، لەگەڵ لەباربونی فاکتەرە بابەتیەکان بەهۆی ئەو شکستە سەربازیەی کە رژێمی بەعس لەئەنجامی داگیرکردنی وڵاتی کوێت لەشەڕی هاوپەیمانان توشی بوبو.

ئەوسا لەکوردستانی باشور وێرای ئەوەی خەڵکەکەی لەدەرفەتێک دەگەڕا کە خۆی لەو رژێمە سەرکوتکەرە رزگار بکات، کە کوردستانی کردبو بەزیندانێکی گەورە، بێکاریو ترس لەو رژێمەو ترس لەوەی هەمیشە گەنجانی عێراق بەگشتیو کوردستانیش لەنێویان بکرێنە سوتەمەنی جەنگە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو رژێمە سەرەڕۆیە.

**" ئەو بارودۆخەی ئێستا لەکوردستان هەیە لەزۆری قەیرانەکانی سیاسیو ئابووریو بێمتمانەیی، زۆرێک لەچاودێران پێیانوایە هەڵگەڕانەوەیە لەدەسکەوتەکانی ڕاپەرین"**

ساڵی ١٩٩٠ لەعێراقو کوردستان گۆڕانکاری زۆر بەپەلە رویدا، کە لای هیچ هێزو لایەنێکی سیاسی بەو شێوەیە پێشبینی نەکرابو، بەعس دوای جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ وڵاتی ئێران توشی قەیرانی ئابوری گەورە بوبو، ئەو لەشکرە گەورەیەی کە بۆ ئەو جەنگە ماڵوێرانکەریە لەعێراق دروست کرابو، لەسوپاو سوپای میللیو جاشو جۆرەها رێکخستنی تری وەک گاردی کۆماری، دەبو سەرقاڵی شەڕێکی تر بکرێن، ئەگەرنا دۆخی ناوخۆی عێراق لەسەر دەستی ئەو سوپایە توشی کودەتایەکی تر دەبووەوە، کە لەوبارەیەوە عێراق ئەزمونی زۆری کودەتای سەربازی هەبو، لەدوای دامەزراندنی کۆماری عێراق لەساڵی ١٩٢٣ تا راپەڕینی ١٩٩١، هیچ یەک لەدەسەڵاتدارانی بەخۆشی خۆیان کورسی دەسەڵاتیان جێنەهێشتوە، یان

لە پرۆسەیەکی گوماناوی کوژراون، یان لەرێگای کودەتاوە کۆتایی بەژیانیان هاتوە، بۆیە عێراق لەو ساڵە پەلاماری دەوڵەتی کوێتی داو داگیریکرد، سوپای عێراق دەیزانی تا سەر لەکوێت نامێنێتەوە بۆیە دەستیکرد بەتاڵانو دزی.

ئەو پێشەکیە بۆیە باس دەکەین پەیوەندی هەیە بەزەمینەی ڕاپەرین لەکوردستانو فەرهەنگی تاڵانو دزی، سوپای بەعس بەکەمتر لەمانگێک لەکوێت لەسەر دەستی هێزی هاوپەیمانان وەدەرنرا، شکستی سوپای عێراق لەشەڕی هاوپەیمانان دەرفەتی ڕاپەرینی لەخواروی عێراق دروستکرد، سەرقاڵی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس بەڕاپەرینی خواروی عێراقو ئەو ئامادەسازیەی لەکوردستان هەبو بۆ ڕاپەرینی سەرتاسەری، دیسان لەکوردستانیش بەعس لەشێوەی شەڕی کوێت مانگێک خۆی بۆ نەگیرا لەبەردەم رقی جەماوەری کوردستان بەپشتیوانی هێزی پێشمەرگە.

ئەوە بو لە ٥ ئازارەوە تا رۆژی نەورۆز بەشی هەرەزۆری خاکی کوردستان لەدەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس پاککرایەوە، بۆیەکەمین جار خەڵکی کوردستان هەوای ئازادیان لەسەر خاکەکەی هەڵمژی.

## رۆژانی ڕاپەڕین

ئاسان نیە باسو وەسفی رۆژانی ڕاپەرین لەکوردستان بکرێت، رۆژانێک کە جگە لەئازادیەکەی کە هەمو لایەک خەونمان پێیەوە دەبینی، رۆژانی خۆشەویستیو ئامێزگرتنەوە بو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، رۆژانی برایەتیو جۆشدانی بیرۆباوەڕی کوردانەوە حەماسەتی خەڵک بو دژ بەداگیرکاری، رۆژانی خاوەنداریەتیکردن بو لەدەسکەوتەکانی ڕاپەرین.

**"لەبواری ئابووریو ژیانو گوزەرانی خەڵکیش کە لەرۆژانی وەک ئەمرۆمان باجە گەورەکەی دەدەین، بێپلانی لەو بوارە گرنگەی ژیان لەو رۆژەوە دەستیپێکرد کاتێک بەبڕیاری حزبی کەرستەی گەورەترین بەنداو کە بەنداوی بێخمە بوو هەڕاج کرا!"**

## هەڵگەڕانەوە لەدەسکەوتەکانی ڕاپەڕین

ئەو بارودۆخەی ئێستا لەکوردستان هەیە لەزۆری قەیرانەکانی سیاسیو ئابوریو بێمتمانەیی، زۆرێک لەچاودێران پێیان وایە هەڵگەڕانەوەیە لەدەسکەوتەکانی ڕاپەرین، بەڵام ئەمرۆ نیە کە دەرک بەوە دەکرێت دەسکەوتەکانی ڕاپەرین لەمەترسیدان، بگرە ئەو رۆژانەی کە لەشوێنی ئەوەی بیر لەهێزێکی یەکگرتو بۆ پاراستنی کوردستان بکرابا هێزی حزبی برەوی پێدەدراو کاتێکیش بەرژەوەندیە حزبیەکان ناکۆکیان تێکەوت هەر ئەو هێزانە بون کارەساتی شەڕی ناوخۆیان دروست کرد، ئەویان خاڵێکی هەرەدیاری هەڵگەڕانەوە بو لەدەسکەوتەکانی ڕاپەرین کە کۆتایی هێنا بەتەبایيو یەکریزی لەکوردستان تا

ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت کە بیستو پێنج ساڵ بەسەر راپەڕین دروست دەبێت وەک پێویست کوردستان نەبۆتە خاوەنی ئەو هێزە بگرە ئەو هێزەی کە هەشە زیاتر شێوازی حزبی پێوە دیارەو نەبۆتە هێزێکی یەکگرتوی نیشتمانی!

لەبواری ئابوریو ژیانو گوزەرانی خەڵکیش کە لەرۆژانی وەک ئەمڕۆمان باجە گەورەکەی دەدەین، بێپلانی لەو بوارە گرنگەی ژیان لەو رۆژەوە دەستی پێکرد کاتێک بەبڕیاری حزبی کەرەستەی گەورەترین بەنداو کە بەنداوی بێخمە بو هەڕاج کرا!

دواتریش فرۆشتنو داخستنی کارخانە گەورەکانی وەک (جگەرو رستنو چنین ...هتد) بەهەزاران کەسی لەکوردستان بێکارکرد، لەشوێنی ئەمانە دەسەڵاتداران پەنایان بردە بەر دروستکردنی سوپای بێکاری حزبیو لەململانێی یەکترو بۆ کڕینی ئیرادەی تاکی کورد تا لەهەڵبژاردنەکان وەک تاکی بێ ئیرادە بەکاریان بێنن بەهەزاران کەسیان بەناوی فەرمانبەر لەپۆستی باڵاو نزم دامەزراند، تا وایلێهات لەنێو ئەو دامەزراندنانە خەڵک بەناوی پێشمەرگە خانەنشین بکرێت کە رۆژێک نەک پێشمەرگە نەبوە بگرە لەسەنگەری دژە پێشمەرگەش بوە، خەڵکی وا بکرێتە شەهید لەسەنگەری خیانەت کوژراوە، لەهەمویشی سەیرو سەمەرەتر خەڵکانێک بەوەزیرو خوارتر خانەنیشین کراون ئەو پۆستەیان نەبینیوە، هەمو ئەمانە هەڵگەڕانەوەبون لەگیانی راپەڕین، کە خەڵک لەبەرامبەر رژێمێک ئاوی ئەو سیاسەتەی رشت بو، کە دوای خۆی زۆر بەخراپتر لەکوردستان کاری لەسەر کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# دۆخی کەرکوک لە سایەی ڕاپەڕین !



**جەواد نەورۆز**

سەرەتا پێویستە ئەو راستییە بزانین کە (شۆڕش و راپەڕینی چەکداریی) هیچکامیان بەبێ بەکارهێنانی توندو تیژی شۆڕشگێڕیی – العنف الثوری - سەرناگرێت! ئەوەش دەسەڵاتدارانی کوردی خۆماڵیی بون، پێشتر لە قۆناغی خەباتی شاخ، ئینجا دوای راپەڕینەکەی سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی (١٩٩١) و لە سەردەمی بەرەی کوردستانیشدا بە خەڵکیان دەگوت : ماف و ئازادییەکان پرسگەلێکن هەرگیز بەڕێگەی گفتوگۆو دایەلۆگ دەستەبەر ناکرێن، بەڵکو پێویستە لەژێر فشارو بەکارهێنانی هێزی پێشمەرگە بسەنرێنەوە.

لەڕاستیدا قسەکە زۆر لەجێی خۆیدایە، وەلێ لاسەنگ بونی هاوکێشەکە لێرەوە دەستی پێکرد، ئەوکاتەی هەردو حزبی دەسەڵاتداری پارتی و یەکێتیی لە سەر ئاستی بەرپرسە باڵاکانیان لەباتی چنینەوەی دەستکەوتە راستەقینەکانی شۆڕش و راپەڕین کەوتنە پێکهێنانی باندی تاڵانکردنی هەمو کارگەو ئامێرودەزگاو ئۆتۆمۆبێل و تەنانەت وردو درشتی کەلوپەلی دامەزراوەو دامودەزگا خزمەتگوزارییەکانیش!

بۆ زانین، موعەمەر قەزافی تاکە سەرکردەی عەرەب بو گەلی کوردی وەکو نەتەوە ناسیوەو بگرە لە پەرتوکەکەی خۆیدا - الكتاب الأخضر – ئاشکرا دانی پێداناوە کە میللەتی کورد هاوشانی (عەرەب و فارس و تورک) ئەوانیش نەتەوەیەکی سەرئەم زەمینەن و بۆیان هەیە مافی چارەی خۆنوسینی خۆیان پیادەبکەن و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزرێنن، ئەمەو لەسەروبەندی راپەڕینی گەلەکەشماندا وتی: هیچ رێی تێناچێت ئەمجارە سەرکردەکانی کورد ئەو دەرفەتە زێڕینە لەدەست خۆیان بدەن، بەڵکو پێویستە هەرچی زوە دەست و برد بکەن و چیتر تر نەچنە ژێرباری فریوخواردن بە بەڵێنە بریقەدارو

بێناوەرۆکەکانی رژێمی بەعس، چونکە کاتی هاتوە بۆ سەندنەوەی مافە رەواکانی گەلی کوردو بەتایبەت رزگارکردنی شاری کەرکوک هەمو تواناو هێزێکیان بخەنە گەڕ، بێگومان لە بارودۆخێکی وەهادا ئەوان زۆر بە ئاسانی گرەوی سەرکەوتن دەبەنەوە! بەداخەوە ئەوساش سەرکردەکانی قاڵبوی خەباتی شاخ هیچیان بەهیچ نەکرد.

دوای روخانی رژێمی بەعسیش، دەسەلاتدارانی دوێنێ و ئەمڕۆش، ئاشکرا بەکۆمەلانی خەڵکی کوردستانیان گوت: نەخێر (مادەی ٥٨) دەستکەوتێکی هەرە گرنگەو چاوەڕوان بن براعەرەبە چاوڕەشەکانمان ئیمرۆ یان سبەی پیادەی دەکەن، پاش ماوەیەکی زۆر لەخۆدزینەوەی دیپلۆماسییانەی بڕیار بەدەستانی بەغدا، هەمان بابەت جارێکی تر بە (مادەی ١٤٠) ناوزەد کرا، هەمدیس دەسەلاتدارانی باشوری کوردستان فەرمویان: ئەوچاتر جارێ دەسەلاتدارانی بەغدا سەرقاڵی ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی سیاسیی وڵاتن، بۆیە پێویستە مۆڵەتی زێدەتریان بۆ بڕەخسێنین، ئیتر زو یاخود درەنگ بەڵێنەکانیان لەئاستی گەلەکەماندا وەکو خۆی دەخەنە بواری جێبەجێکردن!

گەلۆ: لێرەدا بەبیر دەسەلاتدارانی هەرێم دێنمەوە: هەردوێنێ بو بەردەوام بەئێمەتان دەگوت: ئەوەی بەزەبری هێز لێمان داگیرکراوە، بەتکاو پاڕانەوە ناسەنرێتەوە! ئەدی خێرە ئەمڕۆ خۆتان لەڕاست گفتو بەڵێنەکانتان نەبان کردوەو لێمان بون بە کەرەی شەربەت؟ ئێمە دڵنیاین ئێوە هەر لەسەرەتاوە بەرژەوەندییە ئابوری و پۆست و پلە و پایەکانتان بەرچاوی تاریک کردون، بۆیە لەلایەک لەمەڕ کەرکوک تەنها نەوتەکەیتان گەرەکەو لەمەڵەفی نەوتە حەیاتەکە بترازێ ئێوە ئەوشارە خێر لەخۆنەدیوە هەر ناشناسن، لەلایەکی ترەوە جگە لە پێکەوەنانی سەرمایەو سامان شتێکی تر نابینن، تەنانەت هەمو بەرژەوەندییەکانی گەل و نەتەوەشتان، بگرە بەزاراوەی خۆتان (دڵ و قودسی) کوردستانیشتان کردۆتە قوربانیی مانەوەی خۆتان لە سەر دەسەڵات و بەردەوامبونتان لەسەرگەندەڵیی و نایەکسانیی و بێدادیی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٦

# ئازارەکانی ڕاپەڕین



**لەتیف فاتح فەرەج**

زۆرن ئەوانەی لەسەر دەسکەوتو بایەخەکانی راپەڕین دەنوسن، ئێمە چەند ساڵێکە دیوەکەی دیکەی ئەوە دەخوێنینەوە، ئایا راپەڕین گەیشتە دوا مەنزڵ، ئایە خەونەکان هاتنە دی، ئایا راپەڕین کۆتایی هاتوە ئەمانە هەمو پرسیاری بەردەوامو ساڵانەی ئێمەن، ئاخر راپەڕین ئازاری زۆری بۆ دروستکردینو لەخەونێک بەئاگای هێناین، کە هەر تێیدا باین خۆشتر بو، هەر لەسەرەتای راپەڕیندا دزیو تالانی بەشێکی زۆر لەبەرپرسان بەئێمەی وت کە ئەم ئاوەزە کۆچەریە، ئەم ئاوەزەی لەسەر بنەمای قاچاغچێتی شۆڕشگێڕانە سەریهەڵداوە ئەستەمە ئێمە بگەیەنێتە کەناری ئارام، دواتر تێکەڵ بونو بەیەکچواندنی باشو جاشو نەبونی هیچ دادوەریەکی گوێزەرەوەو بەدوای ئەوانەشدا دروستبونی شەڕی ناوخۆ، ئەمانە ئەو نائومێدیانە بون کە راپەڕین بەئێمەی بەخشی.

ئەوانەی کە شانازی زۆر گوایە بەدەسکەوتەکانی راپەڕینەوە دەکەن دەیانەوێ خوێنی شەهیدەکانی شەڕی ناوخۆو تالانو وێرانکردنی سەرخانو ژێرخانی باشوری کوردستانو پارچەپارچە کردنی نیشتمان لە سەر بنەمای عەشرەتو خێڵ لەبیر ئێمە بەرنەوە، هەر ئەوان ئەمساڵ گومانێکی تریان دروستکرد، گومانی ئەوەی ئایا راپەڕین دەکرێتەوە ئایا راپەڕین درێژەی دەبێت، راستی ئەمساڵ لەهەر ساڵ لەبارتربو بۆ ئەوەی کۆتایی بەستەمکاری خۆیی بهێنرێو خەونەکانی راپەڕین بهێنرێنەدی، بەڵام ترس لەئاکامەکانو بونی داعشو چاوتێبڕینی نەیاران ئەم پرۆژەیەیان دواخست، نەک ئەوەی کە کونسوڵگەریەکان خرانە بەردم هەڵخەڵەتاندنی ئەوەی ئاژاوەیەک بەڕێوەیە، چەند خەڵک لەگەرمیانو رانیە تورەن لەو خۆدەسەلاتیە خراپە، دە هێندە خەڵکی زاخۆو ئاکرێو ئامێدی، بەڵام بەرپرسیاریەتیەکی ئاکارێو بەڕونی نەبینینی ئەنجامەکان وایانکرد کە جارێ تر پشکۆی راپەڕین گڕ نەگرێتەوە لەم قۆناغەدا.

هەڵبەت دەبوایە کونسوڵگەریەکان ئەو پرسیارەیان لەبرادەری راپۆرتدەر بکردایە بۆ خەڵک تورەن، بۆ گۆڕانو پەکەکە

دەیانەوێ بچنە پشت ئەو تورەبونەی خەڵکەوە، ئەگەر ئەو ڕاپۆرتەی ئەو ڕاستی تیایە خەڵک ئەمڕۆ لەهەرکات زیاتر ئازارەکانی ڕاپەڕین دەبینێ، دەزانێ ڕاپەڕین تەواوی ئەنجامەکانی بەدینەهاتون، ئەوانەی کە سواری کۆڵی ڕاپەڕینی خەڵک بون، سەدان دزو گەندەڵو بکوژو ببڕیان تیا دروست بو، خەڵک تورەن بەڵام نیشتمانەکەی خۆیان خۆش دەوێت، خەڵک ئەگەر ڕاپەڕینیان کردبا بۆ ئەوە دەیانکرد بەربەدزینی نەوت بگرن، بەر بەستەمو کوشتنی لاوان بگرن، بەر بەکۆچی خەڵکی ستەمدیدە بگرن، خەڵک ڕاپەڕین بکەن بۆ وردوخاشکردنی کۆشکی بلورین دەیکەن، بیرتان نەچێ ئەگەر ئەمڕۆش ئەو ڕاپەڕینە دواخرا هەمیشە ئامادەیە، تورەیی خەڵک چرکەیەک دێت هەراسانتان دەکاتو خەون لەچاوەکانتان دەزڕێنێ، ئەو ساتە کە دێت ئیتر درۆو بوختانو تۆمەتیش نایخوا، بوختانو درۆو تۆمەتەکانیش بەشێکن لەئازارەکانی ڕاپەڕین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠١٦

# ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە دیدی مێژووەوە



**کەیوان ئازاد**

٥ی ئاداری ٢٠١٦ (تەواو) بیست و پێنج (ساڵ بەسەر ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئاداری(١٩٩١)ی باشووری کوردستاندا تێپەڕ دەبێت، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەراوردێکی واقیعی لەنێوان هەردوو بەرواری پێش و دوای ڕاپەڕین نەکراوە.

هەروەها بەراوردێکی زانستیش بۆ سەردەم و ڕۆژانی ڕاپەڕین (بیستو پێنج ) ساڵی دوای ڕاپەڕین هەر نەکراوە! جگە لەوەی بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لایان وایە، دوای ئەو مێژووەوە هیچ بەها و داوا و ویستێکی ڕاپەڕین نەهاتووەتە دی و تا ئێستاش هەرێمی کوردستان لە خاڵی سفردایە! هەندێکیش دوای ئەو مێژووەوە گۆڕانکاری لە دۆخی هەرێمی کوردستان دەبینن، بەڵام وەک ئەوە نا پێشڕەوی و پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینیبێت، بەڵکو وەک ئەوەی هەندێک هەنگاوی سادەی نابێت!

پرسیاری سەرەکیی ئەم باسەش ئەوەیە، کە لەگەڵ ئەوەی مێژووی ڕاپەڕین دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەک قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئایا کوردی باشووری کوردستان بە هێز و توانای خۆی و بە پشتیوانیی هێزە سیاسییەکانی ڕاپەڕینیان کرد، تا دوای چارەکە سەدەیەک گلەیی و ڕەخنە و گازندەیان لە بەدینەهاتنی ماف و داوا و دەسکەوتەکانیان بووبێت؟ یان ئەوە ڕووداوێکی دەرەکی بوو، زەمینەی ڕاپەڕینی ڕەخساند و دواتر هێزە سیاسییەکان، بوونە پشتیوانی ڕاپەڕینەکە و دەرکردنی هێزە داگیرکەرەکانی بەعس لە باشووری کوردستان؟ کاتێکیش بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێین، دەگەینە ئەوەی، کە کاتێک کۆمەڵانی خەڵک دەستیان دایە ڕاپەڕین، بەهۆی هێز و توانای خۆیان و بوێریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەبوو، بەڵکو بەهۆی شکستی سوپای عێراق بوو لە شەڕی کەنداو و دەرکردنی بوو لە وڵاتی کوەیت، لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

واتە تا عێراق لە کوەیت شکستی نەخوارد و دەرنەکرا، زەمینەی ڕاپەڕین نەڕەخسا.

خۆ ئەگەر گرتنی کوەیت لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە لە(٢ی ئابی ١٩٩٠) ئەنجام نەدرایە و لە(٢٦ی شوباتی ١٩٩١) کۆتایی بە دەسەڵاتی عێراق لە کوەیت نەهاتایە، ئەستەم بوو لە ئاداری ١٩٩١ ڕاپەڕین ڕوو بدات و کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان بتوانن ڕژێمی بەعس لە خاکەکەیان وەدەر بنێن.

خۆ ئەگەر هەندێک پێچەوانەی ئەمە بیر دەکەنەوە و قسە دەکەین، ئەی بۆ لەوە ناپرسن، کە بۆ تا ئەو کات دەستیان نەدایە ڕاپەڕینەکەش گەیشتن نەبوو بە مووچەی مانگانە و سەفا و سەیرانی بەهارانەیان، بەڵکو بۆ ئەوە ڕاپەڕینیان کرد، تا بە ئازادی و حکوومی خۆڕێبەڕی کوردی بگەن و چیتر عەرەب و بەعس خاوەندارییەتیان لێ نەکەن هەربۆیە بەرلەوەی ڕاپەڕین ببێتە ئەمری واقیع، حکوومەتی بەعسی عێراق مانگانە و لە کاتی خۆیدا مووچەی سەرجەم فەرمانبەران و مامۆستایان و هێزەکانی سوپای عێراقی بە کوردی باشووری کوردستانیشەوە دەدا.

ژیانی ئابووریی هەر تاکێک زۆر ئاسایی و بێ کێشە بەڕێوە دەچوو، بەڵام کاتێک دەرفەتی ڕاپەڕین ڕەخسا، خەڵکی کوردستان تووڕەیی و ڕقی(٣٥) ساڵەی ستەم و چەوساندنەوەی بەعسیان هەڵڕشت و بە یەک دەنگ و یەک هێز ڕژێمی بەعس و هێزەکانیان لە ماوەی تەنیا) پانزە (ڕۆژدا لە سەرتاسەری خاکی باشووری کوردستان ڕاماڵی. ئەوەش لەنێوان ڕۆژانی (٥ - ٢٠ی ئازاری ١٩٩١) کە لە شاری(ڕانییەوە) دەستی پێکرد و بە ئازادکردنی شاری) کەرکووک (ڕاپەڕین تاجی سەرکەوتنی لەسەر نا، بەڵام دوای تەنیا یەک هەفتە و تەنیا لە ماوەی) پێنج (ڕۆژدا ڕاپەڕین شکستی خوارد و بە کۆڕەوێکی ملیۆنی کۆتایی پێهات. دیارە ئەو ڕاپەڕینە خێرایە و شکستە لەپڕە و ئەو کۆڕەوە ملیۆنییە، تا دەگاتە گەڕانەوەی کۆمەڵانی خەڵک دوای ئاوارەبوونیان، هیچیان بە بەرنامە و پلان و ویستی خۆیان و هێزە سیاسییەکان نەبوو، تا دوای چارەکە سەدەیەک خەڵک و هێزە سیاسییەکان شانازیی پێوە بکەن، بەڵکو ئەوە بەهۆی شکستی سوپای عێراق بوو لە شەڕی کەنداو و دەرکردنی بوو لە کوەیت، لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. واتە تا عێراق لە کوەیت شکستی نەخوارد و دەرنەکرا، زەمینەی ڕاپەڕین نەڕەخسا.

بەو ڕووداوانەش مێژوویەک دروست بوو، کە دوای (٢٥) ساڵ قسەی لەسەر دەکەین. قسەیەک لەسەر ئەوەی، کە بۆ ڕاپەڕینەکە، ستەمی بەعس هۆکار و لایەنی دەرەکی زەمینە خۆشکەر و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کاراکتەر و هێزە کوردستانییەکان پشتیوان بوون. کەچی دوای چارەکە سەدەیەک، بەعس زۆر بە داخەوە بووە فریشتە لای هەندێک، چونکە مووچەی لە کاتی خۆیدا دەدا !لایەنی دەرەکیش تێکدەری دۆخی سیاسیی باشووری کوردستانن، چونکە پشتیوان لە سەربەخۆیی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژی داعش دەکەن!

لە پەراوێزی وەها مێژوویەک و وەها لێکدانەوەیەکی سەیر و سەمەر بۆ هۆکارەکان و زەمینەکان و ئەنجامەکانی ڕاپەڕین، جێگای خۆیەتی ئەو چەند ڕاستییە سادەیە، بخەینە بەردەمی ئەوانەی لێکدانەوەی وا هەڵە بۆ مێژووی(٢٥) ساڵەی ڕاپەرین دەکەن، وەک ئەوەی ئایا دوای چارەکە سەدەیەک هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئاوەدانی و فەرهەنگی و پەیوەندی دەرەکی و سەنگ و پێگەی سیاسی و تێڕوانینی وڵات و زلهێزەکانی جیهان، وەک هەرێمی کوردستانی ساڵی(١٩٩١) وایە؟ ئایا لە ساڵی (١٩٩١)دا یەک کونسوڵخانە و نوێنەری یەک وڵاتی دەرەکی لە هەرێم هەبوو؟ وەک دوای ئەو ماوەیە نزیک بە(٢٧) کونسوڵخانە و نوێنەری وڵاتان بوونی هەیە؟ یان ئایا شارەکانی( هەولێر - سلێمانی - دهۆک - هەڵەبجە - کەلار )وەک نموونە لە ساڵی(٢٠١٦)دا هەمان شارەکانی ساڵی (١٩٩١) ن؟ یان ساڵی (١٩٩١) هێزە هاوپەیمانەکان بە دەنگ شکستی ڕاپەڕینەکەوە هاتن، وەک ئەوەی ساڵی( ٢٠١٤)بە دەنگ پاراستنی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە لەدژی هێرشی تیرۆریستانی داعش هاتن؟ یان نەخێر ئەوە دواکەوتنی مووچە و سستبوونی پرۆسەی خوێندن و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەیە، لە دوو ساڵی ڕابردوودا، سەروەرییەکانی چارەکە سەدەی دوای ڕاپەڕین و هەوڵەکانی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیان گەیاندووەتەوە خاڵی سفر؟

١- نجیب الصالحی: الزلزال.
٢- عەبدولڕەزاق مەرزنگ: ڕاپەڕین و بەهاری ئازادی

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ئامانج لە ڕاپەڕین



**ئاکۆ محەمەد**

لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوو، ساڵانە لەگەڵ هاتنە پێشەوەی یادی راپەڕین زۆر قسە دەگوترێتو دەنووسرێت، هەموان دەپرسن راپەڕین بۆ کرا؟ ئایا راپەڕین ئامانجەکانی بەدی هێناوە؟ دەستکەوتەکانی راپەڕین تەنها بۆ نوخبەیەکی دیاریکراو بوو؟... هیتر، یادی یۆبیلی زیوینی راپەڕین لە رۆژگارێکدا دەکرێتەوە، کە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەقۆناغێکی سەختدا گوزەر دەکەن، بەهۆی قەیرانی سیاسیو ئابووریو ئەمنییەوە، ئەمەش وایکردووە کە دەیانو سەدان پرسیار سەر قوت بکەوە، وەک ئاماژەمان بۆ بەشێکی کردووە.

ئەگەر بمانەوێت وەڵامی کۆی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، بەچەند وتارو راپۆرت ناگەین بەئەنجامو وەڵامی باوەڕپێکراو، بەڵام دەتوانین هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر ئەوە بکەین کە ئایا راپەڕین ئامانجەکانی بەدی هێناوە یان نا؟

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی گەلانی جیهان بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە بەشی زۆری دانیشتووانی جیهان کاتێک راپەڕینیان ئەنجامداوە، بەهۆی زوڵمو زۆری دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیانەوە بووە، بێ شک راپەڕینی گەلی کوردیش بەدەر نییە لەو ئامانجەی گەلانی جیهان کە شۆڕشو راپەڕینیان لە پێناویدا بەرپاکردووە.

گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو زۆر شۆڕشو راپەڕینی بەرپاکردووە، لە پێناوی رزگاربوون لە دەست حوکمی دکتاتۆریەتو خۆسەپێنو زۆرەملێ، بەڵام ئەنجام هەموان بەکۆمەڵێک قوربانیو زیانو بەدەستی بەتاڵەوە، لەوسەری تونێلەکە هاتوونەتە دەرەوە.

شۆڕشی نوێو ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ دووانەیەک بوون بۆ بەدیهێنانی خەونی نزیکە سەدەیەکی گەلێک، ئەو ڕۆژەی شۆڕشی نوێ جاڕدرا، ئامانج لێی ڕزگاری نیشتمان بوو، ئەو کاتەی ڕاپەڕین کرا، مەبەست لێی چەسپاندنی فیدراڵیو دامەزراندنی پەرلەمانو حکومەتی خۆماڵی بوو، ڕاپەڕین بووە دەروازەیەک بۆ رواندنی داری ئازادیو دیموکراسیو پەرەدان بەکۆمەڵگەی مەدەنیو ئازادیی کاری ڕێکخراوەییو چەسپاندنی بنەما سەرەکییەکانی ماڤی مرۆڤ لە باشووری کوردستان، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە ڕاپەڕین ئامانجە دیاری کراوەکەی خۆی بەدی هێناوە.

بەڵام ئەگەر قسە لەسەر سیستەمی حوکمڕانیو ئیداریو کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی خۆماڵی بکرێت، دەبێت بەشێوەیەک بدوێین کە لە بایەخو ئامانجەکانی ڕاپەڕین کەم نەکرێتەوە، چونکە ئەو ئامانجانەی شۆڕشو ڕاپەڕینیان لە پێناوی بەرپاکرا، بێ شک بەدی هاتوون، نابێت نیگەرانیو دردۆنگی لە سیستەمی حوکمڕانیو قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان، وامان لێ بکات کە لە بایەخو دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین کەم بکرێتەوە، چونکە ڕاپەڕین بەرهەمی چەندین شۆڕشی یەک لە دوای یەکی گەکەمانە، لەسەرووی هەموانەوە شۆڕشی نوێ.

ڕاپەڕین بەهەرمی خوێنی هەزاران شەهیدو پێشمەرگەی کەم ئەندامی سەنگەرو تێکۆشەری پاکو بێگەردی ئەو نیشتمانەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠١٦

---

# لەیادی ٢٥ ساڵەی ڕاپەڕیندا



**مەریوان وریا قانع**

لەدونیای ئێمەدا کۆمەڵێک لێکدانەوە بۆ کێشەو قەیرانەکان ئامادەیە کە دەکرێت بەلێکدانەوەی "کولتورگەرایی" ناویببەین. ئەم شێوازە لەبیرکردنەوە "رەگوریشە"ی "کولتوریی" دێرین بۆ کێشەکانی ئەمڕۆکە دروستدەکاتو پێیوایە ئەوەی ڕوئەدات دەرەنجامی بڕیاری ئازادو ستراتیژییانەی ئەم گروپ یان ئەو گروپو ئەم یان ئەو تاکەکەس نییە، بەڵکو دەرەنجامی ئامادەگیی"لۆژیکێک" ی کولتوریی نەگۆڕە کە لەپشتمانەوە دێتو قەیرانەکانی ئەمڕۆمان بەسەردا دەسەپێنێت. لەم روانینەدا تا ئەم کولتورە نەگۆڕێت، هیچ گۆڕانێکی تر لەدونیای ئێمەدا مانای نابێت. ئەم "لۆژیکە کولتورییە" لای هەندێک زیاد لەهەزار ساڵە بەبێ گۆڕان ماوەتەوە، لای هەندێکی تر زیاد لە٥٠٠ ساڵەو لای کەسانی تر زیاد لەسەد ساڵە بەهەمان شێوەو بەهەمان ناوڕۆکەوە ئامادەیە. ئەمانە ئەم"لۆژیکە" کولتورییە بەشێوازی جیاواز ناودەنێن، هەندێک دەڵێت ئەم لۆژیکە دەربڕی"بونیادێکی عەقڵ"ی نەگۆڕە، یان"عەقڵیەت"ێکی نەگۆڕ ژێرخانەکەی دیاریدەکات، هەندێکی دیکە بە"ئەخلاق"ێکی نەگۆڕەوە گرێئەدات کە گوایە بەدرێژایی چەندەها سەدەو هەزاران ساڵ کێشەو قەیرانەکان دوبارەو سەدبارە دەکاتەوە. لەم لێکدانەوانەدا ئەوەی ئامادەیە بکەری کۆمەڵایەتییو مێژوویی نییە، بەتەماحو خەونو بیرکردنەوەی تایبەتەوە، بەڵکو"کولتور"و "عەقڵێک"ی نەگۆڕو نامێژووییە، کە وەک جەوهەرێکی بانمێژوویی دەرەکات، بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک، بەناو سەدەکاندا تێدەپەڕێتو دونیای ئێمە بەم قەیرانانەی ئەمڕۆوە گیرۆدە دەکەن. ئەوەشی شوێنی سەرنجە ئەمانە ئەم جۆرە لێکدانەوە سادانە بەلێکدانەوەی "قوڵ"ی دیاردەکان ناودەبەنو باس لەدۆزینەوەی هۆکارە "قوڵ"ەکانی کارەساتو قەیرانەکان دەکەن.

خاڵێک پێویستە خوێنەران بیزانن ئەوەیە ئەم شێوازە لەبیرکردنەوە نەک خوێندنەوەی قوڵی کێشەو قەیرانەکان نییە، بەڵکو جۆرێکە لەبەرخورد کە هەڵگری هەمو نەخۆشییەکانی ناو فیکرە، لەوانەش بۆ نمونە نەخۆشی "جەهەرگەرایی"،

Essentialism، کورتهێنـــان Reductionist، نـــامێژوییبون، Ahistorical، گشـــتیگریی، Genaralization، یەکهۆکـاریی،Monolithic. لەهەمو ئەم دۆخـانەدا پێ لەسـەر بـونی یەک هۆکـار دادەگیرێت کە نەگـۆڕەو لای هەمو هێـزو بەشـو لایەنەکـانی کۆمەڵگابەهەمـان مانـاو بەهەمـان شـێوەو بەهەمـان زەبـرو بەهەمـان توانـاوە ئامـادەیە. لەم جـۆرە خوێندنەوانەدا نە جیاوازیی لەنێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا، نە لەنێوان چینەکاندا، نە لەنێوان شارو لادێدا، نە لەنێوان ژنو پیاودا، نە لەنێوان گروپە دینییو ئەتنییە جیاوازەکاندا، نە لەنێوان ئایدیۆلۆژیاو ڕوانینە جیاوازییەکانداو نە لەنێوان ئەزمونە تاکەکەسییو دەستەجەمعییە جیاوازەکاندا، لەنێوان تەمەنە جیاوازەکاندا، ناکرێت. هەمویـان وەک گشـتێکی لێکچـو و هاوشێوە دەبینرێن. بۆ نمونە ئەوەی بازرگانەو پیشەکەی دەیباتە ناو جوگرافیاو شارو خەڵکو میللەتـانو کولتورەکـانی تـرەوە هەڵگـری هەمـان ئەو کولتـورەیە کە جوتیارێـک لەگونـدێکی دورەدەسـتدا هەڵگریەتـی، یـا ئەو جوتیـارە بەرێکەوتـیش ئەو گوندەی بەجێنەهێشتبێت. لەم ڕوانینەدا کردەو هەڵسوکەوتو بڕیاری مرۆڤەکانو گروپەکان نادرێتە پاڵ پێگەی کۆمەڵایەتییـو ئـابورییو سیاسـییەکانیانو پـاڵ حەزو ویسـتو خەونـو تەمـاحی تـایبەتیی ئەوان، بەڵکـو دەبەسـترێتەوە بەو "کولتـور"ە گریمانکراوەوە کە گوایە هەم هەڵسوکەوتی ئەوانو هەم هەڵسوکەوتی هەموان دەستنیشـاندەکات. تـاوانو بەدکارییو جەردەیـی ئەم کەس یان ئەو گروپ نادرێتە پاڵ ئەزمونو پێگەو خەونو تەماحەکـانی ئەو گروپە، بەڵکو ئەدرێتە پـاڵ ئەو کولتـورە گشتییو هاوشێوەیەی ئەو کەسو گروپە لەگەڵ کەسەکانی تری ناو ئەو کۆمەڵگاکەیدا هەڵگرین.

" ئەمـڕۆ لەسـەروبەندی یـادکردنەوەی ٢٥ سـاڵەی ڕاپەڕینـدا ئەوەی گـرنگە بیـزانینو لەبەرچاومانـدا بێـت دروسـتکەرە سـەرەکییەکانی دونیـای دوای ڕاپەڕینە، هەڵەیەکـی مەعریفیـو ئەخلاقیـو سیاسیی گەورەیە، لەبـاتی تاوانبـارکردنی ئەو بـکەرە کـۆمەڵایەتییو سیاسیانە، خەریکـی تاوانبـارکردنی کولتـورو عەقڵێکـی دێرینـی گریمـانکراو بـین ئەم لێکـدانەوە یەکهۆکـارییە مۆنـۆلیتیکە monolithic، هەمـو مانـایەک لەکـردەی بیرکـردنەوەو تێگەیشـتن لەدیـاردەو قەیرانەکـان دەسێنێتەوە، لەباتی تەماشاکردنی ئاڵۆزیی پەیوەنـدییەکانو هێزەکـانو ئەزمونەکـانو لەبـاتی سەیرکردنی کردە مێژوییەکـانو ناکۆکییەکـانو خەونەکـانو لەبـاتی خوێنـدنەوەی ئاکـارو حەزو ئـارەزوی هێزەکـانو لەبـاتی شیکردنەوەی پەیوەنـدییەکانی ئەو گروپانە بەگروپو هێزەکانی ترەوە، هتد.. بـاس لەبـونی "کولتور"ێک دەکرێت، کە گوایە نهێنـی هەمو قەیرانەکانمان بـۆ شـیدەکاتەوەو پێمانـدەڵێت بـۆ مرۆڤـی ئەم دەڤەرە بەدرێژایـی "هەزاران سـاڵ!!!" بەم شـێوەیە ژیـاوەو هـیچ گـۆڕانێکی پیادەنەکردوە.

ئەوەی لەم شێوازە لەبیرکردنەوە دەکوژرێت جیاوازییەکانو بۆ تایبەتمەندێتییەکانو بیۆگرافیـای تـایبەتی ئەم یـان ئەو هێـزی کۆمەڵایەتیی تـایبەتە، ئەوەی دەسڕێتەوە بونی بیری جیاواز، ئایدیۆلۆژیای جیاوازو تێگەیشتنی جیـاوازە کە کـردەی مێژویی جیـاواز دروسـتدەکەن. لەم ڕوانیـنەدا مرۆڤەکـان دەبـن بەکـۆپیەکی هاوشـێوەی یەکتریـیو هەمویـان وەک دەرکەوتـی "یەک جەوهەر"ی نەگۆڕ دەردەکەون. گریمانکردنی ئەم یەک کولتورییو یەک جەوهەرییە، ئەم هاوشێوەییو یەکڕەنگییە کولتورییە،

cultural homogeneity، یەکێکە لەنەخۆشییە فیکرییە هەرە گەورەکانی دونیای ئێمە.

خاڵێک کە لەم شێوازی ڕوانینەدا غائیبە مرۆڤە وەک بونەوەرێکی بیرکەرەوەو لێکدەرەوە، مرۆڤ وەک بونەوەرێکی تەئویلی. ئینسان لەم ڕوانینە کولتورگەرایەدا لەماشێنێکی گەورەی کۆپیکردن دەچێت کە خەریکی کۆپیکردنی ئەوانیترەوە بەسەریەکیشەوە هەمویان کۆپی یەک "کولتور"و یەک "بونیادی عەقڵیی" نەگۆڕن کە لەکۆنی کۆنەوە بۆ ئەمڕۆکە هاتوە. لەم ڕوانینەدا شوێنێک بۆ توانای تێگەیشتنو کردەی جیاواز نامێنێتەوە، شوێنێک بۆ ئەو ڕاستییە سۆسیۆلۆژییو ئەنترۆپۆلۆژییە سادەیە نامێنێتەوە کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت تەنانەت لەناوی یەک کولتورو یەک بونیادی عەقڵی گریمانکراویشدا، مرۆڤ دەتوانێت لێکدانەوەی جیاوازو ڕوانینی جیاوازو بۆچونی جیاوازو کردەی جیاوازی هەبێت. ئەمە مانای ئەوەیە مرۆڤ پاڵنەری تری هەیە بۆ ئەنجامدانی کردەو هەڵسوکەوتکردن لەناو مێژودا، کە جیاوازە، یان ناکرێت کورتبکرێتەوە بۆ پاڵنەری کولتوریی. جگە لەمە شتێک بەناوی کولتوری نەگۆڕو نامێژوییەوە بونی نییە، ئەوەی هەیە چەندەها پرۆسەو کردەو جوڵەیە کە لەناویاندا "کولتور" دروستدەکرێتو دەسکاریدەکرێتو دەگۆڕێت، بەشێوەیەکیش لەگەڵ بڕیارو خواستە ستراتیژییەکانی مرۆڤدا لەساتەوەختێکی مێژویی تایبەتدا بگونجێت.

ئەمڕۆ لەسەروبەندی یادکردنەوەی ٢٥ ساڵەی ڕاپەریندا ئەوەی گرنگە بیزانینو لەبەرچاومانبدا بێت دروستکەرە سەرەکییەکانی دونیای دوای ڕاپەرینە، هەڵەیەکی مەعریفییو ئەخلاقییو سیاسیی گەورەیە، لەباتی تاوانبارکردنی ئەو بکەرە کۆمەڵایەتییو سیاسیانە، خەریکی تاوانبارکردنی کولتورو عەقڵێکی دێرینی گریمانکراو بین. لەزانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەم شێوازە لەبیرکردنەوە دەگوترێت بە"تاوانبارکردنی کولتور" Criminalisation of Culture شێوازێک لەبیرکردنەوە کە دەرەنجامە سیاسییو کۆمەڵایەتییو فەرهەنگییەکانی تەواو ترسناکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

# لە ساڵیادی ڕاپەریندا..ئەرێ هەولێر بۆ بێدەنگە؟



**مەسعودی مەلا هەمزە**

هەر کۆمەڵگاو نەتەوەیەک خاوەنی کلتوور و تایبەتمەندی خۆیەتی، کە بە هۆیەوە جیادەکرێتەوە لە شوێنەکانی تر و دەبێتە مۆرک و تایبەتمەندی، ئێمەی گەلی کورد بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی چەندین تایبەتمەندی و کلتووری جیاوازی خۆمانین، کە بە هۆیانەوە جیادەکرێینەوە لە گەلانی دنیاو وڵاتانی هاوسێ.

ئەگەر وردتر لەو هاوکێشەیەی سەرەوە لە شارەکانی کوردستان بڕوانین، ئەوا بێ شک هەریەک لەو شارانە تایبەتمەندی خۆیان هەیەو پێی جیادەکرێنەوە لە شارەکانی تر، وەلێ ئەم وتارە جێگای ئەوە نییەو نامەوێ باسی بکەم، هەروەک گەرەکیشم نییە بەهۆی ئەم وتارەوە تۆمەتی شارچێتی بخەنە پاڵم، چونکە لە بنەڕەتەوە باوەڕم پێی نییە، بەڵام ئەوەی دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم و لەدیدگایەکی جیاوازەوە لێی بدوێم گەڕانە بە شوێن وەڵامی ئەو پرسیارەی هەمیشە دەکرێ (ئەرێ هەولێر بۆ بێدەنگە؟ کەی هەڵوێستی دەبێ؟).

با دوور نەڕۆین و زۆر نەچینەوە سەر مێژوو، با وازیش لە هۆلاکۆشکێنی هەولێر و تەمەنە (٧ - ٨) هەزار ساڵیەکەی بێنین، خۆ ناشمەوێ باس لە ڕۆڵ و کاریگەری هەولێر و هەولێرییەکان لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ بکەم و بڵێم ئەرێ گەلۆ ئەو داستان و نەبەردی و قارەمانێتییەی هەولێرییەکان تۆماریان دەکرد لەکوێی تر کراوە تا باسی بکەم! لێی دەگەڕێین و ڕێک و ڕاست دەچینە ناو بابەتەکە..

جارێ و بەر لەهەر شتێک پێموایە لە سایکۆلۆژیای تاکی هەولێریدا هەمیشە هێمنی و لەسەرخۆیی بوونی هەیە، ئینجا بەبڕوای من هەولێر و هەولێرییەکان زەرەرمەندترین بەش و خەڵکن کە لە شەڕی ناوخۆدا بوونە قوربانی و سووتان...

ئەوە هەر هەولێرییەکانیش بوون کە لەدوای ٣١ی ئاب بەجۆرەها شێوە ئازادییان لێ بەرتەسک دەکرایەوەو لێدان و ترساندن و تۆقاندنیش لە بەرامبەریان زۆر ئاسایی بوو، بۆیە ئاسان نییە بڵێین هەولێر و هەولێرییەکان جارێکی تر ببنە بەشێک لە رووداوی نەخوازراو و شتی ناڕوون.

با بێینەوە سەر ئەسڵی مەسەلەکە و بەدوای وەڵامی پرسیارەکەی خۆمان بگەڕێین کە (هەولێر بۆ بێدەنگە؟) بە بڕوای من مێژووی سەرهەڵدانی ئەو پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ کات و ساتی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات و رۆژانی دوایی، کە بینیمان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان خۆپیشاندان ئەنجامدرا، کەچی لە هەولێر جگە لە (١ - ٢) هەوڵی زوو لەباربراو هیچی تر رووی نەدا.

لە پاڵ گەڕانم بەدوای وەڵامی پرسیارەکەم، دەمەوێ روون و راشکاو بڵێم ئەستەمە هیچ جۆرە گردبوونەوەو خۆپیشاندانێک بە شێوەی خۆڕسک و بەبێ بەرنامە بۆ دانان ئەنجام بدرێ و سەر بگرێ، کەوایا با بپرسین ئەرێ لە شوێنەکانی تری ئەم کوردستانە چۆن و کێ خۆپیشاندان رێک دەخاو سەرپەرشتی دەکاو ئیدارەی دەدا!؟

لە سەروبەندی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەکاتی بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی چالاکدا خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات و رۆژانی دوایی ئەنجامدران، ئەگەرچی لە سەرەتادا بە هەندێکیان وترا گێرەشێوێن، کەچی دواتر ئەم گێرەشێوێنانە خاوەنیان بۆ پەیدا بوو، مەبەستمە بڵێم بەسوود وەرگرتن لەو ئازادی و دیموکراسیەی لە زۆنی سەوزی ئەم هەرێمەی خۆمان هەیەو بە سەرپەرشتی راستەوخۆی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن توانرا خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن، کەچی لە هەولێر هیچ نەکرا.

لە ئێستاداو سەرباری بوونی ئەو هەموو قەیران و کێشەیە لە کوردستان دەبینین رۆژانە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان خۆپیشاندان و گردبوونەوەو نارەزایی دەربڕین هەیە، کەچی بەداخەوە لە هەولێر شتێکی وانییە جێگای ئومێد و بایەخ بێ.

گەرەکمە بپرسم ئەرێ ئەو هەموو خۆپیشاندان و گردبوونەوانەی شوێنەکانی تر خۆڕسکن و کەس نییە ئیدارەیان بدا؟؟ بێ گومان نەخێر، بە ئاشکرا بێ یان بە نهێنی ئەم حزبانەی خۆمان پاڵپشت و پشتیوانی خۆپیشاندانەکانن و زۆرجار داینەمۆین، کەوایا من دەپرسم ئەی بۆ لە هەولێر هیچ شتێک لە ئارادا نییە؟ تۆ بڵێی فەرمانبەری بێ مووچەی سلێمانی ئازاری هەبێ و ئەوەی هەولێر نەیبێ؟ تۆ بڵێی کرێچی لە هەڵەبجەو گەرمیان قەرزار بێ و لە هەولێر نا؟ ئەی پێتانوایە بێ مووچەیی وەک هەموو شوێنەکانی منداڵی هەولێریشی بێ شیر و دایبی نەکردبێ؟ بێگومان بۆ هەمووی وەک یەکەو هیچ

جیاوازی نییە، ئەی کەوایا با دیسان بپرسینەوە مادام وایە "هەولێر بۆ بێدەنگە"؟

ڕوون و ئاشکراو ڕاشکاو دێمە سەر وەڵامەکەم و دەشبێ لە داهاتوودا هەولێرییەکان تۆڵەی خۆیان لەو حزبانە بکەنەوە کە لە زۆنی سەوز شێر و لە زۆنی زەرد ڕێوین... ئاخر چ مەنتقێکی تیایە لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەرین و هەڵەبجەو سەرجەم شوێنەکانی تر کاراکتەرە دیارەکانی ئەو حزبانە لەناو خۆپیشاندان بن، کەچی بۆ هەولێر لە شاشەی کەناڵەکانەوە بڵێین ئەرێ هەولێر بۆ بێدەنگە؟

لە پاڵ ئەوەدا پرسیارێکی زۆر ڕوون و ڕاشکاوم هەیە لەسەرجەم حزبەکان جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەویش ئەگەر فعلەن ئێوە پێتانوایە لە هەولێر پارتی سیاسەتی ئەشکەنجەدان و ترساندن و تۆقاندن و بەرتەسککردنەوەی ئازادی و دیموکراسی بەکاردێنێ و بۆشی چۆتە سەر، ئەی سیاسەت و پلان و بەرنامەی ئێوە چییە بۆ ئەم شارە؟ سیاسەتەکەتان تەنها ئەوەیە کە بڵێن هەولێر بۆ بێدەنگە؟

دەپرسم و عەوداڵی ئەوەم کە بزانم ئەم حزبانە چی دەکەن لە هەولێر و بەرنامەیان چییە بۆی؟ ئەرێ بۆ هەموو حزبەکان لە سلێمانی بە ئاشکرا پاڵپشت و پشتیوانن لە خۆپیشاندان و داوای خەڵک، کەچی لە هەولێر هیچ ناکەن، ئاخر کوێی مەنتقە بەو هەموو حزبەو بە نزیکەی زیاتر لە نیوەی دەنگەکانی ئەم شارە نەتوانن لە هەولێر شەقام بجوڵێنن و ببنە پاڵپشت و پشتیوان لە داواکاری خەڵک؟

بە بڕوای من سەرباری بوونی ترس و هەوڵدان بۆ تۆقاندن و ترساندنی خەڵک، بەڵام ئەوە حزبەکانن کە نایانەوێ هیچ شتێک لە هەولێر بکرێ و کۆتایی بەم پرسیارە بهێنرێ کە بڵێن ئەرێ هەولێر بۆ بێدەنگە؟ ئەگینا وەرن بۆ یەکجار و تەنها یەک نموونەم بۆ بهێننەوە، هەریەک لە حزبەکان بە ئاشکرا هەوڵیان دابێ لە هەولێر خۆپیشاندان بکەن، کەچی خەڵک بەدەمیانەوە نەچووبێ و فەشەلی بە کارەکەیان هێنابێ، دڵنیام هیچ نموونەیەک نییەو حزبەکان دەیانەوێ شت دروست ببێ و دوایی خۆیان بکەن بە خاوەنی، کە ئەوەش لە هەولێر ئەستەمەو لە کلتووری ئەم شارە شتێک هەیە کە کەس خۆی ناکا بە کەوا سووری بەر لەشکر بۆ ئەوی تر، دەبێ هەموومان پێکەوە بین.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم گەورەترین غەدرێک کە بەدرێژایی مێژووی حوکمڕانی کوردی لە هەولێر کرابێ حزبەکان بەگشتی و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی پێشوو بە تایبەتی کردوویانە، ئەویش لەوەدا کە یان خۆیان بەخاوەنی هەولێر نەزانیوە، یانیش نەیانوێراوە خۆیان لە قەرەی پارتی بدەن و وەک زۆنی سەوز بەرنامەیان هەبێ، بە کورتییەکەی پێموایە بۆ هەولێری پایتەخت ئەوە تەنیا پارتییە کە سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای هەیەو ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە بەرتەسککردنەوەی



سەرچاوە
Serchawe

ئازادییەکان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و هەندێ جار لێدان و کوتانیش، ئەگینا سەرجەم لایەنەکانی تر بۆ هەولێر و هەولێرییەکان خاوەنی هیچ پلان و بەرنامەیەک نین و نەیانتوانیوە ئیدارەی دەنگی نارازی بدەن لە شارەکە، لە پاڵ ئەوەشدا یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش پێویستە لەسەری وەک چۆن لە زۆنی سەوز هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ بەرفراوانکردنی بازنەی ئازادی تاک و ئازادی رادەربڕین و دیموکراسی، ئاواش لە هەولێر و زۆنی زەردا کاری بۆی کردبا نەک تەماشاکەر بێ.

ماوەتەوە بڵێم کە هەموو لایەنەکان باش دەزانن نارەزایەتی لە هەولێر پنگ دەخوا، بەڵام کە تەقیەوە خراپ دەتەقێتەوەو کاریگەری خراپی بۆ سەر هەموو کوردستان دەبێ، بۆیەش هەموویان خۆیان مەڵاس داوەو چاوەڕوانن شتێکی وا رووبدات و دوایی کە ترسی پارتیان نەماو کارەکان لە دەست دەرچوون خۆیان بکەن بە خاوەنی، وەک چۆن لە ١٧ی شوبات و لە سلێمانی وایان کرد، لە سەرەتا پێیان گوتن گێرەشێوێنن و دواتر پاڵەوانەکانی سەرای ئازادیان لەسەر خوێنی دەیان شەهید و ئومێدی هەزاران کەس کردە پەرلەمانتار و وەزیر و دەوڵەمەندیان کردن، داواکارییەکانی خەڵکیش چش، بۆیەو دوای ئەم نووسینە بە باشی دەزانم بۆ لەمەودوا ئەو برادەرانە نەپرسن ئەرێ بۆ هەولێر بێدەنگە، بەڵکو بڵێن ئەرێ تاکەی ئەو هەموو غەدرە لە هەولێر بکەین و بێدەنگیان بکەین و نەهێڵین بۆ ماف و داواکاری و داخوازییەکانی خۆیان بێنە دەنگ و ئێمەش بە پلان و بەرنامەیەکی وردەوە ئیدارەی خۆپیشاندانەکان بدەین...

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ڕێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# زیهنیەتی ڕاپەرین و ڕاپەرین لە زیهنیەتدا



**پاراو جەلال**

**جەوهەری گفتوگۆ لەسەر راپەرین، دوای بیست و پێنج ساڵ لە قەومانی، لەم دوو دەستەواژەیەدا کورت دەکرێتەوە.**

## زهنیەتی راپەرین و راپەرین لە زهنیەتدا.

تۆڕەکانی فەیسبوک و ئاماژەی میدیایی بەشێکی نارازییەکانی ناو حزبەکانی جاران ئۆپۆزیسیۆن بوون بۆنەی راپەرینیان کردۆتە دەروازە بۆ قسەکردن لەسەر پێویستی راپەرینێکی تر.بەو شرۆڤەیەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانیش پێویستی بە راپەرینێکە کە لە دژی بەرپا بکرێت. ئەوای گوایە ئەم راپەرینەش دەکەن هەر ئەوانەن بانگەوازی بۆ دەکەن. ئەمە بەو مانایە دێت هەر خۆشیان گەلی راپەریوو و خاوەن هەقن. ئەگەر گفتوگۆ لەوەدا گرمۆڵە بکەین داخۆ ئەوان لەسەر هەقن و دەسەڵات شایانی ئەوەیە راپەرینی لە دژ بکرێت، چونکە ناهەقە. ئەو کاتە ناگەینە ئاکامێکی گونجاو و لەسەر جەدوایەک بۆ خاڵی هاوبەش ناگیرسێینەوە. بەڵام دەکرێ لێرە قسە لەسەر زهنیەتی راپەرین بکەین. ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە یەک دیمەن لە راپەرین دەبینن و دەناسن کە پەلاماردانە، پەلاماردانی ئەمنە سوورەکە و هەیئەی کەرکووک و مەنزومەی ئیستخباراتە کە دەبێ بسوتێنرێت، شەهید بدرێت و بەعس قڕان هەبێت. ئەوانە خەیاڵدانیان لەسەر راپەرین هەر ئەو توندوتیژییە کە بەشێکی دیمەنی راپەرینی ١٩٩١ بوو، نەک هەمووی. راپەرین لە خەیاڵدانی ئەوان هەر پەلاماردان و هەڵکوتانە، ئەمەش ئەو شتەیە دەکرێ بە زهنیەتی راپەرین ناوی بنێین. ئەم زهنیەتە لە بچووکترین بەرەنگاری، وەرگۆرانی شۆڕشگێریدا کورت دەهێنێ و وەک بەهاری عەرەبی روو لە خەزان دەکات. لە کاتێکدا راپەرین هەر ئەو دیمەنانە نییە کە پەرچەکرداری خەڵکە لە بەرامبەر زەبروزەنگی بەعس کە هیچ دەرفەتێکی بۆ سیاسەتکردن و خۆنواندنی گروپەکان نەهێشتبۆوە. راپەرین بیناکردنی تەجرەبەیەکی خۆماڵییە لە ئازادی کە بیست و پێنج ساڵ کورد کاری لەسەر دەکات و



سەرچاوە
Serchawe

سەرکەوتنی تێدا مسۆگەر دەکا و شکستی ئەم وێستگە و ئەو هەنگاویشی هەیە. ئێمە پێویستمان بە راپەرینە لەو زهنیەتەی وا لە راپەرین گەیشتووە کە هەر بریتییە لە پەلاماردان. ئێمە زهنیەتی راپەرینمان ناوێ. راپەرینمان لە زهنیەتی ئەواندا دەوێت کردەی راپەرین و ئیرادەی شۆرشگێڕی تەنها لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی ئەمنە سوورەکە کورت دەکەنەوە. وەک ئەو موسڵمانە توندڕەوەی جیهاد تەنها لە توندوتیژیدا کورت دەکاتەوە و جیهادی نەفس و فەرزەکانی دیکەی ئیسلامەتی لە بیر دەکات.

**کاتی راپەرینە، با راپەرین لە دژی زهنیەتی راپەرین بکەین.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠١٦

## پۆست ڕاپەڕین، بەرەو ستەمکاری!



ئارام قادر حەمەسور

**(کاتێک دەسەڵات بۆ هەژارکردنی خەڵک بەکار هات، گومانت لە ستەمکاری ئەو دەسەڵاتە نەبێت)**
**(جۆن لوک)**

بێگومان زۆربەی کۆمەڵگاکان شۆڕش و ڕاپەڕینیان کردوە لەپێناو دەستەبەرکردنی نان و ئازادی و ڕزگاربون لە ستەمکاری، بەڵام رویداوە زۆر جار دوای شۆڕش زۆر خراپترو ستەمکار تر بوە لە پێش شۆڕش، وەک (هۆشی منە) دەڵێت بۆ ئەوەی شۆڕشێک هەرەسبێنێت شۆڕشگێرەکان پارەدار بکە، کاتێک شۆڕشگێرەکان پارە کەڕو لاڵیان دەکات بنەماکانی شۆڕش و ڕاپەڕینیان بیر دەچێتەوە بەرەو ستەمکاری و گەندەڵی دەچن، بۆیە بیرمەندانی سیاسی پێیان وایە لە پشتی هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا ستەمکاری بونی هەیە، بەڵام هۆشیاری سیاسی و ئیرادەی گەلە ڕێگە لە دوبارە گەڕانەوەی ستەمکاری دەگرێت دوای شۆڕشەکان.

خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ٥ - ٣ - ١٩٩١ دا ڕاپەڕینی دژی دەسەڵاتی ستەمکاری بەعسی ئەنجامداولە دەستی ستەمکارییەکانی بەعس ڕزگاری بو هاتە ژێر چەتری فەرمانڕەوایی کوردی، لێرەدا پرسیارێک بونی هەیە ئایا بۆچی بەشێکی خەڵک لە ڕاپەڕین پەشیمانە؟ بۆچی ئامانجەکانی ڕاپەڕین نەهاتنە دی؟ ئەم پرسیارانە پێویستیان بە وەڵامی سۆسیۆپۆلیتیک هەیە، نوسەرێکی بەریتانی بەناوی (جۆرج ئۆرویل) لەساڵی ١٩٤٤ ڕۆمانێک دەنوسێت بەناوی (کێڵگەی ئاژەڵان) پاش ڕێگرییەکی زۆر لە ساڵی ١٩٤٥ لە بەریتانیا بڵاو دەبێتەوە، ڕۆمانێکی واقعی مێژوی سیاسییە، ئەم ڕۆمانە باسی شۆڕش و دوای شۆڕش دەکات لە زمانی ئاژەڵانەوە، هەرچەندە ئەم ڕۆمانە گوزارشتە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی روسیا و دواتر هاتنە سەر کاری ستالین و کوشتنی ملیۆنان کەس بەناوی شۆڕشەوە، بەڵام ئەم ڕۆمانە وێنادەکرێت بۆ گشت

شۆڕش و ڕاپەرینەکانی دونیا، لە کێڵگەی ئاژەڵاندا چەندین ئاژەڵی وەک و (بەرازو مەڕو بزن و کەرو ئەسپ و ماین و مریشک و قەلە ڕەش) دەژین، بەرازیک خەون بە شۆڕش و رزگار بون لە دەستی مرۆڤ دەبینێت و دواتر بۆ ئاژەڵەکانی دەگێڕێتەوە و دەمرێت، دواتر ئەو خەونە دێتەدی و ئاژەڵەکان شۆڕش دژی خاوەنی کێڵگەکە دەکەن کە مرۆڤە و دەست بەسەر کێڵگەکە دادەگرن، دو لە بەرازەکان رابەرایەتی شۆڕشەکە دەکەن، بە ڕۆیشتنی ڕۆژگار هەنگوینی دەسەڵات بەرازەکان بەرەو فەرمانڕەوای و ستەمکاری و گەندەڵی دەبات، بەناوی خیانەتەوە دو بەرازەکە یەکتر تۆمەتبار دەکەن و تادوای بەرازێکیان لە کێڵگە دەردەکرێت و تاکە بەرازێک رابەرایەتی کێڵگەکە دەکات، هەرچی حەرامە حەڵاڵی دەکات بەتەنیا بۆ بەرازەکان، بەرازەکان بنەماکانی شۆڕش پشگوێ دەخەن، ئاژەڵەکانی تریش بێ ئیرادەن و تا مردن دەبنە کۆیلەی بەرازەکان و خۆزگە بە سەردەمی پێش شۆڕش دەخوازن.

ئەمساڵ یۆبیلی زیوینی ڕاپەرینە و چارەکە سەدەیەکە ڕاپەرینمان کردوە، بەڵام ئەوەی دوای ڕاپەڕین بینیمان بریتی بو لە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دو هێزداو ئەنجامدانی شەڕی ناوخۆ لەسەر سەروەت و سامانی ئەم هەرێمەو هێنانی هێزی بێگانەو دو ئیدارەی و دو هێزی پێشمەرگەو ئێستاش قەیرانسازی دارای و دزینی سامانی ژێر زەوی و سەرزەوی، ئەم قەیران سازییە داراییەی ئێستا کە دروستکراوە تەنیا بۆ کوشتنی ئیرادەی روبەڕو بونەوەی ستەمکارییە ، تەنیا بۆ بێدەنگکردنی خەڵکە، لە پێناو رازی بون بە دەسەڵاتە بێ شەرعیەکەیان، (عەلی وەردی) دەڵێت زۆر جار سەرکەوتن گۆڕی شۆڕشە، ئێمەش سەرکەوتنی ڕاپەرینمان لێ بو بە شکست و براکوژی بو بە بەرهەمی ڕاپەڕین و ئێستاش بێ یاسایی و برسی کردنی خەڵک، دەسەڵاتێکی کەڕو لاڵ بەرهەمی ڕاپەڕینە، دەسەڵاتێک بەردەوام بە درۆکانی هەورێکی رەشی دروستکردوەو خەڵک تەڕبوەو ئەوانیش لە ژێر چەتری دەسەڵات و کۆشکەکانیان پارێزراون، ئێمە بەرەو ستەمکاری دەڕۆین و چەند کەسێک لە جیاتی دەسەڵاتی دادوەری و پەرلەمان بڕیار دەدەن، دەسەڵاتی جوت حیزبی بەردەوام ئازاری خەڵکیان داوە لە ڕێگەی قەیرانە دروستکراوەکانییان، کاتی ڕاپەڕین هەمومان بە پێڵاوی چوپەوە هاتینەوە ناو شار، بەڵام ئێستا ئەوان لە کۆشکەکان و ئێمەش لە خانوە قوڕو کرێیەکانداین، ئەم جیاوازی چینایەتییە کارەساتێکی وێرانکەری بەدوادا دێت گەر زو چارە نەکرێت.

زوڵم هەر زوڵمە وەک (عەلی شەریعەتی) دەڵێت هەڵەی زۆربەی شۆڕشەکان ئەوەیە کە دەیانەوێت زاڵم بگۆڕن لە جیاتی ئەوەی زوڵم بگۆڕن بۆیە زۆر بەی شۆڕشەکان هەرەس دێنن، بێگومان درستبونی  ستەمکاری بەشێکی زۆری لە بێدەنگی خەڵکەوەیە وەک (ئاتین دۆلابۆتی) دەڵێت ستەمکار ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی هیچ نییە جگە لەو دەسەڵاتەی خەڵک پێیداوە، بڕوام بە وتە رەگەز پەرستیەکانی ئەرستۆ نییە کەدەڵێت خەڵکی خۆر هەڵات بە سروشتی خۆیان کۆیلەن و مۆنتسکیۆش دەڵێت رازی بون بە ستەماکاری ئاساییە بۆ خۆرهەڵات و نامۆیە بۆ خۆرئاوا، ئەم بۆچونانە ناتوانرێت بگشتێنرێت، بەڵام پێموایە وەک (ئاتین دۆلا بۆتی) لە کتێبی خۆ بە کۆیلەکردندا کە لەسەدەی پازدە نوسیویەتی دەڵێت

ئەوە خەڵکە دەستی داوە بەستەمکار تا بۆ کسی لێبدات و قاچی داوە بە ستەمکار تا بەر شەقی بدات و چاوی داوە بە ستەمکار تا چاودێری بکات، کەواتە خەڵکیش بەشدارە لە دروستکردنی ستەمگەریدا، ئێمەی کوردیش کەم شۆکدەبین و درەنگ هەڵوێست وەردەگرین، هێزێک دەبابەی بەعسی هێنا دەنگی پێدراوە و هێزێک پاسداری هێنا دەنگی پێدراوە و ڕۆژنامەنوس دەکوژن دەنگیان پێدەدرێت و ئێستاش قەیرانسازی داراییان ڕوبەڕوی خەڵک کردۆتەوە ئەگەری هەیە هەر دەنگییان پێبدرێت، ئەمە ڕەوایی دانە بە دەسەڵاتی نایاسایی و ستەمکاری، ئێستا پێویستیمان بە هۆشیارییەکی سیاسی فراوان هەیە بۆ ئەوەی داهاتو ڕونبێت.

(کەنعان مەککی) نوسەری عێراقی دەڵێت ئەوەی سەدامی کرد بە ستەمکارو دیکتاتۆر بێدەنگی خەڵکی عێراق بو نەک بێدەنگکردنی خەڵکی عێراق لەلایەن سەدامەوە، بۆیە ستەمکاری وەک شێرپەنجە وایە گەر زو چارە نەکرێت دەمانکوژێت، ستەمکار گورگێکە گۆشتی مرۆڤ دەخوات وەک (مۆنتسکیۆ) دەڵێت ستەمکار دارێک دەبڕێت بۆ لێکردنەوەی بەرەکەی، واتا ستەمکار ئامادەیە هەمومان لەناو ببات لە پێناوی کورسییەکەی، ئێستاش دەسەڵاتی جوت حیزب دوای چارەکە سەدەیەک لە ڕاپەڕین دەسەڵاتیان بۆ هەژارکردنی خەڵک و فەرمانبەران بەکار هێناوەو مامۆستاو پێشمەرگە بۆ کڕینی قوتویەک شیر لەسەر تیڤییەکان فرمێسک دەڕێژن، دەسەڵات دەبێت لە ڕاپەڕینی برسییەکان بترسێت کە بە دایکی ڕاپەڕین و شۆڕشەکان ناسراوە، (جۆن لوک) دەڵێت کاتێک دەسەڵات بۆ هەژار کردنی خەڵک بەکارهات ئەوە گومانت لە ستەمکاری ئەو دەسەڵاتە نەبێت، ئێمە لە پۆست ڕاپەڕینین واتا دوای ڕاپەڕین و ئێستا بەرەو برسیکردن و ستەمکاری دەڕۆین، دەسەڵات گەورەیی دەنگدانی کەمکردۆتەوە و حیزبێک پەرلەمانی پەکخستوە کە دەنگی خەڵک دروستی کردوەو تاکە سەرچاوەی یاسا دانانە.

لێرەدا بێدەنگی یەکێتی زۆر خراپترە لە پارتی، بۆیە ئەم دو حیزبە سەرچاوەی قەیرانسازین، ناکرێت تاسەر ستەمکاران وەک سادیزم خۆشی لە ئازاری خەڵک وەربگرن و ناکرێت خەڵکیش تا سەر وەک مازۆخی خۆشی لە ئازاردانی خۆیان وەربگرن، دەبێت دەسەڵات بەزەبری چەکوشی ڕەخنەیی ئاگادار بکرێتەوە، چونکە ڕەخنەی سیاسی ڤاکسینی دەسەڵاتە، لێرەدا ڕۆڵی گەورەی ڕۆشنبیران دەبێت دیاربێت و بێدەنگ نەبن وەک عەبدوڵا ئۆج ئالان دەڵێت کەڕوڵڵی پیشەی ڕۆشنبیران نییە، لەبەرئەوەی ستەمکاری لە هەمو شتێک مەترسیدارترە وەک کۆنفۆشیۆز دەڵێت جارێک بە چیایەکدا دەڕۆیشتم بینیم ژنێک لەسەر گۆڕێک دەگری، پێم گوت بۆ دەگری؟ بۆچی خەمباری؟ وتی زۆرخەمبارم، چونکە لێرەدا پڵنگ خەزورو مێردو ئەمڕۆش کوڕەکەمی خواردوە، کۆنفۆشیۆز گوتی بۆچی ئێرە جێناهێڵیت؟ ژنەکە گوتی لێرە حوکمی ستەمگەری لێنییە، بۆیە کۆنفۆشیۆز بە نەوەکانی دەڵێت ستەمکاری لە پڵنگیش مەترسیدار ترە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠١٦

## ڕاپەڕین بۆ؟



**پێشمەرگەی دێرین عەبدولواحید ئیدریس**

ڕاپەڕین ئەو گۆرانییە ڕەسەنە بوو، چەوسانەوەو ستەم ئاوازی بۆ دانا، ئەنفال نۆتەکانی نووسیوە، شەوانی تەنیایی تولەڕێی نێوان مەرگو ژیانی پارتیزانی هۆنراوەکەی داڕشت، جەماوەریش بە کۆڕاڵێکی ئەفسانەیی بە ماڵ بەماڵی ئەم نیشتمانەی ئاشناکرد، جا گۆرانییەک ئاوا چاوی هەڵهێنابێ چۆن حەرفەکانی، نۆتەکانی دەسڕدرێنەوە، سەدای لە گوێمان دەبڕێتەوە، بەڵام ناشبێ مەست بوون بەم گۆرانییەش پرسیارەکانی ڕاپەڕینمان بیرباتەوە، کوا سێبەری ئەو نەمامەی ڕاپەڕین ناشتی، کوا ئەو خەونانەی بۆی ڕاپەڕین، لەکوێ لە کامە بستی بە سوتماک کراو سەوزبوون، ئەرێ ڕاپەڕین بۆ گۆڕانی سیما قێزەونەکان بوو بە سیمایەکی گەش، یان گۆڕینی کورسیو مێز!، کێن ویستیان ڕاپەڕین هەڵگێڕنەوە؟، لەساڵیادی ڕاپەڕین ریسواو نەفرین باران نەکرێن، کێ بە چرپە وشەکانی ڕاپەڕینی پەخش دەکرد، کێ بەدەست ڕاکێشانیش لە سنوور ئاودیوو نەدەبوو، کێ بوو ناڵەو هاوارو زریکەی ئەنفالو کیمیابارانی کردە توێشووی هەگبەی پارتیزانی، کێ بوو کوردستانی لێ ببووە ئەژدیهاو ئەترەشی چووبوو لێی، ٢٥ ساڵ کەم نییە بۆ لاوانەوەی ئازارەکان، چ کۆستێکە شەهیدانی پێشەنگ عەبدولڕەزاق، حاجی هەڵمەتو... هتد) دوای ٢٥ ساڵ تازە ئەم دیوەخانو ئەو دیوەخان خوێنەکانتان دەدزن، فۆتۆکۆپی یادەوەریی هەڵۆکانی ناو ڕەحیماوا دەکەن، هەنگاوە پڕ لەفیداکارییەکانی دیزە بەدەرخۆنە دەکەن، ئارەقەی هەورازو جفرەی ئێزگەکانمان دەدزن، ئای لەوانە چەند بێشەرمو ئابڕوون، گوڵەکانی ڕاپەڕین بەزنجیرەی دەبابە دەشێلنو خۆ بەباخەوان دەزانن، بەبەرچاوی مانگەوە ئەستێرەکان دەدزن، دوای ٢٥ ساڵ تازە بەچاوی خەواڵوو لەخەو ڕابوون، ئەرێ لەیەکەم ساڵیادی ڕاپەڕین لەکوێ بوون، خۆ ئەو کاتە یادەوەرییەکان هەمووی تۆمارکران، لەسێبەری ڕاپەڕین زۆر لەپیرۆزییەکان لەکەدارکران، زۆر عیشقو خۆشەویستی تڕۆکران، بیروباوەڕ بوو بە پۆشاک بۆ هەلپەرستان، با چیتر غەمبار نەبینو قرێژەکانی جەستەی ڕاپەڕین داماڵێن، با چیتر نەڵێین ڕاپەڕین بۆ...؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٦

# ڕاپەڕین لە پێناو چاکسازی



**شێرکۆ حەبیب**

چارەکە سەدەیەک پێش ئەمڕۆ، لە ساڵی ١٩٩١ گەلی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتە جیاوازییەکانی نەتەوەیی و ئاینی، و بەهاوکاری پێشمەرگەکانی کوردستان و لە هەڵمەتێکی ڕاپەرینی کەم وێنەو بە گیانێکی هاوکاری و تەبایی و لە ماوەیەکی کورتدا توانیان زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە دەسەڵاتی عێراقی شوفێنی ڕەگەزپەرست پاکبکەنەوە. ئەم ڕاپەڕینە کە لە دوای شۆڕش و خەبات و تێکۆشان بوو بە هەوێنی تەبایی و پێکەوەژیانی سەرجەم کوردستانیان و بوو بە هۆکاری دامەزراندنی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو لە پێکهاتەی کوردستان و حکومەتی کوردستان و بڕیاردانی مانەوەی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ.

لە ماوەی ئەو ٢٥ ساڵەدا، سەرەڕای ئەوەی کوردستان دووچاری چەندین کێشەی دەرەکی و ناوخۆیی هاتبوو، هەر لە گەمارۆی نێودەوڵەتی و گەمارۆی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەغدا و شەڕی ناوخۆیی بەدناو، هەوڵەکانی هەندێ لایەن بۆ دژایەتی کردنی ئەو ئەزموونە، لەگەڵ ئەوانەشدا حکومەتی کوردستان چەندین هەنگاوی گرنگی لە بەرژەوەندی کوردستان هاویشتووە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ یا دەرەکی و ئەزموونی دیموکراسی کوردستان بوو بە نموونەیەکی دیموکراسی پرشەنگدار لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان.

ئەمڕۆش لە کات و ساتێکی نالەبار یادی ئەو بۆنە پیرۆزە دەکەینەوە کە کوردستان دووچاری چەندین قەیرانی چاوەڕواننەکراو هاتووە، هەر لە قەیرانی دارایی و قەیرانی سیاسی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، کە سەرجەم ئەو قەیرانانەش پێویستی بە یەکریزی و یەک هەڵوێستی سەرجەم دڵسۆزانی کوردستان هەیە بە جیاوازی بۆ چوونی نەتەوەیی و ئاینی و سیاسی، بە مەبەستی پاراستنی ئەو ئەزموونەو دەسکەوتەکان، گەیشتن بە گشت ئاواتەکانی کوردستانیان.

ئەمڕۆکەش جارێکی دیکە کوردستانیان پێویستان بە ڕاپەڕینێکی دیکە هەیە، بەڵام نەک دژی دامووەزگاکانی حکومەت یا دژایەتی کردنی هیچ لایەنێک، بەڵکو هەموومان پێکەوە ڕاپەڕین دژی گەندەڵی و پشتگیری پرۆژەی چاکسازی جەنابی سەرۆک بارزانی، هەموو بە یەک دەنگ و هەڵوێست کار بکەین بۆ گەیاندنی کوردستان بە کەناری ئارامی، کە تاکە ڕیگەش بۆ گەیشتن بەو ئاواتە پشگیری کردنی هەوڵ و پرۆژەکانی سەرۆک بارزانی یە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

# بیرکردنەوە لە ڕاپەڕین!



عەدالەت عەبدوللا

کە بمانەوێت لەگەڵ یادەوەریی ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١ ز)دا، دیبەیتی بابەتی لەسەر ئەم ڕووداوە بکەین، دەبێ پێشتر بپرسین:

- ئەم ڕووداوە لەسیاقی مێژوویی خۆیدا دەبینین، یان لەپێودانگی هەلومەرجی ئێستاو کۆنتێکستی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان؟

- لەروانگەی گوتاری هێزە فەرمانڕەواکانەوە ئەیخوێنینەوە کە زۆرجار لەگەڵ بۆنەکەدا پتر ژمارەی دەسکەوتەکان و بەرهەمەکانمان بۆ ریزدەکەن»جگە لەبەیاننامەی ئەمساڵی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کە ڕەخنەگرانە نوسرابوو»، یان لەروانگەی هێزە بەرهەستکارەکان Opposition parties و رووماڵە میدیاییەکانیانەوە کە لەژێر کاریگەریی ململانێی سیاسی لەگەڵ هێزە دەسەڵاتدارەکاندا، هەندێجار، دەگەنە سنوری سفرکردنەوەی تەواوی مێژووی دوای ڕاپەڕین و یەکسانکردنی ئەزموونی حوکمڕانیکردنی بەعس (١٩٦٦ - ٢٠٠٣ ز) و ئەزموونی کوردستان؟ یان نەخێر، دێین و دوور لەم دوو گوتارە کەمخوێنە، لەسەر بنەمایەکی زانستی/رەخنەیی و بابەتی لەم ڕووداوە مێژووییە دەکۆڵینەوە؟

- لەئاستێکی تردا، ئایا ئێمە بەدیدی نەوەی پێش ڕاپەڕینەوە لەجەدواو بەهای ئەم پرسە ئەڕوانین، یان لەنیگای کۆمەڵگەی نوێ و نەوەی دوای ڕاپەڕین؟

ئەو پرسیارانەو هیی تریش، لەرووی تیۆرییەوە، بەڕوونی کۆمەکمان دەکەن لەوەی تێبگەین ئاخۆ ئێمە بۆچی و لەپێناوی چی و بەچ ئامانج و ویستێک دەمانەوێت موقارەبەی ڕووداوی ڕاپەڕین بکەین!.

لەو سەرەتایە پێویستتر، ئەوەیە کە، پێشوەخت بشزانین ئێمە تێگەیشتنمان و ئەوەی پێی دەوترێت چەمک Concept، بۆ ڕووداوێکی وەک ڕاپەڕین، چییە؟

* ئایا، هەر بە ڕاستی، ڕاپەڕینی جەماوەریی ئێمە بریتییە لەجێهێشتنی دۆزەخێکی سیاسی و پێ خستنە ناو سەرزەمینی بەهەشتێکی سیاسییەوە؟

* ئایا بریتییە لەخاڵی یەکلاکەرەوەو دابڕانی سیاسی، واتە قەتیعەیەکی ڕادیکاڵە لەگەڵ قۆناغی پێش خۆی؟

* یان نەخێر، ئەم ڕووداوە، تەنها ڕەتکردنەوەی ڕژێمێکی سیاسیی دیاریکراوەو لەئەزموونی خۆماندا هاتووین، خۆشباوەڕانە، لەگەڵ کۆمەڵێک گریمانە، چاوەڕوانی، بگرە واهیمەو خەیاڵکردن بە بەرپاکردنی ڕژێمی تری سیاسی پێچەوانەوە، پێچاوەمانەتەوەو هیچی تر؟

**لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەم پرسانە ڕێک بکەوین یان نا، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە هەندێ لەم بەڵگە نەویستانە بیر بخەینەوەو بڵێین:**

١- **ڕاپەڕین**، پێش هەر شتێک، بریتی بوو لەڕووداوێکی ناتەواو، چونکە لەڕاپەڕینی دوو و سێی دواتردا، نزیکەی ٤٨%ی باشووری کوردستانمان بەداگیرکراوی ئەمێنێتەوەو دەستی ڕاپەڕینیان پێ ناگاتەوە، لەوانە: کەرکوک، خانەقین، شەنگال، خورماتوو و زۆر ناوچەی تری کوردستانی، ئەمەش وادەکات کە ڕاپەڕین، وەک پرۆژەیەکی سیاسیی کراوە درێژەی هەبێت و ئەم پرۆژەیەش، بەناچاری، لەسەر حسابی بنیادنانی زیاتری ئەزموونی سیاسیی کوردستان بێت، واتە بەشێک لەوزەی خەباتی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو سنورە داگیرکراوانەی کوردستان، بۆ خۆی بەرێت.

٢- **ڕاپەڕین**، بریتی بوو لەنەهێشتنی دەسەڵاتی ڕژێمێکی سیاسی بەسەر بەشە ڕزگارکراوەکەی باشوری کوردستاندا، نەک کۆتاییهێنان بەو ڕژێمە. نەهێشتنی دەسەڵات بەسەر جوگرافیایەکی سیاسییەوەو لەناوچوونی ڕژێمێکی سیاسی، دوو شتی یەکجار جیاوازن. زیانی ئەم هاوکێشەیە بۆ ئەزموونی دنیای دوای ڕاپەڕین ئەوەیە کە، کایەی سیاسەت لەکوردستاندا بەدوو ئاراستەی پێکناکۆکدا دەبات، لەلایەکەوە لەئەنجامی بۆشایی کارگێڕیی دەوڵەتی بەعس لەکوردستاندا، بەناچاری هێزە سیاسییەکانمان دەکاتە هێزی دەسەڵاتدار لەگۆڕەپانی سیاسیدا، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی درێژەکێشانی دەسەڵاتی ڕژێم تا (٢٠٠٣ز) دەیانکاتە هێزی بەرهەستکاری بەعس لەناوچە کوردستانییە داگیرکراوەکان و لەسەرتاسەری عێراقدا، ئەمەشیان دیسانەوە هەر لەسەر حسابی هەر پرۆژەیەکی پێخستنی ئەزموونی باشووری کوردستان!.



سەرچاوە
Serchawe

٣- **ڕاستییەکی تر ئەوەیە کە،** جگە لەو دوو تایبەتمەندییەی ڕاپەڕینی گەلی ئێمە، خودی ڕاپەڕین خۆی، یان تەنانەت نەمان و کۆتاییهاتنی هەر ڕژێمێکی ستەمکاریی لەهەر رووبەرێکی جیهاندا، لەکۆتاییدا، بەهیچ جۆرێک بەمانای لەدایکبوون و سەرهەڵدانی سیستەمێکی دیموکراسی نییە. دیموکراسی، وەک گەورە کۆمەڵناسی فەرەنسی و جیهان «ئالان تۆرین - ٩٠ ساڵ» دەڵێت، دامەزراوەی پێویستە، ڕۆشنبیریی تایبەت بە خۆی هەیەو لەبۆشاییەوە سەرهەڵنادات، ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە، وەهمێکی گەورەیە پێمان وابێت ڕاپەڕین، لەگەڵ خۆیدا، بەهاری دیموکراسی بۆ گەلی ڕاپەڕیو دەهێنێت!.

٤- **دواتر با بپرسین:** کۆمەڵگەی کوردی، چ وەک جەماوەر و چ وەک کۆمەڵگەی سیاسی و مەدەنی-یش، میراتگری چ کولتورێکی سیاسی بووە؟ بێگومان میراتگرو پەروەردەی کولتورێکی نادیموکرات و ستەمکاری وەک کولتوری سیاسیی بەعس و قۆناغی فەرمانڕەوایی جمهوریەت و تەنانەت سیستەمی پاشایەتیی دانراوی کۆلۆنیالیزم بووەو هیچیتر. عێراقیش خۆی، بەکۆمەڵگە مۆزایکە ئاڵۆزەکەی و فەرمانڕەوا کودەتاچییەکانیشیەوە، کەوتۆتە ناوچەیەکی ئاڵۆزو ترسناکەوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ناوچەیەک کە لەرووی سیاسییەوە یەکێکە لەزۆنە هەرە تاریکەکانی جیهان و لەرووبەرە هەرە خوێناوی و ناسەقامگیرەکانێتی، ئەمەش وادەکات، پرۆسەی دابڕانی سیاسی و فکری لەو کولتورە زاڵەی کە پتر لەسەدەیەکە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی ئینسانی کوردی داگیر کردووە، پرۆسەیەکی سەخت و ناهەموار بێت و ڕاپەڕین نەتوانێت وەک عەسایەکی سیحری، ریفۆرم و دەستکاریی بکات.

٥- **لەوانە خراپتر،** بەحوکمی ئەوەی، لەکۆتاییدا، دنیابینی و بیروباوەڕی سیاسیی دنیای ئێمە، درێژکراوەی کەلەپوری سیاسی و کولتوری ڕۆژهەڵاتییە بەگشتی، دەبینین کە ئایدیۆلۆژیای باڵادەستی ناو مێژووی نوێی جوڵانەوەی سیاسیشمان، بەزۆری ئایدیۆلۆژیای نادیموکرات بوون ئەگەر نەڵێین ئایدیۆلۆژیای گشتگیر Totalitarian بوون. لەم ئاستەدا، هێزە سیاسییەکانی جوڵانەوەکەمان، بەئاشکرا، یان هەڵگری ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی بوون، یان مارکسی و ستالینی و کۆمۆنیستی، یان ئایدیۆلۆژیای دینیی پەرگیر. واتە، دواجار، دیموکراسی و بەهەند وەرگرتنی مافی گەلان و ئەندامەکانی بەشێک نییەو نەبووە لەکەلەپوری سیاسیی جوڵانەوەی سیاسییمان، ئەمەش دنیای دوای ڕاپەڕینی ئێمەی لەدۆزەخی فۆرمە جیاوازەکانی ئایدیۆلۆژیا نادیموکراتەکان، دوور نەخستەوە!.

٦- **لەلایەکی ترەوە،** تەواو روونە کە زۆربەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی عێراق و وڵاتانی تری ناوچەکەش و گۆڕانکاری لەسیستەمە فەرمانڕەواکاندا، یان لەرێگەی شۆڕشی چەکدارییەوە بووە، یان کودەتای سەربازی، یان ڕاپەڕینی خەڵک و بەهارە گەنجانەیی و جەماوەرییەکان، سەرلەبەری ئەمانەش، بە ئەزموون دەکەوتن کە هیچیان لەکۆتاییدا سەریان لە دیموکراسییەوە دەرنەهێناوە ئەگەر بەناو و ناونیشانی ترو جیاوازەوە ستەمکاری دیکەیان بەرهەم نەهێنابێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**بە مانایەکی روونترو سادەتر ئەمانەوێ بڵێین:**

* راپەڕین، لەباشترین حاڵدا گۆڕانکاریی لەسیستەمێکی سیاسیی دیاریکراودا دەکات، نەک بێت و دەستکاریی ریشەیی لەستراکتۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتوریی کۆمەڵگادا بکات. نموونەی هەرە سادە ئەو ئابوریيە رەیعییەی ئێستای باشووری کوردستانە کە خەریکە سیستەمی سیاسییمان بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەت دەباتەوە تەواو نزیک لەئەزموونی رژێمی بەعس کە لەرێگەی ئەم مۆدێلە ئابورییەوە کۆمەڵگەی وابەستەی دەوڵەت کردبوو و وڵاتیشی کردبووە سەربازگەیەکی گەورە!.

* **راپەڕین** سایکۆلۆژیای ستەملێکراوان بەڕووی ستەمکاردا دەتەقێنێتەوە، بۆیە رووداوێک نییە لەهەمان کاتدا عەقڵانییەتی سیاسی و عەقڵانییەتی دەوڵەتداری دروست بکات کە پەیوەستە بە کارکردن و ئامادەبوونی عەقڵ و زانست و شارەزاییەوە لەدۆخی سەقامگیرو شێنەیی مرۆڤەکان و گروپەکان و دامەزراوەکاندا.

* راپەڕین ئەشێت دەسەڵاتی نوخبەیەکی سیاسیی دیاریکراو لەناوبەرێت و ژێراو ژوور بکات، بەڵام وەک گەورە فەیلەسوفی فەرەنسی و جیهان میشێل فۆکۆ (١٩٢٦ - ١٩٨٤ز) دەڵێت، لەکۆتاییدا دیاردەی دەسەڵات و نەریتەکانی دیسپلین و چاودێری و سزاو نەفرەتەکانی تری کۆتایی پێناهێنێت، بەڵکو لەباشترین حاڵدا دەشێت لەژێر ناو و ناونیشانی ترو بەمیکانیزمی دیکەو جیاواز پەیڕەویان بکات. نموونەی سادە خودی رووداوی راپەڕینی ١٩٩١ خۆیەتی کە دەسەڵاتی بەعسی نەهێشت، بەڵام هەر خۆی، سەرلەنوێ، وەک پێویستی بێت یان ناچاری، دەسەڵات و دیاردەکانی، بەرهەمهێنایەوە!.

* **ئەگەر کۆتایی** ستەمکار بەمانای هاتنی دیموکراسی نەبێت، ئەوا هاتنی دیموکراسییش بەمانای بەرپاکردنی بەهەشتێکی سیاسیی نییە بۆ گەلان. سیستەمی دیموکراسی، لەهەموو دۆخێکدا، زادەی واقعی تایبەت بەخۆیەتی و بەر ئەزموونی جیاواز-ی گەلان دەکەوێت، واتە لەدواییدا سیستەمێکی لەقوتونراو و ئامادەکراو نییە هاوردە بکرێت، یان لەبەری بگیرێتەوە!. داریوش شایگان-ی گەورە بیرمەندی ئێرانی/فەرەنسی «٨١ ساڵ» ئەڵێ: دیموکراسی، باشترینە لەناو سیستەمە سیاسییەکاندا کە بە گشتی خراپن.

* **راپەڕین** تەنانەت بەمانای نوێکردنەوەی Modernization بیروباوەڕی کۆمەڵگاش نییە. ئێمە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە کۆمەڵگەی کوردی هێشتا سێکۆچکەی عەقڵییەتی خێڵەکیی و عەشیرەتگەری، یان ئەمارەتنشینی و ناوچەگەری، یان پەرگیریی ئاینیی تێنەپەڕاندوە، بەڵکو کۆی ئەم ئەنگێزانە کە پێچەوانەی چەمکەکانی هاووڵاتیبوون و دەوڵەتی قانون و بیری نەتەوەیی و مرۆدۆستین، لەدوای راپەڕینەوە برەویان سەندووە!.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

# لە چاندنی هیواوە.. بۆ ڕاپەڕین(١)



مەلا فەرمان

## بەشی یەکەم

ئەنفال جگە لەوەی کارەساتێکی زۆر گەورەبو لە مێژوی گەلەکەمان، کوردقڕان بو، ڕوداوێک بـو هیـوای لای زۆر کەس مراند، جگە لە خۆبەدەستەوەدانی دەرونی و جەستەیی لای زۆرێک لە تـاکی کورد و بەشێ لە سیاسیەکانی هیچ چارەسەرێکی تـر نەبو، بێئومێدی زۆر زیاتر بو لە کاتی ئاشبەتاڵ. ئەمانە وەک بەفری بەهار توانەوە... ئیتر تەواو... هیوا نەما.

دوای چەنـد ڕۆژێـک، ڕێکخسـتنەکانی سـورداش و بـازیـان و سـلێمانی هەواڵ و داودەرمـان و خـواردنی گەرمیـان گەیانـدە ئەو کۆمەڵە پـارتیزانەی لە چەمی ڕێـزان و دۆڵـی سورداش مـابونەوە، جیهـازە ڕاکـاڵەکەش کەوتەوە کـار، لە کـاتی پێویسـتدا دەکەوتە پەیوەندی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

لە ٢٦ - ٦ - ١٩٨٨ نامەیەکی کاک نەوشیروان مستەفا گەیشت، لە نـامەکەدا داوا دەکـات ئەو جیهـازە ڕاکـاڵە بنێـرینە نـاو شـاری سلێمانی و بـدرێـت بە ریکخسـتنەکانی کـۆمەڵەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان لە سلێمانی. جیهـازەکە نێـردرا و گەیشت و کەوتە کار.

بۆ من ئەو نامە و ئەو داواکارییە سەرەتـای هیوایەکی بـاش و دڵخۆشکەربو، چونکە نـامەی کەسێکی سـەرکردەیە و لە نـزیکەوە دەزانم "قسە بەبێ هۆ ناکـات، کارێک ناکـات بەرنـامەی بۆ نەبێت، خۆی تێیـدا دەستبەکار نەبێت". لەبەر ڕۆشـنایی ئەو نامەیە، لەگەڵ برادەرەکانم قسەم کـردو ئەو پێشمەرگانەی وەک ویست و توانـا لـێم رادەبینـی پـێم گـوتن "من دەمەوێ وەک

مەفرەزەیەکی پارتیزان لە ناوچەکە بمێنمەوە". هەمو برادەران پێیان باش بو، بەڵام بەداخەوە لە ٦ - ٧ - ١٩٨٨ توشی شەڕێ بووین لە چەمی ڕێزان/ خوار گوندی کەڵەشێرە و هەموو بەرنامەکان تێکچوو.

لە ١٩٨٩ کاک نەوشیروان مستەفاو کاک فەرەیدون عەبدولقادر کۆبونەوەیەکیان بە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کرد، باسی بارودۆخی ئەوکات و بەرنامەی یەکێتیان کرد. کاک فەرەیدون زۆر قسەیکرد و زیاتر لە شێوەی موجامەلە باسی ئومێدی دەکرد. کاک نەوشیروان بە پێچەوانەوەی ئەوەوە گوتی "کاک فەرەیدون دڵتان خۆشدەکات، بەڵام ڕاستیەکەی ئێمە وەزعمان زۆر خراپە، ئێمە بەرنامەمانە و دەمانەوێ مەفرەزەی بچوکی پارتیزانی دروست بکەین و بچینەوە بۆ وڵاتی خۆمان و نزیک شارەکان بە شێوەی گونجا و درێژە بە خەبات بدەین. ئەوانەی لەڕوی جەستەیی و تەندروستیەوە لە خۆیان رادەبینین با ئامادەبن بۆ ئەم ئەرکە". دوا قسەی جەنابی زۆر موژدە بەخش بو کاتێ گوتی "ئێمە ئەگەر بتوانین شەش مانگ خۆمان بگرین و بەرگری بکەین وەزعمان باش دەبێت". لێرەوە جارێکی تر ئەو ئومێدەی پێشوتر لای من زیندوتر و تۆکمەتر بوو.

هەر لەم کۆبونەوەیە کاک نەوشیروان داوای لەهەمو بەرپرسی ڕێکخستنەکان کرد لیستی ناوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ئامادەبکەن و بیدەن بە ناوەندی کۆمەڵە. . .

٩ی مارچی ٢٠١٦

## بەشی دووەم

بەڵێ، لە سەر داوای کاک نەوشیروان، بەرپرسەکانی ڕێکخستن، لیستی ناوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەیان رادەستی ناوەندی کۆمەڵە کرد. ئەوەندەی بەندە ئاگادارە سەرلەنوێ ریزەکانی ڕێکخستن ڕێکخرانەوەو بە شێوازی گونجاو دەست بەکاربونەوە.

لەسەر مەرزی ئێران- عێراق هێزەکانی پێشمەرگە ڕێکخرانەوە، بەدرێژایی سنور لە قەندیلەوە بۆ سنوری مەریوان و پێنجوێن چەند بارەگایەکی پێشمەرگە دانرا.

بەشێکی تر لە هێزەکە و ئەو خەڵکانەی لە ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بون گەڕانەوە بۆ عێراق، لەم بارەوە سەرکردایەتی یەکێتی هانی خەڵکی نادا کە نەگەڕێنەوە، بەڵکە مەکتەبی سیاسی بەو خەڵکانەی دەگوت "کاتێ دەگەڕێنەوە ئاگاداری خۆتان بن و بەعس فریوتان نەدات". لە نزیکەوە ئاگادار بوم لەگەڵ گشتی خەڵکە ئاوارەکە یەکێتی خەڵکانی خۆی بۆ کاروباری شۆڕش دەناردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشێکی تری خەڵک، ئەوانەی خێزاندانداربون لە ئۆردوگاکان نیشتەجێ کران، بەشێکیش بە تایبەتی ئەوانەی بەرپرس و دەستڕۆبون لەڕوی داراییەوە لە شارەکان نیشتەجێ بون، بەشێکیان بۆ بژێوی ژیان دەستیان بە کاسبی کرد.

کۆمەڵێکی تر ئەوانەی توانای داراییان باشبو، بە تایبەتی بەشێ لە بەرپرسەکان، یان ئەوانەی کەسوکاریان لە ئەوروپا بو رویان لە ئەوروپا کرد.

بەشێکی تری خەڵکەکە بە قاچاغ ڕێگای هاتونەهاتی تورکیا و پاکستانیان گرتەبەر. مەبەستی هەمو ئەمانە لەو ڕێگا جیاجیایانەوە هاوشێوەی کۆچی ئەم سەردەمە گەیشتن بو بە ئەوروپا.

لەو هێزانەی لەسەر سنور جێگیر کرابون. چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی لێ دروستکراو و گەڕانەوە بۆ سنورەکانی پیرەمەگرون و گەرمیان و هەولێر و کەرکوک.

چەن مانگێک بەر لە راپەرین بەڕێز مام جەلال لە سەفەرێکی ئەوروپا گەڕابووەوە، لە کۆبونەوەیەکدا لە گەڵ کادەرکان باسی لە ئەگەری روخانی سەدام حوسێن کرد. باسی لەوە کرد کە ئەم پیاوە شێتە دەستەوەستان ناوەستێ و خۆی بە قەڵبەی گەورەی جۆراوجۆردا دەدات.

**ئەم بەشبەشێنەیەی سەرەوە تا بەر لە راپەرین بەردەوام بو، بەر لە راپەرینیش بەچەند مانگێک بەرنامەی پێ بەپێ خۆئامادەکردن بۆ راپەرین دەستی پێکرد:**

١- پەیوەندیکردن بەو جاش و چەکدارانەی سەر بە رژێمی عێراق بون و ئەوانەی تارادەیەک متمانەیان پێدەکرا..
٢- ناردنە خوارەوەی چەک و تەقەمەنی، خواردەمەنی و شاردنەوەی لە شاخەکان بۆ رۆژی پێویست.
٣- زیادکردنی مەفرەزە پارتیزانیەکان.
٥- ئامادەکردنی زیاتری هێزەکان لە بارەگاکانی سەرسنور.
٦- بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە رێکخستنەکانی کۆمەڵە بە تەواوی سازو ئامادەکرابون. بەبێ رێکخستنەکان ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە ئەستەم بو (لە دروستکردنی شانەی چەکدارەوە... تا دەگاتە ناردنی هەواڵێک لەسەر دوژمن).

دوای پەلاماردانی کوێت لە لایەن عێراقەوە و بە دەنگەوەهاتنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی زیاتر هیوای بە سەرکردایەتی یەکێتی و هێزەکەی دا، تا دەهات سەردانی کادرەکان بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی و کاک نەوشیروان بەرەو زیادبون دەچوو.

**لە یەکێ لە سەردانیەکان بۆ لای کاک نەوشیروان لە قاسمە رەش، ئەم دو پێشنیارە کرا:**

**١- ناردنەخوارەی هێز بۆ سنورەکانی سلێمانی، هەولێر ،کەرکوک و دهۆک.**
**وەڵام : هەمو شتێک بەباشی ریکخراوە و پێویست بە ناردنە خوارەوەی هێز ناکات.**
**٢- دەستپێکردن بە پەلاماردانی هێزەکانی عێراق لە سەر سنوری عێراق - ئێران.**

**وەڵام: دەبێ چاوەڕوان بین بزانین لە خواروی عێراق جۆن دەست بە راپەڕین دەکەن و توانایان چەندە. چونکە لە ١٩٨٢ ئێمە لە کوردستان دەستمان پێکرد، بەڵام ئەوان لە خواری عێراق نەیان کرد. بۆیە نامانەوێ و نابێت ئەزمونی ١٩٨٢ دوبارە بکەینەوە.**

**دیارە لەگەڵ هەمو ئەم هەنگاوانەدا بەرەی کوردستانی بە گشتی بە پێی ئەو توانا کەمەی هەیبو خەریکی خۆسازکردن بوو.**

**بەڵێ، بەم شێوەیە، هیوا گەیشتە ئەو ساتەی تێیدا ئاگادار کراینەوە، "ئامادەبین لە ٧ - ٣ لە رانیە راپەڕین (زەماوەند) دەست پێ دەکات... "**

**١٥ی مارچی ٢٠١٦**

## بەشی سێیەم

**هیوا گەیشتە ئەو ساتەی تێیدا ئاگادار کراینەوە، "ئامادەبین ٧ - ٣ لە رانیە راپەڕین (زەماوەند) دەست پێ دەکات.......".**

**رانیە، بەر لە کاژێری سفر لە ٥ - ٣ دەست بەکار بو، پێشتر ئامادەکاری باش کرابو: جیهازی پەیوەندی نێردرابوە ناوشار، ئەو پێشمەرگانەی لە ١٩٨٨ لە ئێران گەڕابونەوە، ئەو خەڵکانەی چەکداری رژێم بون، شانە چەکدارەکانی ناو شارو جەماوەری رانیە بونە بە یەک دەست و دامودەزگاکانی بەعسیان لە رانیە راماڵی.**

**لە ٦ - ٣ هێزێکی پێشمەرگە لە تیپەکانی (خۆشناوەتی، مەرگە، پشدەر، کۆیە، هەولێر، کەرکوک) لە قاسمە رەشەوە بە پەلە بەرە و رانیە بەرێکەوت. شەوێکی باراناوی بە هۆی رێگری رەبایەکانی نزیک گوندی شێنێ بەسەر برد، لەبەرئەوەی هێزەکە نەیدەویست توشی تەقە بێت، کەوتە گفتوگۆ لە گەڵیان، بەرەبەیانی ٧/٣ خۆیان بەدەستەوەدا، هێزەکە بەبێ تەقە گەیشتە رانیە. بەدەم رێگەوە سەدان سەربازی عێراقی دەبینداران و بە ئازادانە دەسوڕانەوە (ئازادکران لەوەی بەرە و ئێران،**



سەرچاوە Serchawe

دەرەوەی وڵات، بۆ لای کەسوکاریان دەچن یان لای هێزی پێشمەرگە دەمێننەوە)، زۆر دڵخۆش بوم بەوەی روحی تۆڵە سەندنەوە بۆ کوشتنی ئەو سەربازانە نەک لای پێشمەرگە نەبو بەڵکو بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.

## گەیشتن بە رانیە

پێشوازیەکی گەرمی بێوێنە، یەکێکم دەویست بتوانێ فرمێسکی شادی بوەستێنێ، هێزەکە لە رانیە مایەوە، فیرقەی ٤٣ سەربازی عێراقی بە تۆپی دورهاوێژ و تانک و زرێپۆشەوە لە بادینانەوە هێندرابوە شاری کۆیە، ئەم هێزە بۆ دامرکانەوەی راپەڕین بە نیازی هێرشکردن بو بۆ رانیە، دانیشتوانی رانیە ئەم هەواڵەیان زانیبو بۆیە بەشێکیان خەریکی ئەوەبون لە شار دەربچن. لەلایەکی ترەوە، هەر گروپە و هێزێکی چەکداری بۆ خۆی ساز دەدا بەرەو کۆیە دەچو، لە چیای هەیبەت سوڵتان روبەڕوی سوپای عێراق دەبونەوە، بەداخەوە ئەم بێسەروبەرەییە بوە هۆی شەهید و برینداریکی زۆر.

لە شەوی ٩ و ١٠ - ٣ هێزی پێشمەرگە لە دو قۆڵەوە چونە ناو شاری کۆیە، لەو کاتە دو فەوجی جاشی لێبو (قاسم ئاغا و حاجی عەلی نەبیاوە). تەنها جاشەکانی قاسم ئاغا روبەڕوی پێشمەرگە وەستانەوە و بۆ چەند سەعاتێک بەرگریان کرد. ئەم شەڕەش جگە لەوەی زیانی گیانی بە پێشمەرگە گەیاند بوە هۆی دوا کەوتنی پێشمەرگەش لە گەیشتن بە فیرقەی ٤٣، لەم ماوە کورتە ئەم هێزەی عێراق توانی بەبێ تەقە دەرباز بێت. جگە لە کۆیی و دەربەند گۆمەسپان تا ئازادکردنی هەولێر، ئۆردوگانی دەوروبەر و ئاڵتون کۆپری ( کەرکوک) پێشمەرگە نەک هەرتوشی روبەڕوبونەوە نەبو، بەڵکە ئەو شوێنانە بەر لەگەیشتنی پێشمەرگە ئازاد کرابون.

ئێوارەی ١١ - ٣ گەیشتینە ئۆردوگای دارەتو، هێندەی پێنەچو هەواڵی ئازادکردنی ئاڵتونکۆپری گەیشت و ئێمەش (پێشمەرگەکانی کەرکوک) بەپەلە بەرەو ئاڵتونکۆپری بەڕێکەوتین و نزیکەی کاژێر ١٠ گەیشتینە ئاڵتون کۆپری ئازاد واتە پردێ، لە ئێوارەی ١١ - ٣ لە لایەن خەڵکی پردێیەوە ئازاد کرا. دوای چەند رۆژێک لە مانەوە لە ئاڵتون کۆپری، لە ١٥ - ١٦ بڕیاربو لە قۆڵی پردێ و سلێمانیەوە هێرش بکرێتە سەر کەرکوک، لەقۆڵی ئاڵتون کۆپریەوە لە کاژێر ١٢ شەو هێرشەکە دەستی پێکرد، بەڵام لە قۆڵی سلێمانیەوە لە بەرئەوەی ئامادە نەبون هێرشەکە نەکرا و دواکەوت. تا لە شەوی ١٩ - ٢٠ بۆ جاری دوەم لە هەردو قۆڵەوە هێرشکرایە سەر کەرکوک و ئازاد کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاپەڕینتان پیرۆز!



**مستەفا سالّح کەریم**

ئەگەر بارودۆخی کوردستان بەمشێوەیەی ئێستا نەبوایەو ئەگەر گیرۆدەی ناو قەفەزی دارایی نەبوینایەو ئەگەر شەڕی داعشی هێزی تاریکی بەناو خەلافەتی ئیسلامی بەرۆکی نەگرتینایە.. ئەوا بەحەقیقەت ئەمساڵ لەیادی بیستو پێنج ساڵەی راپەڕیندا لەپێنجی مارتەوە تا نەورۆز دەبوایە لەهەموو لایەکەوە بکرایە بەشاییو زەماوەندو خۆشیو شادیی. چونکە چارەکە سەدەیەک دەستکەوتی ئازادیو رزگاربوون لەحوکمی دیکتاتۆرێتیو رووخانی باستیلی بەعس رووداوێکە دەبێ مێژووی گەلەکەمان شانازیی پێوە بکات، وێڕای ئەوەی کە یۆبیلی زیوینی ئەم یادە پڕ شکۆیەیە.

* لەگەڵ ئەو بارودۆخەشدا هێشتا دریغی نەکراوە لەڕێزگرتن لەیادی ئەو راپەڕینە پیرۆزە، لەهەموو شارو شارۆچکەکانا تاجەگوڵینە ئەخرێتە سەر گۆڕی شەهیدانو سەروەرییو فیداکارییان جارێکی ترو سەرلەنوێ دەبێتەوە بەوێردی سەر زمانی هەموو ئەو کەسانەی شانازیی بەڕابوردووی ئەم گەلە خەباتگێڕەوە دەکەنو ژنانو پیاوانی راپەڕین سەربەرزانە چیرۆکی زەماوەندی سەرکەوتنی ئەو رۆژانە دەگێڕنەوە.

* راستە، راپەڕین لەهەندێ بواردا بەڕێگەی خوارو خێچدا براوە، چاوچنۆکیو مشەخۆریو تەماعکردنە ماڵی میللەت لای هەندە کەسێک بوونەتە دیاردەیەکی زەق کە لای جەماوەر ئاشکرانو ناشاررێنەوە. بەڵام هێشتا تەرازووی دەستکەوتەکانی راپەڕین لەوانە سەنگینترن، هەر بۆیەشە لەم یادە شکۆدارەدا داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەین بەدەستێکی پۆڵایین لەو کەسانە بدات کە تێگلاوی گەندەڵین، با لەدادگا سزای یاسایی خۆیان وەربگرنو ناچاریش بکرێن ئەو پارەیەی لەئەنجامی دەست پیسیانا دەستیان کەوتووە بیگێڕنەوە خەزێنەی حکومەت کە خەزێنەی میللەتە.



سەرچاوە
Serchawe

هەر لەم یاددەدا گەلەکەمان ئاواتەخوازە کە حکومەتی هەرێم بەردەوامبێ لەهەوڵی جیددی بۆ دەرچوون لەم قەیرانەو دابینکردنی بژێوی ژیان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە ئەوە ئەرکی سەرشانیەتی. لەگەڵ هەوڵی حکومەتدا پێویستە حزبە سیاسییەکانیش هەریەکەو بەقەدەر قەبارەی خۆیو لێپرسراوێتی خۆی بەهەمانشێوە هەنگاو بنێ بۆ ئەفەرۆزکردنی ئەندامە دەست پیسەکانیان با بەسزای خۆیان بگەنو دەستکەوتە ناشەرعییەکانیان لێ بسێنرێتەوە.

**ئەمانەی باسکران ئەگەر جێبەجێ بکرێن پێموایە گەورەترین رووسوورییە بۆ پێشوازیی یادی بیستو پێنج ساڵەی ڕاپەڕین.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠١٦**

# ڕاپەڕین هەوێنی سەربەخۆیی و باوەڕبەخۆبوونە



**هیوا ڕەسوڵ**

بەدرێژایی مێژوو یەکێک لەو نەتەوانەی هەمیشە ئامادەیی قوربانیدان و گیانبەخشینی هەبووە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردە، بەڵام بەردەوام هەموو ئەو هەوڵانەی دراون بە ئاراستەی ڕزگاربوون لە ژێر دەستەیی لە لایەن دوژمنانی کوردەوە پوچەڵکراونەتەوە و، نەیانهێشتوە خەونی ئازادیی و سەربەخۆیی ببێت بە واقیع.

یەکێک لەو هۆکارانەی وایکردووە کورد لە ژێردەستەیدابێت و گیانێکی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری فەراهەم نەکات، نەبوونی یەکگوتاریی و یەکهەڵوێستییە، ئەمەش زۆر ئاسان لە لایەن نەیارانی کوردەوە سوودی لێبیندراوە. لەدوای هەموو ئەمانەشەوە هەردەم، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، گیانێکی تری کردوە بەجەستەی کوردایەتیدا و، پەیامی خۆڕاگریی و بەردەوامی وەک باشترین دەستکەوت، بۆ سەربەخۆیی باوەڕبەخۆبوون گەورەترین سەرمایە، کردە دروشمی نەتەوەیی. ئەمە بووە هۆی ئەوەی دوای چەندان ساڵ لە خەباتی شاخ و بەخشینی سەدان شەهید، هاتنەپێشی قۆناغێکی گرنگ، بیر لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان کرایەوە بۆ بەدستهێنانی ئازادیی و سەربەخۆی. ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١) درێژکراوەیی (بۆ سەربەخۆیی، باوەڕبەخۆبوون، گەورەترین سەرمایە) بوو بە هەوێنی گشت قەوارە سیاسیەکانی باشوور .بەگشتی دەڤەری ڕاپەڕین و بە تایبەتی شاری (ڕانیە) وەک دەست پێشخەریەک بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ڕاپەڕی، شێواز و هەڵکەوتەی جوگرافی و ئەوکەسایەتیانەی لە ناوچەکەدا بانکگراوندێکی قوڵی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری تیایاندا دیارە، ئەوانە هەموو بەیەکەوە، بە پشتیوانی گشت قەوارە سیاسیەکان، ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەبوو لە ڕاپەڕیندا. هەر ئەم خاڵە گرنگەش وەک یەکێک لە شانازییە گەورەکانی ئەم ناوچەیە سەیر دەکرێت و، ئەم گیانی نەتەوەیی و ئەمجۆرە لە تینوێتی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بووە هۆکاری ئەوەی ئەو ناوچەیە ئامادەیی هەرجۆرە بەگژاچوونەوەیەکی هەبێت و سەرئەنجام شانازی یەکەم ساتی ڕاپەڕین بەر شاری ڕانیە کەوت و ڕاپەڕین لە شاری ڕانیە لە (٥ - ٣ - ١٩٩١)

دەستی پێکرد و دواتر ناوچەکانی تری کوردستانی گرتەوە و، ڕاپەڕین بوو بە یەکێکیتر لە شانازیەکانی بزاوتی ڕزگاریخوازی کورد. یەکێک لەو وێنە زۆر جوانانەی کە لە ڕاپەڕینەوە دەبینـدرێت، پیشاندانی کوردە بەیەک هەڵوێستی، چونکە لەو کاتەشی کە زوڵم و ستەمی ڕژێمی بەعس گەیشتبووە دوا ترۆپکی درندەیی، بەڵام ئەگەر یەک گوتاری و یەک هەڵوێستی ئەوسای کورد نەبوایە هەرگیز نەدەتواندرا ڕاپەڕین بەو ئەنجامە بگات و سەرکەوتوبێت، دوای (٢٥) ساڵ لە

بۆ ئەم قۆناغە کە بەگشتی ناوچەکە بە کۆمەڵێک گۆڕانکاریدا گوزەر دەکات، پێویستە کورد یەک هەڵوێست و کۆدەنگی زیاتری هەبێت لە ناوخۆ، نەک پاساو هێنانەوە و هێنانە پێشی کۆمەڵێک مەسەلەی یاسایی و دەستووری، چونکە دواجار بینیمان و بیستمان وڵاتانی ئیقلیم و نێودەوڵەتی مامەڵەکانیان و هاوکاری و پشتیوانیەکانیان لە چ روئیایەکەوە بە هێزەکانی پیشمەرگە دەگەیەنن .چۆن لە ئێستادا مێژووی ڕاپەڕین، دەستکەوت و شانازییە بۆ کورد، بێگومان ئەو قۆناغەی ئێستاش یەک گوتاری و یەکگرتووی هەموانی پێویستە و، چونکە دواجار ناڕازیبوان وەک خۆیان دەچنە لاپەڕەکانی مێژوو و، بەرپرسیارەتی سەرەکی بارودۆخ و هەستیاری قۆناغەکە دەکەوێتە ئەستۆیان و مێژوو ڕەحم بە کەسیان ناکات. هەرگیز زەمەن و ڕۆژگار نەیانتوانیوە ئیرادەی بزاوتی ڕزگاریخوازی کورد لە ناو بەرن، ئێستاش دەبینیین کورد یەکدەنگ و یەکڕەنگ لە بەرەکانی جەنگدا دەجەنگێت، ئیرادەی سەرکردە و حزبەکانیش زۆر ڕوون و ئاشکرا دیارن بۆ یەک گوتاری و سەربەخۆیی و تێپەڕاندنی قەیرانەکان، ئەوەی لە ڕاپەڕین و ئێستادا دەبینـدرێت هەوێنی (بۆ سەربەخۆیی، باوەڕبەخۆبوون، گەورەترین سەرمایەیە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# ڕاپەڕین یان ڕاگۆڕین؟!



**ئاراس عوسمان**

ئەوەی هەشت کابینەی حکومەتو چوار خولی پەرلەمانو دانانی سیستمو هەموو ئەوانەی تر هاتوەتە کایەوە، ئەوە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بوو توانی ئەمەی لێ بەرهەم بهێنرێت، کە ئێستا بەدەستی کەسانێکەوە لەنێو حزبە باڵا دەستەکاندا بوونەتە حاکمی ناوچەکە، کەپێشتر هەموو ئەمانە لەشاخو گوندەکانی کوردستان لەژێر دەستو ئابوریو هاوکاری ماددیو مەعنەوی گوندنشینان بوون، هەروەها توانیوانە پێگەو هێزێکی گەورە دروستبکەن، لەبەرامبەر حکومەتی عێراقی بۆ ڕووبەڕووبونەوەو پاشان لەناوبردنی ئەو دەسەڵاتو سیستمە دیکاتۆرە.

ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) بێگومان خاڵێکی گەورەی مێژووی بوو کەڕەنگە کارێکی چاوەڕوان نەکراوبوو بێت، بۆ هەندێک لەوڵاتانی دەوروبەر بەوەی کورد بەبێ ئەوەی خاوەنی هیچ چەک و هێزێکی تیربێت و بتوانێت هەرەس بەدوژمن بێنێت و سەرکەوتن بۆ خۆی مسۆگەربکات، بەو جۆرەی ئەنجامی داوەو توانی دامودەزگا داپلۆسێنەرەکانی ئەو ڕژێمە کۆبکاتەوە لەخاکی کوردستاندا و رای بماڵێ، بەڵام دواتر پیاوەکانی شاخ هاتنەوە ناوخەڵک و دەسەڵاتی کوردستانیان گرتە ئەستۆ و پێکاتەیەکیان دروست کرد، هەرچەندە کارێکی نامرۆڤانەیانە ئەنجامدا کە تائێستاش ئاسەواری بەجەستەی کردەی سیاسەتی دوو حزبە فەرمانڕەواکەوە ماوەتەوە کە ئەویش شەری ناوخۆ بووە، بەڵام قسەکە ئەوەی کورد کوشتن بۆچی حەلاڵ کرابوو لەلای بەعسیە شۆڤێنیەکان؟ ئافرەت و ژنان بۆچی لەزیندانەکان لەژێر ئازاری دەرونی و جەستەی منداڵەکانیان دادەنا؟ گەنجانی ئەم هەرێمە بۆ دەکرایە عامودی کارەبای شارەکان و گوللە باران دەکران؟ ئەو هەموو لادێ و گوندە کوردەواریانە بۆچی خاپورکران و ڕاگوازران؟ لەگەڵ دەیان پرسیاری تر،بێگومان لەهەمبەر هاوکاری کردنی شۆڕش و شاردنەوەی پێشمەرگەو بریندارەکانیان بووە، کە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەو ئاگرو ئاسنەی بەعسیەکان بەردەوام ئامادەیان کردبوو بۆ میللەتی کورد. ئایا هەموو ئەو قوربانی و ماڵوێرانیە بۆ ئەوە بوو شەری ناوخۆ ئەنجامبدەن؟ یان ئەو برا

بەشیەی ئێستا بە ناوچە و زۆنی سەوز و زەرد جیاکراوەتەوە؟ بێگومان جەوهەری مەسەلەکە تەنیا خۆدەوڵەمەند کردن و مانەوەی دەسەڵات بووەو هیچی دیکە.
دوابەدوای ئەو چەند ساڵەی ئەم ڕووداوانە بەرهەمەکەی دیکتاتۆریەتە لەکوردستان و پاشان لەعێراقدا کۆتای هاتبوو، بەڵام جارێکی دیکە هەژمونی مالیکی و عەبادی و شیعەکان دەستیان پێکردۆتەوەو دیموکراسی هیچ بەهایەی نەماوەو ڕووناکی دەسەڵاتێکی توندڕەوی خۆسەپێن ڕووەو تاریکی مێژویەکی ڕەش ملیناوە، بەڵام کوردستان لەمەینەتی و ئازارەکانی بەداخەوە تاهەنوکە بەردەوامە، هەموو ئەو هەوڵ و قوربانیدانە لەپێناو ئەو شۆڕشە کوردستانیەدا بووە، بەڵام ئێستا دەبینی لەئارامی و سامانی سەرو ژێر زەوی ئەم وڵاتە هەندێک سیاسی جیا لەبانگەشەی سەربەخۆ کە تەنیا دروشم و شاردنەوەی قەیرانەکانە، سەرباری ئەوە شۆرش و ئامانجی کوردستانیان خستۆتە تورەکەیەکی تورەکیەوەو لەکۆڵیان ناوە، موچە یان پرۆژەیەکی هیچ و پوچ ڕەنگە سەدان جار بدرێتەوە بەنێو چاوی تاکی کورد و کەس و کاری شەهید و قوربانیەکان، لەکاتێکدا ئەمەی دەکرێت حەقی یەک لەو ڕۆژانە نیە کە ئێستا لەکتێبەکان و هەتا بۆیان کردوینەتە فلم و پیشانمان دەدەنەوە کە مێژوی قوربانیدان و ڕەوڕەوەی کورد لەبەرامبەر ئەو ناعەدالەتیەی بەعسیەکان و بگرە ئێستای شەری داعش چۆن بووە!، لەسەروو هەموویانەوە ئەو عەتڵ و عامەی بەسەر هەڵەبجەییەکان و گەرمیانیەکاندا و تاکو ئەمدواییەی شەنگالیەکان هاتووە.

وەلێ گرنگە باس و یادکردنەوەی ڕاپەرین بەمێژو بۆنەکانەوە دەخرێتە بەرچاوی خەڵکی کوردستان، دەکرێت ئێمە هەموو ساڵێک هەر بەگۆرانی و هەڵپەرکێ و پۆشینی جلوبەرگی کوردیەوە، لەدامودەزگاکانی حکومەت و دەرەوەی دەسەڵات ڕاپەرین کۆبکەینەوە؟ بێگومان نەخێر لەبەر ئەوە دەبێت کاتێک شانازی بەو بۆنەیەوە بکەین، بزانین مێژویەک لەقوربانیدان ئێستا بەرهەمەکەی لەکوێیەو لەلای کێیە!. یان دەکرێت لەدوای زیاتر لە ٢٥ ساڵ نەتوانی تەنها قوتابخانەیەک یا نەخۆشخانەیەک یا شەقام ڕێگاو بانێک دروست بکەیت، بۆ ئەوانەی هۆکاری سەرەکی ئەوکاتە بوون کە ماڵوێرانی هاتوەتە کایەوەو ئێستا هەر ئەمانە خاوەن بڕیارو ملیاردەر و جارێکی دیکە ماڵی تاکی کوردیان بەو دەردی خزمەتگوزاری و ئابوری و قەیرانە خراپە بردوە، کەلەسەر قوتی خەڵکەکەی لەم قۆناغەدا بەملیار دۆلار دەخورێت و دەبرێت و بەناوی خەبات و ڕاپەرینەوە. بۆیە پێم وایە ڕاپەڕین بۆ کۆتای هێنان بووە بەدەسەڵاتێک باوەڕی بەهیچ ئایدۆلۆژییەک نەبووەو تەنها کلتورێکی کردۆتە پێوەری مرۆڤ بوون، یان هەوڵدان بۆ گۆڕینی بیری تاکەکانی لەو قۆناغەی حکومی کردوە، دەپرسین ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە ئەنجام دراوە کەس و کاری شەهیدەکانی کوردستان و کیمیاباران و ئەنفال، بەو دۆخەی ئێستاوە ژیان بەسەر بەرن؟ ڕاپەڕین بۆ ئەوە کراوە لەشاخەوە بێنەوە بۆ بازرگانی و خۆ دەوڵەمەند کرد بەناوی سیاسەتەوە؟، یان ڕاپەڕین بۆ ئەوەکراوە ئەوەی بەعس نەیتوانیوە ئەنجامی بدات ئێستا بێیت درێژە پێدەری ئەو ڕێبازە فاشیستە بیت لەهەندێک مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکەدا؟، لەبەر ئەوە پێموایە زۆر گرنگە دەسەڵات لەم سەردەمەدا بتوانێت بەهەموو ئەو هەڵە نالۆژیکیانەدا بچێتەوە کە ئەنجامی داوە، بەرامبەر بەو کەسانەی ڕۆژانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەغداد لەکوردستان،



سەرچاوە
Serchawe

بینیمان کەچۆن  کەس و کارە پەککەوتەکەی بەکۆڵ بردۆتە سەرسندوقەکانی دەنگدان و متمانەی بەو دەسەڵاتەوە داوەتەوە، یان لەو بیرکردنەوە عەسکەرتارییەی واز بهێنێت و تێبگات لەو زمانەی داوای مافی خۆی دەکات، قورسە بۆ سیاسیەکانی ئێمەو بەتایبەت لەئێستادا کەئاگاداری حسابی خەڵکی نین!، نیو هێندەی ئەوەی سەرقاڵی کارە تایبەتی و داگیرکردنی خاکی کوردستانن لەشار وشاروچکەکان بەکردنەوەی باخ و کۆمپانیا و بینای جیاواز و سەرنج راکێش کە ئەمە خزمەت بەخەڵکی ناکات، بۆیە هەندێک جار باس لەسیاسیەک دەکەن، کە ڕۆژێک "وتویەتی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت گوندنشینەکان خزمەتی ئێمەیان کردوە، بەدوو هێلکە ئێستا بابێن تەبەقێکیان بدەینێ"، لەڕاستیدا دەبوو ئێستا خەڵکی هەرێمی کوردستان و ئەوانەشی لەدەرەوە دێن، پێویست بوو لەئاوادان کردنەوەی لادێ و گوندەکانی کوردستان شتێکی سەرسوڕهێنەربوایە بۆیان، نەک ئەوەی ئێستا دەسەڵات هەموویان کردۆتە پۆلیس و پەیتاپەیتا گوندەکان بەرەو چۆڵکردن هەنگاو دەنێت، ئێمەش بۆتەنها دەسکێک سەوزە یان میوەیە دەبێت چاوەڕێی وڵاتانی دەرەوە بکەین، لەبەر ئەوە دەڵێم عەیبەیەکی گەورەیە ڕۆژانێک ئەو شوێنانە جێگەو لانکە و مێژوی ئێوە بووە، ئێستاش ئاوا خەڵکی کوردستان چاکەیان بدرێتەوە کە هەموویان بۆنی نیشتمانێکی ڕاستەقینەو کوردایەتی و کلتورێکی کوریانەی بەهێزیان لێدێت، ئێوەش ساڵانە ئەو مێژووە بەناوی ڕاپەرینەوە بۆ چەند بۆنەیەکی کلاسیکی و حزبی  بکەنە شۆڕش و بەرخودانی میللەتی کورد، بۆیە بەهەموو ئەوانی ئێمە نا بەڵکو ئێوە ئەنجامی دەدەن و ڕەنگە بەڵێنی زۆرتان لەشاخ دابێت بەکوردستانیان، بەڵام ئەمەی ئێستا ساڵانە دەکرێت ڕاگۆڕینە نەک ڕاپەڕین!

هەروەک فەیلەسوفێک دەڵێت"کاتێک  شۆڕش و ڕاپەڕینەکان،نەیانتوانی ئامانجی گشتی وەدەستبخەن، بەڵام دەتوانن هێزێک لەناخی هەرتاکێک دروست بکەن و لەداهاتوو رووبدەنەوە"
ئایا ئێستا دوای ٢٥ ساڵ لەراپەرینی خەڵکی کوردستاتوانراوە ئامانجە باڵاکان کە ئامانجی گەلی کورد بۆ ئەوە بووە بێتەدی؟ ئایا رۆڵ و سیمای ئەو هێزانەی هەبووە پێشتر، ئێستا چەندە لەنێو کۆمەڵگای کوردی پێشوازیان لێدەکرێت؟ دەرئەنجامی بێزاری خەڵک لەچیە و بۆچی رۆحیەتی نەتەوەی و پاڵپشتی هێزە شەرکەرەکانی ئەو کات لاواز و کاڵبونەوە دەبینرێن؟ بەقەناعەتی من هۆکار گەلێک هەنە لەسەروو هەمویانەوە ناعەدالەتی و نەرەخساندنی دۆخێک کە هاوڵاتی بوون تێیدا بەئاسودەی ژیان بکات و هەست بە جۆرێک لەغەریبی نەکات، نمونەشمان سەرهەڵگرتنی هاونیشتمانیانی باشوری کوردستانە وەک پەرچەکردارێک لەهەمبەر ئەو دەسەڵاتە سوڵتان و مەلەکیەتەی قەیرانگەلێکیان دروستکردوە، کە فەزای گشتی توشی داروخانی دەرونی گەورە بووە لەپێش دۆخی ئابوریەکە. هەربۆیە نامۆبونی بۆتە ناسنامەی تاکی کۆمەڵگای کوردی لەسەر خاک و وڵاتی خۆی و رێگاکانی مەرگ یان وڵاتانی بێگانە بۆتە بەشێکی گەورە لەناخیداو هەڵهاتن بەباشترین چارەسەر خیار و کارتێکی بەهێزە لەمانەوە لەو فەزایەی پێی دەگوترێت نیشتمانی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە  -  ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# دیبلۆماسیەت و ڕاپەڕینی کوردیی لەم چەرخەدا



**بەهرۆز جەعفەر**

لەواقیعدا ڕاپەڕین و دیبلۆماسیەت، هیچ پەیوەندییەکی دراماتیکی یان نییە، ویستم خاڵێکی گرنگ بۆ دیبلۆماسیەتی هەرێمی کوردوستان بخەمە ڕوو، ئیتر لە ترسی ئەوانەی لەچوارچێوەی خۆیدا نوسین ناخوێننەوە، تا نەڵێن خەڵک باسی چی ئەکاو ئەو لەچی ئەخوێنێ..وەلەو من ئالەتی دەستی بیرکردنەوەی خەڵک نیم، بەڵام دوو دێڕ لەسەر ڕاپەڕینەکە ئێژم، کە بێسەروبەرەیی و ژاوەژاوەکە وای لێ ئەخوێنرێتەوە، ئەوسا ئەچمە سەر دیبلۆماسیەتەکە: لە ڕووی چوارچێوەی مێژوویی و فکریی و ڕەوشی نێودەوڵەتییەوە، چەمکی شۆڕش یان هەڵسانەوە (Revolution& Uprising) سەت لەسەت گۆڕانکاریی بەسەراهاتووە، من ناڵێم کاڵبوەتەوە چونکە وەک ئەو پزیشکە ئێسک گران ئەبم کە پێش بردنە هۆڵی نەشتەرگەریی هەواڵی مردنی نەخۆشەکە ڕائەگەیەنێت. ئەمە بۆچی؟.

یەکەمیان لەبەرئەوەی لە لێکۆڵینەوەی پێشوتردا باسی ئێستای دیموکراسیەت و ئایندەی سیستەمە دیموکراسیەکانمان کرد. دووەمیان: هیچ توێژەرێک ناتوانێت تەحەدای ئەوە بکات کە لەدوای سەرهەڵدانی پیشەسازییەوە لە تەواوی دونیادا، شۆڕشێکی سەرکەوتوو ڕوویداوە.. ناشتوانرێت پێشبینی و زەمانەتی شۆڕشێکی جەماوەریی بکرێت. یان وەکو بیرمەندی فکری سیاسی ئیرلەندی" ئیدمون بیرک- Edmund Burke" بڕوای بە گۆڕانی لەسەرخۆ و پلە بەپلە هەیە. یان وەرچەرخانێکی فەرهەنگی کە ئینسانی کوردیی بکاتەوە بەخاوەنی خۆی. ئەگەرنا ئەبێتە: ململانێکەی نێوان لینین و ترۆتسکی لەسەر (تیۆریی شۆڕشی هەمیشەیی - نظرية الثورة الدائمة) سەرەنجامەکەی کوشتنی ترۆتسکی بوو (بە تەور) لە ئیسپانیاو، بەنزیکی دە ملیۆن چینی چەوساوەو کرێکاریش لەوساوە لەسەر ئەوە تیاچوون و کوژراون..یان وەکو شۆڕشی ئێرانی ساڵی (١٩٧٩) کە "شۆڕشی هیچ" ە. چونکە لەرێگەی هەندێ کاسێت و کاغەز و شتەوە بووە، یاخود وەک ئەوەی عەبدولکەریم

قاسم (١٩٥٨) سیستەمەکە ئەگۆڕێت بەڵام هەیکەلی سیاسیی و ئابوریی و ئیداری و شەڕی مەزهەبی وەک خۆی مایەوە، یاخود شۆڕش بەڕێگەی هۆکارو ئەجێندەی دەرەکی کە دوورنییە کوردوستانیش وەکو "فەنزەویلا" ی ساڵی (٢٠٠٠) لێ بکەن، کە مافیاکانی نەوت دژی هۆگۆ شافێزی سەرۆکی ئەو وڵاتە نرخی نەوتیان داگرت، فەنزەویلا لە لوتکەی گەشەکردندا بو، چونکە شافێز پەنجەی دژی بووش بادا، ئیتر هەندێ ئەفسەری باڵای فەنزویلا لە لایەن سی ئای ئەی دوە بەکرێگیرا، هانی خاوەن کۆمپانیاکانی نەوتیش درا، کە کرێکارەکان بخەنە سەر شەقام دژی سیستەمەکە.

ئیتر... ئاوها... زیاتر لە دووسەت ساڵە شۆڕشێک بە مانای شۆڕش ڕووی نەداوە.. ئەوە نەبێت، کە لەساڵی (٢٠١٥) دا، جیهان بینی، کە هادەپ چۆن ملیۆنەها کوردیی بە تورک کراوی لەخەو ڕاچڵەکاند. چونکە پەکەکە وەک مەنزومەیەکی نەتەوەیی فکریی ئیعلامی مرۆیی ئاڕاستەی کردن بەرانبەر حکومەتی ڕەگەزپەرستی تورکیا.

بە بڕوای من، بە ئینسترۆمێنتکردن (بە ئامرازی کردن) ی فکر یا هەر مرۆڤ خۆی بۆتە ڕۆبۆتەکە، هۆکاری کاڵبونەوەی شۆڕشە لەجیهاندا، لە پێش سەدەی نۆزدە بۆیە ئاشتبونەوەی نێوان کاسۆلیک و پرۆتستانت کرا، چونکە ڕاستەخۆ فکر و ڕێنیسانس دەوری بینی، شۆڕشی بۆرجوازییەت (شۆڕشی فەڕەنسا - ١٧٨٩) بۆیە شۆڕشێکی پرمانا بو، بۆیە باستیل ڕووخا، بۆیە شۆڕشەکە مێژووی کرد بە دوولەتەوەو، بۆیە ژنی سەرخست و ، کۆیلایەتی نەهێشت و، بە عەلمەنەکردنی کۆمەگا بو، لیبیرالیەت و ڕادیکاڵیەت و قەومیەت و ئیشتراکیەتی بڵاوکردەوە، چونکە ڕۆسۆ و ڤۆڵتێرەکان لە پشتییەوە بون، ڕۆشنبیرەکان لەوێ کۆمەڵگەو ئیعلامیان ئاڕاستە ئەکرد، بەپێچەوانەی کوردوستانەوە خەڵک و ڕاگەیاندن ڕۆشنبیرەکان ئاڕاستە ئەکات!. ئەها وەکو پەرلەمانتارەکانی ئیمڕۆ و ڕۆشنبیرەکانی دوێنیی کورد هێشتا تەکبیرێکی بێدەنگ و پلانێکی باشی دانەناوە، خەمی ئەوەیەتی چۆن ڕەسمێک بگرێت لە فەیسبوکا بڵاوی بکاتەوە!!؟. بۆیە هەر هەڵسانەوەیەکی خەڵک ئەقڵیەتێکی متمانە پێکراو و، دونیا بینیەکی باشی، لەگەڵ نەبێت، بە ناڕاستەوخۆ خەڵک هان بدرێت تا دۆخەکە بتەقێتەوە، یان توندکردنەوەی گوتاری میدیایی بۆ مەبەستی سیاسیی و حزبی، ئەوا بۆ خۆی لەقازانجی دەستەڵاتدارەکانە، چونکە بەدیدی ئەوان بەلای کەمی کۆمەڵێک کەسی بێزار و زیادە لەکۆمەڵگە لەناو ئەچن (بیرتان نەچێت هەموو ئۆپۆزسیۆنێک دیوێکی تری دەستەڵاتە).. بە کورتیەکەی دۆخی کوردوستان لەوە لاوازترە باسی ڕاپەرینی تیا بکریت. ئە شتوانن ئەو ئەزمونەش تاقی بکەنەوە!! کاکە، هەرگیز خەڵک وەک دەستگەی زانیاری و پاراستن زیرەک نییە، هەرگیز خەڵک ئاگای لەم دونیایە نییە چی ڕووئەدا !!!. چۆن گوایە خەڵک پلانی موخابەراتی و گەمەی مافیاکانی ئابوریی و بانکی درک ئەکات!!.

غەیر ئەبێت چوار ڕۆشنبیر هەبوبێت پێشوتر بۆی ڕوون کردبنەوە. ئیسرائیل ئەوسا ئەچوو ڕۆشنبیرە عەرەبەکانی ئەکوشت نەک سەرکردەکانی، ئێستا عەرەب ڕۆشنبیری نییە، کوامە میسرەکەی جارانە؟. کوامە نوسەری ڕادیکاڵی کورد هەڕەشەی

دەرەکی لەسەرە؟!. سەرقاڵکردنی خەڵک بەوەی گوایە هوشیارییان هێناوە، جا خۆزگە خەڵک هەر نەیزانی با (بودجە) چییە، کە بەقەولی ئۆپۆزسیۆن ئەوان فێریان کردوین. پێشتر خەڵکی نەیئەزانی زروفەکە خۆشتر بو!. ها.. ئەوە من بەرژەوەندییم لەهیچا نییە بۆیە وا قسەئەکەم، خۆ ئەگەر سەر بەحزبێک یان شوێنێکی دەرەوە بومایە چاکم هان ئەدان و، دوایش تێم ئەقوچان. بابێمە سەر دیبلۆماسیەتەکە: کورد (زیاتر باشور) ئەم ڕۆژانە، ئەم مانگانە، ئەم ساڵانە، دیبلۆماسیەتەکەی بێئەندازە ئەخوازێت بریتی بێت لە: ئامادەگی لە دونیادا.. ئامادەبوونیش لەدونیادا پارەی گەرەکە. مەسەلەن لەڕووی عیلمی سیاسەتەوە، ئەبێت بودجەی وەزارەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک بەقەد بودجەی هەموو وەزارەتەکانی تری حکومەتەکە بێت، وە ئەبێت ژمارەی فەرمانبەرەکانی سەر بەوەزارەتی دەرەوە نزیکەی بەقەد هەموو حکومەتەکە بێت (حکومەتی هاوچەرخ ئێژم نەک ئەوانەی ملیۆن و نیوێ مووچە خۆری قسە زلیان هەیە). دیارە وەک هەرشتێکی تر، دیبلۆماسیەتی کوردیش، حزبێنراوەو، ئەگەرەکان؟ هەڕەشەکان؟. ئامانجەکان؟. ی پۆلێن نەکردووە.. جا ئیتر دیبلۆماسیەتەکە بەرەو کوێ و؟. ڕاپەڕینەکە بەرەو کوێ؟. هیوادارم لایتێک، یاخود تیشک ێکم لە ڕێگەکە دابێت.تا مەشهەدەکە وەک خۆی ببینرێت.. بەو زوانە لێکۆڵینەوە باسێکی تر سەبارەت بە کاریگەری سیاسەتی ئابوریی نەوت و گازی سروشتی لەدەریای سپی ناوەڕاست بەسەر هەرێمی کوردوستانەوە ئەخەمە ڕوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان - ڕێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠١٦

# راپەڕینی سەرتاسەری



**ڕێبین هەردی**

ڕەنگە کەم مێژوی سیاسی هەبێت هێندەی ئێمە پڕ لەبرینو سەرگەردانیو ناخۆشی بێت. ئێمەی کورد هەمو ئەو روداوە خێراو توندو هەڵگەڕانەوە سەیرانەمان بینی کە ڕەنگە لەمێژوی دیدا پێویستی بەسەدەیەک یان زیاتر هەبێت بۆ ئەوەی روبدات. سەردەمی گۆڕانی خێراو کارەساتی خێراو ناخۆشی زۆر ژیایین. لەشۆڕشی ئەیلولەوە تا هەنوکە روداو و کارەساتو چیرۆکی سەرکەوتنو ژێرکەوتنی وامان دی کە ڕەنگە گەلانی دی سەدان ساڵیان بوێت بۆ ئەوەی بیبینن. چیرۆکی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولو کەوتنی، سەرهەڵدانەوەی شۆڕشو بالاگرتنی ستەمکاری. ئەنفالو هەڵەبجەو راپەڕینو کۆڕەو. شەڕی ناوخۆو کەوتنی بەعس. دروستبونی دو ئیدارەییو لەحیبونەوەی. شەڕی داعشو گرفتی بەغدا، چیرۆکی دورودرێژی حوکمڕانیەکی نابەرپرسیارو پڕ لەگەندەڵی، دروستبونی ئیماراتی حیزبیو مافیاکانی دزیو فڕاندنو کوشتنی لابەلا. مێژویەک ژیایین چەند درەوشانەوەی تیابو، هێندەش تاریکی، چەند شانازیو هەستکردن بە بەختەوەری تیابو، هێندەو زیاتریش ناکامیو نائومێدی.

بەڵام ئەوەی بەدرێژایی ئەم مێژوە رویداوە ئەوەیە کە هیچ کەس، یان هیچ هێزێک بۆ جارێکیش بوە داوای لێبوردنی لەو کارانە نەکردوە کە ئەنجامی داون. مێژوی ئێمە مێژویەکە پڕە لەهەڵەو کەموکوڕیو بگرە تاوان، بەڵام خاڵی لەدەنگێک کە بۆ جارێکیش بوە داوای لێبوردن بکاتو دان بەوەدا بنێت کە هەڵەی کردوە. کەس دان بەهەڵەدا نانێت. کەس ئامادە نیە بۆ جارێکیش بوە سەیرێکی خۆیو کردارەکانی بکاتو بڵێت من هەڵەم کردوە. ئێمە لەکۆمەڵگاو مێژویەکدا ژیاین کە کەس تیایدا داوای لێبوردنی لەهیچ شتێک نەکرد، چونکە لەبنەڕەتدا پێیەچێت کەس هەست نەکات هەڵەی کردوە. لەکۆمەڵگاو مێژویەکدا ئەژین پڕە لەکەموکوڕی، هەڵە، تاوان، بەڵام هەموان هەست ئەکەن تیاییدا نوێنەری راستین. لەمێژویەکدا ژیاین لەگەڵ ئەوەشدا کە پڕە لەهەڵەو کەموکوڕی، بەس هەموان تیایدا راست ئەکەن. هەموان هەست ئەکەن هەرچیەکیان



سەرچاوە Serchawe

کردوە ڕاست بوەو گەر کەموکوڕیو هەڵەیەکیش هەبێت، سوچو تاوانی ئەوان نیە، بەڵکو سوچو تاوانی کەسانی ترو هێزی ترە.

رەنگە ئەم دۆخە لەبواری سیاسیدا لەهەمو بوارەکانی دی زیاتر دەرکەوێت. بکەرە سیاسیەکانی کوردستان هەمیشە ڕاست ئەکەن، بڕیارەکانیان هەمیشە ڕاستو هەنگاوەکانیان دروستو کارەکانیان بێ کەموکوڕیە. هەرچیەکیش کە خراپو هەڵەیە، بەهۆی کارو کردەوەکانی هێزەکانی ترەوەیە. مێژوی ژیانی سیاسی ئێمە بەردەوام مێژوی تاوانبارکردنی بەرامبەرەو ناساندنی بەهۆکاری سەرەکی هەمو ئەو شتانەی ڕو ئەدەن. هەمو بکەرە سیاسیەکانی کوردستان لەوەدا سەرکەوتو بون کە هەمیشە هەمو ئەو هەڵەو خراپەکاریانەی ڕو ئەدەن، بخەنە ئەستۆی لایەنی بەرامبەرو خۆیانی لێ بێبەری بکەن. هەمو ئەو قسە بەناوبانگەی مەسعود بەرزانیمان لەبیرە کە خۆیو تاڵەبانی لەهەڵگیرسانو ڕودانی شەڕی ناوخۆ بێبەری کرد.

**"کۆمەڵگای ئێمە لەژێر کاریگەری مەکینەیەکی ڕاگەیاندنی حیزبی جیاوازدایە کە توانیوێتی بەشێکی کاریگەری خەڵکی کوردستان قەناعەت پێبکات کە هۆکاری هەڵەو کەموکوڕیەکان هێزەکانی ترن.**

هەڵەکان هیچکات بەهۆی بکەرە سیاسیەکانەوە نەبوەو ئەوەی لێی بەرپرسیارە، هێزەکانی دیە. ئەوەی کە هێزە سیاسیەکان سامانێکی زۆر لەڕاگەیاندندا سەرف ئەکەنو سامانێکی زیاتر لەکڕینی ئەو قەڵەمو بیرو قسەکردنانەدا سەرف ئەکەن کە بەردەوام پروپاگەندە بۆ ڕاستی هەنگاوەکانی بکەرە سیاسیەکان ئەکەنو هەڵەکانیش ئەخەنە ئەستۆی هێزو بکەری سیاسی دی، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموان ئەیانەوێت لەبەردەم خەڵکدا ڕاست دەرکەون. تارادەیەکی زۆریش لەمەدا سەرکەوتو بون. لەکوردستاندا ناڕەزایەتی زۆرە، ڕەخنە زۆرە، هەستکردن بەکەموکوڕیو هەڵەکان ئامادەیە، بەڵام ئەوەی ئامادەنیە ڕێکەوتنە لەسەر هۆکاری هەڵەکان.

ئەو پرسیارەی بۆچی لەپاش ئەزمونێکی سیاسی پڕ لەهەڵەو گەندەڵیو پێشێلکردنی یاسا، تا ئێستاش ناتوانرێت ناڕازیەتیەکی کاریگەر ببینرێت کە بکەرە سیاسیەکان ناچار بەگۆڕانو چاکسازی بکات، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ناڕازیەتیە پەرشو بلاو و فرە ئاراستەیەو ڕوی لەیەک بکەری سیاسیو یەک هێزی دیاریکراو نیە. خەونی کاردانەوەی سەرتاسەری کۆمەڵگای کوردی بەرامبەر بەخراپیەکانی دەسەڵاتداران، خەونێکە بۆ ماوەیەکی زۆر دواخراو.

کۆمەڵگای ئێمە لەژێر کاریگەری مەکینەیەکی ڕاگەیاندنی حیزبی جیاوازدایە کە توانیوێتی بەشێکی کاریگەری خەڵکی کوردستان قەناعەت پێبکات کە هۆکاری هەڵەو کەموکوڕیەکان هێزەکانی ترن.

لەکوردستاندا هەڵەکان زۆرن، بەڵام بکەری هەڵەکان هەمیشە ئەوانی ترن. لەکوردستاندا دزیو گەندەڵی زۆرن، بەڵام

بکەرانی خەڵکی ترو هێزی ترن. هەر گروپەو گروپەکەی دی بەرێگری سەرەکی لەباشتربونی دۆخەکە دائەنێت. ئەم دۆخە وایکردوە، بەپێچەوانەی هەندێک هاوڕێوە کە وائەزانن لەپاش ئەو کەموکوڕیو هەڵە گەورانەی بۆ هەموان ئاشکرا بوە، کوردستان لەبەردەم ئەگەری ڕاپەرینێکی سەرتاسەریدایە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کوردستان گەر لەبەردەم ئەگەرێکی سیاسی لەناکاودا بێت، ڕاپەرینی سەرتاسەری نیە، بەڵکو شەڕی ناوخۆو دابەشبونێکی بەردەوامە کە دەرئەنجامەکانی نەک لەدەرئەنجامەکانی شەڕەکانی پێشتری ناوخۆ باشتر نابێت، بەڵکو ڕەنگە خراپتر بێت. کوردستان بەجۆرێک دابەشبوە نەک هەر لەروی ئیداریو دەزگاییەوە، بەڵکو لەروی زیهنیو کلتوریشەوە کە هیچ ئەگەرێکی راستەقینەی بۆ یەک هەڵوێستیو یەک تێگەیشتنی هاوبەش نەهێشتۆتەوە.

ڕاستیەک کە ئەبێت بیزانین ئەوەیە، دۆخی کوردستان لاوازترە لەوەی بەرگەی بۆچونی ڕاپەرینی سەرتاسەری یان خۆپیشاندانی سەرتاسەری بگرێت، چونکە ئەوەی لەم دۆخانەدا ئەگەری روودانی هەبێت، پتر شەڕی ناوخۆو پارچە پارچەبونی زیاترە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٦

# ڕاپەڕین



ستارە عارف

رێک لەساڵیادی راپەڕین دا پێنج مانگە خەڵک بێ موچە و خزمەتگوزاری و ژیانە، لەم ساڵیادەدا ئازادی رادەربڕین لەژێر هەڕەشەدان و دەزگا ئەهلی و ئازادەکان، یان داخران یان هێرشی دزێویان بە مەبەستی بێدەنگکردن دەکرێتە سەر. هێزی سەربازی بۆ چاوترساندنی هاوڵاتیان و پاراستنی هێزی ستەمکار بە هەمو کۆڵان و شەقامێکی شارەکان بڵاوکراوەتەوە، کەچی لەولایشەوە وڵات بێ ئاسایش و چاودێرییە و دەروازە کراوە و شارەکان بونەتە هێلانەی گروپی جۆراو جۆری بازرگانیکردن بە فیکر و هۆش و جەستەی مرۆڤەوە و ئاخنراون لەعەرەب و بێگانە و لایەنی نەناسراو و ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و رامیاری و ئابوری و تەندروستی و ئاکاری خەڵک لەمەترسیدایە.

رێک لەم یادەدا تاقمێک چەتەو مافیا لەترسی ژیان و سامانەکانیان، کەوتونەتە ئازاردانی خۆپیشاندەران و رێگری لەڕەوتی ئاسایی ژیانی خەڵک و نانبڕینی رەش و روت و پڕوپاگەندەی چەواشەکارانە، رێکەوتێکی سەیرە بیست ساڵێک پێش ئێستا چاوەڕێ بوین، لەدەست ستەم و چەوساندنەوە و دڕندەیی رژێم رزگارمان بکەن، کەچی ئێستا بانگی راپەڕین دژی ستەمکاری و چەتەکاری ئەوان لەبڵندیدایە و هەمان زنجیرە ستەمکاری رژێم دوبارە دەکەنەوە. بە هەمو پێوەرێک ئەم هەمو ستەمکارییە دژی هاوڵاتیان و راگەیاندن و بیروڕا و جوڵەی ئازاد و بێ سەرپەرشتی و بەرەڵایی شار و بازاڕ، نیشانەی داتەپینی متمانەی نێوان دەسەڵات و هاوڵاتیانن و زەنگی لەناوچون و گلۆر بونەوەیانە بۆ زبڵدان لێدراوە.

یادی راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١، گەل کردی و ئەو تاقمە لەسەری رۆیشتن و لەسایەیەوە خوێنی خەڵکیان مژی، هێندە شێوێندویانە و لەناوەڕۆکی خۆی دەریانهێناوە، کە پیرۆزبایی یادەکە دەکەن، خەڵک هێندەیتر لەدەرەنجامی راپەرینەکە تورە دەبێت. هێشتا ئەوانی زەرو ئاسا دژی گەندەڵی دەدوێن و ئاڵای کوردستانیان بە پێشی ئۆتۆمبێلی ئاسایشدا

هەڵواسیوە و نمایش دەکەن، نازانن مەرج نیە هەر لەیادی ڕاپەڕیندا خەڵک ڕاپەڕێت، دەشێت دوهەم ڕاپەڕینی خەڵک لەکات و ڕێکەوتێکیتردا ڕوبدات، گرنگ ئەوەیە خەڵک بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ و ماف و ئازادییەکانی هەر رادەپەڕێت و ئیرادەی گەل هیچ هێزێک بێدەنگی ناکات، لەمەودوا خەڵکیش نابێت ڕێگە بە هیچ هێزێکیتری ناشایستە بدرێت، بە ئاسانی لەسەر ڕەنج و قوربانیەکانی خەڵک بژی و خۆی و نزیکەکانی دەوڵەمەند بکات، ئەگەر هەڵقولاوی ناو خەڵک نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# لە یادی ڕاپەڕیندا، وردتر بیربکەنەوە!



**کەمال موسلیم**

هەرێمەکەمان بە قۆناخێکی هەستیار و روداوی مەترسیدار تێدەپەڕێت و بەرەو هەڵدێر دەڕوات، چەندین قەیرانی گەورە و ترسناک بەرۆکی گرتوین، لە سەروی هەمویانەوە قەیرانی دارایی و بێ موچەیی کە لێکەوتەی قەیرانەکانی ترە (بە تایبەتی سیستەمی سەرۆکایەتی) و کاریگەری سلبی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان داناوە و چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا هێناوە.

خەڵکی دەپرسن دوای ٢٥ساڵ داهات و سامانی ئەم وڵاتە بۆ کوێ چو؟ گەنجینەو بانقەکانی ئەم هەرێمە بۆچی خاڵی بون؟ بۆ خەڵکەکەی کەوتنە سەرساجی عەلی؟ بۆچی حکومەت دەستە وەستانە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و دابینکردنی لانیکەمی پێداویستیەکانی ژیانی سادەی هاوڵاتیان؟ تا کەنگێ حکومەت هەست بە ئازاری خەڵک ناکات و نایەوێ لەو کێشانە بگات کە میللەت تێی کەوتوە، تاکەی لەوە ناگات کە هەرێمەکەمان لە تونێلێکی تاریک دایەو نازانین کۆتاییەکەی بە کوێمان دەگەیەنێت. ئەم بێباکیە ناڕەزایەتی و توڕەیی گشت چین و توێژەکان (جگە لە کەمینەیەکی سودمەندی مشەخۆری)ی لێکەوتۆتەوە.

پێویستە دەسەڵات لەم ناڕەزایەتیانە بگات و وەک خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکات نەک تۆمەتی ئاژاوەگێری بداتە پاڵ ناوچەیەک و بێ دەنگی ناوچەیەک بە ملکەچ یا رەزامەند حساب بکات، پێویستە ئەوە بزانن کە نە ئەم ناوچە ئاژاوەگێڕ و نە ئەویان رەزامەند و دەست لەسەر سنگ، دەبێ بزانن کە هەردولا یەک پەیامیان پێیە، بەڵام بە دو دەربڕینی جیاواز. بۆ ئەوەی لە مانا شاراوەکانی پشت بێدەنگی ئەم شارە بگەن پێویستە بە مێژوی شارەکەدا بچنەوە، چونکە مێژوی ئەم شارە نیشانی داوە کە بێدەنگی هەمیشە نیشانەی رازی بون نیە، لە پێشدا گوتراوە بێ دەنگی وەڵامێکی شایستەو دروستە، بەڵام

هەمو کەسێک تێیناگات، هەندێ بێدەنگی هەیە هاواری گەورەی لە ناخیدا حەشارداوە لەو کات و شوێنەی زوڵم و ستەم سنورەکان دەبەزێنن و بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان دەخرێنە ژێر پێ و تەحەمولی کۆمەڵ کۆتایی دێت، ئەو کاتە تێدەگەن ئەم بێدەنگیە چەند رق و کینەی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتوە، ئەو کاتەش پەشیمانی داد نادات و میللەت پێتان دەڵێت یارییەکە تەواو بۆ دەرەوە، هەروەک بەختیار عەلی لەشاری مۆسیقارە سپییەکان دەڵێت (شارەکان و شوێنەکان بێئەوەی هیچ بدرکێنن دەرماندەکەنە دەرەوە، زۆر بێدەنگی هەیە بێدەنگی قەبول نەکردنە، دەبێت بتوانین گوێ لە بێدەنگی بگرین، ئاوازی ناو بێدەنگی ببیستین، دەبێ بێدەنگی ئەم شارە لە بێدەنگی گۆم و درەخت و ئاسمان جیا بکەینەوە).

بۆیە تا نەگەیشتونە ئەم ساتە وەختە پێویستە باشترو وردتر بیربکەنەوە، ئەگینا وەک زەینلعابدین بن عەلی تونس کە لە کاتی سەردانیکردنی محمد البوعزیزی لە نەخۆشخانە گوتی: ئێستا تێدەگەم، بەڵام درەنگ تێگەیشتنەکەی دادی نەدا!

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٦

# ڕاپەڕین یان ریفراندۆم؟!



**ڕێبوار حسێن**

ئەگەرچی گەلی کورد زۆر دەمێکە خەون و خەیاڵی لای سەربەخۆیی و ئازادی نەتەوەکەیەتی، بەڵام تاکو ئێستا ئەو خەونە بەدی نەهاتووەو لە پێناویدا چەندان شۆڕش و ڕاپەڕین کراون و چەندان سەرکردەش لەو ڕێیەدا گیانی خۆیان بەخت کردووەو هەروەک چەندان هێزو میرنشین لەسەر ئەو خواستە ڕوبەڕوی لەناوبردن و هەڕەشەو شەڕ بونەتەوە، هەرچەندە ئەوانە نەبونەتە هۆی ئەوەی کورد بێدەنگی هەڵبژێرێ و لەو مافەی خۆش بێت ئەگەر بە ناویش بێت هەندێ لە میرنشینەکان وەکو سەربەخۆو دەوڵەت ناوی خۆیان ئاشکرا کردوە، بەڵام ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع دەیبینین ئێستا کورد نەک خاوەنی دەوڵەت نیە، بەڵکو دروستکردنی دەوڵەتێکی لەو جۆرە وڵاتان بەهەڕەشەو مەترسی دەزانن بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە.

دەمەوێ جارێکی دیکە ئەوە بیربێنمەوە خەڵکی دەڤەری ڕاپەڕینی سەربەرز لە ڕۆژی ٥ - ٣ - ١٩٩١ دژی زوڵم و ستەمی بەعس ڕاپەڕی و ئەو بەعسەی خەڵکی لێی دەترسا، لەبەرامبەر توڕەیی جەماوەردا خۆی نەگرت و لەڕۆژی نەورۆزدا ئاگری نەورۆز لە کەرکوکی کوردانددا هەڵکراو، لەم ڕۆژانەشدا کە نزیک دەبینەوە لەو یادو بیرەوەریە، لە دوای ئەو مێژووەوە (١٩٩١) تاکو ئەمڕۆ (٢٠١٦) بیست و پێنج ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر ئەو یادەو بەداخەوە خەڵک بە جۆرێ لە سیاسەت و حکومداری ئەو دەسەڵاتدارانە بێزار بوە زۆرجار گوێمان لە ئاخی هەندێکیان دەبێت کە ئاخ بۆ ڕۆژانی بەر لە ڕاپەڕین بخوازن! چونکە لەسەردەستی ئەو حکومەتە هاوڵاتیان توشی شەڕو ناخۆشی و دەربەدەری و گرانی و قەیران و براکوژی بونەوە، لەم یادە ٢٥ ساڵیەدا کە وڵات بە چەندان قەیرانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و دارایدا تێپەڕ دەبێت، هاوڵاتیان نەک حەزو ئارەزویەکیان بۆ یادێکی وەها بە گیرفانی خاڵی و سکی برسیەوە نیە، تەنانەت دەڵێن چاکی مەکە با خراپ نەبێ و باسی مەکە با برینەکانمان نەکولێنەوە!



سەرچاوە Serchawe

کەچی هێزێکی سیاسی کە توانای چارەسەرکردن و تێپەڕاندنی قەیرانەکانی نیە دەیەوێ بازێکی گەورەتر بدات و کورد بکاتە دەوڵەت لە ڕێگای پرسی ریفراندۆمەوە، وەک وتراوە (توانای وەسفکردنی شەقامێکی نیە، کەچی باس لە جوانی شارێک دەکات!) ئەو دەسەڵات و حکومەتە نەک هەر خۆی لەبەردەم خەڵک و جەماوەردا جوان و شیرین نەکردوە تاکو بەدەم بانگەوازەکەیەوە بچن بۆ ریفراندۆم، بگرە لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ و ڕۆژانی دواتر لە زۆرێک لە شارەکان ڕاپەرینی مەدەنی هاوڵاتیان دژی دەسەڵات ئەنجامدراو لە قەیرانەکانیشدا دیسانەوە خەڵک خۆپیشاندانی کردو بە دەسەڵاتی وت (ارحل)، چونکە دەسەڵاتێک بە ٢٥ ساڵ حکومەتداری و لەبەردەست بونی سامانێکی زۆر نەتوانێ گەلەکەی بژیەنێت و لە قەیران رزگاری بکات، نەک ناتوانێ ببێتە دەوڵەتدار بەڵکو ئەویش ڕاپەڕینێکی پێویستە، جا ڕاپەڕین بە چاکسازی یان ڕاپەڕین بە گۆڕین، کەواتە بەر لە ریفراندۆم پێویستە دەسەڵات و حکومەت بیرێک لە ڕاپەڕین بکاتەوە دژی ئەو گەندەڵکارانەی کە وایان کردوە خەڵک متمانەی بە دەسەڵاتداران و حکومەت نەمێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٦

# ڕاپەڕین لە دو خاڵی مێژویی جیاوازدا



**فایەق سەرچناری**

دیارە لەهەر وڵاتێکدا وەختێ زوڵم و ستەم سەرهەڵئەدەن ئیتر لێرەوە ناڕەزایی خەڵکیش لەگەڵیا دروست ئەبێ و پەرە ئەسێنێ. زوڵم و ستەم بەو مانایەی کە ئازادی، دیموکراسی و یاسا لەلایەن دەسەڵاتەوە قۆرخ ئەکرێن. یان سەرهەڵدانی گەندەڵی و دزینی سەروەت و سامانی وڵات و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگادا ئەمانە هەمویان هۆکاری سەرەکین بۆ پێناسەی زوڵم و ستەم، وەختێ ئەمانە پەرە ئەسێنن ئیتر رقی میللەتیش لەگەڵیا پەرە ئەسێنێ و لە کۆتاییدا ئەبێتە هۆی تەقینەوەی خەڵک بەڕوی زۆرداراندا. نمونەش بەهاری عەرەبی کە لەم ساڵانەی دواییدا سەریانهەڵداو تۆڵەی میللەت گەیشتە ئەو رادەیەی لە چەندین وڵات ئەو سەرۆکانەیان بۆ هەتا هەتایە خستە ناو لاپەڕە رەشەکانی مێژووەوە.

ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ وەختێ سەریهەڵدا، مێژویەکی دورودرێژ هەبو ؛ە کوشتن و ئەنفال و کیمیاباران و چەوسانەوەی خەڵک لەلایەن رژێمی پێشوی عێراقەوە کە دەستی نەپاراست لەوەی مرۆڤایەتی رێی پێنەئەدا، ئەوەبو لەو ساڵەدا خەڵکی کوردستان بەتێکڕا لەو رژێمە هەستان و لەماوەیەکی زۆر کەمدا توانرا کوردستانیان لێ پاکبکرێتەوە. ئەوەبو هەمو تاوانباران گەیشتنە سزای گەل و نەیانتوانی خۆیانی لێ دەرباز بکەن.

بەڵام ئەم ڕاپەڕینەی کوردستانی عێراق دوای سەرکەوتن دو مێژوی زۆر جیاوازی تۆمارکرد کە ئەکرێ هەردوکیان باسبکەین.

**یەکەم**: ئەو مێژوەی کە شۆڕشێک هەبو، تەواوی خەڵک پشت ئەستوربو پێی کە ببێتە هەوێنی ئازادی و دیموکراسی و سەروەری یاسا و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئیتر لێرەوە خەڵک هەست بەوە بکات کە هەرچی پێکراوە یان هەرچەند زەرەرمەندبوە لێرەوە هەمو بیر ئەچنەوە. ئەوانەی لەم پێناوەدا شەهید بون ئیتر کەس و کارو خانەوادەیان زۆر ئاسودە



سەرچاوە
Serchawe

ئەبن و هەست بەوە ئەکەن کە خوێنی ڕۆڵەکانیان بە فیڕۆ نەڕۆیشتوە، ئەوانەی لەم پێناوەدا بەشێکی جەستەیان لەدەستدا ئیتر لێرەوە ئاسودەن، زیندانیانی سیاسی، ئەو پێشمەرگانەی کە تەواوی تەمەنیان بەخشیە ئازادی هەمو ئەم چین و توێژانە ئاسودەبون کە ڕژێمێکی دیکتاتۆر سەری هەڵگرت و شۆڕشگێڕانی کورد بونە حوکمڕانی وڵات. ئەمە بەشێکی ئەو مێژوە جوانەیە کە ئەم چین و توێژانە خۆیان کردە قوربانی بۆی، ئەوەش لەیاد نەکەین کە ئەندازیاری ڕاپەرین بەڕێز نەوشیروان مستەفا دەورێکی گرنگ و باڵای هەبو لەو نەخشەیەدا و ئەو مێژوەی بەجوانی پاراست بە دروستکردنی بزوتنەوەی گۆڕانیشەوە تا ئەمڕۆ.

**خاڵی دوەم**: ئەو مێژوە ڕەشەی بەداخەوە کە هەر لەسەرەتای ساڵانی ١٩٩٢ دەستپێدەکات، لەوکاتەوە ئەم نیشتیمانە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەشکراو بو بەدو کەرتەوە کە تا ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە، لەباتی ئەوەی قۆڵی کوردانەی لێهەڵکەن و بکەونە خزمەتی میللەت، بەڵام بە پێچەوانەوە پردێکیان دروستکرد لەو نێوەندەدا کە کەس دەستی نەیانگاتێ هەر لێرەوە کەوتنە وێزەی وڵات بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بەجۆرێک کەوتنە خزمەتی خۆیان تا کۆشک و تەلاری فیرعەونییان دروستکرد، لێرەوە خەڵکیان کردە گەداو کارێکی وایان پێکردن بۆ یەک پارەو نانێ پێویست بکات کڕنوشیان بۆ ببرێ، دواتر کەوتنە سیاجکردن و داگیرکردنی دەیان دۆنم زەوی و باخ و ڤێلا بۆ شوێنی حەوانەوەیان، بەمانەشەوە نەوەستان کەوتنە وێزەی جەستەی نیشتیمان بۆ دەرهێنانی نەوت و سامانی ژێر زەوی کە تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامییان هەیە.

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا لەناو حکومەت و پەرلەماندا هەر خۆیان کوێخاو خۆیان بڕیاردەرن، ئەوەی کە میللەت کردی و شەهیدان خوێنیان بۆ ڕشت بەرهەمەکەی ئەمان هاتنە سەر حازری و بە ئێستاشەوە نە حسابێک بۆ ئەم میللەتە ئەکەن و نە بەنیازیشن دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەڵات بکەن، بۆیە ئیتر زۆر پێویستە میللەت بیرێک لەم نیشتیمانە و لەداهاتوی نەوەکان بکاتەوە، چونکە بێدەنگی میللەت بەردەوامی بە دۆخەکە ئەدا. بەهەرحاڵ ڕاپەرین دو مێژوی جیاوازی تۆمارکرد یەکێکیان مێژویەکی زۆر پاک و ئەوی تریشیان لاپەڕەی ڕەش و نەفرەت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# دوای ٢٥ ساڵ وانەکانی ڕاپەرین هێشتا پێویستن



**دێدەوانی یەعقوب**

لەم نووسینەدا نامەوێ بچمەوە سەر هۆکارەکانی ڕاپەرین و بەرنامەی ڕاپەرین و قۆناغەکانی ڕاپەرین و گەڕانەوەو بۆ زوولم و زۆرەکانی حکومی سەدام و شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و چۆلکردن و ڕووخاندنی گوندەکان وسێدارەو ئەشکەنجەی زیندانەکانی سەدام و بەعس و هەل و مەرجی گونجاوی ڕاپەرین و سەرپەرشتی ڕاپەرین و داینەمۆکانی ڕاپەرین و دروستکردنی ڕێکخستنەکانی (سرک) واتا شانە چەکدارەکانی بروسک و شاڵاو لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕۆڵی سەرکردایەتی یەکێتی ویەکەم دەست ڕێژی گوللەی ڕاپەرین لەلایەن شەهید عەلی نەبی و شەهید بوونی سەرکردەو فەرماندەی وەک عەبدولرەزاق و حەمەرەش و جەعفەری حەمە دەروێش کۆیی و ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لەو ڕاپەرینەدا و چۆنیەتی ڕزگارکردنی شارو ئۆردوگاکان و گرتنی ئۆردوو سەربازگاکان . چونکە هەریەک لەو بەشە بابەت و باسانەدا تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ڕەنگە زیاتریش ئەوکەسانە بتوانن وردەکاریەکانی بزانن کەخۆیان لەناو واقیعەکەدابوون و ڕەنگە زۆریاشیان لەبارەوەگوترابێ و نوسرابێ و بیسترابێ.

بەڵام لایەنێک کە لەڕاپەریندا کاریگەری هەبوو بوو هۆی سەرکەوتنی ڕاپەرین و یەکخستنی خەڵک و یەک دەستی و یەک مەبەستی جەماوەری ڕاپەریووە هاتنەناو ریزی ڕاپەرینی چەکدارانی سەر بە حکومەتی سەدام لەوکات دا و بۆ ئێستاشدا هەمان گرنگی خۆی هەیە و هیچی وای لەوکاتەو لەو هەل و مەرجەدا کەمتر نیە ، یەک هەڵوێستی حزبەکانی کوردستانە.

چونکە دوای ئاشتبوونەی گشتی لە ساڵی ١٩٨٦ دا بە دەست پێشخەری مام جەلال و دوای پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ١٩٨٨ دا و دوای ئەوەی توانرا بانگەواز و بانگهێشت و ئاگاداری ڕاپەرین لەجیاتی یەک حزب و لایەن، بەناوی هەموو

بەرەی کوردستانی رابگەیێنرێ و لەرێی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە جەماوەری کوردستان لەوە حاڵی بکرێ کە ئەو ڕاپەرینە رای هەموو حزبەکانی لەگەڵە و تەنیا لایەنێک شانی نەداوەتە بەرو تەنیا لایەنێک لێی سوود مەند نابێ و دەستکەوتەکەی بۆ هەموو گەلی کوردە، ئیتر هەموو گەلی کورد بەدەنگ بانگەوازەکەوەچوون (جگە لەچەند سەرۆک جاش و چەکدارێکی سەدام) کەچوونە موسل و بەغدا، هەموو چین و توێژە و دەستەو تاخم و هۆزو و ناوچەکانی کوردستان یان بەشداری ڕاپەرین بوون، یاخود ئەگەر بەشداریش نەبووبن، بەلایەنی کەم ڕێگر نەبوون لە ڕاپەرین و دەرپەراندنی و تێکشکاندنی دەزگا سەرکەوتکەرەکانی سەدام و سوپا و دامەزراوەکانی بەناو ئەمن ئیستخبارات و موخابەرات و جاسوسیەکان و چەکدارەکانی حزبی بەعس و فەوجەکانی خەفیفە.

واتا لێرە مەبەستمان ئەو هۆکارەیە کەبوو بەهەوێنی سەرکەوتنی ڕاپەرین و شکەستی هێزەکانی بەعس کە یەکبوونی حزب و هێزەکانی کوردستان و هێزی پێشمەرگەبوو، بۆیە بۆئەمرۆش هەمان وانەی لە ٢٥ مین ساڵیادی ڕاپەرین پێویستە دووبارە ببێتەوە، چونکە ئێمە لەکاتێکدا یادی ڕاپەرین دەکەینەوە دیسان ناوچەکە بەگشتی لەبەردەم گۆرانکاری گەورەی چاوەروانکراودایە ، هەروەک ئەوکات دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدام ناوچەکە لەبەردەم گۆرانگاری گەورەدابوو. بەڵام ئەوکات کەسێکی وەک مام جەلال بەهۆی لێهاتووی خۆی توانی هەموو هێزەکانی بەرەی کوردستانی لەیەک بەرەدا کۆبکاتەوە و ساز ئامادەی ڕاپەرین بن و بۆ ئەگەر هەرگۆرانکارێک لە سەرپێبن.

ئەوەی ئەمرۆ دوای ٢٥ ساڵ دوو جیاوازی گەورە بەدی دەکەین لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە کە بریتین لە ئەوەی ئێستا کورد لەناو خۆو دەرەوە خاوەنی پێکەی زۆر بەهێزترە، خاوەنی هێزی پێشمەرگەو دامەزراوەی باشترە، دۆستی زۆرتری نێو دەوڵەتی هەیە، لەرووی ئیدارەو ڕاگەیاندن دیبلۆماسیەت و کوردی باشوور کە لەئیستادا یادی ٢٥ ساڵەی ڕاپەرینی دەکاتەوە زۆر هەنگاوی گەورەی بریوە و وەک دەگوترێ لە سەربەخۆی نزیک بۆتەوە. بەڵام ئەگەر بۆ باری ناوخۆی هێزەکوردیەکان بگەرێینەوە دوای ٢٥ ساڵ ئیستا زۆر خراپترین و پەرتەوازە و ناتەباو پێک نەشێ و زۆر رای مان هەیە.

بۆیە پێموایە دەبێ دوای چارەکە سەدەیەک جارێکیتر بیر لەو یەگرتنەوەی هێزەکانی کوردستان بکرێتەوە کەچۆن بوونە هۆی سەرکەوتنی ڕاپەرین و سەرۆک و سەرکردەکانمان چاو لەوێ رۆژێ بکەنەوە کۆدەنگی و یەک هەڵویستی پیادەبکەن، بۆئەوەی ئەو قۆناغەش تێپەرێنن و ئامانجەکان و دەستکەوتەکانی ڕاپەرین نەک هەر بپارێزن، بەڵکو بەرەوە پێشتری بەرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠١٦

# لەیادی ڕاپەڕیندا



سۆزان شەهاب شێخ نوری

لەم هەفتەیەداو بەتایبەت لەڕۆژی ٥ - ٣دا یادی زیوینی ڕاپەڕینی گەلی باشوور دەکرێتەوە، لەم ڕاپەڕینەدا هەرچی مۆڵگەکانی ڕژێمی بەعسی دڕندە کەوتنەبەر شالآوو ڕقی جەماوەرو پێشمەرگە نەبەردەکان، سڵاو لەگیانفیدایی هەموو ئەو کەسانەی کە بەشداریانکرد لەئازادکردنی ئەو هەموو شارو شارۆچکەیەی کوردستان، بەڵام دوای ٢٥ ساڵ مافی خۆمانە هەموومان پرسیارێک ئاڕاستەی خۆمان بکەینو بزانین بەرهەمی ڕاپەڕین چی بوو، گەیشتینە کوێ؟ ئایا هێشتا هەر بایی ئەوەندەی پێوەماوە شانازیی بکەین بەڕاپەڕینو ئەم سیستمی حوکمڕانییەی کە ئێستا لەئارادایە؟ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە لەم ستوونەدا باوەڕناکەم جێگەی ببێتەوە، بۆ پێداچوونەوەی جددیو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە دەبێت خوێندنەوەمان بۆ ئەقڵیەتی حزبی (لەهەرێمی کوردستان) هەبێت، هەروەها دەبێت خوێندنەوەمان بۆ واقیعەکە هەبێت، هەروەها بۆ سروشتی ململانێکانی نێوان حزبەکانی هەرێمی کوردستان بەکۆنو تازەوە هەبێت، لەم یادەدا دەبێت دەرفەتێک بەخۆمان بدەین بۆ ئەم پێداچوونەوەیە لەسەر بەرهەمو دەرەنجامی ڕاپەڕین، ئەوەی ئێستا خەڵک دەیبینێت بەرهەمەکە لەئاست خواستەکانی ئەواندا دەرنەچوون، کێشەکەش لەوەدایە هەرکەس بەپێوەری خۆی پێوانەی دەکات، بەڵام گەیشتن بەدۆخی ئەمڕۆو ئەم شکستانە لەحوکمڕانیدا کارێکی کردووە کە هەر کەس بەپێوانەی خۆی ئەنجامەکانی ڕاپەڕین بپێوێت، ئەگەر ساڵان شانازیی حزبە کوردستانییەکان ئەوەبوو کە هەڵبژاردنو پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستانو دەستاودەستکردنی دەسەڵات بوو، ئەوا دوای ٢٥ ساڵ دەتوانین بڵێین ئەو شانازییانەشمان نەما، هەر لەئیفلیجکردنی پەرلەمانو بەزۆر ناردنەوەی سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەودیو زۆنی زەرد، حکومەتێکی بێ پلانو بێ پارە (بەوتەی خۆیان، ئەوەش لەعیلمی غەیبدایە) پەیوەندییەکانی نێو حزبەکان گەیشتۆتە ترۆپکو دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیش ئەوەبوو بە تابوو (بڤەیەو نابێت باس بکرێت) ئەوە گەندەڵیو بەهەدەردانی سامانی گشتیش لەولاوە بوەستێت.

کەواتە هەقە هەمووومان لەم یادەدا ئێستێک بکەینو زۆر راستگۆیانە لەگەڵ خۆمان بدوێینو بزانین دوای ٢٥ ساڵ توانیمان لانیکەم بەشانازییەوە باسی خەرمانەی دەستکەوتەکانمان بکەین، دەتوانین بڵێین ئەگەر لەسەرەتادا هەندێک هەڵەو کەموکورتیمان هەبوو بەهۆی نەشارەزاییمانەوە، ئەی دوای ٢٥ ساڵ چ پاساوێک دەهێنینەوە، کاتێک کە من ئەم وشەو رستانە ریز دەکەم، حەزم نەدەکرد کە بەمشێوەیە بێت، ئەوانەی زەبروزەنگی حکومەتی بەعسی گۆڕبەگۆڕیان بەرکەوتووە هەرگیز خۆزگە بەو رۆژانە ناخۆن، هەرگیز لەخەیاڵدانیاندا ئەم رۆژەشیان پێشبینی نەدەکرد بۆ حوکمڕانی لەکوردستاندا، لەدوای جمهوریەتەکەی شەهید قازی محەمەد ئەمە یەکەمجارە لەمێژووی کورددا حوکمڕانییەکی نیمچە سەربەخۆ هەبێتو تەمەنی ئەوەندە درێژبێت، کەواتە ئەگەر هەر کەموکورتییەکمان هەبێت خۆمان لێی بەرپرسینو دەشبێت دانی پێدابنێینو چارەسەریشی بکەین، من دەزانم ئێستا کاتیەتی لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر ئامانجەکانی راپەڕینو دەرەنجامەکانیو لێکدانەوەی واقیعی ئێستا لەگەڵ ئەو ئامانجانەو ئەو دروشمانەی، کە لەدوای راپەڕین دەدرا بەگوێی هاووڵاتیانی ماندووونەناسو دڵسۆزی ئەم خاکو وڵاتە.

ئەی ئێستا چ پەیامێکیان هەیە حزبەکان بەبۆنەی ئەم یادەوە؟ چی بەجەماوەری ستەمدیدە دەڵێن لەم یادەدا؟ ئاخوا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوتارەکەیدا بەیادی راپەڕین چی بەهاووڵاتیانی خۆی دەڵێت، تا چەندی کە پێیان دەڵێت: خۆڕاگر بن، یان دڵیان ناخۆش دەکاتو دەڵێت (مووچەی مانگی ئادار ئەستەمە بۆمان دابینبکرێت) لەکاتێکدا خەڵک سەری لێشێواوەو نازانێت ئەمجارە چی وەردەگرێتو هی چ مانگێک وەردەگرێ!.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٢٩ی فێبریویری ٢٠١٦





سەرچاوە
Serchawe

# ئەوانەی پێیان وابێت کە راپەڕین کۆتایی هاتوە, بە هەڵەدا چون



**لاهور شێخ جەنگی**

راپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ئازاری ١٩٩١، بەرهەمی خواست و خەباتێکی درێژخایەنی نزیک لە سەدەیەک گیانبەخشین و قوربانیدان بوو. راپەڕین هیوای خەڵک و رێکخستن و پێشمەرگە بوو. هەزاران شەهیدی ئەم کوردستانە، پێش دوا ترپەی دڵ، رزگاریی، ئازادی، یەکسانی و سەربەخۆییان بۆ گەلی کوردستان بە هیوا خواستوە و ژیانیان لە پێناودا بەخشیوە. هەزاران مناڵی شەهیدان، بە ئاواتی رۆژگارێکی روناک بۆ نەتەوەکەیان، بە چاوی پڕ گریان و جەرگی سوتاو و هەناسەی سوارەوە، بە دیار جەستەی ژێر ئەشکەنجە و دەسرێژی گولەی نامەردانی دوژمنەوە، لە ئاوارەیی و ئەنفال و راگوێزان و ژێر بۆردومان و کیمیاباراندا نەلەرزیون، چۆکیان دانەداوە و پشودرێژانە، سرودی خۆڕاگری ئەی رەقیبیان گوتۆتەوە و سەنگەری وره و رۆحی ئەم نیشتمانەیان بەبەرزی پاراستوە.

با تەواو رون بێت کە راپەڕین, ناسنامەی قارەمانێتی شکۆی ئەم گەلە ستەمدیدەی کوردستانە و هیچ هێزێک لێی زەوت ناکات. راپەڕین، خەونی روناکی هەژارانی ئەم خاکەیە، ئەستێرەیەک نییە بمرێت و خۆرێک نییە دامرکێتەوە. راپەڕین داستانی پشتاوپشتی نەتەوەیەکی مەزلومە، بە خوێن هاتوە، بە خوێنیش درێژەی پێ دەدرێت بەرەو کامڵبون.

بۆیە ئەوانەی بیانەوێت، راپەڕین و قوربانیدانی ئەم میلەتە بەکەم بگرن، بە هەڵە چوون. راپەڕین کۆتایی نەهاتوە. بەڵکو بە پشتیوانی خوا و بە هیممەتی نەوەی نوێ، کەسوکاری شەهید و بنەماڵەی پێشمەرگە و رێکخستن و بە هاوکاریی مرۆڤە نیشتمانپەروەر و راستەقینەکان، راپەڕین بۆ بنیادنانەوەی کوردستان، تا راستکردنەوەی هەڵەکان، تا بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، تا سەقامگیریی سیاسی و تا بڕینەوەی دەستی دوژمن، تا ریشەکێشکردنی گەندەڵ و تێکدەر و لادەرەکان و تا گەیشتن بە خەونی شەهیدان و بەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستان، راپەڕین بەردەوام دەبێت.

بەرز و پیرۆز بێت یادی ٢٥ ساڵەی راپەڕینی دڵسۆزانی کورد و کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١٦

# ڕاپەڕین هەوێنی سەربەخۆیی و باوەڕبەخۆبوونە



**هیوا ڕەسوڵ**

بەدرێژایی مێژوو یەکێک لەو نەتەوانەی هەمیشە ئامادەیی قوربانیدان و گیانبەخشینی هەبووە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردە ،بەڵام بەردەوام هەموو ئەو هەوڵانەی دراون بە ئاراستەی ڕزگاربوون لە ژێر دەستەیی لە لایەن دوژمنانی کوردەوە پوچەڵکراونەتەوە و، نەیانهێشتوە خەونی ئازادیی و سەربەخۆیی ببێت بە واقیع.

یەکێک لەو هۆکارانەی وایکردووە کورد لە ژێردەستەیدابێت و گیانێکی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری فەراهەم نەکات، نەبوونی یەکگوتاریی و یەکهەڵوێستییە، ئەمەش زۆر ئاسان لە لایەن نەیارانی کوردەوە سوودی لێبیندراوە.

لەدوای هەموو ئەمانەشەوە هەردەم، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، گیانێکی تری کردوە بەجەستەی کوردایەتیدا و، پەیامی خۆڕاگریی و بەردەوامی وەک باشترین دەستکەوت، بۆ سەربەخۆیی باوەڕبەخۆبوون گەورەترین سەرمایە، کردە دروشمی نەتەوەیی. ئەمە بووە هۆی ئەوەی دوای چەندان ساڵ لە خەباتی شاخ و بەخشینی سەدان شەهید، هاتنەپێشی قۆناغێکی گرنگ، بیر لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان کرایەوە بۆ بەدستهێنانی ئازادیی و سەربەخۆی. ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١) درێژکراوەیی (بۆ سەربەخۆیی، باوەڕبەخۆبوون، گەورەترین سەرمایە) بوو بە هەوێنی گشت قەوارە سیاسیەکانی باشوور. بەگشتی دەڤەری ڕاپەڕین و بە تایبەتی شاری (ڕانیە) وەک دەست پێشخەریەک بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ڕاپەڕی، شێواز و هەڵکەوتەی جوگرافی و ئەوکەسایەتیانەی لە ناوچەکەدا بانگگراوندێکی قوڵی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری تیایاندا دیارە، ئەوانە هەموو بەیەکەوە، بە پشتیوانی گشت قەوارە سیاسیەکان، ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەبوو لە ڕاپەڕیندا. هەر ئەم خاڵە گرنگەش وەک یەکێک لە شانازییە گەورەکانی ئەم ناوچەیە سەیر دەکرێت و، ئەم گیانی نەتەوەیی و ئەمجۆرە لە تینوێتی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بووە هۆکاری ئەوەی ئەو ناوچەیە ئامادەیی هەرجۆرە



سەرچاوە
Serchawe

بەگژاچوونەوەیەکی هەبێت و سەرئەنجام شانازی یەکەم ساتی ڕاپەڕین بەر شاری ڕانیە کەوت و ڕاپەڕین لە شاری ڕانیە لە (٥ - ٣ - ١٩٩١) دەستی پێکرد و دواتر ناوچەکانی تری کوردستانی گرتەوە و، ڕاپەڕین بوو بە یەکێکیتر لە شانازیەکانی بزاوتی رزگاریخوازی کورد .یەکێک لەو وێنە زۆر جوانانەی کە لە ڕاپەڕینەوە دەبیندرێت، پیشاندانی کوردە بەیەک هەڵوێستی، چونکە لەو کاتەشی کە زوڵم و ستەمی ڕژێمی بەعس گەیشتبووە دوا ترۆپکی درندەیی، بەڵام ئەگەر یەک گوتاری و یەک هەڵوێستی ئەوسای کورد نەبوایە هەرگیز نەدەتواندرا ڕاپەڕین بەو ئەنجامە بگات و سەرکەوتوبێت، دوای

بۆ ئەم قۆناغە کە بەگشتی ناوچەکە بە کۆمەڵێک گۆڕانکاریدا گوزەر دەکات، پێویستە کورد یەک هەڵوێست و کۆدەنگی زیاتری هەبێت لە ناوخۆ ، نەک پاساو هێنانەوە و هێنانە پێشی کۆمەڵێک مەسەلەی یاسایی و دەستووری، چونکە دواجار بینیمان و بیستمان وڵاتانی ئیقلیم و نێودەوڵەتی مامەڵەکانیان و هاوکاری و پشتیوانیەکانیان لە چ روئیایەکەوە بە هێزەکانی پیشمەرگە دەگەیەنن. چۆن لە ئێستادا مێژووی ڕاپەڕین، دەستکەوت و شانازییە بۆ کورد، بێگومان ئەو قۆناغەی ئێستاش یەک گوتاری و یەکگرتووی هەموانی پێویستە و، چونکە دواجار ناڕازیبوان وەک خۆیان دەچنە لاپەڕەکانی مێژوو و، بەرپرسیارەتی سەرەکی بارودۆخ و هەستیاری قۆناغەکە دەکەوێتە ئەستۆیان و مێژوو رەحم بە کەسیان ناکات. هەرگیز زەمەن و ڕۆژگار نەیانتوانیوە ئیرادەی بزاوتی رزگاریخوازی کورد لە ناو بەرن، ئێستاش دەبینیین کورد یەکدەنگ و یەکرەنگ لە بەرەکانی جەنگدا دەجەنگێت، ئیرادەی سەرکردە و حزبەکانیش زۆر ڕوون و ئاشکرا دیارن بۆ یەک گوتاری و سەربەخۆیی و تێپەڕاندنی قەیرانەکان، ئەوەی لە ڕاپەڕین و ئێستادا دەبیندرێت هەوێنی (بۆ سەربەخۆیی، باوەڕبەخۆبوون، گەورەترین سەرمایەیە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەبات - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦

# لە دژی شۆڕش، لە دژی ڕاپەڕیین



**نەبەز گۆران**

ئەو تایبپە قسەکردنەی ئێستا پەیدابووە باس لە (شۆڕشی چەکداریی و ڕاپەڕیین) دەکات. تایپێکە تەنها یەک چرکەساتی ژیان دەبینێت. ئیدی بیر لەوە ناکاتەوە، دوای (شۆڕش و ڕاپەڕیین) چ فەزاییەکی ناتەندروست دێت بە شوێنیدا و، چ پەشیمانبوونەوەیەک خۆی نما دەکات لەسەر ئەو جۆرە هەڵانە.

هەمیشە پاڵەوانەکانی (شۆڕش و ڕاپەڕیین) بریتین لە کەسە توندوتیژەکان و پیاوکوژەکان. هیچ شۆڕشێکی چەکداری و، هیچ ڕاپەڕیینێک لە ڕۆژهەڵاتدا نەکراووە، پاڵەوانەکانی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕیینە کەسی تەندروست بوو بن. بەرهەمی شۆڕش و ڕاپەڕیینەکانیش، خراپترین مۆدێلی فەرمانڕەوایەتی بووە.

ئەگەر نمونە: بەرهەمی شۆڕش و ڕاپەڕیینەکانی خۆمان وەرگرین، ئەم مۆدێلە حوکمڕانیە بەسە بۆ ئەوەی جارێکی کە نەوەی نوێ ڕێگا نەدەن بە هەمان مۆدێلە کۆنەکە واتە بە مۆدێلی (شۆڕشی چەکداریی و ڕاپەڕیین) بیر لە گۆڕینی سیستەمی سیاسی بکەنەوە.

سیستەمێک بەرهەمی شۆڕش بووبێت، سیستەمێکە لە بنەوانەوە بیمارە. بیماری ئەم سیستەمە بە هەمان ئەو دونیابینیە ناگۆڕێت، کە ئەوانەی پێشوتر هاتوونەتە ناوی. ئەوانەشی باس لە (شۆڕشی چەکداریی و ڕاپەڕیین) دەکەن. دواجار هەمان بەرهەمییان دەبێت کە لەم سیستەمەدا دەیبینین. بەرهەمەکەشیان هەرگیز لەم بەرهەمە جیاواز نابێت. کاتێک ئەم سیستەمە بەرهەمی ئەو مۆدێلە بیرکردنەوەیە بووبێت، کارەساتە بێیت بە هەمان بیرکردنەوە باس لە گۆڕینی بکەیت!

**کاتی ڕوخانی (بەعس) لە (شا عەبدوڵا)ی ئوردنییان پرسی:**

**لە وەڵامدا وتی: من سەیری شێوەی دادگایی و لە سێدارەدانەکەی (سەددام) دەکەم. ئەو شێوە دادگایی و لە سێدارەدانەی، پێماندەڵێت عێراقی دوای (بەعس) چ عێراقێک دەبێت!**

ئەم قسەیە بۆ ئەوکات نامۆ بوو. لێ قسەیەکی زۆر ژیرانە بوو. شێوەی دادگایکردنی ستەمکاری پێشوو، شێوەی لە سێدارەدانەکەی، پێمانی وت: عێراقی دوای (بەعس) عێراقێکی پڕ مەترسیدار و توند و تیژ و کارەساتاوی دەبێت.

ئەگەر تەماشایەکی هەندێک لەو وتار نووسانەی ئێستا بکەین باس لە (شۆڕشی چەکداریی و ڕاپەڕیین) دەکەن. راستەوخۆ بیرمان بۆ ئەوە دەچێت، هێشتا لەناو کۆمەڵگەکەماندا کارەساتی لەو جۆرە بیرکردنەوانە ماون و گەر ئەوا بڕوات دەبێت، بڵێین: هێشتا ئەم کۆمەڵگەیە نەیتوانیووە خۆی لە دۆخە کارەساتاوییەکە داماڵێت.

ئەم کۆمەڵگەیە نزیکەی (٢٢) ساڵە گیرۆدە بووە بە دەست نەوەیەکەوە، کە ناویان نەوەی شۆڕشی چەکداریی و ڕاپەڕیینە، عەجەبا دوای (٢٢) ساڵ هێشتا ئەو بیرکردنەوەیە لەناوماندا ماوە، دەیەوێت هەڵەکانی پێشوو دووبارە بکرێنەوە!

**دەپرسین:**

دەکرێت نەوەیەک کە بەرهەمی شۆڕشی چەکداریی و ڕاپەڕینن و (٢٢) ساڵ دەستیان بەسەر جومگەکانی ژیان و حوکومڕانیدا گرتبێت. نەوەیەکی کەش بێت هەمان تەپڵ لێبداتەوە و ئەزموونێکی تاڵتر دووبارە بکاتەوە؟

هەڵەکە هەر ئەوەنیە بیر لە شۆڕشی چەکداریی و ڕاپەڕیین بکەیتەوە، هەڵەکە لەوەدایە پێتوابێت سیستەمی دیموکراسی و، دادپەروەری و ئایندەی ڕوناک لە ڕێگای چەکەوە بەدیدێت! چ بەدبەختیەکە ئاستی بیرکردنەوە بۆ گۆڕینی سیستەمی وێران بۆ سیستەمی چاک، ببەستیتەوە بە چەک و توندوتیژییەوە. (بەڕێزان ڕاپەڕیین لای من، یانی مەکینەی بەرهەم هێنانی مرۆڤی ناتەندروست و بیمار و توندوتیژ، کە دەبێتە تەوقێک بە ملی کۆمەڵگەوە، نمونەش ئەوانەی ئێستا کە لەناو دەسەڵاتن نمونەی ئەو بەرهەمەن.)

چ ئێستا و چ ڕابردووش، ئەم کۆمەڵگەییە پێویستی بە عەقڵە. بەتایبەت لەم چرکەساتە زۆر ئاڵۆزانەدا، هیچ کۆمەڵگەیەکی دونیا، هێندەی ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە عەقڵ نییە. ئەوەی بیمارییەکانی ئەم سیستەمە چارە دەکات، تەنها عەقڵە.

**یەکێک لە چەک بەدەستەکانی شاخ کە پێیان دەڵێن: (شۆڕشگێر!) لە یاداشتەکانی خۆیدا دەنووسێت:**


"ئەو کاتەی دەستمان داییە چەک، دەبێت دڵنیابین عەقڵمان نەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆییە پەنامان بۆ چەک هەڵگرتن بردووە."

ئێستای ئێمەش، ئەو ئێستاییە کە پێویستمان بە عەقڵێکە سیستەمە بیمارەکە چارە بکات. نەک پێویستمان بە دووبارە کردنەوەی ئەزمونێکی شکستخواردویی شۆڕشگێری بێت لە ڕێگەی چەکەوە.

نە دیموکراسیەت، نە ئازادی، نە دادپەروەری، نە مافی هاوڵاتی بوون. لەو چەمکانە نین، بە ئاسانی ببن بە بەشێک لە سیستەم و لە کلتوری کۆمەڵگە قۆناغی خۆیاندەوێت و خەباتی بەردەوامی مەدەنیان پێویستە. سەرە ڕایی ئەوە، ئەم چەمکانە هەرگیز لە ڕێگای شۆڕشی چەکداریی و ڕاپەڕینەوە ناکەونە ناو سیستەم و ناکەونە ناو کلتورەوە.

گەر ئەم کۆمەڵگەیەش عەقڵی تیا نەماوە و، دەیەوێت لە ڕێگای شۆڕشی چەکداریی و ڕاپەڕینەوە چارەسەری بیماری سیستەمەکە بکات. دەبێت ئەوەش بخاتە بەردەم خۆی، بەرهەمی هیچ شۆڕش و ڕاپەڕینێک باشتر نیە، لە بەرهەمی شۆڕش و ڕاپەڕیینەکانی پێشوتر. هەر چۆن ئێستا کۆمەڵگە بەدەست ئەوانەی پێشووە دەناڵێنێت، سبەیش بە هەمان شێوە بەدەست ئەوانەوە دەناڵێنێت لە ڕێگای شۆڕشی چەکداریی و ڕاپەڕیینەوە دێنەوە ناو سیستەمەکە. بۆییە دژ بوونی من لەسەر شۆڕشی چەکداریی و ڕاپەڕیین، دژبوونە لەسەر ئەو مۆدێلە بیرکردنەوە جەهەنەمییەی بەس چرکەساتێکی ژیان دەبینێت و، ئیتر نازانێت دوای ئەوە چ کارەساتێک بە دوای خۆیدا دەهێنێت و چ مەخلوقگەلێکی دڕندە و توندوتیژ دەخاتەوە ناو کۆمەڵگە و ناو سیستەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦



# لە ڕاپەڕینەوە بۆ شۆڕش



**د.یوسف محەمەد سادق**

ئەمڕۆ لێرە کە یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئاداری ساڵی ١٩٩١ دەکەینەوە، هیچ ساتەوەختێکی تر، لە مێژووی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکمان، هێندە هەستیار و سەخت و گرنگ نەبوە.

لە ساڵی ١٩٩١ گەلەکەمان دەرفەتێکی مێژویی گرنگی بۆ هاتە پێش و دژ بە دامو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی دیکتاتۆریی بەعس راپەڕی.

**ڕاپەڕین ئەو ڕۆژگارە بۆ ڕامالێنی ڕژێمێکی جینۆسایدکەری دژە مرۆڤایەتی بوو.**

خەڵکی کوردستان ئامانجیان بوو کە بەعس ڕامالن و دەسەلات خۆمالی بکەن، دیموکراسی بخەنە جێی حوکمی دیکتاتۆریی تاکەکەسی. ئیتر ئەزمونێکی نوێ لە مێژووی کورددا دەستی پێکرد کە ئەزمونی خۆبەڕێوەبردن بو. ئەمڕۆ کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەک بەسەر ئەو ئەزمونەدا تێدەپەڕێت، خەڵکی کوردستان لە بەردەم کۆمەڵێک قەیرانی سەختدایە کە سەرتاپا بوارەکانی ژیانیانی گرتوەتەوە. ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتوە کە بیر لە جۆری سیستەمی حکومڕانیمان بکەینەوە.

بە داخەوە لە پاش ڕاپەڕین لەبەرئەوەی نەتوانرا سیستەمێکی سیاسی سەردەمیانەی پشت بەستو بە دیموکراسی بهێنرێتە ئاراوە، بە پشت بەستن بە هێنانە ئارای سیستەم و تۆکمەکردنی، کۆمەڵگای کوردی دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسا وەک وڵاتە دیموکراتیەکانی تری دونیا، سیستەمە سیاسیەکەی بەردەوام نوێ بکاتەوە و بیخاتە بەردەم لێپرسینەوەوە.

مانەوەی هەمان نوخبەی سیاسی بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەک لە بری نوێبونەوە و گەشەکردن و بەرەوپێشچوون، کە هەموو

هەوڵێکیان بۆئەوە تەرخانکردوە کە چۆن بمێننەوە و خۆیان بسەپێنن، هەرێمی دوچاری داڕوخانی ناوەکی کردوە. سروشتی سیستمی سیاسی وەک ئاو وایە، ئەگەر بەردەوام لە جوڵەدا نەبێت، دەگەنێت.

ئەمڕۆ ڕاپەڕین دەبێت ببێت بە شۆڕش. شۆڕش بەمانای هەڵچون و پەنابردنە بەر توندوتیژی و زەبر نیە. بەڵکو بەمانی لابردنی ڕێگریەکان بەردەم گواستنەوە بۆ قۆناغێکی تر، بە سودبینین لە ئەزمونی ئێستا و کەڵەکەکردن لە سەری. زۆر گەلان هەن شۆڕشیان بەسەر سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵاتیاندا کردوە، بەبێ ئەوەی پەنا ببەن بۆ توندوتیژی. ئەڵمان نمونەی دیاری ئەم مۆدێلەن.

شۆڕس بەمانای گۆڕینی شێوازی حکومڕانیمان، لە حکومڕانیەکی دوور لە خەڵکەوە بۆ بەرپرس لە ژیانی خەڵکی، هێنانە ئارای سیستەمێکی ئابوری کە قوتی شەرەفمەندانە لە بەرامبەر کاری دڵسۆزانەدا فەراهەم بکات، فراوانکردنی خەیاڵمان بەئاستێک کە هەمومان، لە بڕی ئەوەی لەبەرامبەر یەکتردا بوەستینەوە، خۆمان وەک یەک خێزان وێنابکەین.

چارەکە سەدەی ڕابوردوو کۆمەڵێک وانەی بەنرخی پێداینەوە، لە سەروی هەمویەوە ئەوەی کە ناتوانین یەکتر بسڕینەوە یان یەکتر پەراوێزبخەین. بۆیە دەبێت فێری پێکەوەژیان بین. پێکەوەژیان پیویستی بە لێبوردەیی و سنگفراوانی و ڕێز لە یەکتر گرتنە، پێویستی بە بنیادنای سیستمێک هەیە کە هەموان هەست بە دڵنیایی بکەن تیایدا، هێزە سیاسیەکان ململانێی یەکتر بکەن بەبێ ئەوەی پێکدابدەن، سیستمێک بە بێ هیچ قۆرخکاریەک.

شۆڕشێکمان پێویستە بە سەر ئاگاییماندا کە دونیا بەجۆرێکی تر ببینین؛ حیزب بکەینە ئامراز نەک ئامانج، سەرکردە بەرپرس بکەین لە بەرامبەر خەڵکیدا، یاسا لە خانەی پەککەوتوان بهێنینەدەر و ڕۆڵی شایستەی خۆی پێبدەین و بەسەر هەمواندا بێ جیاوازی. ماڵێکمان هەبێت کە هەمومان بە جیاوازیەکانمانەوە کۆبکاتەوە و جیاوازیەکانمان بکاتە سەرچاوی هێزمان. ماڵێکی وەها تەنها پەرلەمانێکی ڕاستەقینەیە.

نەدەبو پاش چارەکە سەدەیەک ئێمە لە دێوزەمەی برسێتی بترسین، خۆمان لە دوڕیانی فەوتان و ماندا ببینینەوە.

ئەمڕۆ خەڵکی دونیای سەردەم لە سەردەمی چوارهەم شۆڕشدا دەژی. ئێمە هێشتا خەون بەئەوەوە دەبینین کە چوارقاچەکەی کورسی جوڵەیەک بکات.

ئێمە دەبێت فێربین کە خەسڵەتەکانی حکومداری سەردەمیانە چیە؟ حکومداری سەردەمیانە زەبروزەنگ لە کۆمەڵگا دووردەخاتەوە، هەتا زەمینە لەبارکات بۆ گەشەکردنی مەدەنیەت. ئەمەش تەنها لە ڕێگای بوونی سوپایەکی نیشتمانیەوە



سەرچاوە Serchawe

دەبێت. ئەمڕۆ پێشمەرگەی قارەمان درێخی ناکەن لە داکۆکیکردن لە نیشتمان، ئەوەی پێویستە دورخستنەوەی دەستی حیزبەکانە لە ناو ئەم هێزە پارێزەرەی نیشتیمان. ئەبێت ڕێ بگرین لە هەر لەکەدار کردنێکی ئەم هێزە لەڕێی بەکارهێنانی لە ململانێ سیاسیەکانی هەرێم.

حکومداری سەردەمیانە ئابوریەکی هەیە کە زۆرینەی زۆری خەڵک دەستیان دەگاتە سەرچاوەیەکی داهات و ژیانی خۆیان و ماڵ و منائیان سەربەرزانە دابین دەکەن. ئەمەش کاتێک فەراهەم دەبێت کە داهاتی وڵات وەها رێکبخرێت کە کە رێگای لە دەستاودەستکردنەوە بگاتە دەستی زۆرینە. مەرجی ئەمە نەهێشتنی گەندەڵی، نەهێشتنی قۆرغکاری، نەهێشتنی پاوانکاریە. هەموو ئەمانە پێویستیان بە کاراکردنی یاسا و بونی پەرلەمانێکی کارا هەیە. هاونیستیمانیانی هەرێم بۆ ئەوە ڕانەپەڕین کە حوکمی تاکەکەسی دروست بێتەوە، دەستەبژێرێک جارێکی تر سیاسەت و ئابوری قۆرخ بکەنەوە. پەکخستنی پەرلەمان لە پێناو درێژەدان بە حوکمی تاکەکەسێک بە شێوەیەکی ناشەرعی، دژوەستانەوەی ئامانجەکانی ڕاپەڕینە.

ئەمڕۆ خۆشبەختانە ئێمە تەنهانین. لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دۆستی زۆرمان هەیە، کە ئامادەن پشتیوانمان بن. بەڵام دۆستەکانمان تەنها کاتێک دەتوانن کارایانە بەکارەکانیان هەستن کە ئێمە پێش هەموو کەسێک دۆستی خۆمان بین. رێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ، چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و هێنانەکایەی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات، ئەو هێزە نەرمەن کە جێ و پێگەی هەرێم لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەباتە پێش. ئەمڕۆ جێگای دڵتەنگیە جگە لە نەبەردی پێشمەرگە هیچی ترمان نیە شانازی پێوەبکەین.

لە کۆتاییدا وێڕای دەستخۆشی لە سەرۆکایەتیی زانکۆی راپەڕین بۆ رێکخستنی ئەم کۆنفرانسە زانستیە، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین. یادکردنەوەی بیرەوەریەکانمان لەڕێی بەرهەمهێنانی مەعریفە، ڕێخۆشکەرە بۆ پەند وەرگرتن لە ڕابردو و، دروستکردنی ئێستا و داهاتویەکی باشتر بۆ گەلەکەمان.

**سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی ڕاپەڕین و سەرجەم شەهیدانی گەلەکەمان بە تایبەت شەهیدانی جەنگی روبەڕوبونەوەی تیرۆر.**

**هەر شاد بن.**

*(وتاری سەرۆکی پەرلەمان، بۆ کۆنفرانسی زانستیی گەشەپێدانی راپەڕین و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ رەهەندەکانی، کە لە لایەن زانکۆی ڕاپەڕینەوە ئەنجام دەدرێت).

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

# یادی ڕاپەڕین و پاراستنی ئاسایشی هەرێم



نەزهەت حالی

یادی ڕاپەڕین زیندوو کردنەوەی پەیمانی کوردایەتی و سەربەخۆ خوازیە بۆ ئێمەی گەلی کوردستانی باشور بەرانبەر بە خوێنی شەهیدانمان و خەباتگێڕانمان، هەر کێشە و گرفتێکی نێوخۆیش هەبێت گەر بگەڕێینەوە بۆ بنەمای کوردایەتی ڕاستەقینە بە هیمەتی سیاسەتمەدارە خاوەن ئەزمونەکانمان و سیاسەتوانە گەنجە خاوەن زانست و خوێن گەرمەکان و خۆڕاگری گەلی کوردستان چارەسەر دەکرێن، هەر ئەوەش لەو مرۆڤە مەزنانە چاوەڕێ دەکرێت کە تەمەنێک لە خەبات و ماندوو بونیان تەنیا بۆ شاد کردنی گەلەکەیان بە ئازادی و سەربەخۆی بەسەر بردووە.

دۆخی نالەباری ئابوری هەرێمیش نابێت ببێتە بیانوێک بۆ دروستکردنی کەشێکی ڕق لێ بونەوە لە کۆی سیستمی سیاسی هەرێم و سەرکردە شۆڕشگێڕەکانمان، کە لەو قۆناغە سەختەدا پێویستیمان بە ئەزموون و کەسایەتیان هەیە بۆ دەرباز کردنی هەرێم بە کەناری ئارامی، بێگومان کەم و کوڕیش هەن بەلام هەموو دەرگاکانی ریفۆرمی ئابوری و کارگێڕی و سیاسی دانەخراون.

ئێمە لە بەر دەرگای دەوڵەتی سەربەخۆین و تەنیا هیمەتی ڕاگەیاندنی ماوە ، کە ئەو دەوڵەتە بەرهەمی خەباتی تێکڕای کوردستانیان دەبێت، نابێت هەرچی گرفتی نێوخۆی هەبێت ڕێمان لێ بگرێت بۆ گەیشتن بەو ئارەزو و ئامانجە.

پشت بە خوا خودی ئەو دۆخە نەخوازراوەش دەبێتە هاندەرێک بۆ پێداچونەوەی جدی بە هەلە و کەموکۆڕییەکانمان و دۆزینەوەی باشترین مکانیزم بۆ چارەسەرکردنیان و بونیاد نانی دەوڵەتێکی دامەزراوەی و یاسا پارێزی دادپەروەر.

لە یادی ڕاپەڕینی شکۆداری گەلی کوردستان پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش ئەو سنوورەیە کە نابێت هیچ گومان و

گفتوگۆیەک لای لایەنە سیاسییەکان هەڵبگرێت و بە هیچ شێوەیەک نابێت ڕێگە بدرێت بشێوێندرێت، بەهۆی دابینکردنی ئەو سیستەمی ئاسایشەیە کە بەرهەمی کاری زۆر سەرکەوتوانەی دامەزراوە هەواڵگری و ئەمنیەکانی پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکوک و هەڵەبجەیە، کە هاوتەریب لەگەڵ بەرگری پێشمەرگە قارەمانەکان تەناهی و ئاسایش و سەقامگیری مەزنی بۆ هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی فەراهەم کردووە ، تەنانەت کەشێکی لەباری بۆ گەشەسەندنی سیاسی و دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێم ڕەخساندووە کە بە داخەوە هەندێ جار لە نە شارەزای بێت یان بە ئەنقەست سنورەکانی پاراستنی ئاسایش تێپەڕ دەکات و پێویستی بە هۆشیاری زیاتری هەموو لایەک هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ڕێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## لەیادی راپەڕیندا پێویستە راپەرین بکەین



**ریێزان شێخ دلێر**

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان، هاونیشتیمانیانی ئازیز، بەبۆنەی یادی راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ٩١ جوانترین پرۆزبایتان ئاراستەدەکەم و هیوادارم یادی راپەرین دەرفەتێک بێت بۆ بەخەبەرهێنانەوەی ئەوانەی تا ئێستاش بەدزین و تالآنکردنی بەرهەمەکانی راپەرینەوە مەست و سەرخۆشن!! راپەرین خاڵێکی گەشە لەمێژووی بەرخودان و تێکۆشانی میللەتی کورد کەتێیدا میللەتێکی زوڵمدیدە بەهەموو چین و توێژەکانەوە هاوشانی پێشمەرگە راپەرینیان دژ بە ستەمکارترین دەسەڵاتی ناوچەکەو جیهان ئەنجامدا، بەڵام بەداخەوە پێموایە کە ئامانجەکانی راپەرین بەدینەهاتوون و ئەنجامەکەشی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی خەڵک و پرکردنی گیرفانی بەشێک لەبەرپرسەکان و برسیکردنی خەڵکی راپەریو و لەناوبردنی خەونی دەیان گەنجی ئەم وڵاتەبوو بەداخستنی دەرگاکانی قوتابخانە و زانکۆکان بەسەریاندا!

خەڵکی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیموکراتی و نەتەوەییەکان راپەرینی کرد و رۆڵەکانی خۆی بەکوشتدا، بەڵام بەداخەوە نەتوانیمان دەسەڵاتێکی دیموکراتی مۆدێرن بونیادبنێین، نەتوانیشمان جۆرێک نمونەی حکومڕانی پێشکەش بکەین کە هاندەربێت بەئاراستەی بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان و نزیکبونەوە لە راگەیاندتی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی، ئەوەی ئێستاش بەو ناوەوە دەوترێت جگەلە ختوکەدانی هەستی خەڵکی هیچی دیکە نییە و یەک هەنگاوی بۆ نەنراوە.

بەکورتی لەیادی زیوینی راپەرین و دوای ٢٥ ساڵ حکومڕانی کوردی هێشتا دەرگای قوتابخانە و زانکۆکان بەهۆی گەندەڵی و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی خەڵکەوە داخراوە، ٥ مانگە فەرمانبەر و مامۆستا و پزیشک و ئەندازیار موچەی وەرنەگرتووە، دامەزراوە یاساییەکان و حکومەت شەلەل کراون، دڵەراوکێ و بارێکی دەرونی خراپ بۆ خەڵک دروستکراوە،



سەرچاوە
Serchawe

لەولاشەوە دروستکەرانی ئەم دۆخە بێباکانە لەخەولا قوڵی خۆیاندان، لەبەرهەموو ئەوانەش راپەرین لەیادی راپەریندا بەپێویست دەزانم.

**جارێکی دیکە پیرۆزبایی یادی راپەرین لەخەڵکی کوردستان دەکەم**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١٦**

---



سەرچاوە Serchawe

## لە ٢٥ هەمین ساڵیادی ڕاپەڕیندا



**ڕێبوار ڕەشید**

لە ٢٥ هەمین ساڵیادی "ڕاپەڕین" دا داودئۆغلۆ لە تارانە و لەگەڵ جێگری سەرۆککۆماری ئێران، ئیسحاق جیهانگیری، لە پرێسکۆنفەرانسێکدا پێکەوە دەدوێن. داود ئۆغلۆ دەڵێت ئێمە و ئێران دەبێت "دیدێکی هاوبەش" ـمان بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕ و ململانێی سێکتاریستیی لە ناوچەکەدا هەبێت. لە بەردەوامییدا دەڵێت "شایەد ئێمە ڕووانگەی جیاوازمان بێت، بەڵام خۆ ناکرێت مێژوو و جوگرافیمان بگۆڕین".

جیهانگیری ش دروست هەمان شت دەڵێت: "ئێمە و تورکیا دیدی جیاوازمان لە سەر هەندێک پرسی ناوچەکە هەیە، بەڵام هەردوولامان جەسوورین لە سەر ئەوەی کە بە سەر جیاوازیەکانماندا زاڵ بین و لە ناوچەکەدا بە سەقامگیریی بگەین... ئێران و تورکیا، هەردوولامان، قازانج لە ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە دەکەین".

خەڵکی ئازادیخوازی باشووری وڵات دژ بە سپای داگیرکەری ئێراق جەنگان. گەورەترین دەستکەوتی مێژوویی ئەوەبوو کە کوردی یەک پارچە بۆ یەکەم جار لە دەست داگیرکەریی ڕزگار بوون. ڕقی پیرۆزی ئازادیخوازیی خەڵک بەری پێ نەگیرا.

بە داخەوە پاش ٢٥ ساڵ دوای ڕاپەڕین، هەموو ئەو ئامانجانەی ئەو کاتە لە ڕۆژەڤدا بوون ئێستا هەر وەکوو خۆیان ماون و دەبێت وەدیبهێنرێن. باشوور دەبێت خاوەنی پارلەمانێکی بەکار و حکومەتێکی ڕاستینە بێت کە دەر لە ساختەچییەتیی سیاسیی و کەڵەک و فریودان دروست ببێت، دەبێت خاوەنی دەستوورێکی پێشکەوتووخواز و سیستەمێکی دادوەریی بێلایەن و یاساسەروەریی بێت. بەڵام شایەد پێش هەموو ئەم کۆڵەکە گرینگانە، پێشگرتن بە تاڵانیی و دزیی سامانی کوردستان و لێپرسینەوە و سزادانی هەموو ئەو دەسەڵاتدارانەیە کە تاڵانکار و دزن، لە خاڵگەلی یەکەمین بن.

بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە دەوڵەتی تورک هەموو جۆرە دژایەتیەکی خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان دەکات، هەر لە ڕۆژئاواوە تا باشوور و باکوور و بێگومان ڕۆژهەڵاتیش. لە ژێر فشاری ئێراندا چەکی گران و پێویست بە قەندیل ناگات، پ ی د زەحمەتی زۆری لەبەردەم دایە کە نوێنەرایەتیی ڕۆژئاوا لە جیهاندا بکاتەوە، و پێش بە هێرشەکانی ی پ گ بۆ سەر مەرزی شارە گەورەکانی سووریا دەگیرێت تا کورد نەتوانێت کارتی گەورەی فشاری لە دانوستاندندا پێ بێت. ئەمە ئێران لە پشتیەوەیەتی. بە ئاشکرا ئێران و تورکیا داوای ڕاگرتنی نەزمی ئیمپراتۆریی عوسمانیی و سەفەویی، یاخود هێشتنەوەی ستاسکوی پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، دەکەن.

بەڵام مێژووی خەبات و تێکۆشانی ڕاست و دروست نیشانی دا کە ئەوانەی لە سەر خاکی خۆیان بە ڕێکخستنی زانستیی، بە بیری پێشکەوتووخوازیی، بە بیری یەکسانیبوونی ژنان و پیاوان و ڕێزگرتن لە ژینگە و لە مافی مرۆڤ، خۆ ڕێک دەخەن و ئاستی هۆشیاری خۆیان دەبەنە سەر، هیچ هێزێک ناتوانێت پێشیان پێ بگرێت. بە پێچەوانەوە، ئەوان دەتوانن لایەنەکان بە شەڕ بدەن، سوود لە ناکۆکیەکانیان وەربگرن و هەل و دەرفەت بە قازانجی گەلی خۆیان بقۆزنەوە.

ئێمە لە باشوور دەبێت داوای سیاسیمان ببەینە سەر، دەبێت هۆشیارکردنەوەی گەل بکەین بە خاڵی سەرەکی ڕۆژەڤمان، دەبێت بە توندیی و بە مستی پۆڵایینەوە هاوار بکەین کە ڕێگا بە تاڵانیی و دزی نادەین و تاوانباران سزا دەدرێن. یەکیەتی نەتەوەیی بە مانای ئەوە دێت کە هەموو زەرەر و دەستکەوتێکمان هی هەموومانە، کە دەبێت شەونەخونی بە دیار ئازاری یەکترەوە بکێشین و بە دەستکەوتی هەر پارچەیەک سەربەرز و شاناز و شاد بین.

لە پەیماننامەکانی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانیەکان، لە سایکوس پیکۆ و لە لۆزاندا کورد بەش بەش کرا، ماڵ و سامانی کورد تاڵان کرا و تاڵان و برۆ ئیستاش بەردەوامە، کەوتینە بەر شاڵاوی قڕکردن و ڕاگوێزان و ڕاوەدوونان. بەڵام ڕاپەڕینی باشوور یەکێک لەو قامکانەی شکاند. ڕۆژئاوا قامکێکی دیکەی ئەو داگیرکەرییەی شکاندووە و باکوور لە خەبات و تێکۆشانی مەزندایە و بە دڵنیاییەوە قامکی داگیرکەریی لە باکوور دەشکێنێت. ڕۆژهەڵات هەویرێکی شۆڕش و بەرخۆدانی مەزنە کە لە هەڵهاتندایە. ڕاستە داگیرکەران بە مانای وشە دڕندەن، بەڵام سەدان داودئۆغلۆ و جیهانگیریی ناتوانن پێش بەو تێکۆشانە ئازادیخوازییە بگرن کە کوردستانیان دەستیان پێ کردووە. گەلی باشووری خاوەن ڕاپەڕین، دەبێت لە سەر خۆڕێکخستن، لە سەر پاراستنی سامانی نەتەوەیی، لە سەر گەڕاندنەوەی پارەوپولی تاڵانکراو و دزراو و لە سەر پێشخستنی کوردستان بەردەوام بێت. باشوور بەهێزە، دەبێت بە هەموو هێزێکمان سەربەرزیی و شانازیی و گەورەیی باشوور ڕابگرین.

ساڵیادی ڕاپەڕین دەبێت نەفرەت لە داگیرکەران و کۆنەپەرستانی ناوخۆ بێت، لە ئامێزگرتنی قەندیل و خۆشەویستی گەریلا



سەرچاوە
Serchawe

و پێشمەرگە بێت، بە نەمری هێشتنەوەی گیانبەختکردووان و پاکرەوانانی کوردستان بێت، و سووربوون و جەسوورتربوون بێت لە سەر خەبات و تێکۆشان. ئازاری ئەوڕۆی دایکانی راپەڕین بەشێکە لە ئازاری دایکانی ڕۆژئاوا و باکوور و ڕۆژهەڵات و هەرواش دەمێنێتەوە.

سەرکەوتن بۆ ئێمەیە، لەبەرئەوەی گەلێکی تێکۆشەرین، تینووی ئازادیی و سەربەخۆیین و مایەمان لە سەر داناوە و ئامادەین مایەی لە سەر دابنێنن. ئەوانە سووک و ڕووسواوی مێژوون کە هەر ئێستا لە گەڵ گەلی خۆیاندا نیین یاخود تەنانەت زیانیشی پێ دەگەیەنن.

**بەغداد و دیمەشق چوون، ئەنکارا و تاران دوو دۆڕاوی بەرچاون.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١٦**



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاپەڕین، خەونی سەدەی کوردەکان پەیامی دەزگای میدیایی میللەت،

## بە بۆنەی یادی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ـەوە




پڕۆژەی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ : ئایا ڕاپەڕین کۆتایی هاتووە؟

**تایبەت بەناوەندی میللەت بۆ توێژینەوە**

**ئامادەکردنی: یەکەی شیکاری لە ناوەندی میللەت**

### پێشەکی

ڕاپەرینە جەماوەرییەکەی ئازاری ١٩٩١، دوای چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری ڕێکخراو و سیستماتیکی بوو بەرامبەر بەکوردەکان، بەتایبەت لە ماوەی جەنگی عێراق - ئێران، کە لەو ماوەیەدا حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو سەدان هەزار هاوڵاتی کوردی کردە ئامانج لەڕێگەی کیمیابارانکردن و شاڵاوەکانی"ئەنفال"ەوە، سەرەرای هەڕەشە بەردەوامەکان لەسەر ناسنامە و شوناسی نەتەوەی کورد. بۆیە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، هێرشەکانی هاوپەیمانانی بۆ سەر بەغداد "گەردەلوولی بیابان" بەدەرفەت زانی، و لەڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە لەناو شار توانرا سەدان هەزار هاوڵاتی لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی باشوری کوردستان بجوڵێنیت، و هێزی پێشمەرگەش لەماوەی تەنها ١٠ رۆژدا تەواوی ناوچە کوردییەکانی جگە لە کەرکوک کۆنترۆڵکرد.دواتر هێزەکانی هاوپەیمانان ناوچەی دژە فرینیان لە باکوری عێراق دامەزراند. ئەمەش ڕێگە خۆشکەربوو بۆ دروستکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی خۆبەڕێوەبەری لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە.

دوای ٢٥ ساڵ بەسەر ئەو بۆنە مەزنەدا، ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بەقۆناغێکی هەستیاردا تێپەردەبێت، جا چ لە رووی بارودۆخە نێودەوڵەتی و هەرێمی بێت یاخود لە سەر ئاستی ناوخۆیی، هەرچەندە لەم دۆخەدا هەرێمی کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە یەکگرتووی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا لە هەموو کات زیاتر کەوتۆتە بەر رەخنەی جەماوەری و نارەزایی هاوڵاتیان لە ناوخۆدا، ئەم واقعە نوێیەی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی راپەرینە، لەبەردەم مەترسی و چەند ئەگەرێکدایە، ئەگەر دۆخی ناوخۆیی باشتر نەکرێت، بەتایبەتی پێداچونەوە بە (پرۆسەی سیاسی، ژێرخانی ئابووری، ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی) کە بنەمای بەهێزن بۆ تەواوکردنی پرۆژەی راپەرین، راستە خەڵکی کوردستان لەبەهاری ١٩٩١دا راپەرینی دژی زوڵم و زۆری بەعس کرد، بەڵام لابردنی زۆڵمە ئەگەر هەڵگری پرۆژە تەواوکارییەکانی دیکە نەبێت وەک (ئازادی، خۆشگوزەرانی، دادپەروەری )، کێشەی گەورە بۆ خودی راپەرین و دەستکەوتەکانی دروست دەکات، هەر ئەمەشە وایکردووە بژاردەی دووبارە ڕاپەرین لە هەرێمی کوردستان زیادبکات. بۆیە ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ خستنەرووی ئەگەرەکانی دروست بوونی ڕاپەرین و پیشاندانی ئەوەی ئایا قۆناغی دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ ئامانجەکانی سەرەکییەکانی خۆی پێکاوە، ئەمە جگە لە تیشکخستنە سەر ئەو هۆکارانەی کە زەمینەسازی بۆ دروستبوونی راپەرینی جەماوەری دەکەن.

## ئایا قۆناغی دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ ئامانجەکانی پێکاوە؟

دەکرێت لەلایەکەوە باس لەوە بکرێت کە ڕاپەرین سەرکەوتوو بووە لەوەی کە کۆتایی هێنا بە دەسەڵاتی داگیرکاری حکومەتی بەعس لە کوردستان، کۆتایهێنا بە ستەم و زۆرداری رژێمی پێشوو، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئیدارەدانی دەستکەوتەکانی راپەڕین چەندین جار رووبەرووی مەترسی گەورە بۆتەوە کە پشکی شێری ئەو مەترسیانە لە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی بووە لە هەرێمی کوردستان، لەدوای راپەرینەوە سیستمی ئیدارەدان و حوکم لەو ئاستەدا نەبوو کە ببنە تەواوکەری ئەرک و پرۆژەی راپەڕین، هەموو هێزە سیاسیەکان کوردستان لە چەپەوە بۆ راست بەشداربوون لەو کەموکورتیانەدا،

### ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک:

١- دوای ڕاپەڕین بەرپرسانی کورد نەیانتوانی سیستەمێکی حوکمڕانی وەها دابمەزرێنن کە گەرەنتی ئاشتی و ئاسایش و دادپەروەری بکات لە هەرێمی کورستان، ململانێی ناوخۆیی و هەوڵدان بۆ سەپاندنی ئیرادەی لایەنێک بەسەر ئەوەی تردا، کوردستانی دووچاری شەڕی ناوخۆ کرد کە نەنگیەکی گەورەیە لە مێژووی گەلی کوردا.

٢- بەرپرسانی کورد لەدوای شەڕی ناوخۆش تاوەکو ئێستا لەئاستی ئەوەدا نەبوون کە سیستەمێکی دیموکراسی پەیڕەو بکەن بۆ پاراستنی مافی هاوڵاتیبوون و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا، باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم

ڕاستییە، پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، کە هەرچەندە بە پێی یاسا ماوەی سەرۆکی هەرێم لە ١٩ ئابی ٢٠١٥ دا کۆتایی پێهاتووە کە بۆماوەی زیاتر لە دوو خولە سەرۆکایەتی هەرێم دەکات، بەڵام بەبیانووی جۆراو جۆر هێشتا لە ئەرزی واقعدا پیادەی دەسەڵاتەکانی دەکات و قەیرانێکی سیاسی گەورەشی بەدواخۆیدا هێنا کە بووەهۆی لەکارخستنی دامەزراوەی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان. ئەمەش نیشانەی پرسیاری گەورە لەسەر بیرو پیادەی سەرکردایەتی کورد دادەنێت کە تاچەند باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە، بەتایبەتی کە ئەرکی سەرەکیان لە پشت خرۆشاندنی جەماوەری راپەڕیوی کوردستانەوە لەناوبردنی رژێمی دیکتاتۆری بوو.

٣- ئەزمونی فەرمانڕەوایی کوردی نەک تەنها لەبواری سیاسیدا بەڵکو لەبواری ئابوری و دارایدا ئەزمونێکی سەرکەتوو نەبووە، هەرچەندە بەرپرسانی کورد لەدوای ڕووخانی رژێمی بەعسەوە سەرکەوتووبون لەوەی کە توانیان پشکی لەسەدا ١٧ بودجەی عێراق بۆ هەرێمی کودستان دابین و گەرەنتی بکەن، بەڵام بەهۆی خراپی ئیدارەدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدادو تێکەڵکردنی دەستکەوتە شەخصیەکان بە دەستکەوتە گشتیەکان، کێشەی گەورە بۆ ئابووری هەرێم دروست بوو، هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی ئابوری کوردستان لەرێگەی پشت بەستن بە نەوت وەک تاکە سەرچاوەی داهات بووە هۆی ئەوەی کە بەغدا پشکی هەرێمی کوردستانی ببڕێت و بەرپرسانی هەرێمی خستە دۆخێکی نەخوازراوەوە تا کار گەیشتە ئەوەی نەتوانن موچەی موچە خۆران دابین بکەن، ئەمە جگە لەوەی پشتبەستن بەنەوت وەک سەرچاوەی داهات پێویستی بەستراتیژو سیاسەتێکی تەندروستە کە داهاتوو گرتنی بکات، نەک بەم شێوەیەی ئیستا کە جگە لە نارۆشنی لە پرۆسەی هەناردەکردن و فرۆشتندا، هاوکات حکومەتی هەرێمیشی کۆت بەند کردوە بەچەند هێزێکی دیکەوە کە هیچ کات گرەنتی نییە ماف و ژیانی تاکی کورد پارێزراو بێت.

٤- بەهۆی خراپی ئیدارەدان و حکومڕانیەوە، قۆناغی دوای راپەڕین، بەقۆناغی دابەزینی ئاستی ئینتمای تاکی کوردی لە هەرێمی کوردستان بۆ دەسەڵاتداریتی کوردی جیادەکرێتەوە، ئەمەش بە پلەی یەکەم کاری کردۆتە سەر بیرکردنەوەی نەوەی دوای راپەڕین، دیاردەی کۆچ و بەجێهێشتنی وڵات لەو پرسانەن کە لەدوای راپەرینەوە زۆرترین پانتایی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانیدا داگیرکردووە، هەروەها بەشداری پێنەکردنی نەوەی دوای راپەڕین لە بڕیاری سیاسیدا، بۆتەهۆی دابەشبوونێکی ناتەندروستی کۆمەڵگەی کوردی لەنێوان دوو نەوە ( نەوەی پێش راپەڕین و دوای راپەڕین) کە لەکاتی قەیران و کێشەکاندا بەریەکەوتنی ئەم دوو نەوەیە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت.

٥- لە هەرێمی کوردستاندا تاوەکو ئێستا میکانزمێکی چارەسەرکردنی کێشەکان تەفلیدین، لەجیاتی پەنابردن بۆ دامەزراوە یاسایی و سیاسیەکان، بڕیارە گرنگ و چارەنوسازەکان لەلایەن کەسانی یەکەمی پارتە سیاسەکانەوە دەدرێت کە زیاتر سیمایەکی شۆڕشگێڕیان هەیە، بۆیە لەحاڵەتی هەرکێشەیەک دووبارە ئەگەری ئەوە هەیە کە کوردستان ڕووبەڕووی



سەرچاوە
Serchawe

توندوتیژی سیاسی و شەڕی ناوخۆ بێتەوە.

## ئایا ئەگەری ڕاپەرین لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە؟

بەزۆری ڕاپەڕین و جوڵانەوە جەماوەرییەکان زادەی بارودۆخی نەخوازراوی خەڵک و ئەو چەوساندنەوە و نەبووی دادپەروەری کۆمەڵایەتی یە دژ بە هاوڵاتیان، بەجۆرێک هاوڵاتیان چیتر ناتوانن بەرگەی ئەو بارودۆخە نالەبارەی ژیان بگرن و ئەمەش وادەکات بەشێوازی جیاواز قسە لەسەر نادادیەکان بکەن کە زەمینە سازی بۆ دروستبوونی رایەکی جەماوەری بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵات دەکات. هەڵبەتە چەندین فاکتەری جیاواز کاردەکاتە سەر کۆکردنەوەی هاوڵاتیان و دروست بوونی جوڵانەوەی جەماوەری لەوانەش: گەندەڵی ئابوری و سیاسی، ناشەفافیەت، بێکاری، نادادپەروەری لە دابەشکردنی سەرچاوەکانی وڵات و نەبوونی هەلی یەکسان بۆ تاکەکان، سەرەڕای سنورداری ئازادی گشتی و سیاسیەکان لەوڵاتدا. زۆریک لە شۆرشەکانی وڵاتانی عەرەبی دەرەنجامی ئەو بارودۆخە نەخوازراوانە بوون لە وڵاتەکانیان بەجۆرێک لەکۆتایدا هانی هاوڵاتیانی دا بۆ راپەرین دژی حکومەتەکانیان بێنە سەرجادە و داوای گۆڕینی رژێمەکانیان بکەن. دەکرێت هەریەک لەو وڵاتانە هۆکاری جیاوازی خۆیان هەبێت، بۆ نمونە دەکرێت نەبوونی ئازادی گشتی و سیاسی هۆکاری سەرهەڵدانی شۆرش بێت لە یەکێک لەو وڵاتانە، بەڵام هەمان هۆکار بۆ وڵاتیکی تر کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبێت لە وڵاتیکی وەکو تونس "محمد بوئەزیز" بەهۆی نەبوونی کارەوە هاتە شەرقام و ئاگری لەخۆی بەردا هەر ئەمەش پاڵی بە جەماوەرەوە نا بۆ ڕاماڵینی حکومەتەکەی "بن عەلی". بەڵام لە وڵاتیکی وەکو لیبیا هۆکارەکان لەوانەیە زیاتر پەیوەندیدار بێت بە نەبوونی ئازادی، هەروەک چۆن لە میبر زیاتر خۆی لە نەبوونی هەلی یەکسان و گەندەڵیدا دەبینێتەوە. هەروەها دەکرێت زۆریک لەم هۆکارانەش بەیەکەوە هاندەری راپەرین بن ئەگەر لە وڵاتیک بوونیان هەبێت.

هەرچەندە بارودۆخی هەریمی کوردستان ناکرێت بە هەمان تەرازووی وڵاتانی عەرەبی پێوانە بکرێت، هەروەک چۆن بارودۆخە ناوخۆیەکانیشیان جیاوازن، بەڵام ئەگەر بە ووردی سەرنج لە بارودۆخی هەرێمی کوردستان بدەین ئەتوانین ئاماژە بە نەبوونی شەفافیەت و گەندەڵی لە هەموو کەرتەکاندا بکەین، بەتایبەتی کەرتی نەوت کراوەتە سەرچاوەی داهات و گوزەرانی خەڵک، بێگومان هەریەک لەو هۆکارانەی سەرەوە کاریگەری هەیە لەسەر ناڕەزایی خەڵکی کوردستان، بەڵام ئاستی یەکێکیان زۆرتر بێت لەوی دیکە، رەنگە ناڕوونی لە داهات و هاندەری نەوت پاڵ بەهاوڵاتیانی کوردستانەوە بنێت لە شێوەی جوڵانەوەیەکی جەماوەری فراواندا بڕژێنە سەر شەقامەکان بۆ داواکردنی مافەکانیان لەو داهاتەدا، بۆیە هەر یەکێک لەو هۆکارانە بۆخۆی سەچاوەی ناڕەزاییە لەهەموو کۆمەڵگەیەدا، گرنگە دەسەڵاتی سیاسی کوردی بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو هۆکارانەدا بکات، بە تایبەتی مەسەلەی گەندەڵی و چاکسازی، سەرباری هەموو ئەمانەی سەرەوە دەستبەرکرنی ئازادی خاڵێکی جەوهەرەیە لە پرۆسەی سەقامیگری و ئاشتەواییدا، کە تارادەیەک لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان ئەم پرسە سنوردار کراوە، بەتایبەت کاتێک قەیرانە سیاسیەکان زق دەبنەوە، زۆجار مافی دەربڕینی نارەزایەتیەکانیانی

هاوڵاتیانیش بەشێوەیەکی مەدەنیانە بە ئاقارێکی دیکەدا دەبرێت و دەخرێتە چوارچێوەی گەمە سیاسیە ناتەندروستەکانەوە. بۆیە ئەگەر بەجدی هۆکارەکانی دروستبوونی راپەرین بنەبڕ نەکرێت لەرێگەی وەڵامدانەوە دەسەڵاتی سیاسیەوە بۆ داواکارییەکانی هاوڵاتیان، ئەوا هەموو ئەگەرێک لەبەردەم تەواوکرنی پرۆژەی راپەرین لە هەریمی کوردستان کراوەیە.

**دەرئەنجام:**

ڕاپەرینە جەماوەریەکەی ٢٥ ساڵ لەمەوپێش بەشێک بوو لە زنجیرە راپەرین و خۆپیشاندانە جەماوەرییە سەرتاسەرییانەی کە باکور و باشوری عێراقی گرتەوە لە ئازاری ١٩٩١ دوای جەنگی دووەمی کەنداو. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە رژێمی پێشووی عێراق بەشێوەیەکی سیستماتیکی پەیرەوی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتی دەکرد، بۆیە راپەرینەکەی ١٩٩١ سەرەرای نەزعە سیاسی یەکەی، هەڵگری رەهەندێکی ئیتنی (نەتەوەی) بوو بۆ کوردەکان و پاڵنەری ئاینی بۆ شیعەکان.

کوردەکان راپەرینیان دژی دەسەڵاتێکی بێگانە بە نەتەوە و وڵات ئەنجامدا، کە بەرپرس بوو لە رشتنی خوێنی سەدان هەزار هاوڵاتی کورد. هەرچەندە، فاکتەری سەرەکی راپەرین و جوڵانەوە جەماوەرییەکان بەشێوەیەکی گشتی زوڵم و زۆرداری و ستەم و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و دیکتاتۆریەتە، نەک نەتەوەی بوون، لە ئێستادا سەرەداوەکانی زەمینە سازی بۆ ئەنجامدانی راپەرین قسەو باسی لێوەدەکرێت، و بەشێک لەسەرکردە سیاسیەکان راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکەن کە "ئەوانەی بیانەوێت راپەرین و قوربانیدانی ئەم میللەتە بەکەم بگرن بەهەڵەدا چوون و راپەرین کۆتای نەهاتووە" وەک ئاماژەیەک بۆ پشتگیریکردن لە ماف و داخوازییە رەواکانی خەڵک بەشێوەیەکی مەدەنیانە.

ئەوەی جێگەی سەنجە، نارەزای و بێزاری ئێستای خەڵک دژی دەسەڵاتێکی خۆماڵی یە کە قوتی خەڵکی بە سیاسیکردووە و رێگری لە دامەزراوە شەرعیەکانی وڵات دەکات بۆ بەردەوام بوون لەکارەکانیان و ئازادی و ئەزموونی دیموکراسی و ئاڵوگۆری ئاشتیانەی دەسەڵات پشت گوێدەخات. لەکاتێکدا راپەرینی بەهاری ١٩٩١، لە دژی حکومەتێکی دیکتاتۆری بێگانە بە کورد و شوناسەکەی بوو.

**سەرچاوەکان:**

١- ثورات الربيع العربي / الاسباب والنتائج، الربط التالي:

٢- http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=36136

٣- ثورات الربيع العربي.. الأحلام وانكساراتها، الجزيرة نت، الرابط التالي:

http://www.aljazeera.net/programs/in-depth

٤- الخـلاف النفطـي بين الإقليـــم والمركـز، الرابط

http://www.daraddustour.com/index.php/over-view/12262-2014-02-26-14-55-13

٥- الاكراد والمشكلة الكوردية ، www.moqatel.com

سەرچاوە: ماڵپەڕی میللەت - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# ڕاپەڕینی عەقڵ و ئەخلاق



د.سەردار عەزیز

زیاتر لە چارەکە سەدەیەک لەمەپێش، کورد ڕاپەڕین بۆ لابردنی رژێمێک، ئێستا کاتی ئەوەیە کە بیر لە ڕاپەڕینێک بکەنەوە لە عەقڵیاندا، لە ئەخلاقیاندا. قەیرانی ئەم دوو بوارە بوو کە لابردنی رژێمێکی فاشی نەبوە هۆی هاتنی سیستەمێکی مرۆڤدۆست.

ئێمە دەبێت بوێرین کە ئاڵۆزیەکانی دونیا ببینین. وازبێنین لە سادەگۆیی و سادەگەرایی، دەبێت خەیاڵمان هێندە فراوانبکەین هەمومان وەک یەک بوون پێکەوە وێنابکەین، وازبهێنین لە خۆخۆری و رقی ناکۆتا لە یەکتر.

دەبێت واز لە پەرستن بهێنین، پەرستنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ ناشیرینترین جۆری کۆیلەیەتیە.

نابێت بە ماسکەکان هەڵبخەڵەتێین. لە ئەفسانەی دایونیسی یونانی باسی ئەوەمان بۆ دەکات کەچۆن ماسکەکان دەبنە ڕاستی. چونکە مرۆڤی سادە نایەوێت یان ناتوانێت ڕاستی ببینێت، بۆیە ئەوەی مرۆڤی سادە مەستیەتی ماسکێکە لە شانۆگەریەکدا.

ئێمەی کورد لە هەستیارترین ون ناسەقامگیرترین ناوچەکانی گۆی زەویدا دەژین. پێنج سەد ساڵە لە قەیراندان. بەڵام ئەوەی مایەی دڵتەنگیە کە ئەم پێنج سەت ساڵە هەمان قەیرانمان هەیە، یان لێی تێناگەین یان ناتوانین تێپەڕینین. بەڵام بێتواناییمان لە تێپەڕاندنی نیشانەی بێتواناییمانە لە تێگەیشتنی.

ئەخلاقی ئێمە ئەخلاقی پێشمۆدرێنە، ئەخلاقی کۆمەڵگای بچوکە. ئەوکۆمەڵگایانەی کە ناتوانن پێکەوەبژین بۆیە رق تەنها ڕایەڵەی پەیوەندیە لە نێوانیاندا. بەناو سیاسیەکان دێن سەرمایەداری دەکەن لە سەر ئەم ڕقە.

دەبێت بڕوابهێنین کە فریادەرەس نیە. زۆربەی کورد دەبۆڵێنێت کە بۆچی سیاسیەکانی دونیای بۆ چاک ناکەن، بۆچی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی رزگاری ناکەن. ئەم دیدە دەبێت بەتەواوی بسڕێتەوە. کە تۆ خۆت ئامادنیت هیچ بکەین ئەوانیتر چۆن هیچت بۆ بکەن.

هەڵچوون و تورەییەکان گەر لە ناو چوارچێوەی سیستەمێکی عەقڵی ئاڵۆز و تۆکمەدا نەڕسکێن تەنها دەبنە ڕێگایەک بۆ دامرکاندنەوەی کەفوکوڵ.

با یەک سات ئەخلاقیانە بیر بکەینەوە و بپرسین؛ چیە ئێمە پێنج سەت ساڵە ئازار دەچێژین؟ ئازار چەژتن، نیشانەی کۆمەڵێک قەیرانە. تا ئێمە نەپرسین چۆن ئەم ئازارە دێرینە بنبڕکەین، ناتوانین خۆش و باش بژین، ناتوانین وەک مرۆڤ بژین.

کە نەوت هات بۆ ساتێک مەست بوین، بوین بە بەرخۆرێکی بێحەولولا. وەهامانزانی لە بەردەم دەرگاکانی بەهەشتداین. ئەگەری هەیە کە ڕۆژگارەکانی نەوت بۆ هەمیشە تێپەڕبێت. مرۆڤایەتی دەیەوێت بەجۆرێکی تر بژی، وزەی کەمتر و جیاواز بەکاربەرێت. ئێمەش دەبێت هەوڵی جیاوازبونمان بدەین.

نەوت هات هەموو شتێکی ڕسواکرد، ئاگایی، مەعریفە، کەلتور، کتێب، ڕۆشنبیری، فەلسەفە، ئەخلاق. دورگەی فیجی کۆمەڵێک خەڵکی تیادایە، کاتێک سامانی سروشتی لەوێ دۆزرایەوە کۆمپانیان جیهانیەکان چونە ئەوێ، خەڵکەکەیان هێندە قەڵەوکرد کە توانای هیچیان نەمان. کە سامانەکەیان تەواوبوو بەتەنها جێیاهێشتن.

ئێمەش فرەخۆری جۆرێکی تر بوو لە بەفیرۆدانی سامانمان و پۆزلێدانمان. زۆربەی سامانی کورد لە پۆزلێداندا بەفیرۆ دەڕوات، لە بۆینباغ، لە ئوتو، لە قات، لە ماشین، لە کاشی، لە مۆبایل، لە فەیسبوک، لە شایی، لە لەلەلە.

هەزارجار ڕاپەڕین، گەر ڕاپەڕینێک یان شۆڕشێک بەسەر عەقڵ و ئەخلاقماندا نەکەین هەر لە هەمان شوێندا ڕاوح ئەکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی میللەت - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# ڕاپەڕینی ١٩٩١، دەروازەیەک بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

گەر گوزەرێک بەناو لاپەڕەکانی مێژوودا بکەین، بۆمان دەرکەوێت کە هەر کاتێک نەتەوەی کورد داوای مافە ڕەواکانی خۆی کردبێت ئەوا لە لایەن زۆرداران و نەیارانییەوە، تووشی زوڵم و ستەم بۆتەوە و بەڵام لە هەمانکاتیشدا سەری بۆ دوژمنانی کورد نەچەماندۆتەوە و خەباتی کردووە و تێکۆشاوە و سەرهەڵدانی کردووە بۆ ئەوەی بڵێت تا بەدەستهێنانی گشت مافەکانیی ساتێک درێغی ناکات و گیانی خۆی لە پێناو خاک و نیشتیمانەکەی فیدا دەکات.

١٠٠ ساڵە گەلی کورد بە دەست رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی و تا بە ئەمڕۆش کە خەڵکی کوردستان دوای ٢٥ ساڵ لە بەڕێوەبەردنی خۆی و حکومەتەکەی بە شێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ، داوای مافێکی ڕەوای خۆی کە ئەویش سەربەخۆیی دەکات بەڵام بە هەموو شێوەیەک پیلانگێڕی لە دژی دروست دەکرێت و هەموو جۆرە شێوازی میدیایی و تابووری پێنجەم و ئابلۆقەی ئابووری بەکار دەهێنرێت تا لەو ئامانجە گەورەیە پاشگەز بکرێتەوە. ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ڕانیەوە بۆ تەواوی کوردستان، سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان. ڕاپەڕین وانەیەکی گرنگ بوو بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتوومان کە خەبات بۆ بەدیهێنان و چەسپاندنی ئازادییەکان بکەنە خەون و خولیا و لە هزر و بۆچوونیاندا بە زیندوویی بمێنێتەوە. بۆیە ئێستا کە یادی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە دەکەینەوە، کە لە ڕانیەی سەرسەخت بەرانبەر زوڵم سەری هەڵدا، لەلایەک داعش وەک بەڵایەکی مرۆڤ خۆر بەناوی ئیسلامەوە بەرۆکی گرتووین و شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ هەڵگیرساندووین، لەلایەکی تر قەیرانە هەمەڕەنگ و هەمەچەشنەکان تێمان وروکاون و کەللەڕەقی سیاسی و ناپیشەیی لێپرسراوان و قازانجی تەسکی حزبایەتیش ناهێڵێ چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ بدۆزرێتەوە! ٢٥ ساڵ لەمەوبەرمان خەریکە بیر دەچێتەوە، کە داگیرکاری وەک دێوەزمەیەک بەسەر سینگی نیشتمانەوە چڕنوکەکانی گیردە کرد و هەر رۆژەی برینێکی لە جەستەی هەڵاهەڵای دەکرد، ڕۆژێک بۆ ڕۆڵەکانی و ڕۆژێک بۆ کیژۆڵەکانی فرمێسکی دەباراند و شینی دەکرد.

کاتێ زۆرداری رژێمی لەناوچوو گەیشتە دوا سنوورەکانی خۆی، بە ئاگر و ئاسن بەگژ هەر ئاماژەیەک، هەر دیاردەیەکدا

دەهاتنەوە کە بۆن و ڕەنگی ناڕەزایەتی لێ هاتبا، ئەوێ ڕۆژێ پێکەنین مایەی قەستی سەربوو، شیعر لەناو لەپی مەقەستدا و گۆرانی لەژێر گڕی دەستەڵاتا هەڵدەپروزا. نوایەک نەبوو بۆ زمان و پەسیوێک نەبوو بۆ گفتوگۆ، ڕۆژگار هەتیو هەتیو تێدەپەڕی و ژیان لە قۆزاخەی بێ ئومێدیدا گینگڵی دەدا. تاقە تروسکاییەک لە چیاکانەوە بەخوێنی پێشمەرگە کزکز دەسوتا بەڵام ورگی شەوەزەنگی دەدڕی و مەرگی نیشانی دوژمن دەدا. پێوستە ڕاپەڕین ریزەکانمان یەک بخات و ڕێگەنەدەین نەیارانی کورد ناکۆکیی لە نێوانماندا دروست بکەین هەموومان بە یەک ئاڕاستە بەرەو لووتکەی سەرکەوتن هەنگاو بنێین. ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان بۆیە سەرکەوت، چونکە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان یەکڕیز بوون و لە یەک سەنگەردا بوون. ئەم سەرکەوتنە مەزنە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئێمە هەر کات یەک بووبین دەستکەوتی مەزنیش بۆ گەلەکەمان بەدی هاتووە. ئەگەر هەندێک جار سەرباری خەبات و قوربانیدانێکی زۆر، دەستکەوت بۆ گەلی کوردستان بەدی نەهاتبێت ئەوە مانای بەهێزیی دوژمنان نەبووە، بەڵکو نەبوونی یەکبوون و یەکڕیزی وای کردووە دەستکەوت بۆ گەلی کوردستان مسۆگەر نەبن. ڕاپەڕین وانەی یەکڕیزی و بەگژداهاتنەوەی زوڵم و داگیرکاری و سەرکەوتنی گەلەکەمانە و پێویستە ئەم وانەیە ببێتە سەرمەشق بۆ هەموو قۆناخەکانی خەباتی گەلەکەمان. ئێستایش کە گەلەکەمان قۆناخێکی هەستیار و دژوار بەسەر دەبات و لەگەڵ تیرۆریستان لە شەڕدایە، زیاتر لە هەموو کاتێک دەبێ دەست بە یەکڕیزییەوە بگرین و دەستکەوتەکان بپارێزین و سەرکەوتن بۆ گەلەکەمان مسۆگەر بکەین.هەر بۆیە ڕاپەڕینی ڕۆژی ٥ی ئازاری ساڵی ١٩٩١، کە بە ڕاپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان لە ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینەوە سەری هەڵدا بە وەرچەرخانێکی مێژوویی گەلی کوردستان هەژمار دەکرێت یەکەمین بڵێسەی دا، لە یەکەمین چەخماخەی ڕاپەڕیندا گەلی کوردستان بە پیرو گەنج و لاو و بە هاوکاری پێشمەرگە گیانلەسەر دەستەکان توانییان لە یەکەم هەنگاودا شاری ڕانیە و دەوروبەر ئازاد بکەن و تەواوی ناوچەکەش لە هێز و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعس پاک بکەنەوە و لەوێشەوە کڵپە و بڵێسەی ڕاپەڕین تەواوی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە و سەرەنجام تاجی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی نایە سەر (کەرکوکی دڵی کوردستان) و نەورۆزی ساڵی ١٩٩١ی کردە نەورۆزی سەرکەوتن.خەڵکی کوردستان لە ڕاپەرینە مێژووییەکەی ساڵی ١٩٩١ هاوشانی برا پێشمەرگە قارەمانەکان، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە سەرۆک بارزانی هاوشانی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان بەشداری شەڕی کۆڕێی کرد و سەرپەرشتی میحوەری شەڕەکەی کرد لە دژی درندانەترین سوپای ڕژێمی بەعسی فاشی کە لە ئەنجامدا سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ گشت گەلی کوردستانی لێکەوتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ڕژێم ناچار بکرێت داوای گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی کوردستانی بکات.ڕاپەڕینی گەلی کوردستان و ئازادکردنی ڕانیە لە ٥ - ٣ - ١٩٩١ سەرەتای زنجیرەیەک ڕاپەرین بوو کە زۆربەی هەرە زۆری شار و شارۆچکەکانی کوردستانی تێدا ئازادکرا و وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی گەلی کورد و مێژووی ناوچەکەش دا، چونکە خەڵکی کوردستانی لە شکست و نائومێدی و لەناوچوونەوە بەرەو سەرکەوتن و دامەزراندنی پارلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەدیهاتنی چەندین دەستکەوتی تری گرنگ ئاراستە کرد، کە دەکرێت بەدەسپێکی شێوازێکی نوێی تێکۆشانی خەڵکی کوردستان دابنرێت کە دواتر گۆڕانکاری و وەرچەرخانێکی گرنگ لە خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی کورد دا هێنایە ئاراوە.ڕاپەڕینی شکۆمەندی خەڵکی کوردستان،

وانەیەکی بەخشییە دوژمنان و ناحەزانی کورد و کوردستان ئەوانەی کە پێیان وابوو دەتوانن لە ڕێگەی کیمیاباران و ئەنفال و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییمان دەست بە سەر خاک و وڵاتماندا بگرن ، کە بۆ هەتا هەتایە بزانن کە کوردستان خاوەنی گەلێکی سەرفراز و ئازادیخوازە و لە هەموو کات و ساتێکدا خۆی فیدای نیشتمانەکەی دەکات.راپەڕینی پیرۆزی ئاداری نەوەدو یەک بە یەکێک لە هەنگاوە بوێر و دیرۆکی و کاریگەرەکانی مێژوی کورد لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا دادەنرێت، بەرخودانی ئادار دیواری ئەو ترسەی شکاند کە دەیان ساڵ بوو ڕژێمی لەناوچووی بەعس لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا مرۆڤی کوردستانی پێ چاوترسێن کرد بوو، بەهۆی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردستانەوە لە دڵی گەلی کوردستاندا چاندبووی، راپەڕین متمانە و چێژی سەرکەوتنی بۆ ناخی مرۆڤی کورد گەڕاندەوە، پاش ئەوەی لە ئەنجامی جینۆسایدکردنی کورد لە هێرشی ئەنفالەکان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و زۆرجێگای تری کوردستان لە کۆتایی دەیەی هەشتاکاندا بزافی رزگاریخوازی کوردستان کەوتبوە قۆناغێکی نوچدان و نسکۆوە بەڵام راپەڕین وزە و گیانی بەخشیەوە بە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان، ئەمە جگە لەوەی دۆزی رەوای گەلەکەمانی بردەوە سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، راپەرینی جەماوەر و پێشمەرگە بۆ جیهانی سەلماندەوە کە گەلی کوردستان دەست لە ئامانج و ماف و دۆزی رەوای هەڵناگرێت.

راپەڕینی گەلی کوردستان ئەوەی سەلماند کە یەکڕیزی و تەبایی رۆڵەکانی میللەتێک هەمیشە دەتوانێت دەستکەوتی گەورە بینێتە ئاراوە و بەڵگەش بۆ ئەم راستییە ئەوەیە کە لە ئاکامی سەرکەوتنی راپەڕینی خەڵکی کوردستان سەلماندرا کە تامەزرۆی ئازادی و دیموکراسییە ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێت دەتوانێت لە سایەی ئازادیدا مومارەسەی دەسەڵاتی سیاسی بکات، وەک هەر میللەتێکی تری خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ. جێی شانازی خەڵکی کوردستانە کە ئەمڕۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە هەموو رووێکی سیاسی و ئابوری و بوارەکانی دیکەدا چۆتە قۆناغێکی پێشکەوتوو و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەرهەمی راپەڕینی و خەباتی و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان بوو کە بەرەی کوردستانی رابەرایەتی کرد. ئێستاش ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەنگاوی زۆر باشی ناوە لە چەسپاندنی ئارامی و ئاشتی و پێکەوە ژیان و پێشکەوتن و ئاوەدانی و شارستانیەت بڕیوە و نوێنەرایەتی وڵاتان بوونیان هەیە کە ئەم ئەزموونە بە چیرۆکی سەرکەوتن لە ناوچەکە دادەنرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو دەسکەوتانە بێ ئاستەنگ نەبووە و هەمیشە ناحەزان لە هەوڵی ئەوەدان رەوڕەوەی خەبات و کۆڵنەدانی ئەو گەلە قارەمانە بوەستێنن و کێشە و گرفتی بۆ دروست بکەن بەڵام بە ئیرادەی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان و پشت بەستن بە مێژوو و خەبات و راپەڕینە سەرتاسەرییەکەی خەڵکی کوردستان خەون و ئاواتی شەهیدان دێتە دی و مافەکانی ئەم گەلە دەستەبەر دەکرێن. هەروەها هەوڵ و هیمەتی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان و ئیرادەی بەهێزی خەڵکی کوردستان کە لە ئێستادا رووبەڕووی چەتەکانی خوێنمژ و تاریک پەرست بوونەتەوە زیاتر دۆزی گەلەکەمان بەرەو پێشەوە دەبات و هەموو پیلانەکانیش پوچەڵ دەبن، بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بە گیانی شۆڕشگێڕی و نەتەوەخوازی سەردەمی راپەڕین هەیە لەپێناو پاراستنی یەکڕیزی و کارکردنی

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەبات - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# لەیادی بیست و پێنج ساڵەی ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا وەکو بەشداربویێک وڕاستیە بۆمێژوو



مەجید مام برایم

سەرهەڵدان وڕاپەڕین لەناو هەموو گەلێکدا لەبەرسەرکوتکردن و زوڵم وزۆری وچەوسانەوەی نەتەوەیی ودینی وناعەدالەتی وگەندەڵی ونایەکسانی و خەفەکردنی ئازادیەکان سەرهەڵدەدات.!

گەلی کورد وەکو گەلێکی زوڵم لێکراو خاک دابەشکراو بەبێ ڕەزامەندیی و وویستی خۆی، بەردەوام سەرکوت وقەتڵوعام دەکرا.!؟

لەدوای نسکۆیی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٧٥دا بزوتنەوەی کوردایەتی وشۆڕشی نویی بەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەمانڤێستێکی نویی وکۆمەڵێک سەرکردەی خوێندەواروجیاوازلەپێش خۆیان وفرە حزبی ومۆدیلێکی نویان ڕاگەیاند.

پاش سالیک لەخەباتی سیاسی خەباتی چەکداریان ڕاگەیاندن ولەساڵی ١٩٧٩ دا حزبی شوعی عێراقیش یەکەم مەفرەزەی چەکدرایان گەیاندەوە شاخەکان وپاسان چەند حزب وڕێکخراوی تر دروست بون ودرێژەیان بە شۆڕشدا دژی حکومەتی بەعس ودژی تەرحیل وتەبعیس وتەهیجیر، بەپشتیوانی جەماوەرو خەڵک وگەلی کوردستان.

لەدرێژەی خەباتی چەکداری و پاش کیمیاباران وئەنفال کردنی گەلی کوردستان و تێک دانی سەرجەم شارۆچکەو گوندەکان.، ڕۆڵەکانی شۆڕش وهێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕزگاری نیشتمان لەدەست ڕژێمی بەعس درێژەیی هەبوو، بەتایبەتی شۆڕشی نوێی بەڕابەرایەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) شانبەشان لەگەڵ هێزە شۆڕشگێرەکانی تری ناوگۆڕەپانی کوردستان لەسەرەتایی داگیرکردنی وولاتی کوێت لەلایەن ڕژێمی عێراق لەساڵی ١٩٩٠ دا، هەرزوو سەرکردایەتی (ی. ن. ک) بیری لەدانانی پلانێکی ڕێکخراو تۆکمە کردەوە بۆ ڕاپەڕین، بەهاوکاری بەرەیی کوردستانی

یەکێتی ڕاستەوخۆپەیوەندی کرد بەڕێکخستنەکانی ناوشارەکان و دروستکردنی شانەچەکدارەکانی بەناوی( شاڵاوبروسک)شاڵاو بۆ ناوچەکانی سلێمانی وگەرمیان وشانەچەکدارەکانی بروسک بۆناوچەکانی بیتوێن وهەولێر وبادینان وناردنی نامەوبۆسەرجەم سەرۆک هۆز و چەکدارە شۆڕشگێڕەکان وباقی چەکداران کە لەڕیزەکانی حکومەتی عێراق دابوون و لێبووردنی گشتیش دەرکرا بەناوی بەرەی کوردستانی بۆ سەرجەم چەکدارەکان و دەنگی گەلی کوردستانیش بەردەام بوو لەسازدان وڕێکخستنی شانە چەکدارەکان وگەیاندنی پەیام ونهێنیەکان.

وە ئاگادارکردنەوەیان، کە ڕۆژی ٧ - ٣ - ١٩٩١ دەست نیشان کرا، بۆڕاپەڕینی سەرتاسەری، بەڵام لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٥ - ٣ - ١٩٩١ لە شارۆچکەیی چوارقوڕنە خەڵکی دڵسۆزوکەسوکاری شەهیدان وبەهاوکاری ڕێکخستنەکان ڕژانە سەر شەقام و کۆڵانەکانی شارو سەرەتا وەکو دەست پێک وێنەی(سەدام حسێن) یان هێنایە خوارەوە کە بۆ مێژوو دەڵێم (کاکە حمەی حەمباڵ) کەخۆشبەختانە لەژیاندایە هەردوو وێنەکەی هێنایە خوارەوە، پاشا بەرەو مۆڵگەوبارەگاکانی مونەزەمەودائرەی ئەمن وپۆلس هێرش دەستی پێکردوو تەقە دامەزرا و ماوەی دوو سەعاتێکی خایاند، لەبەر کەمی هێزی چەکدار نەتوانرا کۆنترۆلی دائیرەی ئەمن ومونەزەمە وپۆلس بکرێت! ...

لەهەمانکاتیشدا باو برانێکی زۆر دەستی پێکرد و بۆ دامرکانەوەی خەڵکی ڕاپەڕیوو بەرپرسە حزبی وسیاسیەکانی ڕانیە و قائیدی فرقەی (٢٤) لە چوارقوڕنە کە چەند سەد مەترێک دوربوو لەسەنتەری شار و بۆ بەهانای بارەگاو مقەڕەکانیان بەهێزێکی زۆرەوە دابارینە ناو بازاڕ بە تانکو زرێپۆش ودۆشکاو چەکی قورس، توانیان شارۆچکەی چوارقوڕنە کۆنترۆڵ بکەنەوە.!

وە لەم کاتەشدا هەواڵ ودەنگی تەقەو ئاربی جی ودەنگی دۆشکا گەیشتە شاری ڕانیەو ئۆردوگایی زۆرەملێی حاجی ئاوا.

ئەوانیش دەسیتان بەهێرشکردن کرد بۆ سەردام ودەزگاکانی ڕژێم، دیارە ئەوان ڕێکخراوتر بوون و چەکداری زیاتریان هەبوو کە شارۆچکەی حاجی ئاوا لەپێش شاری ڕانیەشەوە ئازادکرا، بۆ ئێوارەش شاری ڕانیە بەتەواوی ڕزگارکرا وبەتەواوی پاکرایەوە و هەردوو هێزی ڕاپەڕیوو لەڕانیە وشارۆچکەی حاجی ئاوا هاتنە فریای شارۆچکەی چوارقوڕنەو تەواوی ناوچەکەش لە بەرەبەیانی ٦ - ٣ - ١٩٩١ بەتەواوی ڕزگار کرا.

**ودواتر سەرجەم شاروشاۆچکەکانی تری کوردستانی گرتەوە. وە شارۆچکەی(چوارقوڕنە) شەرەفی کلیلی دەروازەیی ڕاپەڕینی پێ بەخشرا و بەخوێنی ئەم چوار شەهیدە سەرکەوتنی بۆ کوردو کوردستان تۆمارکرد کەیادمان ماون:**

١- شەهید عەلی مام ڕەسوڵ



سەرچاوە Serchawe

٢- شەهید خالید حمەد

٣- شەهید مەلا کەریم

٤- جەبار ئەحمد.

**دوای لێ بوردن دەکەین ناوی شەهیدانی ترمان لەبیرکردبێت.**

**هەزران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕین وتێکڕای شەهیدانی کوردوکوردستان.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان نێت - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# هەڵگەڕانەوە لە ڕاپەڕین ...



هیوا سەید سەلیم

ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ کە لە نێوخۆی باشووری کوردستان دەرەنجامی هەماهەنگی جەماوەری کوردستان و پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو وە ڕاپەرینی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بوو لە بەرامبەر رژێمی بەعس، کە ساڵانێک بوو بە جەورو ستەم حوکمی کوردستانی دەکرد، لەگەڵ لەباربوونی فاکتەرە بابەتیەکان بەهۆی ئەو شکستە سەربازیەی کە رژێمی بەعس لە ئەنجامی داگیرکردنی وڵاتی کوێت لە شەڕی هاوپەیمانان تووشی بوو بوو.

ئەوسا لە کوردستانی باشوور وێرای ئەوەی خەڵکەکەی لە دەرفەتێک دەگەڕا کە خۆی لەو رژێمە سەرکوتکەرە رزگار بکات، کە کوردستانی کردبوو بە زیندانێکی گەورە، بێکاری و ترس لەو رژێمە و ترس لەوەی هەمیشە گەنجانی عێراق بە گشتی و کوردستانیش لە نێویان بکرێنە سووتەمەنی جەنگە یەک لە دوا یەکەکانی ئەو رژێمە سەرەڕۆیە.

ساڵی ١٩٩٠ لە عێراق و کوردستان گۆڕانکاری زۆر بە پەلە روویدا، کە لای هیچ هێزو لایەنێکی سیاسی بەو شێوەیە پێشبینی نەدەکربوو، بەعس دوای جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ وڵاتی ئێران تووشی قەیرانی ئابووری گەورە بووبوو، ئەو لەشەکرە گەورەیەی کە بۆ ئەو جەنگە ماڵوێرانکەریە لە عێراق درووست کرابوو، لە سوپا و سوپای میللی و جاش و جۆرەها رێکخستنی تری وەک گاردی کۆماری، دەبوو سەرقاڵی شەڕێکی تر بکرێن، ئەگەرنا دۆخی ناوخۆی عێراق لەسەر دەستی ئەو سوپایە تووشی کودەتایەکی تر دەبوویەوە، کە لەوبارەیەوە عێراق ئەزموونی زۆری کودەتای سەربازی هەبوو، لە دوای دامەزراندنی کۆماری عێراق لە ساڵی ١٩٢٣ تا راپەرینی ١٩٩١، هیچ یەک لە دەسەڵاتدارانی بە خۆشی خۆیان کورسی دەسەڵاتیان جێنەهێشتووە، یان لە پرۆسەیەکی گوماناوی کوژراون، یان لە رێگای کودەتاوە کۆتایی بەژیانیان هاتووە، بۆیە عێراق لەو ساڵە پەلاماری دەوڵەتی کوێتی داو و داگیرکرد، سووپای عێراق دەیزانی تا سەر لە کوێت نامێنێتەوە بۆیە دەستیکرد بە تاڵان و دزی .

ئەو پێشەکیە بۆیە باس دەکەین پەیوەندی هەیە بە زەمینەی ڕاپەرین لە کوردستان و فەرهەنگی تالان و دزی، سوپای بەعس بە کەمتر لە مانگێک لە کوێت لەسەر دەستی هێزی هاوپەیمانان وەدەرنرا، شکستی سوپای عێراق لە شەڕی هاوپەیمانان دەرفەتی ڕاپەرینی لە خوارووی عێراق درووستکرد، سەرقاڵی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس بە ڕاپەرینی خوارووی عێراق، وە ئەو ئامادەسازیەی لە کوردستان هەبوو بۆ ڕاپەرینی سەرتاسەری، دیسان لە کوردستانیش بەعس لە شێوەی شەڕی کوێت مانگێک خۆی بۆ نەگیرا لەبەردەم رەقی جەماوەری کوردستان بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە.

ئەوە بوو لە ٥ ئازارەوە تا رۆژی نەورۆز بەشی هەرەزۆری خاکی کوردستان لە دەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس پاککرایەوە، وە بۆیەکەمین جار خەڵکی کوردستان هەوای ئازادیان لەسەر خاکەکەی هەڵمژی.

## رۆژانی ڕاپەرین

ئاسان نیە باس و وەسفی رۆژانی راپەرین لە کوردستان بکرێت، رۆژانێک کە جگە لە ئازادیەکەی کە هەموو لایەک خەونمان پێیەوە دەبینی، رۆژانی خۆشەویستی و ئامێزگرتنەوە بوو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، رۆژانی برایەتی و جۆشدانی بیروباوەڕی کوردانەوە حەماسەتی خەڵک بوو دژ بە داگیرکاری، رۆژانی خاوەنداریەتیکردن بوو لە دەسکەوتەکانی راپەرین .

## هەڵگەڕانەوە لە دەسکەوتەکانی ڕاپەرین

ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کوردستان هەیە لە زۆری قەیرانەکانی سیاسی و ئابووری و بێمتمانەیی، زۆرێک لە چاودێران پێیان وایە هەڵگەڕانەوەیە لە دەسکەوتەکانی ڕاپەرین، بەڵام ئەمڕۆ نیە کە دەرک بەوە دەکرێت دەسکەوتەکانی ڕاپەرین لە مەترسیدان، بگرە ئەو رۆژانەی کە لە شوێنی ئەوەی بیر لە هێزێکی یەکگرتوو بۆ پاراستنی کوردستان بکرابا هێزی حزبی برەوی پێدەدرا و کاتێکیش بەرژەوەندیە حزبیەکان ناکۆکیان تێکەوت هەر ئەو هێزانە بوون کارەساتی شەڕی ناوخۆیان درووست کرد، ئەویان خاڵێکی هەرە دیاری هەڵگەرانەوە بوو لە دەسکەتەکانی ڕاپەرین کە کۆتایی هێنا بە تەبای یە یەکریزی لە کوردستان تا ئەمرۆشی لەگەل دابێت کە بیست و پێنج ساڵ بەسەر ڕاپەرین درووست دەبێت وەک پێویست کوردستان نەبۆتە خاوەنی ئەو هێزە بگرە ئەو هێزەی کە هەشە زیاتر سوبغی حزبی پێوە دیارە و نەبۆتە هێزێکی یەککگرتووی نیشتمانی !!

لە بواری ئابووری و ژیان و گوزەرانی خەڵکیش کە لە رۆژانی وەک ئەمڕۆمان باجە گەورەکەی دەدەین، بێپلانی لەو بوارە گرنگەی ژیان لەو رۆژەوە دەستی پێکرد کاتێک بە بڕیاری حزبی کەرستەی گەورەترین بەنداو کە بەنداوی بێخمە بوو هەڕاج کرا !!



سەرچاوە Serchawe

دواتریش فرۆشتن و داخستنی کارخانە گەورەکانی وەک ( جگەر و رستن و چنین... هتدا) بە هەزاران کەسی لە کوردستان بێکارکرد، لە شوێنی ئەمانە دەسەڵاتداران پەنایان بردە بەر درووستکردنی سوپای بێکاری حزبی و لە ململانێی یەکتر و بۆ کرینی ئیرادەی تاکی کورد تا لە هەڵبژاردنەکان وەک تاکی بێ ئیرادە بەکاریان بێنن بە هەزاران کەسیان بە ناوی فەرامنبەر لە پۆستی باڵا و نزم دامەزراند، تا وایلێهات لە نێو ئەو دامەزراندنانە خەڵک بەناوی پێشمەرگە خانەنیشین بکرێت کە رۆژێک نەک پێشمەرگە نەبووە بگرە لە سەنگەری دژە پێشمەرگەش بوو، خەڵکی وا بکرێتە شەهید لە سەنگەری خیانەت کوژراوە، لە هەمووشی سەیر وسەمەرەتر خەڵکانێک بە وەزیر و خوارتر خانەنیشین کراوە ئەو پۆستەیان نەبینیوە، هەموو ئەمانە هەڵگەڕانەوە بوون لە گیانی ڕاپەرین، کە خەڵک لە بەرامبەر رژێمێک کردنی ئاوی ئەو سیاسەتەی رشت بوو، کە دوای خۆی زۆر بە خرابتر لە کوردستان کاری لەسەر کرا .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان نێت - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## ڕاپەڕین وەڵامی گەلێکی ستەم دیدە بوو . . .



**خالد گڕاوی**

نزیکەی ٢٦ ساڵ تێپەڕ بووە بەسەر ڕاپەڕین، تا ئێستا نەتوانرا ئەوەی پێویست و ڕاستەو لەئاست گەورەیی ئەم ڕووداوەوە بەبێلایەنی بخرێتە بواری خوێندنو گەشەپێدانی پەروەردەییەوە،

**نەتوانراوە وەڵامی دورستی ئەو پرسیارانە بەراست ی بدرێتەوە ئایا :**

١- هۆکارەکانی ڕاپەڕینی سەرتاسەری چی بوو لەکوردستان؟
٢- ئایا ڕاپەڕین کارێکی خۆ کردەو عەفەوی بوو؟
٣- ڕۆڵ و پێگەی حزبە کوردستانیەکانی ئەوکات چۆن بوو؟

ستراتیژی حوکم لەعێراق لەپێناوی چەسپاندنی بیروباوەڕو بۆچوونی عەرەبی شۆڤینی بوو، ڕژێمی عیراق سیاسەتی بەعەرەبکردنی دژی گەلی کوردی خستە بەرنامە، بەمەبەستی داگیرکردنی کوردستانو تواندنەوەی گەلەکەی لەناو بۆتەی نەتەوەی عەرەب، بۆ ئەمەش پێویستی دەکرد کە دیمۆگرافی کوردستانو عیراق بگۆڕێ، بەشێک لەنەتەوەی کورد لەباشووری کوردستان بکاتە عەرەب یا وەک نەتەوەیەکی بێخاک بیگوازێتەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری عیراق.

حزبی بەعس حزبێکی نەتەوەپەرست و هەڵگری ئایدۆلۆژی سۆسیالیستی خۆی نمایش دەکرد، دەسەڵاتی لەعیراق گرتەدەستو تاڕاپەڕینی ١٩٩١ لەکوردستانیش جڵەوی دەسەڵاتی هەر بەدەستەوە بوو.

گەلی عیراق بەگشتیو نەتەوەی کورد بەتایبەتی لەسەختترین کاتەکانیدا دەژیا، چونکە هەڵگرتنی هەرجۆرە بیرو بۆچونێکو هەبوونی هەموو حزبێک جگە لەبەعس قەدەغە بوو، تا دواجار هەندێ حزبی سێبەری دورست کرد کەسەر بەڕێخراوەکانی خۆیان بوون و بوونە چاوساغی کادیرەکانی، لادان لەئایدیای بەعس قەدەغە بوو، ئەنجامەکەشی گرتن و کوشتن بوو، چونکە بەعس بەو شێوەیە هەنگاوی ناو و دروشمەکەشی ئەوە بوو (هەموو تاکێکی عیراقی دلسۆز بەعسیەکی دڵسۆزە).

سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان ڕووبەڕووی ئەم سیاسەتە بوونەوە، کە بە بەعسیکردنی هاووڵاتیان کارێکی ڕۆژانەی بەردەوام بوو، خوێندکاران بۆئەوەی لەزانکۆی باش وەربگیرێن دەبووایە بەعسی بوونی خۆیان بسەلماند بوایە.

دابەشکردنی گەڕەکەکان لەسەر بنەمایەکی حزبیو جاسوسیکردن لەڕێگای دانانی موختار وەک هاوکارو پشتیوانی ڕێکخراو و لقەکانی حزب، کە ئەم کپکردنە ناخی خەڵکی پڕکردو بۆشایەک نەدەبینرا بۆ دەربڕینی هەستی پەنگ خواردوو، دەرئەنجامی نەبوونی ئازادی دەربڕین و نەبوونی ڕای جیاواز، کە کوردستانی کردبووە مەملەکەتی ترس، دەکرێ بەیەکێک لەهۆکارەکانی ئەو ڕاپەڕینە هەژمار بکرێت.

حکومەتی عیراق، پاش بێ ئومێدبوونی لەڕووبەڕووبوونەوەی بەرامبەر چالاکیەکانی پێشمەرگە دەستی کرد بەسیاسەتی قڕکردنی بەکۆمەڵ بەرامبەر بەنەتەوەی کورد، هێرش و پەلامارەکانی زۆر دڕندانە بوو، هەزاران گوندی بەناوی (عملیات الانفال) تەخت کرد، خەڵکە سڤیلەکەش قوربانیە گەورەکەی ئەنفال بوو، چەکی کیمیاوی بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژ لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال لەدژی کورد بەکارهێنرا، کە ئەو چالاکیە بووە هۆی رواندنی ترسو بێهێزکردنی و لاوازکردنی شۆڕشی کورد، چونکە هێرشو پەلامارە گەورەکانی بۆ قڕکردنی کورد، لەئەنفالەکان زۆر بەئاشکراو بێشەرمانە جێبەجێ دەکرد.

ئەنفال بووە پەڵەیەکی رەش لەمێژووی ڕژێمی عیراقو حزبی بەعسو خودی سەدامو عەلی کیمیاوی، هەروەها ئۆباڵێکی سیاسیو مرۆیی گەورەش بوو لەسەر شانی ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتو رۆژئاوا، کە لەبەر بەرژەوەندبازیی خۆیان لەجەنگی ساردا، ڕژێمی عیراقیان پڕچەکی کوشندەی کیمیاوی کردو لەکاتی بەکارهێنانیشی بێدەنگیان هەڵبژارد، دەوڵەتانی عەرەبی (جگە لەسوریاو لیبیا)، سەرجەم وڵاتە عەرەبییەکان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پشتیوانیان لەصدام دەکرد بەپارێزەری (بەوابەی شەرق)بیان هەژمار دەکرد.

کیمیابارانی شارێکی وەک هەڵەبجە لەدوا ساتەکانی شەڕی نێوان عیراق- ئێران بوو، پەلاماری کیمیایی بۆسەر هەڵەبجە



سەرچاوە
Serchawe

تەواوکەری کارەساتی ئەنفال بوو، بەکارهێنانی چەکە قەدەغەکراوەکان دژ بەخەڵکی گوندەکان، بەڕادەیەک بوو کە نەک دانیشتوانی گوندەکان بەڵکو خەڵکی شارەکانیش بتۆقێنێو ئەوەی لەهەڵەبجەدا روویدا مەبەستی خۆی پێکاو ترسێکی گەورە بوو، بووە میوانی سەرجەم خەڵکی کوردستان.

کارەساتێکی تراژیدیایی بەسەر گەلی کورددا هێنا، ١٨٢ هەزار کەس ئەنفال کران، زیاتر لە (٤٠٠٠) هەزار گوند خاپور کرا، بەمەش سەرجەم گوندەکان چۆلکران و روخێندران و چیاو گردۆڵکەکان کرابوونە سەربازگەو ئەو ناوچەکانەی کە چەند سەد مەترێک لەشەقامی گشتی دووربایە گەر مینڕێژ نەکرابوونایە ئەوە بەناوچەی دابڕاو (قەدەغەکراو) لەقەڵەم دەدران بۆ ئاژەڵیش نەبوو لەو ناوچانە هاموشۆی بکردبایە . .

رەخنەو خۆپیشاندان لەناو عیراق کوشتنی بەدواوە بوو، هیچ شێوازێکی خەباتی دیموکراتیانە بوونی نەبوو، تەنها خەباتی چەکداری کرابووە ستراتیژ بۆ ڕزگاری کوردو خاکەکەی، بەڵام هیواکان کزبوون لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨ کە حکومەتی عیراق توانی سەرکردایەتی کورد و شۆڕش و پێشمەرگەکانی بەتەواوی کزبکات لەسنووری عیراق بەدەریان بنێت، بەمجۆرە دەرگاش بۆ بەغدا خرایە سەرپشت کەبەشێنەیی پلانەکانی (ئاسایشی ستراتیجی) سەرسنوورەکان ئەنجام بدات، بەم شێوەیە هێزی پێشمەرگە لەخاکی کوردستان دورکەوتەوە، جگە لەچەند مەفرەزەیەک، لەشێوەی پارتیزانی لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان خۆیان حەشار دابوو.

هەڤاڵ مام جەلال پێشبینی داگیرکردنی کوێتی دەکردو بەسەرەتای گۆڕانی بارودۆخی سیاسی عیراقی دادەناو پێشبینی ڕوخانی حکومەتی عیراقی دەکرد.

چەند مانگێک بەر لەڕاپەرین، ئەوکاتەی عیراق کوێتی داگیرکرد لە ٢ی ئابی١٩٩٠، ئەگەری لێدانی عیراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە هاتەکایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئۆپۆزسیۆنی عیراق چاوەڕوانیان دەکرد بەم لێدانەی حکومەتی عیراق برووخێت، بەمەش بۆشایی لەدەسەڵاتی سیاسی عیراقدا پەیدادەبێت، بۆیە هێزە کوردییەکان هەوڵیاندا لەکاتی ڕوودانی هەر گۆڕانێک لەناوچەکە، شارە کوردییەکان ئازاد بکەن.

هەرچەندە دوای داگیرکردنی کوێت سەرجەم پارتو ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان کەوتنەخۆ بۆ سازدانی بەرنامەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی بارودۆخەکە، بەهۆی خێرایی کاردانەوەی نێودەوڵەتی بەرامبەر عیراق بۆ دەرکردنی سوپای عیراق لەکوێت، ئەوەبوو لەتەموزی ١٩٩٠دا زنجیرەیەک کۆبوونەوە بەسترا لەلایەن سەرکردایەتی پارتەکان بۆ ڕێکخستنەوەی کارەکانیان و بەرنامەدانان بۆ ئەو قۆناغە تازەیەی کە پێشبینیەکانی داهاتووی بۆ ئاسان کردبوون.



سەرچاوە Serchawe

بەرەی کوردستانی لەناویاندا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆڵی گەورەو بەرچاوی هەبوو لەدانانی نەخشەی ڕاپەڕین و هاندانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ ڕاپەڕین، لەڕێگەی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی بەتایبەتیش (ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان) لەگەیاندنی هەواڵو ڕاستی ڕووداوەکان بەجەماوەر بەهەرسێ زمانی (عەرەبی، کوردی، تورکی)، بەیانو بانگەوازەکانی بەشێوەیەکی حەماسی پەخش دەکرد، کە کاریگەری زۆربوو لەسەر بیسەران، ڕۆڵی هەبوو لەگەیاندنی نامەی سەرکردایەتی بۆ لایەنە سیاسیەکان و ئاگادارکردنەوەو دەرکردنی بڕیارو ڕێنمایەکان بۆ ڕێکخستنەکانی ناو شارو دروستکردنی شانەی چەکدارو پەیوەندیکردن بەچەکدارەکانی فەوجەکانو گەڕانەوەیان بۆ کۆڕی خەباتو تێکۆشان و کوردایەتی و بەشداری کردنیان لەڕاپەڕین.

خێرا ئامادەکاری کرا بۆ گشت ئەگەرەکان، پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن عیراقەوە، نەخشەی ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەو دورستکردنی چەندان مەفرەزەی چەکداری بچوک و تەیارکردنی ڕێکخستنەکان و ئامادەکردنیان لەبڕوابوون بوو بەڕاپەڕین.
سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد لەوکاتەدا مەبەستی بوو شارە کوردییەکان ڕزگار بکاتو بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ هەموو پارێزگایەک لیژنەیەک دانرا بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ڕزگارکردنی هەموو ناحیەو ئۆردوگاو شارەکان بگرێتەوە.

ڕاپەڕین کارێکی خۆکردە نەبوو، نەکارێکی تەنها خواکردە بوو، بەڵکو ڕاپەڕین لەڕێگای دەنگی گەلی کوردستان ڕابەرایەتی دەکرا بەپێشڕەوی هێزە ئامادەکراوەکان و بەهاوکاری ڕێکخستنەکانی شارو پشگیری جەماوەرو چەکدارەکانی ڕژێم ئەنجامدرا، چەخماخەی لەڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینەوە لێدراو کەرکوکی گڕوبڵێسەی گرتەوە، بۆ یەکەمجار سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئازادکران بەناوچە تەعریبکراوەکانیش، ئەمەش دەریخست، کە نەخشەی گۆڕاو جوگرافیای شێوێنراو و ناسروشتی قەد ناتوانێ تاسەر جێگیر بێت.

ڕاپەڕین دەریخست کە دیکتاتۆریەت و چەوسانەوە هەرچەند درێژە بکێشێ گیانی فیداکاریو لەخۆبوردن زیاد دەکات، لەهەر هەلو دەرفەتێکدا کاردانەوەیەکی توندی جەماوەری بەرامبەری دورست دەبێت.

ڕاپەڕین بەشێکە لەلاپەڕە گەشەکانی مێژووی گەلەکەمان، سەلمێنراوە کە مێژووش زانستێکە وەک زانستەکانی تر، زۆرجار لەلایەن دەسەڵاتەوە دەشێوێنرێت و کاریگەری دەکرێتەسەرو لەڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لادەدرێت، بەڵام دۆکیومێنتەکان بڕیاردەرن و مێژووش لەچەواشەکاران دەپارێزێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان نێت - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## بۆچی راپەرینیان پوچەڵ کردەوە؟ ...



**عیماد عەلی**

رۆژانی راپەرین و ئەمرۆ، لە هەموو بوارەکاندا بەراورد ناکرێت و، هەمووی پاشەکشەی پێکراوە و، زۆرێکیشی پێچەوانە بۆتەوە.

ورەی خەڵک و بیروباوەرو متمانەی بە خۆی و سەرکردایەتی و حزبە شورشگێرەکانی تا ئاستی سفر دابەزیوە و، تەنانەت بیری دژە راپەرین و پەشیمان بونەوە و خۆ بە هەڵەزان لە هەڵسان بە راپەرین و قوربانیدان دا، لە گیانی میلەتدا دروست بووە. بۆچی؟

ئەو خەڵکەی بە حازری هاتە سەر سفرەی راپەرین و بە فرتو فێڵ و خۆبەستنەوە بە مێژوو و چەواشەکاری و پشتبەستن بە ناحەزانی کورد و خۆفرۆشان، دەستەکەوتەکانی راپەرینی بۆخۆی قۆرخ کرد لەسەر حسابی میلەت، بەڵام ئەمرۆ چاورەێی راپەرینی دژ بە خۆی دەکات و، ئەوەی سەلماند کە هەر شتێک راست نەبێت لە کۆتاییدا هەر بە ناراستی دەردەکەوێت، چەند ساختە و خەڵەتاندنی لەدواوە بێت.

ئەوانە ی باسی ئازادی و دادی کۆمەڵایەتی و خۆ بە نوێنەر و خزمەتکاری هەژارو چەوساوە و رەنجدەاران دەزانی، ئێستا هیچ جیاوازیەکیان لە گەڵ حزبە موحافزکارەکاندا نیە و ململانێی نێوخۆیی و خۆبەدەستەوەدان لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی تاکە کسی و حزبی وای لێکردوون هیچ پەیوەندیەکانیان بەو بنەمایانەوە نەماوە.

ئەوانەی باسی ئازادی و سەربەستی و یەکسانیان دەکرد و بەهۆی ئەو فکر و بۆچونانەوە بە هەزاران گەنجی ئەم میلەتەیان لەشەردا لەگەڵ بەرەی پاشکەوتنخوازدا کردە قوربانی، ئێستا بەخۆیان لە ریزی کۆنەپاریزانن و ملکەچی

داواکاریەکانیانن و پاشەکشەیان بە بیرو فکر و فەلسەفەو ڕێبازی خۆیان و حزبەکەیان کردووە.

ئەوانەی خۆیان بە نوێنەری هەژارو چینی چەوساوە دەزانی، ئێستا بە گەندەڵی و بەکارهێنانی پلەو پایەی دەسەڵات و پشتیوانی حزبی خۆیان لە خانە و چینی سەرمایەدارانی نا حاڵی دەبیننەوە، بە خۆیان بزانن یان نا لە خزمەت دواکەوتن میلەت و دژ بەچینە هەژار و داماوەکەی کوردستانن.

هەر بە نەزانین و ملکەچبون بۆ ئەو وەزعەی خۆیان بەسەر کوردستانیاندا هێناوە و کوردستانیان خستۆتە باری نالەبارەوە، بە بێ پلانی و هەڵەی بەردەوام و کەموکورتی و بێ سەلیقەیی لە حوکم و دواکەتویی لە عەقڵیەتی بەڕێوەبردن کوردستانیان بەم دەردە برد وە، کەچی تا ئێستاش دان بە هەڵەی خۆیاندا نانێن و رووقایمانە دەستیان گرتووە بە کورسیەکەیانەوە و خۆیان بە خاوەنی راپەرین دەزانن. بزانن یان نا ئەوانن راپەرینان لە هەموو ناوەرۆکەکەی پوچەڵ کردۆتەوە و میلەتیان بە دەردی خارپ بردووە.

بۆیە تاکە چارەسەر بەخۆداچونەوەی میلەتە لە پشتگیری ئەم حزبانە و، هەموو ئەگەرەکان بۆ ئەوە درۆن کەتەنها بە راپەرینێکی سەرتاسەری، ئەم کوردستانە لە گەندەڵ و نەزان پاک بکرێتەوە و عەقڵمەندان جڵەوی حوکمرانی بگرنە دەست. ئەمەش هەرچەند قورس ببینرێت بەڵام هەمیشە گەل سەرچاوەی هەموو گۆرانکارییەکە لە هەموو دونیادا و، هەر راپەرینی بێگەرد سەرکردایەتی پاک و بێگەرد بەرهەمدێنێت و، ئەم جۆرە سەرکردایەتیە گەندەڵەش دەخزێنرێتە زبڵدانی مێژووەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان نێت - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٦



## لەتوپەتکردنی ڕاپەڕین



د.چواس حەسەن

کاتێک شەهیدان لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا خوێنی خۆیان بە کوردستان بەخشی، تەنها ڕۆحیان شک دەبرد بۆ ئەوەی پێشکەشی ڕزگارکردنی وڵاتێکی وێران و نەتەوەیەکی ژێردەستەی بکەن. ئەوان لەمێژەوە، لە باوک و باپیرانیانەوە، فێر ببوون کە ڕۆح لە بەرانبەر نیشتماندا هەرزانە، گەلێک چیرۆکی بەرخۆدانی نەتەوەکەیان بیستبوو و بینیبوو. ئەوان لە باوەشی نەتەوەیەکی شۆڕشگێردا پەروەردە ببوون، بۆیە دەیانزانی چۆن و بۆچی شەهید دەبن.

بەڵێ شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لە ساتەوەختێکدا هەروا لە خۆیانەوە هەڵناتۆقن، بەڵکو هەمیشە بەرهەمی خەبات و بەرخۆدانێکی دوورودرێژن. ڕاپەڕین پرۆسەیەکە تیایدا مرۆڤ دەیسەلمێنێت کە بوونەوەرێکە خۆی تەسلیمی قەدەر نەکردووە، بەڵکو مرۆڤ لە ڕاپەڕیندا دەگاتە ئەوپەڕی توانای هزریی خۆی، تا ئەوەی بەرنامەڕێژی بۆ داهاتووی کۆمەڵگە دەکات. بۆیە ڕاپەڕین بەرهەمی کار و ڕێکخستنی بەکۆمەڵی مرۆڤە نەک بەرنامەیەکی تایبەتی تاکێک یان گەڕەک و شارێک.

ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کە بە یەکەم ڕووداوی وەرچەرخانی مێژوویی گەورەی نەتەوەی کورد، لە دوای شۆڕشی ئەیلوول دەژمێردرێت، بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیەک بوو، کە بە درێژایی دەیان ساڵ بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی لە خەباتدا بوو، لەو پێناوەدا لە بادینانەوە تا گەرمیان باشترین هزر و تواناکانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو و جوانترین گەنجەکانی خۆی بۆ کردبووە قوربانی، بۆیە ڕاپەڕین لە ڕووی جیۆگرافی و دیمۆگرافییەوە سەرتاسەری بوو، کەس نەبوو ئەو ڕۆژگارە پێشمەرگە نەبێت.

جێی سەرنجە ئەو مێژووە پرسەروەرییە یەکپارچەیە، لەلای ئێمە پتر لەتوپەت کراوە، بە شێوەیەک هەر شار و شارۆچکە و


دوور نییە لە داهاتوودا گەڕەکێکیش بە جیا و بۆخۆی یادی بکاتەوە، وەک ئەوەی راپەڕین زەماوەند یان لەدایک بوون یان مردن و... هتد رووداوێکی کەسی بن لە مێژووی تاکێکدا. تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی کە سەرەتای سەرهەڵدانەکەشی وەک واقیعێکی مێژوویی ون کراوە وەک ئەوەی رووداوەکە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا روویدابێت و زۆر زەحمەت بێت بە وردی سەرەتاکەی دیاری بکەین.

ئەم رەوتە لە یادکردنەوەی ڕووداوەکە، کە لە راستیدا بە دەستپێک و سەرجەم رۆژانەکەیەوە یەک رووداوە، راپەڕین لەتوپەت دەکات و هێندە بە شار و گەڕەک و تاکەکانیدا دابەش دەکات تا ئەوەی لەمیانەی بەخۆنازینی شار و گەڕەک و کەسەکاندا ڕۆی دەنێت و، مێژووی دوێنێ دەکاتە ئەفسانەیەک، نازانین لە کوێیدا راستییە و لە کوێیدا خەیاڵ و حەز و ئارەزووی حەکایەت خوانەکانیەتی.

ئەم رەوتە ناهێڵێت تێبگەین لەوەی خودی راپەڕین رووداوێکی سەرتاسەری و مێژوویی نەتەوەیەک بوو، ناهێڵێت لە بنەما و دەرەنجام و دەستکەوتەکانی تێبگەین.

بۆیە دەڵێم با یادی راپەڕین یادێک بێت پتر بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و دەرخستنی دەرەنجام و دەستکەوتەکانی، وەک لەوەی لەنێوان چەندین رۆژ و سەعاتدا لەتوپەتی بکەین. با وەک سەرجەم شۆڕشەکانی تری گەلان (فەرەنسی و ڕووسی و ئێرانی و میسری و... هتد) تەنها رۆژێک بۆ یادکردنەوە و چەندین رۆژ بۆ توێژینەوە لە راپەڕینەکەمان تەرخان بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٦



# ڕاپەڕین چۆن بڵێسەی سەند؟



**سبەی**

ئەمڕۆ (٢٥) ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی کوردستان دژی دەسەڵاتی بەعس لە دەروازەی ڕاپەڕینەوە تێدەپەڕێت کە سەرجەم شارەکانی باشور بە کەرکوکیشەوە ئازادکران.

زوڵم و زۆرەکانی (٢٣) ساڵی ڕژێمی بەعس دەرهەق بە خەڵکی کوردستان، نەیتوانی ئیرادەی گەلی کورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بشکێنێت و لەبەرەبەیانیی ڕۆژی (٥ - ٣ - ١٩٩١) ڕق و تورەیی خەڵک بەرامبەر ڕژێمی بەعس تەقییەوە و لە چەند سەعاتێکی کەمدا هاوڵاتیانی شاری ڕانیە پەلاماری بارەگاکانی حزبی بەعس و دامودەزگاکانیاندا سەر ئەنجام ئەگەر چی هێزێکی گەورەی بەعس لە دەوری شاری ڕانیە بەتایبەتیش لە فیرقەی چوارقوڕنە و چەندین فەوج لە دەوری ڕانیە و لە ناوچەکانی سەنگەسەر لە قەڵادزێ مۆڵدرابون، بەڵام تەواوی ئەو هێزانە نەیانتوانی لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵکی ڕاپەڕیوی دەڤەری پشدەر و بیتوێن خۆیان ڕابگرن و بەرگری بکەن، بۆیە لە ماوەی چەند سەعاتێکدا بارەگاکانی منەزەمە و پۆلیس و مخابەرات و ئەمن بەتەواوی پاککرانەوە.

ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) کە لەلایەن بەرەی کوردستانی ئەو کاتەوە بەرنامەی بۆ دانرابو و بۆ ئەم مەبەستەش سەرباری ناردنی نامە بۆ ژمارەیەک کەسایەتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سەربازی تا بەشداری ڕاپەڕینەکە بکەن، بەرەی کوردستانی هێزی پێشمەرگەی ڕەوانەی ناوچەکانی دەوروبەری شارەکە کرد و لە هەندێک ناوچە پێشمەرگەکان بەنهێنی هاتبونە ناو شارەکان و، لەگەڵ بیستنی دەنگی تەقە لە ناو ئاپۆرای خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری ڕانیە پێشمەرگەکانیش لە شاخی کێوەڕەشەوە و لەناو ماڵەکانەوە گەیشتنە ناو خەڵکی ڕاپەڕیو، ئەگەر چی بەرەی کوردستانی بەرنامەی دانابو ئەو ڕاپەڕینە لە حەوتی مانگدا بکرێت، بەڵام ڕوداوەکانی (٤)ی ئازار کە لە کۆمەڵگەی زۆرەملێی خەبات ڕویدا تێیدا دانیشتوانی ڕاگوێزراوی پشدەر و بیتوێن پەلاماری بارەگانی حزبی بەعسیان دا ئەوەش وایکرد ڕاپەڕینی ڕانیە پێش کاتی

دیاریکراوی خۆی دەست پێبکات.

سەر ئەنجام پشکۆکانی تەواوی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، راپەرینی بەهاری (١٩٩١) جیاواز لە راپەڕینی ساڵی (١٩٨٢)ی خوێندکارانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان نەتوانرا سەرکوت بکرێت، دواتریش خەڵکی راپەڕیوی رانیە سەرباری قوڵی برینی (٢٣) ساڵەیان لە دەسەڵاتی بێپچڕانەوەی حزبی بەعس بەڵام بە رەچاوکردنی مرۆڤ بون مامەڵەیان لەگەڵ سەربازانی عێراقی کرد کە خۆیان رادەستی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی راپەریو کرد بە تایبەتیش لە فیرقەی چوارقورنە و فەوجی سەرکەپکان.

لەو بارەیەوە عەلی نەبی، یەکەم کەس کە راپەرین لە کوردستاندا دەستپێکرد، لە بەڵگەیەکی تۆمارکراویی دەنگیدا، بە دەنگی خۆی باس لە چۆنێتی دەستپێکردنی راپەڕین دەکات، عەلی نەبی، دوپاتی دەکاتەوە هەرچەندە نەوشیروان مستەفا، کە ئەوکات "سەرپەرشتی دەستپێکردنی راپەرینی دەکرد، (٧)ی مانگی ئاداری داناوە بۆ دەستپێکردنی راپەڕین"، بەڵام خۆیان وادەکەیان پێشخستوە و لە رۆژی (٥)ی ئاداردا دەستیانپێکردوە.

لە چەند رۆژی داهاتوشدا سەرجەم شارەکانی دیکەی کوردستان ئەو یادە بەرز دەنرخێنن کە تێیدا توانیان چۆک بە زوڵم و ستەم و دیکتاتۆریەت بدەن لە پیناو ژیانێکی ئازاد و سەربەرزانە کە هاوڵاتیانی کوردستان بە دیموکراتی و یەکسانی تێیدا بژین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١٦





سەرچاوە
Serchawe

## "ئاگادارییەک لە زمناکۆوە بۆ ئازاد... برادەران ئاگاداربکە ٧ی مانگ زەماوەند بکەن"



ئاسۆ عوسمان

"ئاگادارییەک لە زمناکۆوە بۆ ئازاد... برادەران ئاگادار بکە ٧ی مانگ زەماوەند بکەن، ئێمەش دەگەینە لاتان" ئەمە ئەو پەیامە ئیلهام بەخشەبوو کە بەر لەدەستپێکردنی راپەڕینی شاری سلێمانی لەئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە پەخشکراو خەڵکی دژی بەعس خرۆشاند.

ڕۆژی ٧ی ئازاری ١٩٩١ خەڵکی سلێمانی بەپشتیوانی هێزەکانی پێشمەرگە لەدژی دامودەزگاکانی رژێمی بەعس راپەڕین، ئەوەش دوای ئەوەی راپەڕین دوو ڕۆژ پێشتر لەرانیەوە دەستپێکردبوو.

ئازادە رەش ئەو کەسەی لەناو خەڵکدا بەیەکەم تەقەکەری راپەڕین ناسراوە، بۆ خەندان ئەوەی گێڕایەوە کە چەخماخەی راپەڕین لەگەڕەکی خەباتو لەدوای کاتژمێر ٦:٤٠ خولەکی سەرلەبەیانی بەیانی ٧ - ٣ - ١٩٩١ سەریهەڵداوە.

"جگە لەخۆم هەریەکە لە شەهید خالد مەلا عەلی، ئاسۆی حاجی عومەر، وەهابە خڕە و دڵسۆزخانی هاوسەری دەستەی سەرپەرشتی راپەڕینی شاری سلێمانی بووین" ئازاد وادەڵێت.

ئازاد ئەوە دەگێڕێتەوە لەسەرەتادا گەڕەکەکانی (سەرکارێز، سەرشەقام و خەبات) لەلایەن جەماوەر و شانە چەکدارەکانەوە ئازادکراون و لە چەکدارانی بەعس پاککراونەتەوە.

ئازادە رەش، وتیشی: "لەدەستپێکی راپەڕینی سلێمانی کاتژمێر ٨ی سەرلەبەیانی خاتوونێک بەناوی شوکران مامە قالەی



سەرچاوە
Serchawe

تەباخ لەسەرشەقام و کەسێکیتر بەناوی دڵشاد شێخ جەلالی ئاش لەسەرکارێز شەهیدبوون، کاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی بەکری قەساب لەناو شانە چەکدارەکان شەهیدبوو کە ئەوکاتە لەگەڵ (ڕەحمان دەرەویانی و عەبەڕەش) بە نارنجۆک لە فولکەی خانەقا شەڕیان دەکرد، هەروەک خاتوونێکی تر بەناوی سەعدە والی ڕۆستەم لە گەڕەکی خەبات لەنیوەڕۆی ٧ - ٣ شەهیدبوو کە خاوەنی ٧ منداڵ بوو".

بەپێی زانیارییەکانی خەندان لەهەردوو ڕۆژی ٧ - ٨ - ٣ و دوای کۆنترۆڵکردنی سەرجەم بارەگاکانی حزبی بەعس لەناو شاری سلێمانی ١٥٥ کەس بە ژن و پیاوەوە شەهیدبوون کە زۆربەیان لە ئەمنە سوررەکە بوون.

بەوتەی ئازاد جگە لە شانە نوستووە چەکدارەکانی وەک ( بروسک و شاڵاو) چەپەکانیش وەک (کۆمەڵەی خەباتی سوور، ئاڵای شۆڕش، ڕەوتی کۆمۆنیست و بەشێک لەڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) و لەسەروو ئەوانەشەوە جەماوەر، ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕین.

فۆتۆگرافەرێک دیمەنەکانی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینی سلێمانی تۆمارکردووەو لەڕێی وێنەکانیەوە ئەو ڕۆژانە بۆ خوێنەرانی خەندان دەگێڕێتەوە.

فایەق حەمە ساڵح، وەک بەشداربووی ڕاپەڕینو دیارترین وێنەگری ڕاپەڕینەکەی سلێمانی باسلەوەدەکات، خەڵکی ڕاپەڕیو سەرباری ئەو زوڵم و ستەمەی لەسەر دەستی بەعسییەکان چەشتبوویان، بەڵام پێچەوانەی ڕەفتاری ئەوان ڕێزیان لەدیلەکان گرتووەو تەنانەت لە مزگەوت و شوێنەکانی تر و لەناو ماڵەکانیشدا تیماریان کردوون.

ئەو فۆتۆگرافەرە کە هەگبەکەی پڕە لە یادەوەری ڕۆژانی ڕاپەڕین بە وێنەکانی ئازادکردنی سلێمانی و بەدەمەوەچوونی دیلەکان لەلایەن خەڵکەوە بۆ خەندان دەگێڕێتەوە.

بەشێک لە وێنەکانی فایەق حەمە ساڵح لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین ٧ - ٣ - ١٩٩١







چارەسەرکردنی بریندارانی بەعس- مزگەوتی عەبدوڵا لوتفی




بەردەرکی سەرا




سجنی سەرەوە- شەقامی پیرەمێرد

---

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦

---

## کێ یەکەم چەخماخەی ڕاپەرینی لێدا ؟



**یادێک لە راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ و رۆڵو بژدار بونی خەڵکو حیزب و لایەنەکانی ئەمرۆلە گۆرەپانی خۆ بەرێوەبردن:**

ئەو نیمچە سەر بەخۆیەی باشوری کوردسان، سەرە رای هەموو کەمووکورتیەکانی هەناگاوێکی کاریگرو کوردی بردە قۆناخێکی چارەنوس سازو هیوایەکی تری بە گەلی کورد دا بۆ بەرەو پێش چوونو داواکاری زیاتر لە دراوسێ داگیر کەرەکان و رووی دەرەوە بەتایبەتی کوردی هێنا ناو پانتایەکی چاو وان نەکراو. بەڵام چۆن کەی ئەو درگایە بەرووی کوردا کرایەوە ؟ بێ گومان ئەوە دوای رووبارێک خوێن وقوربانی دان گەلی کورد گیشت بەو دەست کەوتە پیرۆزە. دوای چەندین ساڵ خەباتی شۆرەش گیرانەو قوربانی دانی بێ حەسانەوە. گەلی کورد لە باشوری کوردستان توانی کەڵک لە پێش هاتو ئاڵو گۆرەکانی ناوچەکەوەر گرێتو شوێنو پێگەیەک بۆ خۆی وەدەست بەخات. هەوش بە خوێن وزەحماتێکی بێوێنەی شۆرشگێرانە وە دەست هات. خەڵکی وەزاڵەهاتو لە سیستمی داگیر کاریو کوشتو بەری هەر رۆژەی گنجانی نیشتیمانەکەیان رژانە سەر شەقامەکان و چوون بە قوورگی مەرگا بۆ وەدەست خستنی مافە کانیان و گیرانەوەی سەر وەری نیشتیمان لەدەست زووڵمو زۆر و ماڵوێرانی هەوورۆژە. وە لێرەوە نابێت رۆڵی ئەو لایەناەش پەش گوێبەختێت کە رۆڵو هەوڵی کاریگریان هەبوو لە چەخماخەو رێبەری و سەر خەستن و وەدەر نانی داگیر کەران لە زێدی کوردان. دەیارە زۆر لایەن هەبوون و بێ ئینسافیە رۆڵی ئەو کەسانە بە کەم بەگیرێت کە بە بیرو بروای جیازەوە لە سەر شەقمەکان یەک دەنگو یەک هەڵوێست بەرانبەر بە داگیر کەرێکی بەهێزو پەر چەکی وەک حیزبی بەعسی فاشی بەداروو بەدر دەوستایەوە، تا بەن برکردن وازیان لە خەبات بۆ ئازادی کوردستان لە رووی داگیر کەران نەهێنا .بەڵام سەەیکترین هیزو وەزەی بەرنگار بونەوە پلامار بۆ سەر دامو دەزگاو شوێنە ئەستەمکانی بەعسی فاشییەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوو، وەک هێزێکی کاریگەر و شۆڕشگێڕ لەمێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە رابردوو دا ولە کاتی سەر هەڵدانی ڕاپەرین ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو وحاشاهەڵنەگری هەبوو، لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی بەهاری ١٩٩١ی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، سەرەتای ئەو شانازیە



سەرچاوە Serchawe

ئەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وەک داهێنەرو ڕێبەرایەتی کردن لە سنووری خەبات و تێکۆشانی مێژویەکی دوورودرێژی یەکێتی نیشتیمانییەوە کەسەرەتا لەڕانیەوە چەخماخەکەی لێدراو دواتر سەرجەم شارو ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانی گرتەوە. هەموومان شایدی بۆ ئەوە ڕۆژانە بەویژدانەوە ئەدەین، کە بە چی گەرمو گورو تینێکەوەلەدەنگی گەلی کوردستانەوە جاڕی ڕاپەڕین دەدرا و سات بە سات زیاتر وەزەو توانای ئەدا بە جەماوەری وەزاڵە هاتوی شاروگوندەکانی نیشتیمانی دایکی ڕەش پوش. باش ئەو ڕۆژانەم لەیادە بەتێکرا خەڵک بە کاسب کارو بێ کارو پیرو گنجو منداڵ کە بەڵێم بە دارو بەردی نیشتیمانەوە لە داگیر کەران بەبوون بە پێشمەگەر درۆم نەکردوە. بەڵام ڕاستیەک هەیە ویش دوربینیو کارامەی و خۆ ئامادەکردنی ئەوسای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو بۆ پێشهاتە چاوەروان کراوەکان.

کە چندین کادێری باور پێکراو کارامە و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، شارەزاو گۆشکراو بۆ ڕۆژانی چاوەروان کراو نێرد رابوونەوە ناو شارو شارۆچکەکان، بۆ ئەوەی لە نەزیکەوە چاوەدێری وەردی شووینە ئەساسەکانی ڕەژیم بەکەن وخەڵکانی دڵ سۆزو کورد پەروەر کۆبکەنەوە بۆ کاتی دەست پێکردنی یەکم هەنگاوەکان و ڕێبەری کردنی خەڵکە ناشارزاکە بۆ ئەوەی کەمتر بکەونە بەردیدی داگیر کەران وگەلی کورد لەو هەنگاوەی دا کەم زەرەر مند بێت و خەڵکی بێچەو تفاقی شەر نەبنە قووربانی. وەک بەداخەوە لە پەلامار بۆ سەر ئەمنە سوورەکەی سلێمانی تا گیشتنی پێشمەرگەو خەڵکانی شارزا لە شەرو پلامار کۆمەڵێک خەڵکی دڵ پرلە ڤین کوتنە بەر دەست ڕێژی مرۆڤ خۆرکانی حیزبی بەعسی فاشی. لەو سەر دەمەداو ئەو هەنگاوەی نرا بۆ ناردنەوی پێشمەرگە دێرینەکان و کەسایەتیە شۆڕگێڕو چالاکەکان بۆ بەهێزکردن و کۆکردنەوەی شانە چکدارەکان لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بۆچوونەوە ناو شاری ڕانیەوزۆر بەی شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان بەشێوەی پارتیزانی و، بەمەبەستی ئامادەکردنی جەماوەرو لایەنگرانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بۆ ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ٠٣،٠٥، بەهاری ١٩٩١ئەرکێکی پیرۆزو جێیشانازییە.

نابێت ئەوەمان لە یاد نەمابێت، بۆ یەکەمجار یەکەم بروسکەی چەخماخەی ئەو ڕاپەڕینەو هەواڵی ئازادکردنی ڕانیەو چوارقوڕنەو حاجیاوا و هەنگاو بە هەنگاو تادوای دەنگی گەلی کوردستان بوو مەژدەو هەواڵی پێ ئەداین، هەر لە دەنگی گەلی کوردستانەوە بو مژدەی ڕاپەڕین دراو دارو بەرد بون بە پێشمەرگەوگەڕانەوە بۆباوەشی شار، ئەرگەرچی سەختە بۆ نەندێک لایەنی حازر خۆر لێدوان و بەسەر هاتی لە بارەی چۆنێتی پلانی گەڕانەوەی لە ناو قوڵای ئێران وئەودیو شاخەوە بۆ ناو باوەشی نیشتیمان بەدات، بەڵام خۆناشتوانەن وەک خۆیان ئارەزوەکانیان مێژومان پێ فەرۆشنەوە و خۆڵ بکەنە چاومان. دوور بینی وکارامەیو لێ هاتووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی لەوەدا بوو کە هەر بەدوای ئەو هەڵە گەورەی سەدامی خوێن ڕێژ کردی و بەدوای شەری هەش ساڵەی لە گەڵ دەوڵەتێکی بەهێزیوەک ئێران و بە لەشکرێکی ماندوو هیلاک و دارماو لە رووی سەربازیەوەو تێکشکانی چەندین جار لە بەرانبەر ئێران. هەستا بە پەڵاماردان و داگیرکردنی کوێت. ئەمە یەک هەڵە بوو کە لەلایەن حکومەتی ئەوسای عیراقەوە کراو کورد توانی کەڵک ئەو هەڵەیەوەر گرێت، لێرە وە ئەقڵ یەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کەوتەخۆ و بە شێوازێکی سەردەمیانەو ڕێکو پێک خۆی و ریزەکانی ڕێکخستنەکانی بە جۆرێک ڕێک خستەوە کە بەر هەمەکەی ئەو ڕاپەڕینە خۆمالی و جەماوەرەیەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی لێ سەوز بوو. با ئەش

بەڵێین لەو سەر دەمانەداو لەو بێ ئیمکاناتی و دەست کورتەیەی یەکێتی و ناوچەبەمین ڕێژ کراوەکانیش هۆکاریک بوون بۆ درنگ گیشتنو هاتنە خوارەوەی پێشمەرگە لە کاتی خۆیداو بێ گومان لەو پێناوەشدا دوو چاری چەندین ناخۆشی و ئاستەنگ بوونەتەوە، وە ئامێری گیانگن و وەر گرتنیش بەر بەستێ تر بوون بێ گومان بۆ هەماهەنگیو بەیەکەوە پلامار بۆ شووینەکان و ترۆم بیلو ئامێری گواستنەوەش بەشێک بوو لەوەی کە گرتنەوەی شارو شارۆچکەکان ماوەی بیست رۆژ بەخایەنێت، کەشو هەوایەکی بارانیش بەهەموو هێزییەوە باڵی بەسەر کوردستان دا کێشا بوو، دەنا ئەو گورتین و ئازارەی چەندین ساڵە کە لەناو دڵ ودەرونی خەڵکی شۆرش گێردا پۆنگی خوار دەبۆوە زۆر نەزیک تر لەو ماوە یەدا کەلە ڕۆژی ٥ - ٣ - ١٩٩١ ڕاپەڕین دەستی پێکرد، تا ٢١ - ٠٣، ئاگری نەورۆی لە کەرکوک داگرا کۆتای ئەهات. کەهەرچەندە بە پێی لێدوان و راگیندراوەکانی یەکێتی وبیرەوری و گێرانەوەی ئەو کەسانەی حزوریان بوە، وای دەگێرنەوە: کە بڕیار بووە لەحەوتی مانگ واتە ٧ - ٣ - ١٩٩١ دا راپەرین دەست پێبکات، بەلام لە دەمەو حەسری رۆژی ٥ - ٣ - ١٩٩١ و دوو رۆژ پێشتر لە کاتی دیاریکراو بۆ راپەرینی سەرتاسەری بە هۆی کێشەیەکی نەخوزراو کە پیاوانی بەکرێ گیراو داگیر کەر هۆسەی ئەنێنەوە و بێرێز ئەکەن بە هاووەڵاتیەکی ئەو شار قارەمانەو خەبەر بۆ شەهید عەلی نەبی دەبەن کە ئەو پیاوە جوامێر لە دەڤەری رانیەو بیتوێن جۆش درابوو بۆ رۆژی خۆی بە بیستنی ئەو هەواڵە چی تر تاقت ناگرێو و بە هاوکاری و هەماهەنگی برادەرانی تری وایان بەباش زانی بوو زووتر دەست لەحکومەت بوەشێن و ئەو فرسەتە لە دەست نەدەن، هەر بۆیە لە ٠٣،٠٥، داو بەر لە دوو رۆژی کاتەکە گر بەر ئەداتە شەوزنگ و رۆژی لە داگیر کەران و نیشتیمان فرۆشان دەکاتە شەوی مەرگ وکوردستانیان بۆ دەکاتە گۆرستان، خۆشترین ساتەکان لەژیانم دا کە هەر گیزلەیادیان ناکەم ئەو چەند رۆژەی راپەرینە جەماوەریە و رۆژانی دوای تا کۆتای ڕاپەڕین بوە. وەهەر ئەو دەمە سەدان جار خام هەڵ ئەکێشاو داوام ئەکرد با بەچین بۆ هاو کاریو پشتی وانی هاو چارە نووسەکانمان، دەم وت ئەوان پێویستان بە هێزی پێشمەرگە یە ئێ خۆ ئێمە پێشمەرگەی ئەم خاکو نیشتیمانەین، بەڵام بەداخەوە کەس نەبوو بەدەنگ مەوە بێت و داوا کەم بەهەنگ وەر گرێت. بەڵام دوای پاکردنەوە ی شار لە داگیرکەران و ئازاد کردن و کەمێک هێوەر بوونەوەی ناو شار، هەڵم بۆ رەخساو هاتمەناو شار، بە چاوی خۆم ئەم دی خەڵکی رانیەو دەوروبەری چۆن بە پیری پێشمەرگەوە ئەچوون کاتێک کاک کۆسرەت لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە هەڤالانی سەرکردایەتی بۆ یەکەم جار گەیشتنە دەروازەی شاری رانیە، ئەوەبۆتە بیرەوەریەکی گەلێک شیرن لەلامو هەمووکات خەو بەو رۆژەوە ئەبینم و لە چاورواونی ئاوەهارۆژێک دام کە بەنسیبی ئێمەو مانانیش بێت و مەجالێکی وامان بۆ برەخسێت بەچینەوە ناو خەڵکو جەماوەرە دڵ بریندارو دڵ سۆزەکەی رۆژ هەڵاتی نیشتیمانی دایک و جارێکی تریشبەتوانم سەردانی ئەو ماڵانە بکەمەوە و بەبمەوە میوانیان، کە لە رۆژە سەختەکاندا لە نیوەشەودا دەرگای ماڵەکانیانمان ئەکوتاو لە خەوی شیرین و حەسانەوەی ئیشو کاری رۆژانەمان ئەکردن، بەڵام ئەوان بە دڵی ئاواڵەو پرلە هیوابە شۆرش و پێشمەرگە لە باوشیان ئەگرتینو مان دووی رێگای دورمانیان لە بیر ئەبردینەوە و زیاتر هانیان ئەداین بۆ سەر خەستنی خەباتی رزگاری خوازانەی گەلی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی www.wswakl-hawal.lima-city - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

# پانۆڕامای ڕاپەڕینی کوردستان



**غازی حارس**

ئەمڕۆ ٢٤ ساڵ بەسەر ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ تێپەڕدەبێت و ڕۆژی ٥ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ بۆ یەکەمجار ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان لە ڕانیە دەستیپێکرد، هەمان ڕۆژ ڕانیە، چوارقووڕنە، دەشتی بێتوێن، حاجیاوە و سەرکەپکان ئازادکران.

بۆ ڕۆژی دواتر، واتە ٦ی ئاداری ١٩٩١ ناوچەی بازیان و هەردوو ناوچەی دەشتی پشدەر ئازاد کران.

ڕۆژی ٧ی ئاداری ١٩٩١ خەڵکی سلێمانی ڕاپەرین و بۆ بەیانییەکەی ئەمنە سوورەکە و مەعسکەر سەلامیان، کۆنترۆڵکرد.

ڕۆژی ٨ی ئاداری ١٩٩١ ڕاپەڕین لە چەمچەماڵ، هەڵەبجە، عەربەت، زەرایەن، پیرەمەگرون دەستیپێکرد و ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان سلێمانی - کەرکووک کۆنترۆڵکران.

ڕۆژی ٩ی ئاداری ١٩٩١ خەڵکی کۆیە، شەقڵاوە، ئۆردگای باسرمە ڕاپەڕین.

ڕۆژی ١٠ی ئاداری ١٩٩١ خەڵکی شارۆچکەکانی سۆران، ڕواندز، حاجی ئۆمەران، مێرگەسوور، چۆمان، سپیلک، خەلیفان، هەریر، باتاس، مەسیف، تەق تەق، ئاغجەلەر، قەرەهەنجیر، ڕاپەڕین.

ڕۆژی ١١ی ئاداری ١٩٩١ خەڵکی شاری هەولێر ڕاپەرین و هەمان ڕۆژ کۆمەڵگەکانی کەسنەزان، بنەسڵاوە، دارەتوو، قوشتەپە، شاوێس، پیرزین، مەلائۆمەر، جدیدە، تۆبزاوە، کەورگۆسک، بەحرکە، بەرحوشتر ئازاد کران.

١٢ی ئاداری ١٩٩١ خەڵکی جەلەولا و خانەقین ڕاپەڕین و هەمان ڕۆژ مەخموور و ئاکرێ، بجیل، سورچیایەتی، بەردەرەش، دینارتێ، زێبار، شێخان ئازادکران.

١٣ی ئاداری ١٩٩١ خەڵکی زاخۆ، دەشتی سلێڤان، ڕاپەڕین. لە سنوری کەرکووکیش شارۆچکەی پردێ ئازادکرا، لە گەرمیانیش کەلار و جەبارە ئازادکران.

١٤ی ئاداری ١٩٩١ خەڵکی شاری دهۆک ڕاپەڕین و هەمان ڕۆژ ناوچەکانی زاوێتە، سەرسەنگ، دێرەلوک، شێلادزێ، ئامێدی، بامەڕنێ، ئازادکران.

١٥ی ئاداری ١٩١٩ خەڵکی شارۆچکەی سمێل ڕاپەڕین.

١٦ی ئاداری ١٩٩١ سەربەشاخ و قەرەچووخ و مەخمور ئازادکران.

١٨ی ئاداری ١٩٩١ شارۆچکەی پردێ و دەوروبەری ئازادکرا.

١٩ی ئاداری ١٩٩١ دەوروبەری شاری کەرکووک ئازادکرا.

٢٠ی ئاداری ١٩٩١ جەماوەری شاری کەرکووک ڕاپەڕین شارەکە ئازادبوو.

٢١ی ئاداری ١٩٩١ ئاگری نەورۆز لە کەرکووک کرایەوە شەڕ لە معەسکەر خالید بەردەوام بوو.

ڕۆژی ٢٧ی ئاداری ١٩٩١، سوپای عێراق کەرکووکی گرتەوە و بۆ ڕۆژی ٣١ی ئاداری ١٩٩١ سوپای عێراق هەولێریشی گرتەوە و کۆڕەو دەستیپێکرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١٥



## جەژنی نەورۆز، جەژنی رزگاریی کەرکوکیشە
## "پێشمەرگە بەهەمان گوڕو تینی ڕاپەڕینەوە بەرگری لەکەرکوک دەکات"



**هێرۆ یاسین**

دوو سەردەمی جیاوازە، سەردەمی بەعس و سەردەمی دوای نەمانی دیکتاتۆری و داعشە، شاری کەرکوک چاوی دوژمنکارانەی لێ نەبڕاوە، بەڵام ئێستا جیا لەجاران وەک چۆن لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا هێزی پێشمەرگە دوژمنی لەو شارە وەدەرنا، ئێستاش بەهەمان شێوە پارێزگاری لێ دەکات، ناهێڵێت پێی گڵاوی دوژمن بەسەر خاکی کەرکوکدا گوزەر بکات.

هەموو ساڵێک لەجەژنی نەورۆزدا، جەژنی رزگاریی کەرکوکیشە، ئەمڕۆ یادی پڕ شکۆی ڕاپەڕینو سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەیە لەقودسی کوردستان، هەر ئەمڕۆش هێزی پێشمەرگە لەسنورەکانی خاکی کوردستان بەرگری لەو شارە دەکات و خوێنی چەندین گەنج و رۆڵەی ئەم گەلەی بۆ پاراستنی ئەو خاکە بەخشیوە.

### قۆناغی رزگاری نیشتمانی

محەمەد عوسمان دوشیوانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەبارەی یادی ڕاپەڕینی کەرکوکەوە بەکوردستانی نوێی راگەیاند: جیاوازی کەرکوک لەگەڵ پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان لەوەدایە، شارەکانی تر تاڕادەیەکی زۆر قۆناغی رزگاری نیشتمانیی بڕیوە، بەڵام لەکەرکوک تائێستا ئەو قۆناغەمان ماوە، ئەگەر جاران لەژێر دەسەڵاتی بەعس بووبێت ئێستا داعش بەعسییە ئاساکانی جاران و هەندێک خەڵکی شۆڤێنیزم بۆ داگیرکردنی کەرکوک بەهەمان شێوە بیردەکەنەوە، وتیشی: دەبێت ئێمە تا ئەوکاتەی کە قۆناغی رزگاری نیشتمانیی دەبڕین لەکەرکوک خوێن بەردەوام بێت و دەبێت پێشمەرگەو تێکۆشەران خەبات بکەن بۆ کەرکوک، وتیشی: پێشمەرگە تاجی سەرن لەو کاتەوە تائێستا بەبەردەوامی بەرگری کردووە لەکەرکوک، بەڵام لەگەڵ پێشمەرگەو تێکۆشەران دەبێت خەڵکی ئاسایی و خۆبەخشیش ئامادەبێت بۆ بەرگریکردن

لەخاکی پیرۆزی شارەکە.

محەمەد دوشیوانی لەدرێژەی قسەکانیدا وتیشی: خەبات بەردەوامی هەیە تا ئەو کاتەی قۆناغی رزگاری نیشتمانیی دەبڕین، پێشمەرگە دێرینەکانیش کە بونە داینەمۆی ئاڕاستەکردنی بیرۆکەو تیۆری شۆڕشگێرانە بۆ نەوەی داهاتوو، بەردەوامن و بەهەمان گوڕو تینی جاران و خوێن بەخشین لەپێناو کەرکوکدا خەبات دەکەن، ئەوەش باشترین بەڵگەیە کە ئێستاش بەهەمان شێوەی راپەڕینی ١٩٩١ پێشمەرگەکان بەرگری دەکەن و خوێن دەڕێژن بۆ خاکی کەرکوک.

## بەرگریی بەهەمان گوڕوتینی جاران

لەلایەن خۆشیەوە لیوا هیوا عەبدوڵڵا ناسراو بە (هیوا رەش) فەرماندەی لیوای یەکی پیادە لەوەزارەتی پێشمەرگە پێی وتین: خەبات کردن لەپێناو پاراستنی کەرکوک بەهەمان شێوە درێژەپێدەری راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ە، پێشمەرگە درێژەپێدەری ئەو رێبازەیە کە لەهەموو شۆڕشەکاندا پیایدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ.

لیوا هیوا ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، هەر کاتێک کورد نزیک بکەوێتەوە لەسەرکەوتن دوژمنێکی نوێی بەشێوازێکی نوێوە بۆ پەیدا دەبێت بۆئەوەی رێگری لێ بکات و خاکی کەرکوک بخاتە مەترسییەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگە بەگوڕو تینێکی گەورەوە بەگژیاندا دەچێتەوە، وتیشی: تائێستا دوژمنان نەیانتوانیوە ورەی پۆڵاینی پێشمەرگەو کورد بڕوخێنن، راپەڕینیش شاهیدی ئەو راستیەیە کە بووە رزگارکردنی ناوچەکانی کوردستان بەپاڵپشتی جەماوەری کوردستان و رێکخستنە نهێنییەکانی ناو شار، لەو کاتەوە تائێستا بەچەندین شێوە دوژمنەکانی کورد هەوڵدەدەن رێگری بکەن لەئامانجی ستراتیجی نەتەوەکەمان و رزگارکردنی خاکی کوردستان.

ئەو فەرماندەیە باسی یادی راپەڕینی لەکەرکوک کردو وتی: لەم یادی رزگارکردنەی کەرکوکدا، ئێستاش دوژمنێکی نوێمان بۆ هاتۆتە مەیدان، دەیەوێت دوور لەبەهها مرۆڤایەتی و ئەخلاقییەکان کەرکوک داگیر بکات، بەڵام ئەوە پێشمەرگە دڵسۆزەکانن بەگوڕو تینێکی گەورەوە خەبات دەکەن و بەرگری دەکەن و درێژە بەڕێبازی شەهیدان دەدەن بۆ پاراستن و رزگارکردنی یەکجارەکی کەرکوک.

## هەمووان شانازیی بەپێشمەرگەوە دەکەن

هەرلەوبارەیەوە ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەکوردستانی نوێی وت: لەڕۆژی دروستبوونییەوە پێشمەرگە ئەو دروشمەی هەڵگرتووە کە (مەرگی لەپێش خۆیەتی) بۆ پاراستی خاک و نیشتمان، لەو پێناوەشدا بە

هەزارەها شەهیدو قوربانی داوە، مەسەلەی کەرکوکیش خاڵی ستراتیجی تێڕوانینی نەتەوەی کوردە کەدوژمنەکەمان بەهەموو شێوەیەک سەیری دەکەن و زۆرترین قوربانی لەسەر کەرکوک دراوە، تەنانەت زۆرێک لەدانوستانەکان لەسەر کەکوک هەڵوەشاوەتەوەو هێزی پێشمەرگە بە رۆحی ئەوەوە هاتونەتە کەرکوک کە کەرکوک قودسی کوردستانەو بەبێ کەرکوک ناتوانرێت ولاتێکی ئارام و خۆشگوزەرانمان هەبێت، وتیشی: لەیادی راپەرین و ناوچەکانی کوردستاندا هێزەکانی پێشمەرگە هەموویان هاوکاری یەکتر بوون و ئەوەشیان لەبیر نەچوو کە ئەو سەرکەوتن و راپەرینە بەبێ کەرکوک ناتەواو دەبێت و هەر ئەوەش وایکرد هەموو بەهەڵمەتێکی شێر ئاسا هاتە ناو شارەکەو رزگاریان کرد، هەرچەندە بەهۆی بارودۆخی نێودەوڵەتی ئەو کاتە رێگە نەدرا کەرکوک بەتەواوی ئازاد بکرێت، بەڵام خۆشبەختانە جارێکی تر پێشمەرگەی کوردستان لە ٢٠٠٣ ئەو کارەی تەواو کردو ئێستاش پێشمەرگە لەکەرکوکە دەستپێکی کارێکە ئێستا چۆتە ترۆپکی سەرکەوتن و سەروەریی نەک ئێمەی کورد شانازی بە پێشمەرگەوە دەکەین، بەڵکو هەموو جیهان شانازی پێوە دەکات.

ئەحمەد عەسکەری لەکۆتایی لێدوانەکەشیدا وتی: نابێت ئەوە لەبیر بکرێت لەمێژووی ئێستاو داهاتوومانداا پێشمەرگە بۆتە ئەو سیمبولەی هەموو خەڵکی کەرکوک و کەرکوییەکان بەهەموو پێکهاتەکانییەوە شانازی پێوە دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# ئەو ڕۆژەی سلێمانی ڕاپەڕی



## بەردەم ئەمنە سورەکە

بیستو دوو ساڵ لەمەوبەرو لەڕۆژی ٧ - ٣ - ١٩٩١، خەڵکی شاری سلێمانی کڵپەی ئاگری ڕاپەڕینیان لەهەناوی داگیرکەردا کردەوە، ئەوەبوو لەماوەی کەمتر لەدوو ڕۆژدا شاری سلێمانی ئازادکراو لەوێوە، بەرنامەی ئازادکردنی سەرجەم شارو شارۆچکەکان کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوەو دواجار جەماوەری ڕاپەڕیو گەیشتنە شاری کەرکوکو لەگەڵ بڵێسەی ئاگری نەورۆزدا، کەرکوکیش ئازادکرا.

## بێسیمەکەی شۆڕش

دوای داگیرکردنی وڵاتی کویت لەلایەن حکومەتی ئەوسای عیراقەوە، سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیهازێکی ناردە دەوروبەری ڕانیەو لەوێ کۆچکردوو عەزیز بەگ سەرپەرشتی دەکردو ڕۆژانە هەواڵی تازەیان دەدا بەسەرکردایەتی، ئیدی لەوکاتەوە بەرنامەی ڕاپەڕین داڕێژراو سەرەتاش پەیوەندی بەمستەشارو چەکدارەکانی سەر بەرژێم کراو چەندین نامەی سەرکردەکانی یەکێتیان بۆ ڕەوانەکرا.

## هەواڵێک لەئێوارەدا

دوای ئەوەی ڕانیە بوو بەدەروازەی ڕاپەڕینو خەڵکەکەی لە ٥ - ٣ - ١٩٩١، ڕاپەڕیو شارەکەیان ئازادکرد، هەریەک لە چوارقورنەو حاجیئاواو حەوزی بتوێنو پشدەرو چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستان ئازادکرانو ئاهەنگی سەرکەوتنیان گێڕا.

سلێمانی، کە لەهەموو شۆڕشەکانی کوردا رۆڵی پێشەنگو یەکلاکەرەوەی گێڕاوەو بەبێ سلێمانی شتێکی ئەوتۆ نەکراوە، لە راپەڕینی ١٩٩١یشدا بووە سەرقافڵەو بوو بەیەکەم پارێزگای کوردستان کەدامودەزگە سەرکوتکەرەکانی بەعسی رامالّیو لە ٧ - ٣ - ١٩٩١دا تاجی سەرکەوتنی لەسەرناو بووە بناغەی ئازادکردنی سەرجەم شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان، بەکەرکوکیشەوە.

ئێوارەی ٦ - ٣ - ١٩٩١ پاش گەیشتنی هەواڵی رزگارکردنی رانیەو بازیان، لەسلێمانی جوڵەو شڵەژان هەستی پێدەکرا.

شانە چەکدارەکان خۆیان بۆ بەرەبەیان ئامادەکردبوو، لەبەرەبەیانو دوای کۆنترۆڵکردنی زۆربەی رەبایەکانی رژێم، لەسەعات ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی دواتر ٣ - ٧، پێشمەرگە قارەمانەکانو خەڵکە تێکۆشەرەکەی سلێمانی، شالآویان بردە سەر "دائیرەی تەجنیدی سەرچنار" کە بێ تەقە خۆیان دا بەدەستەوە، هەروا "رەفیق حزبییەکانو پیاوانی رژێم" زۆربەیان هەر لەو شەوەوە پەنایان بردبووە بەر "دائیرەی ئەمنی سلێمانیو شوعبەی ئەنفالی حزبی"و لەماوەیەکی زۆرکەمدا، هێرش برایە سەر "ئیدارەی ئەمنی سەرچنارو مونەزەمەی سەرچنارو فرقەی قادسیە لەسەرچنار"و لەیەک کاتدا دەستگیرکرانو چەند تەقەیەکی کەم تیایاندا روویدا، پاش گرتنی مەرکەزی پۆلیسی سەرچنار، بەسەعاتێک پۆلیسەکان بەکوردو عەرەبەوە خۆیاندا بەدەستەوەو دواتر پێشمەرگەو شانە چەکدارەکانو لاوانی سەرچنارو تەواوی جەماوەری راپەڕیوی سلێمانی بەرەو ئازادکردنی "ئەمنی سلێمانی - ئەمنە سوورەکە"، بەڕێکەوتن."

## ئەمنەسورەکە، دواقەڵای دوژمن

بەهۆی گردبوونەوەی هەموو کاربەدەستانو جەللادە ترسناکەکانی بەعس لەئەمنە سوورەکەی سلێمانی، شەڕێکی قورسی دوو رۆژە لەوێ رویداو سەرلە ئێوارەی رۆژی دواتر ٣ - ٨  ئەمنە سوورەکەش کۆنترۆڵکرا.

ئەو رۆژەی راپەڕینی شاری سلێمانی دەستیپێکرد، هێشتا  باڵەخانەی ئەمنەسوورەکە  پڕبوو لەزیندانیانی کورد، ژوورە تەنگ و تاریک و ئینفیرادییەکان ئاخنرابوون لەرۆڵەکانی کورد بەتایبەتی رۆڵەکانی شاری سلێمانی.

شایەتحاڵەکانی ناو ئەمنە سورەکە لەبیرەوەریەکانی ئەو رۆژگارەدا دەگێڕنەوە کەپەیوەندیان بەدەرەوە نەمابوو، هیچ هەواڵێکیان پێنەدەگەیشت، تەنیا ئەوە نەبێت کەخەڵکی تازە دەستگیرکراو رەوانەی ئەمنە سوورەکەیان دەکردو ئەوان هەندێک هەواڵی تازەیان بە زیندانییەکانی دیکە دەگەیاند، بەڵام ئەو کاتەی لەبەربەیانی ٣ - ٧ دا کەیەکەم هەنگاوی راپەڕین دەستی پێکرد، دەنگی تەقە دەگەیشتە ناو هۆڵەکانی زیندان، زیندانیەکانیش هەستیان  بە شڵەژانی ئەمن و جەللادەکان دەکرد.

یەکێک لە زیندانییەکانی ئەو ڕۆژەی ناو ئەمنە سوورەکە کەبەهۆی ڕاپەڕینەوە لەئەگەری مەرگ ڕزگاری بووە، دەڵێت: "شەوی ٧ لەسەر ٨ - ٣ - ١٩٩١ بۆ چەند سەعاتێک دەنگی تەقە نەماو بێ هیوایی و ترسی تۆڵە سەندنەوەی فاشییەکان دایگرتین، بەڵام لەبەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا دەنگی تەقە زۆر بەنزیکی لێمانەوە دەبیسترا."

یەکێک لە زیندانییەکان بەهاوڕێکانی، وت: "برادەران من شەرم زۆر دیوە ئەو فیشەکانە بەر بیناکەی ئێمە دەکەوێت و هێرش بۆ ئێرە دەکرێت."

هەروەها ئەو زیندانیەی ئەمنە سوورەکە دەگێڕێتەوە کەتەقە زیادی کردو ئەمنەکانیش تەواو شڵەژا بوون و خۆیان لە پەناو پەستیردا حەشاردەدا، ئەفسەرەکانیان دەیاندۆزینەوەو قسەیان پێدەوتن کە بۆچی شەڕناکەن و دەترسن.

بەڕێوبەری ئەمنەکەش زوو زوو هەواڵی دەدانێ کە هێزیان پێدەگات و پێویستە خۆڕاگربن.

هەروەها دوانیوەڕۆی ٣ - ٨ دەنگە دەنگ و قەرەباڵغی لەهۆڵی بەرامبەر ژووره ئینفیرادییەکان دەبیستراو زیندانییەکانیش لەپڕ بانگیان دەکەن کە ئێوە چین؟، لەقەرەباڵغییەکەدا دەنگێک، دەڵێت: "ئێمە تیپی ٥٧ی سەگرمەین، بەو شێوەیە ئەمنە سوورەکەی قەلای بەعس و مەکۆی جەللادان کەوتە دەست شۆڕشگێڕەکان و بەهێزترین هیوای دوژمن ڕووخا.

## ڕۆڵی ئێزگەکە

ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، یاخود رادیۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ، ڕۆڵی هەرە بنچینەیی و کاریگەری بینی لەجۆشدانی خەڵکو گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان شانە چەکدارەکان و مەفرەزە پارتیزانەکان کە خۆیان بۆ ڕاپەڕین ئامادەکردبوو.

چەند مانگێک بەر لە ڕاپەڕین و بەفەرمانی سەرکردایەتی و بەپێی ئەو نەخشەیەی کە بۆ ڕاپەڕین داڕێژرابوو، کەوتە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بانگەوازو ئاگاداری و بروسکەی تایبەت بۆ ئامادەکردنی شانە چەکدارو ڕێکخستنەکان.

ئەمەی سەرەوە قسەی یەکێکە لەکادره دیارەکانی ئەوکاتەی ئێزگەکەو لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا ئەوەشمان پێدەڵێت کە هەرلە ئێزگەکە سوپای عیراق و چەکدارەکانی ڕژێمی بەعس دڵنیاکرانەوە کە ئەوان ئامانج نینو دەکرێت خۆیان بیلایەن بکەن، یان بچنە پاڵ جەماوەری ڕاپەڕیو، هەروەها ئەوکاتە هەموو تواناکان بۆ بەهێزکردنی بابەتو بەرنامەکانی ئێزگەی



سەرچاوە Serchawe

دەنگی گەلی کوردستان بوو، تەنانەت بڵاوکراوەکانی ڕێبازی نوێ و الشرارە، لەدەرچوون وەستێنران و هەموو کادرەکانی ڕاگەیاندن کاریان بۆ ئێزگەکە کرد.

هەروەها، دەشڵێت: بۆ سەرکەوتنی ئەو ئەرکە پیرۆزە بریاردرا کە دوو ئێزگە لەکاردا بێت، دانەیەکی گەڕۆک لەسەر شەپۆلی ٤١ مەتری کاری دەکردو ئێزگەیەکی جێگر لەسەر شەپۆلی ٧٥ مەتری کاریدەکرد، ئێزگە ٤١ مەترییەکە لەگەڵ ڕاپەڕیندا هاتە ناو شارەکانو هەردوکیشیان لەڕۆژی ١٣ - ٣ - ١٩٩١، لەناو شاری سلێمانی جێگیرکران.

**بە یادی ئێزگەکەوە**

**د.شێرکۆ عەبدوڵڵا**

ئێرە دەنگی دڵی کوردستانە
دەنگی دڵی کوردستان، دەنگی
دلێری ئەو هەڵوێستانەیە
کە یەکێتی نیشتمانی
کوردستان ڕێکیان ئەخات
دەنگی دڵی کوردستان، هەموو
ڕۆژێک بەرنامەکانی لەسەر
شەپۆلی ورەی میللەتێک بڵاو
ئەکاتەوە
کە بەرزاییەکەی
سەد هەڵگوردە لە هەڵمەتێکا
سەد خەندەیە لە دەستکەوتێکا

**بروسکەکان**

(١)
لە کوێستانییەوە بۆ گەریمان:
هەورێکمان بۆ ناردن
پڕ پڕە لە باران
بارانی منالی شۆڕشو
وەک جاران پڕپڕە

لە ماچی پێشمەرگە
پەنجەرەکان بکەنەوە
ڕۆحتان ئەبێ بە چۆڕاوگە

(٢)
لە فیدڕاڵەوە بۆ ئارام:
سەلامی عیشق
درودی کار
وا دار بەڕووە ساڵخوردەکان
بونەتەوە نەمامو
لە باخچەی نێرگز ئەخوێنن
لای ست بەهار
(٣)
لە قەندیلەوە بۆ ئەڵوەن:
شەماڵ تەتەری ئێمەیە
دێتە لاتان
نامەکەی شیهابی پێیە
لێی نوسراوە
هەموو شەوێک لەو قەیوانە
میعراجی خوێنو خۆزگەیە
هەموو ڕۆژێک
پێنجی سێیە
هەواڵەکان
دوێ شەو گومان
لە جێژوانی دابانو تانجەرۆیەکا
لوغمێکی چاند
کە تەقییەوە
قوربانییەکەمان ویژدان بوو
بیرەوەری شیعرەکان بوو
خۆشبەختانە ئاو سەلامەت
دابانیشمان بێ زیان بوو
سەرچاوەکان ئەڵێن گومان
دوور لە چاوی عیلمو کەلتوور

لە ناو ئەقڵێکی تاریکا
یاری تەختەو ئاسن ئەکا
تاکو ببێ بە ڕقێکی زلی
ئەستور

ئاگاداری
بەبۆنەی یەکەمین چریکەی
دوای نسکۆو
لە خۆشی ناوی تۆ
ئەی شەهید
سبەینێ لە هۆڵی ئینتەرنێت
ئاهەنگێک ساز ئەکرێت
لە تابلۆو لە کۆنسێرت

ناونیشان:
کوردستان
گەڕەکی سەرکەوتن
شەقامی جەماوەر
کۆڵانی نەسرەوتن
تەلاری ئازادی
بەرامبەر خانەی خۆر
نهۆمی متمانە
هاتن بۆ
هەمووانە

## شەهیدەکانی سلێمانی لەراپەڕین دا

دوژمن دەیزانی راپەڕینی سلێمانی ئەگەر سەربگرێت دەبێ سەرەتای ئازادکردنی تەواوی کوردستان، بۆیە بەهەموو توانایەکییەوە دەیویست راپەڕین کپبکاتو گیانی بەرخودان لەگەڵیدا خامۆش بکاتو بیانترسێنێت، ئەوەبوو بەهەموو جۆرە چەکێک روبەڕووی پێشمەرگەو خەڵکی راپەڕیو بۆوەو لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکو پێشمەرگەی زۆر شەهیدکران، بەڵام ئازایەتی و رۆڵی پێشەنگی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی "بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان"و چاونەترسیی خەڵکی راپەڕیوی سلێمانی، بووە هۆی ئەوەی کەمتەرخەمی نەکەن و دواجار شاری

هەڵمەت و قوربانی ڕاپەڕینی سەرخست و ئیرادەی یەکگرتووی کورد سەرکەوت.

لەئەنجامیشدا رۆژی یەکەم واتا ٧ - ٣ - ١٩٩١، "٧٣" شەهیدو رۆژی ٣ - ٨ کە دووەم رۆژی راپەڕینی سلێمانی بوو ٤٨ شەهیدی لێکەوتەوە، لەگەڵ ٤٥ بریندار، شەهیدو بریندارەکانیش تێکەڵ بوون لەپێشمەرگەو خەڵکی راپەڕیوی سلێمانی.

## چین و توێژەکان بەشدارییان کرد

ئاشکرایە سەرجەم چین و توێژەکانی سلێمانی راپەڕینیان سەرخستو هەر توێژێک بەپاڵپشتی پێشمەرگەو شانە چەکدارەکان رۆڵی کاریگەری گێڕا لەو رووداوە مێژووییەدا.

ژنێکی بەشداربووی راپەڕینەکانی ٧ و ٨ - ٣ی سلێمانی لەبەشێکی گێڕانەوەکانیدا، دەڵێت: لەگەڕەکی عەقاری بنکەیەک بۆ خوێن بەخشین دانرا، وەک ژنێکی کورد پەروەر یەکەم ژن بووم کە خوێنم بەخشی بەو بنکەیەو هانی ژنان و پیاوانی گەڕەکم دەدا بۆ ئەو کارە، دیارە ژنانی دیکەی گەڕەکی عەقاری رۆڵی دیارییان بینی لەدابەشکردنی سۆپاو نەوت و راخەرو خۆراک و ..هتد، بەسەر خەڵکی راپەڕیودا.

جگە لەگێڕانەوەکانی ئەم ژنە، شایەتحاڵەکان و زۆر سەرچاوەی دیکەش ئاماژە بەوە دەکەن کە ژنان و کچانی سلێمانی لەچەندین قۆڵەوە لەگەڵ پێشمەرگەو خەڵکی دیکەدا هێرشیان کردە سەر مۆڵگەو بنکەکانی بەعس.

## لەساڵیادی راپەریندا،
## ئینسکلۆپیدیایەک بۆ راپەرین پێویستە!..

گەر نیگایەک بەقوڵایی مێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا بخشێنین، دەبینین پڕیەتی لەکارەسات و رووداوی گرنگ، بەڵام لەبارەی سیاسیو مێژووی یەوە، هیچکامیان بۆ کورد، هێندەی راپەرینە جەماوەریەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ گەورە و گرنگ و کاریگەر نەبووەو نەهیچ سەردەم و رۆژگارێکیش، بەئەندازەی مێژووی ئەو چەند ساڵەی پێش راپەرین، بۆ کورد ماڵوێرانی و تراجیدیاو مەرگەسات بووە..!؟

راپەڕین وەک رووداوێکی گەورەی سیاسی، توانی زنجیری ژێر دەستەیی بپسێنێت و دڕبەشەوە زەنگی ناهومێدی میللەتەکەمان بداتو، وەرچەرخانێکی قووڵو گەورە لەژیانی سیاسیو، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، لەکەسایەتی تاکی کورددا بەدی بێنێتو، کورد وەک نەتەوە، لە حوکمو دەسەڵاتدا، بگاتە جێگایەک نەک هەر بتوانێ لەوبەشە، بۆ خۆی حوکمی خۆی بکات، بەڵکە

سەرۆکایەتی وڵاتێکی وەک عێراقیش بکات! لەو سۆنگەیەوە دەبینین هەرلەدوای راپەرین، ساڵانە کۆمەڵێک وتارو لێکۆڵینەوە دەربارەی ساڵیادی ئەو رۆژە دەنوسرێت، بەڵام کەم تا زۆر، دەبینین ئەوەی لەوبارەوە کراوە، هیچیان لەئاستی پێویستو، گەورەیی ئەو رۆژە پیرۆزو مەزنەدانە بوون، زیاتر هەوڵی تاکەکەسی دڵسۆزانە بوونو زۆریش لە بابەت وتویژینەوەکانو نائەکادیمی بوون!..

بۆیە هەقوایە، حکومەتی هەرێم، بۆ گەورەییو میژووی ئەو رۆژە پیرۆزە، وەک پرۆژەیەک بۆ نووسینەوەی سەرتاپای ئەو رووداوە، هەوڵبدات لە رێگەی کەسانی شارەزاو پسپۆر، لیکۆڵینەوەیەکی زانستیو ئەکادیمی، بۆ هەلومەرجو پێشهاتەکانی راپەرینو رووداوەکان وەک خۆیان، چۆن بوون، لەزمانی خەڵکە راپەریوەکە، شار لەدوای شارو ناوچە لەدوای ناوچە، هەر لەیەکەم راسانو چەخماخەی راپەرین لە ئۆردووگای زۆرەملێ ی خەباتو دوایی رانیەی دەروازەی راپەرین، تا رزگارکردنی کەرکووکی گەرگۆشە!

هەموو بەوردیو تێروتەسەلی، رووداوەکان چۆن بوون، وەک خۆیان، هەموو ئاوا بنوسرێنەوەو، لە کتێبێکی قەبارە گەورەدا بەچاپ بگەیەندرێتو هەرچی پەیوەستو پەیوەندیدار بێت بەڕاپەڕینەوە لە "فۆتۆگراف، بەڵگەنامە، چاوپێکەوتن،... هتد" لەنێوەڕۆکدا، هەموو لەخۆبگرێت و، ببێتە تاقە سەرچاوەی زانستی و باوەڕ پێکراوی مێژوویی‌و، وەک ئینسکلۆپیدیایەک "دائره المعاريف" بۆ راپەرین بەچاپ بگەیەنرێت!.

ئەمین حەمەساڵح، بەریتانیا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## لەیادی ڕاپەریندا.. ئێستا لەکوێداین؟



**فاروق عەبدول**

زۆربەی کات کاتێک قسە لەسەر ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ دەکەین، لەسۆنگەی یادەوەریدا جێگەمان بۆ کردۆتەوە، لەکاتێکدا ڕاپەڕینی گەلی کوردستان بەهەموو پێوەرێک لەوە گەورەتربوو کە تەنیا لەچوارچێوەیەکی وەها بەرتەسکدا لەقاڵبی بدەین.

ئەگەرچی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، لەو کاتەدا ئەرکی سەرەکی بۆ لەنابردنی زوڵم و زۆرداری بوو، بەڵام کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات لە هەناوی هەر تاکیکی کوردا لەو کاتەو بە ئێستاشەوە کۆمەڵێک هیواو خەونی گەورە خۆی قەتیس کردبوو، خەونەکانی تاکی کوردی هیچ جیاوازیەکی نیەو نەبووە لەو خەونانەی کە شۆڕشە مەزنەکانی گەلانی دونیا بنەماکانی خۆی لەسەر داڕشتبوو، تاکی کورد خەمی سەربەستی بوو، خەمی دادپەروەری بوو، خەمی یەکسانی بوو، خەمی ژیانێکی بەکەرامەت و سەربەستانەبووە، خەمی سیستمێکی بوو کە تێدا ماف و ئەرک وەک یەک دابەش بکرێت، کە هەموو ئەو خەونانە هەر ئەوانەبوون کە شۆڕشی فەرەنسی و ڕاپەرینی گەلانی ئەمریکاو چین کردیان بە واقع و هەنوکە دەرئەنجامەی ئەچنەوە.

گرنگە قسەکردن لەسەر ڕاپەڕینی گەلی کوردستان بۆ قۆناغی ئێستامان وابەستەی مێژووی یادەوەری نەبێت، هێندەی ئەوەی تەرخان بکرێت بۆ ئەرکی دوای ڕاپەرین، بەوەی ئێمە چیمان لە ڕاپەرین دەستکەوت و ڕاپەڕین چی پێداین؟ ئایا ویست و داخوازیەکانی تری تاکی کورد لە دوای ڕاپەڕینەوە (بەدەر لە ئەرکە سەرەکییەی ڕاپەڕین) چەندی بەدی هاتووەو چەندمان ماوە بەدی بهێنین؟.

دوای ٢٤ ساڵ هەقی خۆیەتی تاکی کورد ئەم پرسیارە سادیە لە بڕیاربەدەستانی دوای ڕاپەرین بکات کە جگە لەو نەوەیەی

کە خۆی بەشداری ڕاپەڕینی کرد، چی بەو نەوەیە دەڵێت کە لەدەرەوەی پرۆژەی ڕاپەریندایەو خەون و خولیاکانی زۆرترو جیاوازترە لەوانەی بەشێک بوون لە پرۆژەی ڕاپەرین، ئەگەرچی بەهەردوو بارەکەدا هیواو خەونەکان لەیەکەوە نزیکن، بەڵام ئەوەی لەنێوان ئەم دوو هێڵەدا هەیە یەک چەمکە کە "دانبەخۆداگرتن" ناسنامەی نەوەی پرۆژەی ڕاپەڕینە، بەڵام لەنەوەی دوای ڕاپەڕیندا ئەم ئاستە کاڵترەو قەناعەت پێکردنیشی قورسترە ، چونکە لەگەڵ ڕاپەڕیندا هیچ یادەوەریەکی خۆش و ناخۆشی نییە کە ئەمەش لەدەرەوەی ویست و ئیرادەیدایە.

ڕاستە بۆ نەوەی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەرین، ئەم پرۆسەیە توانی سەرەتاکانی کلتوری بەعس و قۆناغە ترسناکەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەتەواوەتی بسڕێتەوەو و قۆناغێکی نوێ لەژیانی خەڵکی کوردستان بێنێتەکایەوە، بەڵام قۆناغی دوای ڕاپەڕین تارادەیەکی زۆر ئەو قۆناغە نەبوو کە ویستی جەماوەری ڕاپەڕیو نەوەی دوای ڕاپەڕین دەیخواست، ڕاستە ڕاپەڕین جوڵانەوەیەکی فراوانی لەسەرجەم بوارو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دروستکرد، بەڵام ئەم جوڵانەوەیە تا ئەو ئاستەبووە کە بەشێکی زۆری هیوا گەورەکانی تاکی کورد هێشتا چوارچێوەی یادەوەری و دروشمدا ماونەتەوە، بەتایبەتی ئەوەی دەچێتە بواری بونیادنانی سیتمێکی پێشگەیشتوو کە ماف و ئەرک تێیدا وەک یەک سەیر بکرێت.

هەروەها قسەکردن لەسەر ڕاپەرین و دەسکەوتەکانی، بەو مانایە نییە کە ڕاپەڕین هەموو شتێکی فەراهەمکردووە قۆناغی ئێستامان پێویستی بە هیچ دەسکەوتێکی دیکە نییە و مەهامی ڕاپەڕین تەواو بووە، هەڵەیەکی گەورە دەکەین بڵێین بە لەناچوونی دوژمنانی ڕاپەڕین ئەرک ومەهام و دەسکەتەکان کۆتایی هاتووە، چیدی پێویست ناکات بە گیانی ڕاپەرینەوە کار بکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە هەموو قۆناغەکاندا و بە تایبەتی لە ئێستادا کورد و خەڵکی کوردستان پێویستی بە ڕاپەرینی خۆڕاگرانەو ماوە درێژ لەسەرجەم کایە جیاوازەکاندا هەیە تا بتوانێت تەواوکەری دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی سەرەکی بچنێتەوە،

لەگەڵ یادی ڕاپەریندا، گرنگە ڕاپەڕینێکی دیکەی دوای دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین، دژی گەندەڵی و ناعەدالەتی کۆمەلایەتی و ناحەزان و دوژمانی گەلی کورد ئەنجام بدەین تاکو شەرارەی ڕاپەڕین هەر بە پڕشنگداری بمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی میللەت - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# ڕاپەڕینی ٥ی ئاداری ١٩٩١



**ڕاپۆرت: محەمەد ئەحمەد - ڕانیە**

ڕاپەڕینی جەماوەریی ئاداری ساڵی ١٩٩١ی زایینی، هەر تەنها ڕووداوێکی سیاسی و مێژوویی نەبوو، بەڵکو وەرچەرخانێکی مەزن و گۆڕانکارییەکی ریشەیی بوو لەزۆربەی بوارە جیاجیاکاندا. ئەو ڕاپەڕینە مەزنە کە لەرێکەوتی (٥)ی ئاداری ئەو ساڵەدا لەشاری ڕانیەی سەربەرزەوە کڵپەی سەندو دواتر تەواوی کوردستانی باشووری گرتەوەو دەسەڵاتی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی لەکوردستان لەناوبرد، زۆر مانا و تێگەیشتنی گرنگ هەڵدەگرێت و پێویستدەکات هەم بەچاوێکی بەراوردکاری لەقۆناغی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین و دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بڕوانین، هەمیش لێماندەخوازێ بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ئەنجامەکانی دوای ڕاپەڕین و ئامانجەکانی ڕاپەڕینەکەو شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بەگشتی بکەین. لەم ریپۆرتاژەدا ڕاو سەرنجی چەند چین و توێژێکی جیاوازی خەڵکی شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینمان وەرگرتووە.

## ڕۆڵی ڕۆشنبیران لەڕاپەڕیندا ڕۆڵێکی پێشەنگ بوو

(نیازی حەمە عەزیز) نووسەر یەکێک لەبەشدارانی ڕاپەڕین، دەربارەی ڕۆڵی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان لەڕاپەڕیندا وتی"ڕۆڵێکی پێشەنگ و بەرچاوبوو، بەشێوەیەک یەکەم چرکەساتی ڕاپەڕین بەبانگەوازی چەند ڕۆشنبیرێک لەرێگەی بڵندگۆی مزگەوتی گەورەی ڕانیەوە تین و تاوی ستاند، ئەوەبوو ئەو چەند کەسە لەوێوە جاڕی بەرپابوونی ڕاپەڕینمان بەئاسمانی باراناوی ئەم شارەدا پەخشکردو شەقام و کۆڵانە تووڕەکانیمان خرۆشاند.

دواترو لەرۆژانی ڕاپەڕین لیژنەیەک لەرۆشنبیرانی شار پێکهات و رادیۆیەکمان دامەزراند بەناوی (دەنگی ڕاپەڕین) کە

هۆکاری هاندان و بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەری ڕاپەڕیو و سەرکەوتنی ڕاپەڕین بوو تاکە ١٥ - ٣ کاری خۆشترین مۆژدەو هەواڵ کە لەو رادیۆیەدا بڵاومانکردەوە لەرۆژی ١١ی ئادار ، گەیشتنەوەی(سەرۆک بارزانی)و ژمارەیەک لە سەرکردەو فەرماندەی بەرەی کوردستانی بوو بۆ ناو شاری رانیەی ئازادکراو. هەروەها دەربارەی رەوشی ئێستای راگەیاندنی کوردی، نیازی حەمە عەزیز گوتی"رەوشی ئێستای راگەیاندنی کوردی لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم رەوشە بەر لەراپەڕین بەهیچ جۆرێک بەراوورد ناکرێ ، ئازادی رادەربڕین و بزاڤی رۆژنامەوانی لەسەردەمی داگیرکاریی بەعسدا تاکو راددەی خنکان بەرتەسک و پێخوست کرابوو. ئێستاو لەسەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا دەکرێ بڵێم ئازادیی میدیاو راگەیاندنی کوردی لەئاستێکدایە کە بووەتە مایەی نیگەرانی، لەسۆنگەی ئەو حاڵەتە نەشازەی کە لەلایەن زۆر کەناڵ و میدیاکارەوە پەلاماری مێژوو و پیرۆزی و سەروەرییەکانی گەلەکەمان دەدرێ. ئەمەش بەسوود وەرگرتن لەو ئازادییە بەرینەی فەراهەم بووە. من دەڵێم هەر ئەو ئازادییە بێسنوورەیە جۆرێک لە فەوزای هێناوەتە ئاراوە کە لەدوارۆژدا شوێنەوای مەترسیدار بۆ پەروەردەو کەلتوورو بەها کۆمەڵایەتییەکان بەجێدەهێڵێ".

## هونەرو رۆشنبیری چ رۆڵ و کاریگەرییەکیان لەسەر راپەرینەکە هەبوو؟

هونەرمەند (سەرکەوت بورهان) دەربارەی کاریگەریی هونەرو رۆشنبیری لەسەر راپەرینەکەو جۆشدانی جەماوەر دەڵێت " بێگومان هونەر و بزاڤی رۆشنبیری و ئەدەبی رۆڵی گرنگیان بینیوە و کارەکتەرێکی ئەکتیڤ و چالاک بوون لە کایەکانی شۆڕش و بەرخوودان و راپەرینەکاندا... سروود و گۆرانییە نیشتمانییەکان بۆ جۆشدانی خەڵک و جەماوەر، سەرەکیترین هۆکار بوون و هەموومان بە دەم ئەی رەقیب و ئەی شەهیدان و هۆکاکی پێشمەرگەو ئەی کوردینەو ...هتد سەدان سروود و گۆرانی تری نیشتمانی لە ماڵەکانمان هاتینە دەرەوەو بەرەو شەقامەکان و مۆڵگەکانی دوژمن ئەرۆیشتین ..بێگومان هۆتاف لێدانیش بەشێکی گرنگی هونەرە لەو کاتانەدا ،چونکە هۆتاف لێدان هەم ریتمێکی موزیکی تێدایە کەهونەرە ..هەم کێشێکی شیعری تێدایە کە ئەدەبە ..دروست بوونی گیانی حەماسەت و بەرگری و مەقاوەمەت لە لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا لە رێگەی هونەرو موزیک و گۆرانییەوە بووە... بە شانازیشەوە هونەرمەندان و نووسەران و رۆشنبیرانی کورد رۆڵی بەرچاوو کاریگەریان لە شۆڕش و خەبات و راپەرینەکاندا هەبووە ..بۆنمونە لە رۆژی (٥ - ٣ - ١٩٩١) ئەوەندەی سروودو گۆرانییە نیشتمانییەکان و هوتاف و شیعرەکانی ئەحمەد شێواو رۆڵیان بینی، هیچی کەمتر نەبوو لە تفەنگی پێشمەرگەکان... بگرە ئەوان بە حەماسەتی شیعرەکانی شێواوو سروودەکانەوە ئەچوونە سەنگەر و هێرش کردنەوە "

دەربارەی رەوشی ئێستای بواری رۆشنبیری و هونەر دوای (٢٢) ساڵ لەراپەڕین، ناوبراو دەڵێت" رەوشەکە ئێستا دوو لایەنەیە... لایەنێکیان ئەوەیە کە بە گشتی کوردستاندا ئازادی رادەربڕین و داهێنان و هونەر و نووسین و ئەدەب و کەلتوور بەگشتی لە ترۆپک و لەو پەڕی ئازادی و دیموکراتی و سەربەستییدایە... بەرهەمی جوان و نایاب و بەرز دەبینرێن و لە

ئاسمانی رۆشنبیریدا دەدرەوشێنەوە..لایەنی دووەم ئەوەیە کە نەبوونی یاساو رێنمایی و لێپرسینەوە لە بەرهەمەکان بەگشتی جۆرێک لە فەوزا و کێشەی جۆراو جۆری ناوەتەوە... کە جیاوازی لە نێوان باش و خراپدا نەکرێت... ئەمەش پێویستی بە چارەکردن و بە دوادا چوون و لێپرسینەوە هەیە... لە لایەکی ترەوە ئێستا لە کوردستاندا بە سەدان دامو دەزگای هونەری و رۆشنبیریی جۆراوجۆر کراوەتەوەو بەردەوام کادیری هونەری و پسپۆری تایبەت بە بەشەکانی رۆشنبیری و هونەری دێنە مەیدانەکە کە بە بەراوورد لەگەڵ بەر لە راپەریندا زۆر فراوانترە... بۆ نموونە بەر لە راپەرین لە کوردستاندا یەک پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەبوو، ئیستا بە دەیان هەیە... کۆلیژ هەیە چەندین دامەزراوەی تر و زانکۆ و دەزگای جۆراو جۆر هەیە... بۆیە رەوشەکە ئێستا لە دروشانەوە دایەو ئاسمانی هونەرو رۆشنبیری پرشنگدارە ".

## لاوان ئاڵا هەڵگری خەبات و پێشکەوتنن لەهەموو سەردەمێکدا

دەربارەی رۆڵی لاوان لەراپەرین و خەبات و پێشکەوتندا، (فریاد داوود) بەرپرسی ناوەندی باڵای رانیەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەڵێت" لاوان لەهەموو قۆناغەکاندا هەمیشە سەرەڕمی شۆڕش و فیداکاری بوونەو گیانیان بەختکردووەو لەهەورازو کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم خواستەکانی گەلەکەی، رێنیشاندەری خەبات لەپێناو ماف و ئازادییەکان بوون.لەراپەڕین و پێش و پاش راپەڕینیش توێژی لاوان ئاڵای پێشکەوتن و سەرخستنی هەڵگرتووە، لەدنیای ئەمڕۆشدا لەمەیدانی سیاسەت و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری کاریگەریی بەهێزیان هەیەو سەرچاوەی گۆڕانکاری و پێشکەوتنن.نوێبوونەوەی هەرگۆمەڵگەیەکیش بەندە بەئاست و رێژەی بەشداریی گەنج لە مەیدانەکەدا.هەنووکە لەگەڵ ئەوشەپۆلی گۆڕانکارییەی جیهان و کوردستانیشی گرتووەتەوە، هێزو وزەی لاوان لەبازنەی بەرینی زانیارییەکانی سەردەمدا جێدەستی دیارە هەروەک لەپێش راپەڕین و دوای راپەڕینیش دیاربووە، لەو روانگەیەوە بەرەو پێشچوون و بڕیاردان لەمافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هیوای لاوانی کوردستانە".

## حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی زۆری بەدەڤەری راپەڕین داوە. بەڵام هێشتاش وەکو پێویست نییە

دەربارەی گرنگیدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەدەڤەری راپەڕین (حەمید عەبدوڵڵا) سەرپەرشتیاری ئیدارەی راپەڕین دەڵێت" باوەڕ ناکەم حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ناوچەو دەڤەرێکی کوردستان فەرامۆشبکات لە ئاوڕلێدانەوەو خزمەتکردنی، بەڵام هەندێ دەڤەر تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە رەنگە وێرانکارییان بەرکەوتبێ لەلایەن رژێمەکانی عێراقییەوە، بۆ نموونە دەڤەری پشدەر لەسنوورەکەی ئێمە دووچاری راگواستن و وێرانکردن بووەتەوە، بێگومان ئەگەر سەیری شاروشارۆچکەکانی دەڤەری راپەڕین بکەین ،دەبینین دەستی ئاوەدانی گەیشتووەتە هەموو شوێنێکی ئەم دەڤەرە،بەڵام ئێمە حەقی ئەوەمان بەسەر حکوومەتی خۆمانەوە هەیە کە بڵێین شانازی ئەوەمان پێبڕاوە کە راپەڕین لێرەوە دەستپێیکردو لەئەنجامی ئەو راپەڕینەوە هەموو کوردستان ئازادکراو پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان درووستبوو، هەربۆیە



سەرچاوە Serchawe

داواکاری خەڵک ئەوەیە کە ئاوڕی زیاترمان لێبدرێتەوەو ئەگەر بکرێت جیاوازییەکمان پێبکرێت لەدانانی بەشە بودجەیەکی زیاتر سوپاسیان دەکەین"

دەربارەی پڕۆژەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسنووری دەڤەری راپەڕین، سەرپەرشتیاری ئیدارەی راپەڕین گوتی"پڕۆژەی جۆراوجۆر لەهەموو بوارەکاندا ئەنجامدراوە، لەو کاتەوەی ئیدارەی راپەڕینیش دامەزراوە ئێمە بایەخی زیاتر بەئەنجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دەدەین و لەناویشیاندا ئەولەوییەت دەدەینە ئەو پڕۆژانەی کە گرنگترن، بۆنموونە لەپڕۆژەکانی داهاتوومانندا لەسەر بودجەی ئەمساڵ زیاتر بایەخ بە بواری ڕێگاوبانەکان، بەتایبەتی دەبینین کە لەناو شاری رانیە گرفتێکی گەورەی هاتووچۆ هەیە، ڕێگاوبانەکان پێویستیان بە فراوانکردن و دروستکردنی ڕێگای تازەو قیرتاوکردن هەیە، هەروەها ڕێگای دوو سایدی نێوان رانیەو چوارقوڕنە فراوانتر دەکەین.یەکێکی دیکە لە ئەولەویاتەکانمان بایەخدانە بەبواری گەنجان و دروستکردنی یاریگای وەرزشی، هەروەها دروستکردنی باخچەو زیادکردنی سەوزایی گەڕەک و شەقامەکانیش یەکێکی دیکەیە لە کارەکانمان ".

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەبات - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١٣


سەرچاوە Serchawe

# ڕاپەڕین و لادان لە ڕەوتی ئامانجەکانی



کۆسرەت خدر

بە زۆرەملێ لکاندنی کورد بە عێراقەوە، سەرکوتکردنی و پارێزراونەبوونی کەرامەت و کەسێتی ئەو گەلە و، نەبوونی ئازادی و ژیانی شایستە، لە تەک بەردەوامی پرۆسەکانی بەئەویترکردن و بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن، هەروەها شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و بەزۆر ڕاگواستن و، لەسەرووی هەموو ئەمانەوە گەشەکردنی ویستی سەربەخۆیی لای کورد بۆ چوونە ژێر حوکمی خۆماڵی، وەک کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیی، زەمینەیەکی لەباریان بۆ دەستپێکردنی ڕاپەڕین ڕەخساند.

عێراق بە زەرەر و زیانی زۆر گەورەوە لە شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران هاتەدەرەوە، ئەمەش وایکرد کە وەک گیانداڕێکی برسی پەلاماری وڵاتی کوێت بدات، ئەو پەلاماردانە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەو وڵاتە زیاتر سەرقاڵی دۆسییەی کوێت بێت و، تاڕادەیەک کاروباری ناوخۆ و سەرکوتکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە بیربکات، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا ئەو پەلاماردانەی عێراق بەهۆی ئەوەی نرخی نەوتی لە جیهاندا بەرزکردوە و مەترسی لەسەر بەرژەوەندی وڵاتانی جیهان و زلهێزەکان و لەناویاندا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دروستکرد، ئەمەش سەریکێشا بۆ ئەوەی نارەزایی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا بهێنێت بە هێز بەرەنگاری ببەنەوە و لە کوێت دووریبخەنەوە. ئەمانە وایانکرد کە عێراق لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە ڕووی سیاسییەوە ناشیرین و لاواز بێت و لە ڕووی یاسایشەوە پێگەی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێهێز بێت. هەموو ئەمانەش وەک چەند هۆکارێکی دەرەکی هەرێمی و جیهانی لە تەک چەند هۆکارێک تردا و، کارلێککردنیان لەگەڵ هۆکارە ناوخۆییەکاندا بوونە ڕێگاخۆشکار بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە ئاداری ١٩٩١.

ڕاپەڕین، زەمینەی بۆ ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردن لە کوردستان ڕەخساند، ئەو هەڵبژاردنە بوو بە مایەیی پێکهێنانی

یەکەمین پەرلەمان و، لە پەرلەمانیشەوە حکومەت هەڵبژێردرا و، هەموو ئەمانە بەیەکەوە قەوارەیەکی سیاسیی خۆماڵی نیمچەدەوڵەتییان بە ناوی "هەرێمی کوردستان" پێکهێنا، بەڵام ئامانجە گەورەکەی ڕاپەڕین کە بریتیبوو لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری و کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی نەهاتەدی.

لە ڕاستیدا نەک هەر دەوڵەت وەک ئامانجێکی باڵای ڕاپەرین نەهاتەدی، بەڵکو حزبە بە دەسەڵات گەیشتووەکان، لە ژێر سێبەری ڕاپەڕیندا کەوتنە ویزەی یەکتر و شەڕی ناوخۆ و خۆکوژیان بەرپاکرد کە چەندان ساڵی خایاند و زەرەر و زیانی گیانی و ماددی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بەجۆرێک پێشبینی دەکرێت کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو شەڕە تاوەکو چەندان ساڵی ئایندە بەسەر دەروون و کەسێتی تاکی کورد و قەوارە سیاسییەکەیەوە بمێنن.

نەک هەر ئەمە، بەڵکو کەرکوک کە راپەڕین باوەشی پیاکردبوو، خرایەوە ژێر دەستی داگیرکار و بەهۆی ململانێ و شەڕی ناوخۆوە نەتوانرا لە باوەشی قەوارە سیاسییە خۆماڵییەکەدا بپارێزرێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سێ پارێزگا پێکهێنەرەکەی تری هەرێمی کوردستان، لە نێوان هەردوو زلحزبی هەرێمەکە (ی.ن.ک و پ.د.ک)دا دابەشکران و مۆدێلێکی سەرسوڕهێنەری بەڕێوەبردن پەیڕەوکرا، بەجۆرێک ئەو مۆدێلی بەڕێوەبردنە کاریگەری نەرێنی لەسەر تێگەیشتنی ئەوانی تر دەربارەی کورد و تواناکانی بۆ دەوڵەتداری و خۆبەڕێوەبردن دانا...

دوای تێپەڕینی نزیکەی چارەگە سەدەیەک بەسەر ڕۆژی دەستپێکی ڕاپەڕین، هێشتا دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان نەیتووانییوە لە چێوەی قەوارە سیاسییە خۆماڵی و دیفاکتۆکەیدا، دەستورێکی شایستە بۆ ڕێکخستنی فەرمەنڕەوایی خۆیی بنوسێتەوە و بیخاتە بواری کارکردنەوە، هێشتا بە ئەندازەی پێویست و داواکاری خەڵکەکەی ئازادی نەچەسپاوە و دادپەروەری کۆمەڵایەتی نەهاتۆتەدی، بەڵکو پرۆسەی گەندەڵی و نادادپەروەری و ناشەفافی لە کەڵەکەبووندایە. دابەشکردنی کۆمەڵگای کوردی بۆ دوو چین، یەکیان هەژار و ئەوەی تریان زۆر دەوڵەمەند، بەرئەنجامی هەوڵ و ماندووبوون و کارکردنی بیست ساڵی مۆدێلێکی خراپی حوکمڕانی کوردییە.

ئەگەرچی ناوبەناو دەنگی ناڕەزایی لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن، کەسانی نوخبە و خوێندەوار، سەندیکایی و ناوچەیی، بەرامبەر هەموو ئەو بەرئەنجامانە بەرزدەکرێتەوە، بەڵام نەیانتوانییەوە ببن بە هێزێکی ئاواهی کە توانای بەرگرتنیان لە کەڵەکەبوونی ناهەقییەکان هەبێت، بەشێک لە سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵانەش پەیوەندی بە سواو بوونی دەسەڵات و بێباکبوونییەتی لە ڕەخنە و گلەیی و ناڕازیبوونەکان.

ئەرکی هەمووانە کە بەیەکەوە کار بۆ تێپەراندنی ئەو دۆخە بکەن، نووسینەوە و خستنەکاری دەستورێکی گونجاو و شایستە،



سەرچاوە
Serchawe

بوونیادنانی سیستەمی سیاسی، ئابووری، سەربازی و کارگێڕی تۆکمەوپتەو، بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و نادادپەروەری، پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی شەفاف لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، چەسپاندنی کەلتووری ئاشتییانە و بەیەکەوە ژیان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان، لەتەک زەمینەڕەخساندن و گەرەنتیکردنی هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد و هەوڵدان بۆ هێنانە ئارای کەلتووری ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات، لەگەڵ چەندان هۆکاری تردا، هەموویان ڕۆڵی بەرچاو لە بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان لە ناوخۆدا دەبینن، هاوکات ئەم بەهێزبوونەی هەرێم لە ناوخۆدا، کاریگەری بەرچاوی لەسەر بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان لە دونیایی دەرەوە و لە سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا دەبێت، ئەم بەهێزبوونە هەمەلایەنییەش زەمینەسازی و کارئاسانی باش دەکات بۆ گەیشتن بە قۆناغی بەدەوڵەتبوون کە ئامانجی بالای ڕاپەڕین بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## لە یادی ڕاپەڕینی جەماوەرەکەیدا




### سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەردی بناغەی زانکۆی رانیە دادەنێت

### وتەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان
جەماوەری تێکۆشەری دەروازەی ئازادی کوردستان
یادی راپەڕینتان پیرۆز، یادی راپەڕین لە هەموو گەلی کوردستان پیرۆز

هەموو ساڵێک ئەم یادە دەرفەتی بەسەرکردنەوەی سەروەرییەکانمانە، دەرفەتی دووپاتکردنەوەی پەیمانە بۆ نەسرەوتن تا ئازادی یەکجارەکی و سەرتاسەری هەموو کوردستانەکەمان و ئاوەدانی وڵاتەکەمان.

لێرەوە خوشک و برایانی بەڕێز سڵاو و ڕێز و پەیامی سەرۆک کۆمار جەنابی مام جەلال و سەرۆکی هەرێم جەنابی کاک مەسعود بە ئێوەی خۆشەویست رادەگەینم.

هاتووینەتە خزمەتتان لەگەڵ کۆمەڵێک هاورێم لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم یادە پیرۆزە، بۆ ئاراستەکردنی پەیمای بایەخدان بەم دەڤەرە، ئەم دەڤەرە ئازیزەی ئێوە لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا شەرەفی ئەوەی پێبڕا کە ببێتە سیمبولی ورە و سەرەتای رووخانی قەڵای زۆرداری.

ئێوە ئێوەی خەڵکی تێکۆشەری ئەم دەڤەرە ناسنامەی هەڵسانەوەی کورد و وەرچەرخاندنی مێژووی کوردستانن، ئەو

وەرچەرخاندنەی بووە مایەی گۆڕینی سەرتاپای وەزعی کوردستان و بەدیهێنانی چەندین دەستکەوتی درەوشاوە و کاروانێکی ئەوتۆ کە کەژاوەکەی هەتا بەغدا نەوەستایەوە.

خوشک و برایان ئەی کەسوکاری سەربەزری شەهیدە نەمرەکانمان، کەسوکاری سەربڵندی ئەنفالەکان، زیندانە سیاسییەکان، کەمئەندامانی سەنگەر و نێو زیندان، پێشمەرگە قارەمانەکان. لاوان و گەنجانی خوێنگەرمی ئایندەخواز، خەڵکی سەربەزی کوردستان ١٩ ساڵ بۆ حوکمی مێژوو هەناسەیەکە، بەڵام سەرنج بدەن ١٩ ساڵ بەرلەئێستا ئەم کوردستانە چ وێرانەیەک بوو، ٤٥٠٠ گوندی کوردستان، دەیان قەزا و سەدان شارەدێی ئەم کوردستانە لەگەڵ زەویدا تەخت کرابوون دەیان هەزار خێچزان ئاوارەی کەمپەکانی تورکیا و ئێران بوون .

دوای راپەڕین و دوای یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرباری نالەباری رەوشی ئابووری و سیاسی و ئابلۆقەی هەرێمی و عیراق لەسەر ئەم هەرێمە ئەو هەموو کێشە و گیروگرفتانەی هاتنەرێمان نەبوونە ئاستەنگ لە بەرامبەر ئەرکی سەرشانمان.

ئەم هەرێمە وێرانە لە هەرێمێکی تەواو خاپوورکراوەوە دوای ١٩ ساڵ ئێستا وڵاتێکی ئاوەدانە، دەبێت چاومان لەو راستییانە بێت و چاومان لەو دەستکەوتانە بێت. ئەو دەستکەوتانە بەرزرابگرین، چونکە رێزگرتنی ئەو دەستکەوتانە، زامنکردنی دەستکەوتەکان و زامنکردنی هەوڵی بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان.

ساڵی ١٩٩١ لە زاخۆوە تا خانەقین لە هەرێمێکی بەسوتماککراودا سەرجەم گوندەکانی کوردستان خاپوور کرابوون، ئەمڕۆ چەندین هەزار لەو گوندانە ئاوەدانە،

لە ساڵی ١٩٩١دا لە سەرجەم هەرێمی کوردستان لە باخچەی ساوایانەوە بۆ بنەڕەتی و دواقۆناغەکانی خوێندن ١٣٢٠ قوتابخانە مابوونەوە، ئەمڕۆ پتر لە ٥٥٠٠ قوتابخانەو خوێندنگەی قۆناغە جیاجیاکانمان هەیە، لە ساڵی ١٩٩١دا تەنها ١ زانکۆمان هەبوو لە کوردستاندا، ئەمڕۆ ٧ زانکۆی حکومیمان هەیە، پشت بە خوا پشت بە ئێوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستا ئەمڕۆ بەردی بناغەی زانکۆی راپەڕینیش دادەنێین، دەبێتە ٨ زانکۆ.

لە ١٦ی سێدا لە یادی کیمیابارنی هەڵەبجە وەڵامی تاوانی کیمیابارنی هەڵەبجە بەردی بناغەی زانکۆی هەڵەبجەش دادەنێین. لە یادی ئەنفالدا لە ١٤ی چواردا لە کەلاردا بەردی بناغەی زانکۆی گەرمیانیش دادەنێین، لە ماوەیەکی نزیکیشدا بە هیوام بەردی بناغەی زانکۆی زاخۆ دابنێین. وەڵامی ئێمە بۆ وێرانکاریی دوژمنەکانمان بۆ ئەو زوڵم و زۆرەی لێمان کراوە

ئاوەدانی وڵاتەکەمانە، تەسرەوتنە لە خزمەتکردنی خەڵکی وڵاتەکەمان و بەدیهێنانی خواست و ئاواتەکانیان.

خوشک و برایان لە ساڵی ١٩٩١دا تەنها ٢٧ نەخۆشخانە و ١٦٣ بنکەی تەندروستیمان هەبوو، ئێستا ٥٦ نەخۆشخانەمان هەیە، ئەمڕۆ دوای ئەم مەراسیمەش نەخۆشخانەیەکی نوێ لە رانیە دەکەینەوە بەمەبەش ئامارەکەمان دەبێتە ٥٧ نەخۆشخانە.

٧٨٠ بنکەی تەندورستیمان هەیە جگە لە ئاوەدانکردنەوەی هەزاران گوند لە سلێمانی هەولێر دهۆک، لە ساڵی ١٩٩١ەوە بۆ ئێستا ١٦ قەزا و ٨١ ناحیە لە سفرەوە دروستکراونەتەوە ناکرێت ئەمان نادیدە بگیرێن، چونکە هەر کەسێک رێز لە دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ نەگرێت، بە دڵنیاییەوە هیچ بەهایەک بۆ سبەینێش دانانێت، هەرچەندە هەرگیزا و هەرگیز ئەمەش ناکاتە ئەوەی ئیتر خۆشخەیاڵ بین بەوەی ئیتر دەستکەوت و پێشکەوتنەکان گەورەن و پێتان دەڵێم دەبێ بەردەوام گەشەیان پێبدەین و ئەدائی بەڕێوەبردنیان باشتر بکەین تا لەئاستی قوربانی و خەبات و ویستی داخوازییە رەواکانی ئێوەدا بن.

لەم ساتەوەختەدا خوشک و برایان کە یادی ١٩ ساڵی راپەڕیتن دەکەینەوە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بوژانەوەی کوردستان درێژەی هەیە حکومەتەکەی خۆتان، ئەو حکومەتەی بەری رەنج و ماندووبونی ئێوەیە بەری راپەڕینەکەی ئێوەیە بەگوێرەی بەرنامەیەکی دیاریکراو خزمەتی کۆمەڵانی خەڵک دەکات بۆ ئەم مەبەستەش لە سەرەتای ئەمساڵەوە پرۆژەی بودجەمان گەڵاڵە کرد و ئاراستەی پەرلەمانمان کرد دەمانەوێ بەڕوونی بەئاشکرایی داهاتی ئەم وڵاتە بخەینەوە خزمەت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە ئاوەدانی وڵاتەکەماندا سەرفی بکەین بۆیە لە ئەمساڵەوە پرۆژەی نیشتەجێبوونمان دەستپێکردووە تاوەکو گەنجانی ئەم وڵاتە خاوەن موڵکی خۆیان بن و خاوەن شوقە و خاوەن خانووی خۆیان بن پێویستیان بە دانی پێشینە نەبێت بۆ وەرگرتنی خانوو وەعدی ئەوەتان دەدەینی لە حکومەتی هەرێمدا هاوکاری تەواوی ئێوە بین بەتایبەتی توێژی گەنجان ئەوانەی کە تازە خێزان پێکدێنن بۆئەوەی ببنە خاوەن ماڵی خۆیان وە ژیانێکی ئاسوودە و سەربەزی بەدیبێنن.

مەبەستمانە مووچەی ئەنفال و شەهید و کەمئەندامان زیاد بکەین بڕیارمان لێداوە و ئەو زیادەش لە ١ی یەکی ئەمساڵەوە دەبەسترێت و لە خزمەت کەسوکاری سەربەزی شەهیدەکانمان و ئەنفالکراوەکانماندا دەبێت.

خوشک و برایان بەرنامەمان وایە بایەخێکی زۆر بەبواری خوێندن و پیاچوونەوەی زیاتر و سەرتاسەری سیستمی خوێندنی باڵا و سیستمی پەروەردەیی بدەین. مەبەستمانە گەنجەکانی ئەم وڵاتە دەرفەتی فێربوون و گەشەکردنی ئەوتۆیان هەبێ کە لە دنیادا بتوانن پێشبڕکێی کار و وەدەستهێنانی کاری گونجاو و خۆشگوزەرانی بکەن. بۆیە مەبەستمانە لە ئەمساڵەوە ١٢٠ ملیار دینار تەرخان بکەین بۆ ناردنەدەرەوەی گەنجەکانمان بۆ زانکۆ پێشکەوتووەکانی دنیا بۆ فێربوون بۆ گەشەپێدانی

تواناکانیان تاوەکو بگەڕێنەوە لە ئاوەدانی و چاککردنی ئەم وڵاتەدا بەشداربن.

مەبەستمانە خوشک و برایان ئەی جەماوەری بەشەرەفی رانیە و قەڵادزێ و دەڤەری راپەڕین و بتوێن و هەموو ئەم ناوچە تێکۆشەرە ئێوە خەڵکێکی دڵسۆز و بەوەفان، ئەرکی سەرشانی ئێمەشە لە حکومەت درێغی لە خزمەتتان نەکەین هەرگیزاوهەرگیز نالێم ئەوەی کراوە تەواوە پێویستمان بە زیاتر خزمەتکردنتان هەیە پێویستمان بە چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانتان هەیە ئێمە لەم حکومەتی خۆتان باش لەو راستییە دەگەین کە ئەو کەموکورتییانە دەبێ چارەسەر بکەین دەبێ رووبەڕووی گەندەڵی و سوئی ئیدارە و کەمتەرخەمی ببین لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا.

بەڵام هەموو کەسێکی بە ویژدان و بە ئینساف ئەو حەقیقەتە دەسەلمێنێت بەراوردی ئەمڕۆ لەگەڵ ١٩ ساڵ لەمەوبەر ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە ئەم حکومەتە حکومەتی هەڵقوڵاوی خەڵکی کوردستانە حکومەتی خەڵکە تێکۆشەر و بەئەمەکەکەی کوردستانە درێغی ناکات لە خزمەتکردنی ئێوە درێغی ناکات لەوەی کە داهات و دەرامەتی ئێوە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دابین بکات.

لێرەوە دەمەوێت پەیامێک بۆ گەنجانی ئەم وڵاتە رابگەیەنم نەوەیەک ئەمڕۆ پێدەگات کە کارەسات و مەینەتییەکان سەردەمی بەعس و داگیرکارییەکانی بەعسی لەبیرنەمابێ، بێگومان مێژوو پڕ لەبەسەرهاتی گەورەن بۆ میللەتەکەمان، نەوەکانی ئەم سەردەمە بێگومان لە قوتابخانەکان لە دەزگاکانی راگەیاندن لە کەسوکاری خۆیان لە پێشمەرگە دێرینەکان لە تێکۆشەرە دێرینەکان دەبیتن نەهامەتییەکانی ئەو سەردەمە.

ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوەیە ئاوەدانی ئەم وڵاتە و خزمەتگوزاری ئەم وڵاتە بگەیەنینە ئاستێک کە ویست و خواستەکانی ئەو گەنجانە دابین بکات لەهەمانکاتیشدا ئەو گەنجانە بەرپرسیارێتییەکی مێژوویان لە ئەستۆ دەبێت ئەوان میراتگری ئەم ئازادییە و ئاوەدانییە دەبن بەدڵنیاییەوە دەڵێین نوێبوونەوەی ئەم وڵاتە بەندە بەنوێبوونەوەی حوکمڕانی و نوێبوونەوەی سەرکردایەتی و دەرفەت رەخساندن بۆ گەنجەکانمان تا بێنە پێشەوە لە ئاوەدانی وڵات لە دەرفەتی کارکردن لە دەرفەتی سوودمەندبوون لە خێروبێری ئەم وڵاتە فرسەتی تەواویان هەبێت.

من دڵنیاتان دەکەم ئێمە لەم حکومەتە بایەخی تەواو بە ئێوەی گەنج دەدەین ئێوەن ئایندەی ئەم وڵاتە ئێوەن دەبنە زامنی پاراستنی ئەم دەستکەوتانە بۆیە پێتان دەڵێم لە حکومەتەکەی خۆتان حکومەتی هەڵقوڵاوی ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە حکومەتی راپەڕیندا کارێک دەکەین کەوا ئەو گەنجانە خواست و هیواو خەونەکانیان بێتەدی ئەوانن میراتگری ئازادی و ئاوەدانی ئەم وڵاتە، لێرەوە دەڕۆین بۆ دانانی بەردی بناغەی مۆنۆمێنتی راپەڕین، مۆنۆمێنتی هەڵسانەوەی خەڵکی

کوردستان، ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵم و زۆرداری، بۆئەوەی لەو مۆنۆمێنتەوە وانەو تێگەیشتنێکی ورد لە مێژووی پڕ بەسەرهاتی میللەتەکەمان لەبەردەما بێ، نەوەکانی ئایندە هەمیشە ئەو یادو یادەوەرییەیان لا زیندوو بێ،

خوشکو برایان دوا پەیامم بۆ ئێوە، ئێمە وا لە دوو ڕۆژی تردا هەڵبژاردنێکی مێژوویی دەستپێدەکا هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عیراق، ئەرکی سەرشانی ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەراهەمکردنی زەمینەی هەڵبژاردنێکی ئازادو بێگەردە، سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن بەئازادی و ئاسودەیی ئەرکی سەرشانمانەو ئەرکی سەرشانی هەموو هاوڵاتییەکی دڵسۆزی ئەم وڵاتەیە،

من هیوادارم لەرۆژی ٧ی مانگدا ڕاپەرین ئاسا خەڵکی ئەم دەڤەرە خەڵکی کوردستان ڕوو بکەنە سندوقەکانی دەنگدان، تێبگەن لەم هەڵبژاردنە ئەرکی سەرشانی هەموو هێزە سیاسییەکان سەرباری جیاوازی سیاسی و تێڕوانینی سیاسی جیاوازمان ئەرکی سەرشانمان یەکریزییە یە کدەنگییە، یەک ئیرادەییە، بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی میللەتەکەمان، لەودیو حەمرینەوە دەبێ هەمووومان یەکدەنگو یەک ئیرادە بین.

بۆ بەرگریکردون لە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین، بۆ بەرگریکردن لە خواستو هیواو خەونی میللەتەکەمان، من دڵنیام ئێوەی تێکۆشەرانی ئەم دەڤەرە، ئێوەی هاوڵاتیانی دڵسۆزو بەئەمەکی ئەم دەڤەرە ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەیی خۆتان بەجێ بێننو ٧ی سێ ڕاپەرین ئاسا بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەکەونەڕێ دەنگ بۆ ئایندەیەکی گەشو گەشەسەندوو ئاوەدانی وڵاتەکەی خۆتان دەدەن،

دووبارە ئەی خوشکو برایان یادی ڕاپەڕینتان پیرۆز، یادی ڕاپەڕین لە هەموو گەلی کوردستان پیرۆز، لە پرۆژەی دیموکراسیو ئاوەدانی کوردستان پیرۆز، ئێمەش هیوادارین هەمیشە لە خزمەتی ئێوەدا دوودڵ نەبین لەخزمەتی خواستو ئانجو هیواکانی ئێوە بەکاربین، بەبیرتان دێنمەوە کردار شەرتە لەخزمەتی ئێوەدا هیوادارم کەسمان لەم حکومەتە لە هێزە سیاسییەکانی دوودڵ نەبین لەئێوە.


**ئێوەش خوشکو برایان هەر سەربەرزو شادو سەرفراز بن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕەسمی بەرهەم سالح - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١٠**



سەرچاوە Serchawe

## پەیامی سەرۆک تاڵەبانی لە ١٨ یەمینساڵیادی ڕاپەڕیندا




**بەناوی خوای گەورە و میهربان**
**کۆمەڵانی خەباتگێری خەڵکی کوردستان**

بەسڵاوێکی برایانەی گەرمەوە، پیرۆزبایی یادی ڕاپەڕینە مێژووییەکەی خەڵکی کوردستانتان لێدەکەم، هیوادارم ئەم یادە گیانی خەبات و فیداکاری جۆشبداتەوە، سەروەرییەکانی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵک لەدڵ و دەروونماندا زیندوو ڕابگرێت، لەبیرمان بێت کەهەموو دەستکەوتەکانی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان بەری شۆڕش و خەباتی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو بەشداربووانی شۆڕشەکەن، هەروەک بەری ئەو ڕاپەڕینە مێژووییەشە، ئەو ڕاپەڕینە قۆناغێکی نوێی شۆڕش و شێوەیەکی نوێی خەباتی شۆڕشگێڕانەی هێزی پێشمەرگەو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، ئەو ڕاپەڕینە کەتاجی سەرکەوتنی نایەسەر شۆڕشە پیرۆزەکەمان بەڕێبەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەدەرەجەی یەکەم سازدراوە و ڕێکخراوەو هەڵگیرساوەو بەڕێوەچووە....

---

ئەم ڕاستییانەی سەرەوەش دەبێت هاندەربن بۆ هەموولایەک، بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و هەموو دەزگاکانی حکومەت

و هەموو زانکۆو پەیمانگەو هێزی چەکدار بۆئەوەی زیاتر خزمەتگوزاریی بەکۆمەلانی خەڵک پێشکەشبکەن، بۆ ئەوەی چاکتر ئـازادی و سەربەسـتییە دیموکراتییـەکان دابینبکـەن، بۆئـەوەی هۆشـیارانەو ژیرانـەو دووربینانـە رێبـازی نـوێ بدۆزنـەوەو گەشەکردنی سیاسی و حزبی و حکومی و هۆشیاری و خوێنـدەواری و لایەنە جیاجیاکـانی ژیـان بگرنەبـەر، لەیادی شۆڕش و راپەڕینەکەشـدا پێویسـتە یـادی شـەهیدە نـەمرەکانمان بکەینـەوەو زیـاتر بایـەخ بـە کەسـوکاریان بـدرێت، بۆئـەوەی سـەروەرییەکانیان لەبیرنەکـەین، بـەڵام لەسـەر چەپکـە گوڵەکانیشـیان خـەومان لێنەکـەوێت، بـەڵکو هانـدەرمان بـن بـۆ بەدیهێنانی سەروەریی نوێ و بەدیهێنانی جێبەجێکردنی هەموو ئاواتەکان و ئامانجەکانی گەلەکەمان بەگەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان لەکوردستان بۆ ناو هەرێم و چاکسازی و نوێسازی لەهەموو لایەکانی ژیانماندا.

٥ی مارچی ٢٠٠٩

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمێ ٢٧١٥ی کوردی - مارچی ٢٠١٦ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: پووشپەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = جوولای ٢٠٢٥ی زایینی

---





سەرچاوە Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو نووسەران بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

